

# سیسەمی خوێناوی

پرۆژەی رۆشنبیری بۆ ژیان

**بەدروشمی «کۆمەك بۆ نەخۆشخانەی هیوا»**

مافی لەبەرگرتنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر
بەکارهێنانی هەر بەشێکی ئەم بەرهەمە و کۆپیکردن یان بەکارهێنانی
لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ڕێگەپێنەدراوە بێ رەزامەندی نووسەر



# سیسەمی خوێناوی

ڕۆمان

جەبار عوسمان

**ناوی کتێب: سیسەمی خوێناوی**

**بابەت: رۆمان**

**نووسینی: جەبار عوسمان**

**تایپ: نووسەر**

**هەڵەچن و زمانەوانی: نەورۆز حاجی سەید گوڵ**

**دیزاین: هەرێم عوسمان**

**قەبارە: ٣١ * ١٩**

**نرخ: ٦٠٠٠ دینار**

**چاپ: چاپخانەی تاران**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**ساڵێ چاپ: ٢٠١٧ - سلێمانی**

**ژمارەی لاپەڕە: ٣٩٠ لاپەڕە**

پرۆژەی رۆشنبیری بۆ ژیان

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٤١٧) ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

سپۆنسەری بڵاوکردنەوە:

**دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان**

شكۆمەندی ... تەنها شوناسی ئەو مرۆڤانەیە
كە لەپێناویدا دەجەنگن

نووسەر

# ڕۆژی یەکەم

## - ١ -

تەنیا دوو ڕۆژ بوو، هەواڵی کوشتنی شەونم لە ڕۆژنامە و میدیاکانی سوید دا بڵاو ببووەوە، ئەو هەواڵە هێندە بە خێرایی تەشەنەی سەندبوو، زۆرینەی خەڵکی ئەو شارەی کە تاوانی کوشتنەکەی شەونمی تیا ئەنجام درابوو، بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. هەڵبەت بۆچوونی ئەو شارە، بەدەر بوو لەوەی کە سوید وڵاتێکی نمونەی دیموکراسی و پێکەوەژیانی هەموو ڕەگەز و چین و توێژەکانە، بەدەگمەن ژنان کە ئازادییەکی بەرفراونیان تیا فەراهەم کردووە، ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی و کوشتن دەبنەوە، بەڵکو ئەوەی هەموو بیر و هۆشی ئەو خەڵکەی داگیرکردبوو، ئەو شێوازی کوشتنە دڕندانەو نامۆیە بوو، کە بەسەر ژنێکی پەناهەندەی تەمەن بیستوسێ ساڵدا هێنابوویان. زۆر جیاواز لەو ژنە خۆرهەڵاتیانەی کە بە دەستی بنەماڵەکانیان دەکوژران.

جەستەیان بە شێوازێک شێواندبوو، کە ئەستەم بوو هیچ

مرۆڤێکی بەهەست بیتوانیبا، تەنیا بۆ چرکەیەکیش سەرنجی بدایە. ئەو شێوازە کوشتنەی کە بەرامبەر جەستەی شەونم کردبوویان تەنیا لە سەدەکانی سەردەمی تاریکیی مرۆڤایەتیدا پەیڕەو دەکرا، بەجۆرێک کە مرۆڤ لەو ساتانەدا مەرگی لە لا جوانترو بەچێژتر بوو لەو سزا پڕ بە ئازار و قێزەونەی کە بە جەستەیان دەبەخشی. ئەو خەڵکانەی بەتاسەوە بوون بۆ هەواڵی کوشتنی شەونم، زۆربەیان لە بۆچوونی خۆیانەوە چەندین بیرۆکەی سیناریۆی جیاوازیان لەسەر هۆکاری کوشتنەکەی هەبوو.

هەندێکیان پێیان وابوو، کوشتنی ژنێکی پەناهەندەی خۆرهەڵاتی، کە تەنیا چەند مانگێکە هاتۆتە ئەو شارەوە، پێدەچێت دەستێکی لەگەڵ مافیاکانی ڕوسیدا تێکەڵ کردبێت و کارێکی نەشیاوی ئەنجام دابێت، وەک درکاندنی نهێنیەکان یان شتێک لەو بابەتانەی کە هەستی بێبەزەییانەی ئەوانی بزواندبێت، هەر بۆیە بەو شێوازە تۆڵەی خۆیان لێ کردبێتەوە. ئەگەرنا ژنێکی نامۆ بەم وڵاتەو شیاو نییە بەو شێوازە ڕەفتاری لەتەکدا بکرێت.

هەندێکی تریان پێیان وابوو شەونم لە زێدی خۆیدا تاوانێکی هاوشێوەی خۆی ئەنجام دابێت، هەربۆیە نەیارانی بەهەمانشێوە تۆڵەیان لێ کردۆتەوە. هەندێکی تریان وای بۆ دەچوون ئەو تاوانە بە دەستی کەسانێکی نەخۆشی لەشکرێ ئەنجام دراوە، کاتێک کە هەستە توندو تیژییەکانی ناخیان دەگاتە ترۆپکی سادییەت هێندە بێئاگایانە ڕەفتار دەکەن هەموو هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی خۆیان لەبیر دەکەن.

هەموو ئەو دەنگۆیانەی وەک فانتاسیایەکی کۆشتنەکەی شەونم دەوتران، ئەوەندەی تر ویستی خەڵکی ئەو شارەی لەسەر دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانەکە زیدەتر کردبوو، تا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی زۆرێک لەو ژنانەی خۆیان بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی ژنان دەبینی، چەندین ڕێپێوانی بەکۆمەڵیان لەسەر شەقامەکانی شاری ستهۆکۆڵم ڕێک خستبوو، ئەو دروشمانەیان دەوتەوە کە پێشتر لەوێبسایت و لاپەڕە فەرمییەکانیانەوە بڵاویان کردبووەوە دەیان وت: جەستەی ژنان بۆیە پیرۆزە، چونکە هەستی دایکێتی تیایە.

ژن شایەنی ڕێزە نەک سوکایەتیکردن بەجەستەیەوە.

هەست و سۆزی ژن زۆر لەوە گەورەترە کە دڕندەیی پیاوان داگیری بکەن.

داوایـان لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی ئەو شارە دەکرد کە پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بەگەڕ بخا لە دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە قێزەونەی کە گەورەترین سووکایەتی بە جەستەی ژن کردووە.

ئەو هەواڵەی لە ڕۆژنامەکاندا نووسرابوو تەنیا باسی کوشتنی ژنێکی خۆرهەڵاتی کردبوو کە بە شێوەیەکی قێزەون و نامرۆڤانە لە ژووری نووستنەکەی ماڵی خۆیدا و لەسەر سیسەمەکەی، جەستەی شێوێنراوە. لەگەڵ ئەو وێنەیەی شەونم بڵاو کرابووەوە کە لە یەکەمین چاوپێکەوتنم لە هۆبەی بەشی پەناهەندە بیانییەکان لە ڕێگەی کامێرای تەلەفۆنەکەی خۆمەوە گرتبووم. ئەو ڕۆژە، بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن ئەوەم بەبیردا هات، کاتێک شەونم لەسەر

ئەو کورسییەی کە لە بەردەم مێزە گەورەکەم دانیشتبوو، کەتایبەت بوو بۆ ئەو کەسانەی بە مەبەستی چاوپێکەوتنەکان لەسەری دائەنیشتن، بەو دیمەنەی کە تازە هاتبووە شاری ستهۆکۆڵمەوە، دەموچاوە پان و سپییەکەی هێشتا لە نێو پرچە ڕەش و ئاڵۆزکاوەکانیدا وەک مانگێکی چواردە کە لە شەوی ئەنگوستەلەچاودا بێت ئەدرەوشایەوە.

لە چاوە قاوەییە گەورەکانیدا کە بە وێنەی چاوی ئاسکێک دەچوون، هێشتا ترسی ئەوەم تیا دەبینی تازە وەک نێچیرێکی شەکەت لە دەستی ڕاوچییەک هەڵهاتبێت. بە گومانێکەوە لە هەموو دەوروبەری خۆی دەڕوانی. پێدەچوو بیەوێت لە ئارامی ئەو شوێنەی کە پۆلیسەکانی بنکە هێنابوویان بۆ هۆبەکەم، زێدەتر دڵنیا بێتەوە. ئەوەی زیاتر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو ئەو هێڵە بچووکەی سەر گەردنی بوو. کەبەئاسەواری نەشتەرگەری دەچوو، کاتێک لێم دەڕوانی، بەوێنەی ملوانکەیەک کە لە دارێکی ناسک و باریکی گوڵ چنرابێت. جێگەی تەقەڵەکانی دیمەنێکی ناوازەی بە گەردنە سپییەکەی بەخشیبوو. ڕەفتارەکانی زۆر جیاواز بوو لەوانەی کاتێک دەگەیشتنە هۆبەکەم. ئیتر ئومێدێکی پڕ لە ژیانم لە هەموو جەستەو کردارەکانیاندا دەبینی.

شەونم بەردەوام خۆی بە جووڵەی پەنجە کورت و گۆشتنەکانیەوە سەرقاڵ کردبوو. تاو نا تاوێک بە ترسێکەوە لێی دەڕوانیم. لە نیگاکانیدا هەستم بە خەمێکی قووڵ دەکرد، خەمێک کە هێندە گران بوو، لە ڕەفتارەکانیدا خۆیان دەنواند. ئەو ڕەفتارانەی شەونم هەستێکی وەهای لا دروست کردم،

چۆن لەناو ئاوێکی ڕوونی قوڵدا ماسی ببینم، ئاوا هەستم بە ڕاستگۆیی ناخی دەکرد. جیاواز لە هەموو ئەو پەنابەرانەی بە چیرۆک و سیناریۆیەکی هەڵبەستراوەوە دەیان ویست ئەو خەونانەی کە هەیان بوو بۆ ژیان، لە ڕێگەیەوە بەرجەستەی بکەن.

کاتێک لە ڕێگەی ئەو وەرگێڕەی کە هەموو تومارەکانی شەونمی بۆ وەردەگێڕامە سەر زمانی سویدی، لێم پرسی لە کوێوە هاتوویت؟ بە دەنگێکی خەمگینەوە وتی:

–من لەوڵاتێکی پڕلە مەرگەوە هاتووم. من لە دەست مەرگێکی نارەوا هەڵهاتووم. مەرگێک کە وەک سێبەرێک بەردەوام لە هەموو شوێن و کووچەیەکی ڕووناکی ژیانمدا بە دوامەوەیە.

ئەو وەڵامەی شەونم، هەموو هەست و ناخی هەژاندم. کاتێک کە قسەی دەکرد، لە ناو هەموو وشەیەکیدا هەستم بە ئازارێکی مەزن دەکرد کە بۆنی مەرگی لێ دەهات. هەر ئەوەش وای لێکردم کە بە شێوازێکی جیاواز لە پەناهەندەکانی تر، گوێبیستی چیرۆکەکانی ژیانی بم.

هەستم دەکرد چاوەکانم لە بینینی ئەو نیگایانەی کە بە نیگای ڕاهیبەیەکی فریشتەئاسا دەچوون کە لە بەردەم پەیکەری مەریەمی پاکیزەدا نزا بکا، تێر نەئەبوون. نەستیانە بڕیارم دا لە ڕێگەی کامێرای تەلەفونەکەمەوە ئەو نیگا پڕ لە ئازارەی لەوێنەیەکدا بپارێزم، وەکو هەموو ئەو تۆمارانەی کە لە ناو چەکمەجەی مێزی هۆبەکەی خۆمدا هەڵم گرتبوون، تا ئەو ساتەی دیمەنی جەستەی شێوێنراوی شەونمم بینی،

هیچ یەکێک لەو تۆمارە وەرگێڕراوانەم نەخوێندبووەوە. چاوەڕێی کۆتا تۆمارم دەکرد کە هەموویان وەک چیرۆکێکی تەواوکەری یەکتری، لای خۆم بپارێزم، تا لە ڕێگەیەوە مافی پەناهەندەیی بۆ دەستەبەر بکەم. بەڵام ئەفسوس کوشتنی شەونم بە جۆرێک بوو هەموو هەستی بزواندم و خەمێکی گەورە، بەوێنەی برینێکی قوڵ لەناخمدا دروستکرد.

هەر ئەو ڕۆژەی لە ماڵە بچکۆلەکەی گەڕامەوە، کە غەرقی خوێنی جەستەی خۆی ببووبوو، بەپەلە خۆم گەیاندەوە هۆبەکەم و هەموو تۆمارەکانم لە ناو زەرفێکی کاغەزی گەورە نا و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. لەو کاتەدا بارانی سەرەتای ئەو زستانە هێندە بەلێزمە دەباری، چۆڕاوگەی ئاو بە هەموو جەستەمدا دەهاتە خوارەوە. هەرچەندە هەموو پەڕاوی تۆمارەمانم بە سنگمەوە نابوو بۆئەوەی لە تەڕبوون بیانپارێزم، بەڵام بەهۆی ئەو بارانەوە بەشێکی زۆری پەڕاوەکان بە هێندەیەک تەڕ بووبوون کە زۆربەیان پێکەوە نووسابوون. ترسی ئەوەم هەبوو لە کاتی جیاکردنەوەیاندا،وەک پارچە نانێکی خوساو لێک هەڵبوەرێن.

کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، پەڕاوەکانم لەسەر مێزە خڕ و گەورەکەی ناوەڕاستی ژووری میوانەکەمدا بەهێمنی بڵاو کردەوە، بۆ ئەوەی کەمێک وشک ببنەوە. لەو کاتەدا هەستم بە بۆنێکی ناخۆش دەکرد کە لە دەرچەی پێشەوەی کراسەکەمدا دەهات، تەواو بەو بۆنە دەچوو کە هەموو ماڵەکەی شەونمی تەنیبوو. وای بۆ چووم کە ئەو بۆنە لە ڕێگەی هەناسەوە تێکەڵ بە هەموو جەستەم بووە. بەپەلە

کراس و پانتۆڵەکەم کە بە هۆی ئاوی بارانەکەوە بە هەموو جەستەمەوە چەسپ بووبوون، بە ئاستەم لەبەری خۆم دام ماڵی و خۆم بە گەرماوەکەدا کرد و هەموو ئاوی دووشەکەم بەسەر خۆمدا کردەوە. بەپەنجەکانم، کەوتمە شێلانی سەر و پرچم، تا ئەو بۆنە قێزەونە، لەناو هەموو کونێکی پێستی جەستەم، بهێنمە دەرەوە.

ئەوەندە هێزم بە پەنجەکانم دابوو کە جەستەی خۆم وەک هەویرێکی توند ئەشێلا. هەر بەو هێزەوە بەردەوام بووم تا مەمکە شل و گەورەکانی خۆمم لە نێو دەستەکانمدا بینییەوە. لەگەڵ هەڵگلۆفینیان هەستم بە مووچوڕکێکی ترسناک کرد، کە هەموو جەستە باریک و بەرزەکەمی وەک زەنگی کڵێسەکان لەراندەوە. لەو کاتەدا وێنەی جەستەی شێوێنراوی شەونمم لە خۆمدا بینی، کە چۆن مەمکە بچکۆلە و تورتەکانی وەک شەمامەیەکی نەگەییو بە چەقۆ شەقار شەقار کرابوو. لەناو خوێنی وشکهەڵهاتووی خۆیدا، ڕەنگێگی سووری ڕەشداگیرساویان گرتبوو.

لە ناخمدا بەرگری ئەوەم دەکرد ئەو دیمەنە ترسناکەی کە ئەمڕۆ بینیبووم، هەرگیز وێنای نەکەمەوە، بەڵام بەردەوام بیرم بە لای ئەو ڕووداوەوە بوو کە ئەمڕۆ هەواڵی کوشتنی شەونمیان پێ ڕاگەیاندم کە لە هۆبەی بەشی پەناهەندەکان سەرقاڵی ئامادەکردنی چەند دۆسییەیەک بووم بۆ دادگا بە مەبەستی پێدان یان ڕەتکردنەوەی مافی پەنابەرێتیان.

کاتێک زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، تێبینی ژمارەیەکی نەناسراوم کرد. وای بۆ دەچووم «چارلی»ی هاوسەری

کۆنم بێت کە لە دوای ئەوەی لە لایەن منەوە بڕیاری کۆتایی جیابوونەوەمان دا، چەند جارێک پەیوەندی پێوە کردبووم بە مەبەستی ئەوەی تەنیا جارێک یان بۆ دواجار چانسی ئەوەی پێ بدەمەوە و جارێکی تر ژیانێکی نوێ و بێکێشە پێک بهێنینەوە.

ئەو لە دوای جیابوونەوەمان، بۆ چەند جارێک داوای ئەوەی لێ کردبووم لە شوێنێکی ئارام پێکەوە دانیشین، تەنانەت هەر لە ڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە دووبارە و سێبارە داوای لێبوردنی لێ کردبووم و دانی بە هەموو ئەو ڕەفتارە قێزەونانەی خۆیدا نابوو کە بەرامبەرم ئەنجامی دابوو، بەڵام من سەبارەت بەو، لە ناخی دڵمدا ئەوم لە خۆمدا بە تەواوی سڕیبووەوە. هەرئەوەش وای لێ دەکردم کاتێک پەیوەندی پێوە دەکردم، هەستم بە بێزاری و لەش گرانیی خۆم دەکرد. دواجار پەیوەندییەکانی هێندە بێزاریان کردبووم، بە هەڵچوونێکی نەستیانەوە پێم وت:

– ئیتر بەسە من هیچ هەستێکم بۆ تۆ نەماوە، تۆ کاتەکانی خۆت لە تەک مندا بە فیڕۆ ئەدەیت.

لە دوای ئەو پەیڤانەوە کە بە هێندەی بەرد ڕەق بوون و ئازارەکەیم لە سیمایدا دەبینی. چێژێکی تۆڵە هەموو ناخمی ئاسوودە کرد بەرامبەر ئەو ناپاکییانەی کە بە نهێنی بەرامبەرم کردبووی. کاتێک لە ژووری نووستنەکەمدا ئەوم لە ئامێزی ژنێکدا بینیەوە، سەرەتا هەموو ناخم وەک پووشوپەڵاش، بە خێرایی، ئاگری گرت. دواتر بیرم لە خۆم دەکردەوە و پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد دەشێت وەک

ژنێکی بەئەزموون، کەمتەرخەم نەبووبێتم لە بەخشینی ئەو چێژە سێکسانەی کە ئەوی پێدەگاتە لوتکەی ئۆرگازم.

منێک کە بەردەوام سێکسم بە وێنەی ئەو ژەمە خۆراکانە دەچواند کە لە زۆربەی ئێوارەکاندا سەرمێزی نانخواردنەکەم بە چەندین شێوازی جیاواز و هەمەچەشن ئەڕازاندەوە،بەردەوام چاودێری،ئەوفلمە سێکسیانەم دەکرد کە شێوازو ڕەفتاری نوێیانم تیادەبینی،تەنها بۆئەوەی بەردەوام چێژێکی نوێی پێ ببەخشم و هەست بە بێزاری نەکەین لەگەڵ یەکتریدا. ئیتر هۆکارێک لە ناخمدا نەمایەوە بۆ ئەوەی شایەنی لێبوردن بێت، تا دەرفەتێکی تری پێ ببەخشمەوە، هەر بۆیە بۆ دواجار وەک پیاوێکی بێهەست، بەنەفرەتم کرد. وا هەستم کرد چیتر پەیوەندیم پێوە ناکاتەوە، بەڵام کاتێک دڵنیا بوو لەوەی وەڵامی نادەمەوە، چەندجارێک لە ڕێگەی چەند ژمارەیەکی نەناسراوەوە هەوڵی ئەوەی دابوو پەیوەندیم پێوە بکاتەوە.

یەکەمجار کە ژمارە نەناسراوەکەی ئەوم بینی وای بۆ دەچووم یەکێک لە پەنابەرەکان بێت و کێشەیەکی تایبەتی هەبێت، یان بیەوێت هەواڵی وەڵامی دۆسیەکەی لە دادگا بزانێت کە بە چ ئاستێک گەیشتووە. کاتێک تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و ئەو دەنگەم ژنەوت کە زۆرجار نائارامی بە ژیانم بەخشیبوو، بەپەلە دام خستەوە و خستمە لیستی ڕەشەوە.

ماوەیەک لە ژمارەکەم ڕوانی. دوودڵ بووم لەوەی وەڵام بدەمەوە یان بەتەواوی فەرامۆشی بکەم. بۆ خۆیشم نەمدەزانی. ترسی ئەوەم هەبوو چارلی بێت و بەپەیڤە

بێزارکەرەکانی مەزاجی ئەو ڕۆژەم بشێوێنێت. دواجار بڕیاری ئەوەم دا یەکەمجار وەڵام نەدەمەوە، خۆ ئەگەر ئەو بێت،ئیتر دڵنیا دەبێت لەوەی بۆ جارێکی تریش بێت وەڵامی نادەمەوە. بەوەش پەیوەندییەکە دووبارە ناکاتەوە. چاوەڕێم کرد تا کۆتایی بە زەنگەکە هات، بەڵام لە دوای ئەو زەنگە چەند چرکەیەکی پێ نەچوو هەمان ژمارە، دووبارە پەیوەندی کردەوە.

کاتێک وەڵامم دایەوە بە دەنگە گڕ و هێمنەکەیدا، پێدەچوو پیاوێکی پلەدار بێت. وتی:

– من لێکۆڵەرەوە لیۆن م لە بەشی تاوانەکان. ئێستا لە شوێنی تاوانێکەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم. کارتی ئەدرەسەکەی بەڕێزتان لە ماڵی کوژراوێکی بیانیدا دۆزراوەتەوە لە شەقامی نیبرۆگۆتان ئەپارتمانی d خانووی ژمارە ٩. پێدەچێت بەڕێزتان ئاشنای بن.

کاتێک ئەدرەسەکەی پێ وتم، ئیتر لەوە دڵنیابووم ئەو کارەساتەی کە شەونم پێشبینی نەئەکرد ڕوویداوە. بە بیستنی ئەو هەواڵە هەستم بە شڵەژانی خۆم کرد. بە گومانێکەوە وتم:

– مەبەستتان شەونمە!

بەهەمان تۆنەوە وتی:

– پێناسی کوژراوەکە نەناسراوە، دیارە دەبێت بەڕێزتان ئەو زانیاریانە بدەن، منیش بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم پێوە کردوون.

لەو ساتەدا دەمویست زیاتر لە ئەدرەسەکەی شەونم

دڵنیا ببمەوە. متمانەم بەو هەواڵە ناکاوە نەبوو کە هەموو ناخمی هەژاندبوو. پاش کەمێک ڕامان دڵنیا بوومەوە لەو ئەپارتمانەی کە بە جێگەیەکی شیاوم زانیبوو بۆ ئەوەی شەونم تیایدا هەست بە ئارامی بکا. بە ئەفسەرەکەم وت:

– بەڵێ ئەوە پەناهەندەیەکی خۆرهەڵاتییە و بریگرتەمە.

ئەفسەرەکە کاتێک دڵنیا بووەوە لەوەی دەیناسم، وتی:

– تکا دەکەم بەڕێزتان هەر ئێستا وەرنە شوێنی ڕووداوەکە، بۆئەوەی لە بارەی کوژراوەکەوە چەند زانیارییەکمان پێ بدەن.

بەپەلە تەلەفۆنەکەم داخستەوە و تاوم دایە جانتاکەم و سواری تەکسییەک بووم، کاتێک گەیشتمە ئەوێ، لە بەردەم دەرگای ئەپارتمانەکەدا، تێبینی چەند ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسم کرد کە لە بەردەم دەرگای سەرەکیی ئەپارتمانەکە وەستابوون. لە تەکسیەکە دابەزیم و بەرەو ناو ئەپارتمانەکە ڕۆیشتم و خۆم گەیاندە دەرگای ئەسانسۆرەکە و پەنجەم نا بە نهۆمی چوارەمدا، لەو ماوەیەی کە ئەسانسۆرەکە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا بیرم لە شەونم دەکردەوە، ئاخۆ چۆن لەو ماوە کەمەی هاتۆتە ئێرە، کەسانێک هەروا بە ئاسانی و خێرایی، لەم شوێنە دوورەدەستەی زێدی خۆی، دۆزیویانەتەوە و تۆڵەی خۆیان لێ کردۆتەوە!

کاتێک گڵۆپی نهۆمی چوارەم داگیرسا، هەستم بە تەڕبوونی چاوەکانی خۆم کرد، بۆ ئەوەی ئەو هەستەی خۆم بشارمەوە ڕووم کردە ئەو ئاوێنەیەی کە بە دیواری بەشی پشتەوەی ناو ئەسانسۆرەکەوە بوو، دەستەسڕێکی کاغەزم

لە جانتاکەم دەرهێنا، ئەوەندەی سەرقاڵی وشککردنەوەی ئەو فرمێسکانە بووم کە بۆ خۆیشم نەمدەزانی لە چ هەستێکەوە بۆ کەسێکی نامۆ و نەناسراو دەتکێ. بێئاگا بووم لەوەی بە کردنەوەی دەرگای ئەسانسۆرەکە بۆنێکی قورس وناخۆش، بە بۆنی جەستەی ئەو پیاوانە دەچوو کە لە کاتی ماندووبونیاندا لەبن هەنگڵیانەوە دێت، بە لوتمدا هات.

ئەو بۆنە قورس و ناخۆشەی وەک شنەبایەک بە لوتمدا دەهات، زێدەتر کاری لە مێشکم دەکرد. بە ناچاری چەندپارچە دەسرێکی کاغەزی ترم دەرهێناو گرتم بە لوتمەوە و بەرەو دەرگای ماڵەکەی شەونم چووم کە دەکەوتە لای چەپی ئەسانسۆرەکەوە. بەهۆی ئەو تۆپەڵە دەسرەی کە دەم و لوتی خۆم پێ گرتبوو، بە ئاستەم هەناسەم ئەدا. لەگەڵ ئەوەشدا تا دەهات تیژتر و کاریگەرتر بۆنەکەم هەست پێدەکرد.

دەرگای ماڵەکەی شەونم، واڵا بوو. لە بەردەمیدا پۆلیسێک کە دەمامکێکی پەڕۆی بە دەم و لوتیەوە بوو، بەهۆی سەرقاڵی بە داکەندنی دەستکێشەکانی، کە بۆ پشکنین و بەدواگەڕانی بەڵگەی شوێنی تاوانەکان لەدەستیان دەکرد خەریک بوو، وەک ئەوەی بیەوێت زیاتر لە دەستەکانیدا تونتریان بکات،بەهۆی پێڵاوە بن تەختەکانمەوە کە بەردەوام بۆ کارکردنی ڕۆژانە لەپێم دەکردن، هەستی بە هاتنم نەکرد. لەو نهۆمەدا جگە لەو پۆلیسە، هیچ کەسێکی ترم بەدی نەکرد، تا ئەوەندە لێی نزیک بوومەوە تەنیا دوو مەترێکم مابوو بگەمە بەردەمی.

لە دەرگاکەوە کە بەتەواوی والابوو، ئەو ڕاڕەوەم دەبینی کە ڕاستەو خۆ دەچووەوە سەر هۆڵی میوانەکە، لە ژوورەوە تێبینی چەند پۆلیسێکی دەمامکدرام کرد کە بەهەمانشێوەی پۆلیسەکەی بەردەرگاکە، دەستکێشیان لەدەستدا بوو. زۆر بەهێمنی بەناو هۆڵەکەدا دەهاتن و دەچوون، وەک ئەوەی بە دوای شتێکی ونبوودا بگەڕێن، بە وردی چاویان بە هەموو جێگەو شوێنێکی ئەو ماڵەدا دەگێڕا، تەنانەت کە هەنگاوە هێواشەکانیان ئەنا، لەبەر پێی خۆشیان دەڕوانی، نەوەک ڕەچاوی شتێکی نامۆ بکەن کە پەیوەندی بەو تاوانەوە هەبێت.

کاتێک من سەرنجی ناوەوەم ئەدا پێدەچوو پۆلیسەکە ئەو ساتە هەستی بە هاتنم کردبێت، بەو دەنگە کپەی بە بڵمە بڵم دەچوو کە لەژێر دەمامکەکەوە دەهاتە دەرەوە، پێی وتم:

– بەڕیز چ کارێکتان بە ئێرە هەیە؟ ئەپارتمانەکە بەهۆی ئەم تاوانەوە بەتەواوی چۆڵکراوە.

بەهۆی ئەو بۆنە قورس و ناخۆشەوە کە تا دەهات بێزاری دەکردم، هەستم کرد خەریکە دڵم پێکدا دێت و ئەرشێمەوە و لەخۆم دەچم، بەئاستەم لەژێر ئەو تۆپەڵە دەسرەی کە بەدەم لوتمەوە گرتبووم، پێم وت:

– من مۆڵی م. پارێزەری شەونم. مەبەستم ئەو ژنە کوژراوەیە کە لە ژوورەوەیە.

پۆلیسەکە بە بیستنی ئەو قسەیە، کەمێک کەوتە خۆی و بەنیگایەکی تیژەوە لێمی ڕوانی و وتی:

– کەمێک چاوەڕێ بکە، ئێستا دێمەوە.

ئـەوەی وت و خـۆی کـرد بـە ژووری نووستنەکەی شەونمدا کە دەکەوتە لای ڕاستی ڕاڕەوەکـەوە. لەو کاتەدا پۆلیسێک لە دەرگای تەوالێتەکەوە هاتە دەرەوە کە دەکەوتە بەرامبەر ژووری نووستنەکە. پێدەچوو بەهۆی ئەو بۆنەوە تووشی دڵ تێک هەڵهاتن بووبێت. دەستەسڕێکی پەڕۆی بە دەمیەوە گرتبوو وەک ئـەوەی هێڵنج بدا، بـەرەو هۆڵی میوانەکە بەڕێ کەوت. لەو ئەپارتمانەدا جگە لەو پۆلیسانە هیچ کەسێکی ترم لەو نهۆمەدا بەدی نەکرد. پێدەچوو وتەی پۆلیسـەکە تەواو دروست بێت.

هەموو ئەوانەی لەناو ئەپارتمانەکەدا نیشتەجێ بوون، بەهۆی ئەو ئەو بۆنە ناخۆشـەوە چۆڵیان کردبوو، تەنیا گوێم لە دەنگی ئەو پۆلیسانە بوو کە لە ناوەوە سەرقاڵی پشکنین و بەدواگەڕانی بەڵگەکان بـوون. لە شوێنی تاوانەکە. لەو ماوە کەمەی پۆلیسی بەردەم دەرگاکە ڕۆیشتبوو، هەستم بە نائارامی و بێ ئۆقرەیی دەکـرد. بۆ خۆیشم نەمدەزانی بۆچی بەو هێندەیە تامەزرۆی بینینی شەونم دەکەم، بەڵام بەهۆی تیژیی ئەو بۆنە ناخۆشـەوە، هەستم بە خاوبوونەوەی دڵم دەکرد. هەستم دەکرد هەتا دێت هێدی هێدی دڵم لەسەر خۆی دەچێت، پێدەچوو لە ژێر ئەو پارچە دەسڕەی لەسەر لوتم نابوو ئەوبۆنەقێزەونە، دزەی بۆ کونی لوتم کردبێت و ئاوێتەی هەناسـەم بووبێت.

کاتێک ئەفسـەرەکە لە ژووری نووستنەکەوە هاتەدەرەوە، بەتەواوی بەرگری خۆم لەدەست دابوو، قاچەکانم توانای ئەو جەستە لاواز و باریکەی نەمابوو. ئەوەندە هۆشم لەسەر

مابوو، کە ئەفسەرەکە هەستی بەوە کرد کە خەریکە بە زەویدا دەکەوم. لەو ماوە کەمەی کە لە نێوان من و ئەو دا کە تەنیا سێ مەترێک دەبوو، بەپەلە چۆن پڵنگێک ئامبازی نێچیرەکەی دەبێت، بە باسکە بەهێز و پڕ لە ماسولکەکانی کە تیشێرتەکەی لەبەریا جەڕاندبوو، پڕی پیا کردم و بەرەو دەرگای ئەسانسۆرەکەی کێش کردم.

کاتێک بەخۆم هاتمەوە، خۆم لە نهۆمی خوارەوەدا بینییەوە. بەوەی کە هێشتا ئەفسەرەکە بە دەستە بەهێزەکانی هەردوو قۆڵمی بەتوندی گوشیبوو، بۆئەوەی نەکەوم. پێدەچوو تەنیا ئەو ماوە کەمە بێئاگا بووبم تا منی گەیاندبووە نهۆمی سێهەم، بە چاوە شین و بزێوەکانی لێمی دەڕوانی، پاش کەمێک پێی وتم:

– تۆ باشیت؟! ها؟! پێم بڵێ، ئەگەرنا پەیوەندی بە فریاکەوتنەوە دەکەم.

ئەوەندەی وزەم بەبەردا هاتبووەوە، نەمزانی بۆچی ئەو ڕەفتارە نەشیاوەم نواند، نەستیانە بە گوڕێکەوە هەنگاوێکم بۆ دواوەی خۆم ناو لە نێو دەستە بەهێزەکانیدا خۆم قوتار کرد. کاتێک ئەفسەرەکە ئەو هەڵوێستەی منی بەدی کرد، وەک ئەوەی کارێکی نەشیاوی ئەنجامدابێت، بە شەرمێکەوە کە لە دەموچاوە باریک و سورهەڵگەڕاوەکەی دەمبینی، وتی:

– ببورە مۆڵی خان، تەنیا مەبەستم بوو کە ئازارت پێنەگات، ئەگەر نااا...

مۆڵەتی ئەوەم پێنەدا قسەکانی تەواو بکا، هەستم کرد لە بەرامبەریدا ڕەفتارێکی تەواو هەرزەکارانەم نواندبوو، پێم

وت:

– نا بەڕێز.. من داوای لێبوردنت لێ دەکەم. بەهۆی تەندروستیمەوە بێئاگابووم لە ڕەفتارەکانم.

ئەفسەرەکە بەبیستنی ئەو قسەیە گوڕێکی بە خۆی دایەوە و بە ئەتەکێتێکەوە کە تێکەڵ بە سەرنجێکی نامۆ بوو، لێمی دەڕوانی. وتی:

– پێدەچێت تاوانەکە پێش چەند ڕۆژێک ڕووی دابێت، هەر ئەوەشە بەهۆی ئیشکردنی بەردەوامی ئامێری گەرمکەرەوەکەوە جەستەی کوژراوەکە بۆگەنی کردووە.

بەو چاوە شین و بزێوانەی کە تاوناتاوێک لەسەر مەمکە گەورەکانم لەنگەریان دەگرت، پێدەچوو کەسێکی زرنگ و بەئەزموون بێت لە کارەکەیدا. لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت لەو ماوە کەمەی کە لە هۆش خۆم چووبووم دەبێت چەند بە ویستی خۆی لە هەموو جەستەمی ڕوانیبێت و چێژی لەو دیمەنە بێئاگاییەی من بینیبێت کە وەک عاشقێکی مەست لەنێو دەستە بەهێزەکانی هەستم بە ئارامی کردبێت!

بەدەستی ڕاستی زەرفێکی نایلۆنی ڕەنگ ئاوی لە گیرفانی دەرهێنا. ئەو ئامێری تۆمارکەرەی تیا بوو کە لە دوای یەکەمین چاوپێکەوتن دابووم بە شەونم بۆ ئەوەی چیرۆکەکانی ژیانی خۆیم بۆ تۆمار بکات، هەفتانە ئەو میمۆریەی کە تۆماری دەنگی خۆی تیا بوو، لەناو زەرفێکی کاغەزی دەنا و لەو ڕۆژانەی پشووم لە کارەکەم وەر دەگرت، لە یەکێک لە پارکەکانی نێزیکی ئەپارتمانەکەی شەونم، یەکترمان دەبینی و ڕادەستی دەکردم.

به دەنگێک کە بێئومێدیم تیا بەدی ئەکرد وتی:

– بەهۆی ئەو ماوە زۆرەی کە بەسەر شوێنی تاوانەکەدا ڕابــردووە، ئەستەمە بتوانین بەڵگەی پێویست لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانەکە بدۆزینەوە. ئەوەی گرنگ بێت بە لامانەوە تەنیا ئەم میمۆرییەیە کە لەناوئامێرێکی تۆماری بچوکدا بووەو و لە تەنیشت سەریەوە دۆزیومانەتەوە. پێدەچێت بکوژەکە تۆمارێکی بە مەبەست بەجێ هێشتبێت. کەئەوەی گوت زانیم لیۆن بەهەڵە لەڕوداوەکە تێگەیشتووە،هەر بۆیە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە پێم وت :

– بەڕێز لیۆن.. من دڵنیام ئەو میمۆرییە تەنیا تۆماری دەنگی شەونمی تیایە، ئەوە پەیوەندی بەو دۆسیەیەوە هەیە کە لە ڕێگەیەوە دەیویست مافی پەنابەری پێ وەرگرێت. من زۆرێک لەو میمۆریانەم لایە کە بۆی تۆمار کردووم، پێویستە ئەو میمۆریەم ڕادەست بکەیت، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە کاری بریگرتەکەم و دەزگای پەنابەرانەوە هەیە.

لیۆن پێدەچوو میمۆریەکەی بە بەڵگەیەکی بەهێز زانیبێت بۆ دۆزینەوەی بکەرانی تاوانەکە، بۆیە بەهەستێکی ڕەقەوە هاوشێوەی جەستەی پێی وتم:

– دەمەوێت بۆ خۆم گوێبیستی بم.. ئەگەر شتێکی گرنگی تیا بێت، ئەوا پێویستە وەک بەڵگەیەک یان سەرەداوێک بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکان، بەکاری بهێنم.

بە ڕەفتارەکانی لە پیاوێکی کەللەڕەق دەچوو، بیرم لە ڕێگایەک دەکردەوە کە قایلی بکەم میمۆریەکەم بداتێ. ئەو بەردەوام چاوەکانی لەسەر لێوە ئەستوورەکانم بوو. کە بە

سووراوێکی ڕەنگی پەمەیی کاڵ لەگەڵ ڕەنگی هاوشێوەی کراسەکەم گونجاندبووم. نەمدەزانی دەیەوێت لە ڕێگەی جووڵەی لێوەکانمەوە پێشبینی وەڵامەکانم دەکات.. یان چێژ لەو قسانە دەبینێت کە لێیانەوە دێنە دەرەوە. وتم

– بەڕێز لیۆن.. شەونم تەنیا سێ مانگێک دەبێت هاتۆتە ئێرە.. لەبەرئەوە زمانی سویدی نازانێت.. هەموو ئەو میمۆریانەی کە لە لامە، بە زمانی خۆی تۆماری کردوون، منیش ناتوانم هیچ شتێکیان لێ حاڵی ببم، هەر بۆ ئەو مەبەستەش هەموویانم داوەتە ئەو وەرگێڕەی کە لە هۆبەکەی خۆمدا ڕۆژانە کاری وەرگێڕانم بۆ دەکات.

لیۆن بە شێوەیەک لێی دەڕوانیم وەک ئەوەی نهێنییەکی گرنگم لێ شاردبێتەوە. بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزەوە وتی:

– ئەهاهاه.. پێدەچێت زۆر شت لە بارەی کوژراوەکەوە بزانیت!

کەمێک وەستا وەک ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە، پاشان بە ئەتەکیەتێکەوە وتی:

– زۆرباشە کەواتە دەکرێت پێکەوە وەک تیمێک کار لە دۆسیەکەدا بکەین. تۆ پێت چۆنە هەموو ئەو تۆمارانەی کە لای بەڕێزتانە ڕادەستمی بکەیت! بۆ خۆت دەزانیت کاری پارێزەرەکان تەنیاپێدانی زانیارییە بە دۆسیەی لێکۆڵینەوەکان، پاشان ئێمە لە پەیوەندیی بەردەوامدا دەبین بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە ئاگاداری قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکان بیت.

بە چاوە پڕ شەهوەت و ڕفتارە ڕەق و نامۆکانی، هەستم دەکرد لە سەرەتای گەمەیەکدام. بۆ خۆیشم نەمدەزانی بۆنی

عەشقی لێ دێت یان شەڕ! لەو ساتەدا بە دوای شتێکدا دەگەڕام کە کۆتایی بەو گەمە بێ مانایە بێنم کە ئەو دەستی پێکردبوو، بە شێوەیەک ڕەفتارم دەکرد کە هەست بە بەهێزیم بکات. لەگەڵ دانەوەی هەناسەیەکی قووڵدا، پێم وت:

– ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە.. بەڵام لە ڕووی یاساییەوە مافی ئەوەم هەیە کە نهێنی کەسێتیی بریگرتەکەم بپارێزم.. ئەگەر شتێکی نامۆ لەنێو تۆمارەکاندا هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئاگادارتان دەکەمەوە.

لیۆن بە زەدەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە کەمێک لێی ڕوانیم. پاشان دەستە پڕ ماسولکەکانی بە شێوەیەک لە کەمەرە باریکەکەی نا،پێدەچوو بە نمایشی ئەو جەستە قەبە و پڕ لە ماسولکەیەی هەستی پیاوەتی خۆیم نیشان بدا. سەرێکی بە ڕاست و چەپی خۆی بادا و پاشان چاوەکانی لە سەرم گیرساندەوە و بە بێزارییەکەوە وتی:

– باشە با بە ویستی بەڕێزتان بێت، بەڕێز مۆڵی، تکا دەکەم پێویستە لە کەمترین ماوەدا هەر زانیارییەکی گرنگ هەبێت، لە تۆمارەکاندا ئاگادارم بکەرەوە.

دەستێکی بۆ گیرفانی ڕاستی پانتۆڵەکەی برد و کارتێکی دەرهێنا و بەهێمنی دەستی بۆ درێژ کردم تا لێی وەر بگرم. وتی:

– ئەوە ژمارەی مۆبێل و تەلەفونی نووسینگەکەمی تیایە، هەر کاتێک مەبەستت بوو، ئەتوانیت پەیوەندیم پێوە بکەیت، تەنانەت ئەگەر درەنگانی شەویش بێت ئامادەم گوێت بۆ ڕاگرم.

منیش کارتەکەم لە دەستی وەرگرت و سەرێکی ڕەزامەندیم بۆ لەقاند. پاشان پێم وت:

– ئەی ئەوتۆمارەی کە لای بەڕێزتانە!

بە خەندەیەکەوە وتی: با سەرەتا دادوەری لێ ئاگادار بکەمەوە.. دواتر بڕیارێکی لە بارەوە ئەدەین..

بەهۆی ئەو بۆنە بێزارکەرەوە، تەواو بێئاگا بووم لەوەی پرسیاری ئەوەی لێ بکەم کە ئایا شەونم چۆن کوژراوە! لەو کاتەدا یەکێک لە پۆلیسەکان هاتە نێزیکمانەوە سڵاوێکی سەربازی بۆ کرد و وتی:

– گەورەم لە دەرەوە بارانێکی بەخوڕ دەبارێت. ئەمبولانسەکەش دەمێکە ئامادەیە. فەرمان دەکەن جەستەکە بگوازینەوە؟!

لەو کاتەدا وەڵامی لیۆنم قۆستەوە و وتم: پێشئەوەی تەرمەکەی بگوازنەوە، دەمەوێت جەستەی شەونم ببینم.

لیۆن ڕووی کردە پۆلیسەکە و پێی وت کە جارێ لێ بگەڕێ تا بارانە کەمێک خۆش دەکاتەوە. پۆلیسەکە دیسانەوە بە سڵاوێکی سەربازییەوە ئێمەی بەجێ هێشت و لیۆن ڕووی بە لامدا وەرگێڕایەوە وتی:

– هەرچەندە هەموو پەنجەرە و دەرگای بالکۆنەکانمان کردۆتەوە و ماڵەکەشمان بۆنپڕژێن کردووە، بەڵام ئەستەمە ئەو بۆنە هەر وا بە ئاسانی بڕەوێتەوە. باشترە کەمێک چاوەڕێ بکەیت.

کاتێک بەخۆم هاتمەوە.. بە ئاستەم گوێم لە زەنگی تەلەفۆنەکەم بوو کە لەگەڵ خوڕەی ئاوی دووشەکەدا

ئاوازێکی نەشازیان بە گوێمدا ئەدا تا ئەو کاتەی لە گەرماوەکە هاتمە دەرەوە و خاولییەکەم لە خۆمەوە ئالاند، کۆتایی بە زەنگەکەی لیۆن هاتبوو، کە چەند جارێک هەوڵی دابوو پەیوەندیم پێوە بکات. پێدەچوو بۆ کارێکی گرنگ بێت، ئەگەرنا ئەوەندەی چەند سەعاتێک دەبوو ئەوم لە ماڵەکەی شەونم بەجێ هێشتبوو. لەو کاتەدا تەلەفۆنەکە کە لە نێو لەپی دەستمدا بوو دووبارە زەنگی لێدایەوە.

– بەڵێ!

– سڵاو بەڕێز مۆڵی بمبورە بەم شەوە بێزارت دەکەم!

– زۆر ئاساییە.. کارێکی گرنگتان هەبوو وا چەند جارێک پەیوەندیت پێوە کردووم؟!

بە دڵنیاییەوە دەمویست پرسیاری ئەوەت لێ بکەم تۆمارەکانت خوێندووەتەوە؟

– تا ئێستا.. نەخێر.

– کاتێک پەڕاوی دۆسیەکەم گەیاندە دادوەری گشتی، داوای ئەوەی لێ کردم کە پێویستە بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکەی شەونم ئامادە بکەم.

– ئاخر تۆمارەکان هێندە زۆرە بڕوا ناکەم بتوانم بە شەوێک بیان خوێنمەوە.

– باشە دەکرێت کەمێک پەلەی تێدا بکەیت؟

– هەوڵ ئەدەم.

– ئۆکەی.. بەڵام دەتوانم بەیانی بەڕێزتان ببینم؟!

– بۆ چ مەبەستێک؟

– تەنیا دەمەوێت لە بارەی شەونمەوە قسەبکەین؟

- بۆ خۆت دەزانیت.. من کارێکی زۆرم هەیە.

- دەکرێت لە دوای کارەکەت بێت. من بۆ خۆم هەموو کاتێکم بۆ بەڕێزتان هەیە.

- با بزانم چۆن دەبێت! خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە.

- ئۆ کەی.. من چاوەڕێی وەڵامی بەڕێزتانم. شەوشاد.

لە دوای تەلەفۆنەکە، ئارامییەک بەناو هەموو جەستە و ڕۆحمدا تێپەڕی. بۆ خۆیشم نەمدەزانی ئاسەواری ئەو فشارەی دەستە بەهێزەکانی بوو کە هەموو پەنجە ئەستوورەکانی لەنێو گۆشتی جەستەمدا نقوم کردبوو، یان توونێتی ڕۆحم بوو بۆ نیگا بزێوەکانی! بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ سبەی چ ڕۆژێکی نوێ چاوەڕێمان بکات! بەو خەیاڵەوە بەرەو چێشتخانەکەم ڕۆیشتم تا قاوەیەک بۆ ئەو شەوە درێژە دەم بکەم.

٢

جیاواز لە هەموو شەوەکانی تر، ئەو ئێوارەیە سەیری هیچ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم نەکرد. گڵۆپی هەموو ژوورەکانم کوژاندەوە، تەنیا گڵۆپی سەر کۆمەدی تەنیشت سیسەمی نووستنەکەم نەبێت داگیرسابوو، کە ڕووناکی بە دەوروبەری خۆم دەبەخشی. هەموو پەڕاوەکانم وەکو ڕیزبەندیی خۆیان، کە وەرگێڕەکە پێڕستی کردبوون، ڕێک خستەوە. بەو هیوایەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد کە تێیدا شەونم بۆ خۆی تەنیا شتێک بدرکێنێ کە ببێتە سەرە داوێکی دۆزینەوەی بکوژەکانی.لەسەرەتای لاپەڕەی یەکەمی

تۆمارەکاندا نوسرابوو.

«سڵاو خاتو مۆلی، سەرەتا دەمەوێت سوپاسی ئەو هاوکارییە مرۆڤانەیەت بکەم کە پێشکەشت کردم، دەزانم منێکی ئاوارە و نامۆ بە ژیان و فەرهەنگی ئێوە، ئەستەم بوو چاوەڕوانی ناسینی مرۆڤدۆستێکی وەک بەڕێزتان بکەم، بەڵام دەمەوێت ئەو ڕاستیەی کە لە دڵ و دەروونی مندا هەیە، ڕاشکاوانە بیدرکێنم.. ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار بە دیداری بەڕێزتان ئاشنا بووم، لە ناخمدا هەستم بە ئومێدێکی تر کرد بۆ ژیان. ئەو ژیانەی کە بە درێژایی هەموو تەمەنم هیچ تروسکاییەکی ئومێدم تیا نەبینی، بەڵام کاتێک لە نیگا شیرین و پڕ لە سۆزەکەی تۆم دەڕوانی، لە سیماتدا ڕۆشناییەکم دەبینی، کە لەگەڵ سەرنجەکانتدا ئاوێتە بووبوون.

من هەستم بە سەرەتایەکی ژیان کردەوە.. ویستێکی ترم بۆ ژیان لە ناخمدا چرۆی کردەوە.. لەو کاتەدا بەخۆم وت: ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ کاتێک بە دەستەکانی هەست و ڕۆحی خۆی ناشتبێت، جارێکی دی ژیان بە بەری خۆیدا بکاتەوە؟! ئەوە بۆ من خەونێک بوو.. کە بە درێژایی تەمەنێکی پڕ لە نەهامەتی ئازار و ناخۆشییەکانی ژیانم، هەرگیز بیرم لێ نەئەکردەوە، بەڵام تۆ تەنیا بەو هەڵوێستانەی کە بۆ من پڕ لە ئومێدی ژیان بوون، بەو هەستانەی منداڵیمت ئاشنا کردمەوە، ئێستا وەک تارماییەکی لێڵ بە ناخمدا تێدەپەڕێت،کە لەو ساتانەی منداڵیمدا نەمدەزانی لەگەورەبوندا عەشق هەیە،ئازار و خەم هەیە،تەنها ژیانم بەوێنەی هەستی منداڵی

خۆم،بەسادەیی و بەجوانی دەبینی. لەگەڵ ئـەوەشـدا تۆ بەپرسیارە مەبەست-دارەکانت هەموو ناخی منت هەژاند. دڵنیا بە زۆر باش دەزانم کە بەڕێزتان دەخوازن لە ڕێگەی وەڵامەکانمەوە هەستێکی تری ژیان بەو جەستە سارد و سڕەی من بدەنەوە.. کە لە شەختەیەک زیاتر هیچی تر نییە، بەڵام من چۆن بتوانم تەنیا بە چەند وشەیەک ئەو هەستەی ناخی خۆمت بۆ وێنا بکەم!

دەزانـم تۆ وەک ژنێک دەتوانیت جیاوازتر لە هەموو پیاوێک درک بە هەستی ژنێتیم بکەیت. لەگەڵ ئـازار و خەونەکانمدا ئاوێتە ببیت، بەڵام ئەوەی ڕۆحم دەکرۆژێت ئەوەیە.. تۆیەکی ژنی خۆرئاوایی، چۆن دەتوانیت متمانە بەو چیرۆکانەم بکەیت کە دەتەوێت لە ڕێگەیەوە مافێکی پەنابەریم بۆ دەسـتـەبـەر بکەیت! هەربۆیە پێدەچێت چیرۆکەکانی ژیانی من بۆ تۆ، جێگەی گومانێکی دروست بن یان وەکو خەونێک لەبیری خۆتاندا وێنای بکەن.ئاخر هەر ئەوەشە وام لێ دەکات بە شێوازێک بدوێم بۆئەوەی هەستەکانم لە دڵ و ڕۆحی بەڕێزتاندا بەرجەستە بکەم.لەگەڵ ئەوەشدا دەخـوازم بەگێڕانەوەی هەموو ئەو چیرۆکانەی کەهەموو ژیانی منیان کـردە دۆزەخ لەخۆمدا خاڵییان بکەمەوە و ئومێدیک بە گـەڕانـەوەی، شکۆی ژنێتی خۆم بدەمەوە کە بەناچاری لەدەستم دابوو،هەرچەندە ئەوە بۆخۆی بیرگەلێکی بێمانایە کەهەستەکانمی پێ چەواشە دەکـەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،هەستدەکەم بەگێڕانەوەی هەست بەئارامی ناخم دەکـەم،دەمـەوێت لەنێویدا چێژ لەو چرکەساتانەی ژیانی

منداڵی خۆم ببینمەوە کە بەخێرایی لەدەستم چوون.

دڵنیام لەوەی کاتێک مرۆڤ ڕۆحی ئازار دەچێژێت، زۆر دەڵێت، چونکە بەردەوام وا هەست دەکات ئەو ئازارەی کە لە دڵی ئەودایە، بەرامبەری ناتوانێت وەک خۆی بەرجەستەی بکا. ئێستاش من نازانم لە چ تارماییەکی دەروونی خۆمەوە دەست پێبکەم! ژیانم وەک تەونێکی جاڵجاڵۆکەی لێهاتووە، لە هەر لایەکیەوە دەستی بۆ ببەیت، هەمووی دەلەرێتەوە.

تۆ پرسیاری ئەوەت لێ کردم بۆچی لە زێدی خۆم هەڵهاتووم و چۆن بە تەنێ هاتوومەتە ئێرە! یان دەتەوێت ئەوە بزانیت مەرگ بۆچی وەک سێبەرک لە جەستەم نابێتەوە! با نەڵێم من بەو داوێن پیسییەی کە بەرامبەر بە هاوژینەکەمم کرد، چەقۆیەکی تیژم لەسەر گەردنی خۆم نا. یان بە فرۆشتنی ئەو جەستەیەم کە وەک گوڵێکی سپی پاک و بێگەرد بوو مەرگی خۆم بۆ هەموو خانەوادەکەم ڕەوا بینی.

ئەوە بۆ خۆی چیرۆکێکی ئێجگار درێژە بە وێنەی دارێکی بە تەمەن ڕەگی بەناو هەموو ناخمدا شۆڕ بۆتەوە. بۆ خۆیشم نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ژیانی منیان کردە دۆزەخ چۆن بۆتی بگێڕمەوە و پۆلێنیان بکەم، تا بتوانم ئەو ئازارەی ناخم لە ئەندێشەی تۆدا وەک خۆی وێنا بکەم.

ئێستا دەمەوێت لە ڕۆژەوە دەست پێبکەم کە ژیان بە ویستی خۆی ئەو ڕێگایەی بۆی هەڵبژاردم ومنی گەیاندە ئێرە. دەمەوێت ناوی چیرۆکی ئەمشەوم بنێم (سەرەتای

هـەرەسـی خـەونـەکـانـم). ئـەو ڕۆژەی «سـەرکـەوت» هاتە خوازبێنیم و لە ڕێگەی دراوسێییەکمانەوە منی ناسی، کاتێک سەرکەوت لە تەک دایک و خوشکەکەی هاتبوونە ماڵمان بۆ ئـەوەی لە نێزیکەوە پێم ئاشنا بن، من لە گۆشەیەکی ژووری میوانەکەماندا، خۆم لە ئامێز گرتبوو، ناخی خۆم دەخـواردەوە، ئەندێشەم بە لای ئەو خەونانەوە بوو کە شەوانە لە چاوەڕوانی هاتنیاندا تا سپێدە لە ئامێزم دەگرتن. کاتێک بەخۆم هاتمەوە دەنگی دایکی سەرکەوتم ژنەوت، پێی وتم:

– کچم ئەگەر خوا بیکات دەبیتە ژنی ئەم کوڕە جوانەم.

من کە بە دڵێکی گرانەوە نیگاکانم بۆ سەر «سەرکەوت» گواستەوە، سەرکەوت وەک ئەوەی مامەڵەی کاڵایەک بکات، چاوە بچکۆلە و بزێوەکانی بە هەموو جەستەمدا ئەگێڕا، بە نیگایەک کە خەندەیەکی پڕ شەهوەتی لەخۆ گرتبوو، لێمی دەڕوانـی. بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن خۆم لە ژێر ئەو نیگایانەی کە وەک ئاگرێک جەستەمی گەرم دەکردەوە، قوتار بکەم.

خۆم وەک بووکەڵەیەک دەبینی لە بەردەمیدا،لەو دۆخەدا لە نێوان و هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەیدا. هێزی ئەوەم نەبوو گوێبیستی ئەو پەیڤانەیان بم کە لەسەر مارەییم ئەدوان، وەک ئـەوەی مامەڵە لـەسـەر جەستەم بکـەن، ئـاوا ناخم ئازاری ئەچەشت. بە نیگایەکی خەمناکەوە جێم هێشتن و خۆم بە ژوورەکەمدا کرد. ئەندێشەم ئاوێتەی خەونەکانم بوونەوە. «نارین» وەک تارماییەک هاتە پێش چاوەکانم

و منی گەڕاندەوە بۆ ئەو ژیانەی کە هەمیشە ئارامی پێ دەبەخشیمەوە. ئـەو هەستەی کە بــەردەوام بە ئومێدی گەڕانەوەی، خەونی پێوە دەبینم. دڵنیا بە خاتو مۆڵی.. مرۆڤ تەنیا لەو ساتانەدا هەست بە بوونی ژیـان دەکـات کە لە منداڵیدا خەون بە داهاتووی ژیانی خۆیەوە دەبینێت.

لەیادمە.. تەمەنم نێزیکی هەشت ساڵێک دەبـوو، ئەو ڕۆژەی ماڵی پەری بۆ گەڕەکەکەمان گواستیانەوە. باوکی ئەو خانووەی کڕیبوو کە لە کۆڵانەکەماندا بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو. کاتێک کەلوپەلی ماڵەکەیان بە بارهەڵگرێکی گەورە هێنا، من لەسەر پلیکانەکەی بەردەم دەرگاکەی ماڵی خۆمان دانیشتبووم، کە بارهەڵگرەکە لە بەردەم ماڵەکەیاندا وەستا، باوکی پەری کە پیاوێکی ڕەشتاڵەی باریک بوو، لە بەشی پێشەوەی بارهەڵگرەکە دانیشتبوو، بەهۆی کورتی باڵاکەیەوە بە ئاستەم لە پلیکانەی بارهەڵگرەکە دەهاتەخوارەوە.

بەپەلە بەرەو دەرگای ماڵەکە ڕۆیشت و کلیلی دەرگاکەی لە شەڕواڵە ڕەنگ سپپەکەی دەرهێنا، کە هێشتا تۆز و خۆڵی کرێکاری پێوە بوو. بەوە هەستم کرد خاوەن ماڵەکەیە. لە دوای بارهەڵگرەکەوە دوو کرێکاری شەڕواڵ لەپێ، خۆیان لە هەردوو لای بەشی دواوەی بارهەڵگرەکەوە هەڵواسیبوو. کە باوکی پەری دەرگاکەی کردەوە، یەکێکیان بە قەڵەمبازێک خۆی فڕێدایە سەر زەویەکە. تەپوتۆزێکی زۆر لەژێر کالە دڕاوەکانی پێی، بە دەورەی خۆیدا بڵاو کردوە.

ئەوی تریان تاوی دایە دەرگا گەورەکەی بەشی دواوەی بارهەڵگرەکە و بەپەلە دەستیان بە داگرتنی کەلوپەلەکان کرد.

لەو کاتەدا من چاوم بە هەموو شوێنێکی بارهەڵگرەکەدا ئەگێڕا، بەخۆم وت ئاخر چۆن دەبێت ماڵێک بێتە گەڕەکەکەمانەوە و ژن و منداڵیان لە تەکدا نەبێت، هەرکاتێک ماڵێکی تازە بهاتایەتە کۆڵانەکەمانەوە بە دوای ئـەوەدا دەگـەڕام کە منداڵێکی هاوتەمەنی خۆمیان هەبێت، کۆڵانەکەی ئێمە هێندە کورت بوو بە هەردوو بەریەوە تەنیا هەشت ماڵێکی تیا بوو، لەو کۆڵانەدا تەنیا کەلاوەیەک هەبوو کە هێشتا نەکرابوو بە خانوو، بەتەنیشت ماڵی ئێمەوە بوو. دەکەوتە لای ڕاستی ماڵەکەمان. ڕۆژانـە کوڕانی دراوسێکانمان گەمەیان تێدا دەکرد. لای چەپیشمانەوە ماڵی ئەو نارین ە بوو کە عەشق بە مەرگی ئاشنا کرد هەموو دەمـەو عەسرێکی دەرەنگ، دەهاتە بەر دەرگاکەی ماڵی ئێمە و لەگەڵ زۆرێکی ژنانی کۆڵانەکەدا، لە بەردەم دەرگاکەی ماڵمان، هەموو ئێوارەیەک، کۆڕێکی گەرمیان دەبەست.

جا ژن ئەو ژنە بوو ئەو ڕۆژە سـەری باسێکی نوێی بـکـردایـەتـەوە، هـەر یـەکـەو لـە لایـەکـەوە بـە بـۆچـوون و سەرنجەکانی خۆیان، ئەو بابەتەیان هێندە ئاڵۆز و فروان دەکرد، هەزاران لق و پۆپ و بابەتی نوێیان لێ دەکردەوە. ئەو کاتە نارین تەمەنی نێزێکی بیست وحەوت ساڵێک دەبوو. کچێکی تابلێی جوان و خۆش-قسە بوو.

ئەو ڕۆژەی نارین کەوتبووە عەشقێکی نوێوە، دایکم هەستی پێ کردبوو. ئێوارەیەکی ناوەڕاستی بەهار بوو. کۆڵانەکەمان بۆنی چۆڵیی لێ دەهات. تەنیا نارین و دایکم لە بەردەم دەرگاکەی ماڵی ئێمەدا دانیشتبوون. نارین باسی

دوو برا شەڕەنگێزەکەی بۆ دایکم دەگێڕایەوە کە بەردەوام لە ماڵەوە شەڕ و دەمەبۆڵەیان بوو لەسەر فرۆشتنی خانووەکەی باوکیان.

خانووەکەی ئێمە و ئەوان بە هەردووکیان تەنیا دووسەد مەترێک دەبوو. هەردوکیان لەسەر یەک نەخشە دروستکرابوون. کاتی خۆی لە نێوان ئەو ژوورەی دواوەی ماڵەکەمان کە من و شەوبۆی خوشکم تیائەنوستین و ئەو ژوورەی نارینی لێ دەنووست بەهۆی کەمی زەویەکەیەوە تەنیا دیوارێکی باریک لەنێوانماندا دروستکرابوو. شەوانە، لە ڕێگەی ئەو دیوارە و پەنجەرەی ژوورەکانمانەوە گوێمان لە هەموو ئەو شەڕ و دەمە بۆڵانە دەبوو کە ئاراس و ئارامی برای نارین دەیانکرد. ئێمەش بە هەستێکی مندالآنەوە دەچوینە نێزیکی ئەو پەنجەرەیەی ژوورەکەی نارین کە دەیڕوانییە ئەو حەوشە بچوکەی کە تەنیا دیوارێکی نزم ماڵی ئێمە و ئەوانی لێک جیا دەکردەوە.

ئەو پیاوەی بەکۆڵانەکەماندا تێپەڕی و وەک شەیتانێک دڵی نارین ی بۆخۆی کێش کردبوو،من لەهەستی منداڵی خۆمەوە،گومانێک سەرنجەکانمی لەسەرهەنگاوە کورتەکانی کۆکردەوە،کەنیگاپڕلە حەزەکانی لەسەر نارین بوو.لەو ماوەیەی کە پیاوەکە لە ئاستی دایکم و نارین تێپەڕی، بەردەوام لە لێوە پڕلە خەندەکەی نارین ی دەڕوانی. دایکم هەستی بەو ڕەفتارە پڕ لە گومانەی نارین کرد کە بە تاسەوە لەو پیاوە نامۆیەی دەڕوانی. بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆی بە نارین نەوت. بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی تا ئەو کاتەی

پیاوەکە لەسەری کۆڵانەکە بزر بوو. نارین چاوە گەشەکانی لەسەری بوو، من لەو ساتەی منداڵی خۆمدا هەستم بەو دیمەنەجوانەی نارین دەکرد،کە عەشقی لێدەچۆڕا. دایکم کە ژنێکی هەتا بڵێی مەنگ و کەمدوو بوو، هەرگیز قسەو باسەکانی ئەو ژنانەی کۆڵانەکەمانی بۆ کەس نەئەگێڕایەوە. هەر بەو هۆیەوە هەموو ژنەکان باس و خواسە تایبەتەکانی خۆیان تەنیا لای دایکم ئەدرکاند. تەنانەت ئەو شەوانەی لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیاندا چۆن جووت دەبوون، بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە وردو درشتی کارەکەیان بۆ دایکم ئەگێڕایەوە. لەو کاتەدا هەستم کرد دایکم بەو دیمەنەی نارین نائارام بوو. هەر بۆیە بە نارین ی وت:

– کچێ ئەوە من لە بەیانییەوە قسە بۆ تۆ ئەکەم، کەچی تۆش خەیاڵت لای ئەو پیاوەیە.

لەو کاتەدا کە شەوبۆی خۆشکم دەستەکانی پڕ لە توو کردبوو، وتی:

– شەونم.. ها.. ئەوانە ببە جوان بیان شۆرەوە، دواتر بیخۆ.

ئیتر من ئاگاداری ئەوە نەبووم کە لە نێوان دایکم و نارین دا چی ڕویدابوو.

بمبورە خاتوو مۆڵی، دەمەوێت بگەڕێمەوە لای ماڵە تازەکەی کە هاتبووە کۆڵانەکەمانەوە، لەو کاتەدا من لەو کرێکارانەم دەڕوانی کە خەریکی داگرتنی کەل و پەلەکان بوون. تەکسییەکی شڕی کۆن لە دوای بارهەڵگرەکەوە وێستەی کرد و ژنێکی ئەسمەری باڵا مامناوەند، لەگەڵ

منداڵێکی هاوتەمەنی خۆم، دابەزین. من کە لەسەر پلیکانەکانی بەردەم دەرگای خۆمان دانیشتبووم، لێم دەڕوانین. ژنەکە ئەو بوخچەیەی کە لەتەکسیەکەدا دایگرت، لە بن هەنگڵی ناو خۆی بە ماڵەکەدا کرد. کچەکەشی کە بەردەوام لە منی دەڕوانــی، تا ئەو کاتەی خۆی بە ماڵەکەیاندا کـرد، چەند جارێک وەستا و نیگاکانی لەسەر من دەنـا. لەو ساتەدا، هەمان هەستی خۆشی خۆم لە نیگاکانی ئەودا دەبینی.

تۆ دەزانیت خاتوو مۆڵی، تەمەنی منداڵی چەند کورتە، هێندە جوان و بەچێژە، تا لە دەستمان نەچێت تامەزرۆی ناکەینەوە، من ئێستاش بەو خەیاڵەوە دەژیم.. بەردەوام بە دەم دەرزی ئاژنکردنی ئازارەکانمەوە، پەنا بۆ ئەو کاتانە دەبـەم کە زۆر بە زوویـی بە سـەرمدا تێپەڕی. هەمیشە لە نێو ئازارەکانمدا منداڵ دەبوومەوە، بەو هیوایەی تەنیا بۆ ساتێکیش بێت، ئارامی بەو دەروونـە شەکەتەی خۆم بدەمەوە».

بیرم لە قسەکانی شەونم دەکردەوە. پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد دەبێت شەونم مەبەستی چی بێت ئا بەو شێوە قووڵە بەناو منداڵیی خۆیدا ڕۆ دەچێتە خوارەوە! دەیەوێت لە ناو منداڵیدا چ شتێک هەبێت کە بۆ ئەو مەبەست بێت وپێمی بڵێت! وەک خۆی دەڵێت.. سێبەری مەرگ ڕەگێکی قوڵی هەیە کە بە ناخمدا شۆڕبۆتەوە. ئەوە بۆ من بووە جێگەی گومانێک کە وای لێکردم درێژە بە خوێندنەوەی تۆمارەکانی بدەم.

جگەرەیەکم پێ کـرد و بـەدەم مژلێدانیەوە، هەستم تـەواو ئاوێتەی ڕووداوەکـانـی کـردبـوو. بە دووی سـەری

ئەو ڕەگانـەوە بـووم کە لە قوڵایی ناخی ئـەودا بـوون، تا لە هەڵکشانیدا بە هەموو ئەوانە بگەم کە شەونم ی بەو چارەنووسە گەیاندبوو. جگەرەکەم تەواو کرد و دەستم بە خوێندنەوە کردەوە.

«کاتێک زانیم دراوسێ تازەکەمان، منداڵێکی هاوتەمەنی منیان هـەیە بە هەستێکی پڕ لـە خۆشبەختییەوە خۆم بە ماڵەوەدا کرد. هێندە بەخێرایی ڕامکرد هەتا ناو هۆڵە درێـژەکـەی خۆمان نەوەستامەوە. لـەو ساتـەدا دایکم لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا سفرەیەکی بچوکی ڕاخستبوو، هەموو کەرەسەی ئامادەکردنی یاپراخی لەسەر بڵاو کردبووەوە و خەریکی پێچانەوەی بوو. شەوبۆی خوشکیشم بەرامبەری دانیشتبوو، ئەو گەڵامێوانەی بۆ دایکم بڵاو دەکـردەوە کە برنجی لە ناواخنی دەنا. کە منیان بینی وا بە هەناسە پڕکێوە خۆم هاویشتە نێوانیان، دایکم لە شوێنی خۆی ڕاچەنی و بە تاسەوە لێمی ڕوانی. وتی:

– چی بووە کچم! بۆچی شڵەژاویت؟

لەو کاتەدا شەوبۆی خۆشکیشم بە نیگا پڕ لە ترسەکانی چاوەڕوانی ئەوە بوو شتێک بڵێم. منیش بەدەم ئەو هەناسە قورسەی کە بە ئاستەم لە گەرووم دەهاتە دەرەوە، وتم:

– دایکە ئەزانی ماڵێکی تازە هاتوونەتە ناو ماڵە چۆڵەکەی بەرامبەرمان؟! کچێکی وەک خۆمیان هەیە. ئیتر لەتەک ئەو یاری دەکەم.

شەوبۆی خۆشکم بە تەوسێکەوە لێمی دەڕوانی و وتی:

– جا چییە؟ بڕۆ بۆ خۆت هەر لەتەک ئەو یاری بکە.. ئیتر

مێشکی دایکم نەبەیت و نەڵێی شەوبۆ یاریم لەتەکدا ناکات.. شوکور لەدەست تۆ قوتارم بوو.. خوا گەورەیە بۆ ئیشەکانی دایکیشم.

دایکم بەردەوام شەوبۆی خوشکمی بە کاری چێشت لێنانەوە سەرقاڵ کردبوو هەر ئەوەش بووبوو بەهۆی ئەوەی من بەردەوام لە ماڵەوە هەست بە تەنیایی بکەم. ئەو بەردەوام بە شەوبۆی دەوت:

- کچم وا خەریکە گەورە دەبیت و پێدەگەیت.. سبەی شوو بکەیت چۆن دەتوانیت وەک کەیبانویەکی باش خواردن بۆ هاوژینەکەت ئامادە بکەیت؟! ها؟! ئاخر سبەی ماڵە خەزورانت پێت ناڵێن ڕووی ئەو دایکەت ڕەش بێ کە بە جوانی پەروەردەی نەکردیت.. تۆ ئەتەوێت بە هۆی تەوەزەلیتەوە خەڵکی نزای خراپم لێ بکات؟!

بەردەوام دایکم و شەوبۆی خۆشکم لەسەر چێشتلێنان دەمەبۆڵەیان بوو. زۆرجار شەوبۆی خۆشکم هەرچەندە ئارەزووی زۆری لە خوێندن نەبوو، بۆئەوەی خۆی لە ئیشە گرانەکانی دایکم بدزێتەوە، ئەی وت:

- دایکە سبەینێ تاقیکردنەوەم هەیە.. دەبێت سەعی بکەم.. بەو خوایە دەرنەچم بە باوکم ئەڵێم هەمووی خەتای دایکم بوو.. کە بەردەوام ئیشی پێئەکردم..

دایکیشم دەیزانی تەنیا بۆ خۆدزینەوە لە ئیشەکان بیانووی دەهێنایەوە.. دەی وت:

- بیانووی چی بۆ من دەهێنیتەوە کچێ؟! ئەوەندەی ڕۆژانە خەریکی خۆجوانکردن و شانەکردنی تیتکەکانتی

ئەوەندە خەریکی سەعیەکانت بوویتایە، ئێستا بەرزترین نمرەت دەهێنا. ئەوەتا بە دوو ساڵ پۆلێکت بۆ نابڕێت. بەخوا ئاوا بڕوات باوکت ماوەیەکی تر نابات بە شووت ئەدا.. جا ئەو کاتەش بەو زمانە درێژەتەوە وەڵامی هاوژینەکەشت بدەرەوە.. تا لەسەر دەمە درێژەکەت هەموو ڕۆژێک بتهێننەوە سەرم.

بە هۆی ئەوەی شەوبۆ تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچوو، باوکم بەردەوام بیری لای بوو، زۆر لەو ئێوارانەی کە لە نوێژی هەینی دەگەڕایەوە، بەردەوام ئەو وتارانەی بۆ دەگێڕاینەوە کە هەموویان لێک دەچوون، من ئەو کاتە زۆر لە قسەکانی باوکم تێنەئەگەیشتم. ئەوەندە نەبێت بە دایکمی ئەوت:

– سەبری.. دەستم دامێنت.. تکات لێ دەکەم ئاگات لە کچەکان بێت.. بەردەوام چاوت لەسەریان بێت.. نەکا ڕۆژێک شەیتان بچێتە بن کلێشەیانەوە و توشی کارەساتێکی ئابڕووبەرانەمان بکەن. خۆ بە ناشکوری ناڵێم بەقوربانی خودابم کوڕێکی نەدامێ کە دڵم پێی خۆش بێت و لە نێزیکەوە وەک شوانێک ئاگای لێیان بێت.

کاتێک باوکم ناوی شەیتانی دەهێنا، ترس هەموو گیانمی ئەتەنی. بۆ خۆیشم نەمدەزانی شەیتان چییەو شێوەی چۆنە و چ کارەیە؟! بەڵام باوکم بە جۆرێک باسی خراپییەکانی شەیتانی دەکرد، وێنەی شەیتانم لە ئەندێشەمدا وەک دەرندەیەکی ناشرین وێنا کردبوو. بە ناوهێنانی، هەموو جەستەمی لە ترسێکی نامۆدا نوقم دەکرد.

لەدوای ئەوەی ماڵی پەری هەموو کەل و پەلی ماڵەکەیان داگـرت، ئـەو ڕۆژە تا نێزیکی بانگی ئـێوارە، لـە بـەردەم دەرگاکەی خۆمان، لە چاوەڕوانی ئەودا بووم بێتە دەرەوە، کاتێک باوکم لە مزگەوت گەڕایەوە و منی بەو شێوەیە بینی کە هەردوو دەستەکانم لە ژێر چەناگەم ناوە و چاوەکانم لە سەرماڵەکەی بەرامبەرمانە، بە خەندەیەکی پڕ لە سۆزەوە پێی وتم:

– شەونم گیان.. بەم ئێوارەیە چی دەکەیت لێرە؟

کە باوکم بینی، بە خۆشحاڵییەکەوە باوەشم بە قاچە درێژەکانیدا کردو وتم:

– باوکە.. ئەو ماڵەی بەرامبەرمان نییە.. ئەها.. ئەوە..

پەنجەم بۆ ماڵەتازەکە ڕاکێشا. باوکم بە گومانێکەوە چاوەماندووە کانی لەسەر ڕەفتارەکانم بوو، وتی:

– ئێ.. چی بووە کچم؟

وتم:

– ئەوە ماڵێکی تازە هاتۆتە ناوی، کچێکی بچوکی وەک منیان هەیە.. ئەیکەم بە هاوڕێیی خۆم..

باوکم بە دەستە زبرەکانی کە کاری کرێکاری هەمووی شەقار شەقار کردبوو، هەردوو ڕومەتەکانی گرتم و ماچێکی کردم. لەو کاتەدا هەستم بە زبری بەری دەستەکانی دەکرد، کە ئەو ڕۆژە کاری زۆری پێ کردبوون، وتی:

– منیش زۆرم پێ خۆشە کە هاوڕێیەکی نوێت بۆ پەیدا بـووە.. ئیتر داوا لە شەوبۆی خۆشکت مەکە بۆ یاریکردن لەتەکتا بێتە دەرەوە.. بۆ خۆت دەزانیت ئەو گەورە بووە..

ئیتر نابێت لە دەرەوە یاری بکات..».

پەیڤەکانی شەونم، دیمەنی شێواوی ڕوخساری خۆی بەبیر هێنامەوە، کە ڕوومەتە پان و گەشەکەی بە وێنەی بەری دەستە ماندووەکەی باوکی، بەو چەقۆیەی کە لە ژوورەکەیدا جێمابوو، شەقار شەقار کرابوو. ئەو خوێنەی کە هەموو سیمای سوور کردبوو، لەسەر کەلێنی گۆشتی ڕوومەتەکانی قەتیس مابوو. بەهۆی گەرمی ژوورەکەوە، قەتماغەیەکی ڕەش لەسەر دەموچاوە ڕەشداگیرساوەکەی دروست کردبوو،چۆڕاوگەی ئەو خوێنەی کەلە شوێنی برینەکانی ڕومەت و چەناگەو لێوەکانیەوە تاسەرینەکەی ژێرسەری سەرچاوەی گرتبوو،دیمەنێکی پڕلەترسی بەسیمای بەخشیبوو. بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەئەکرد ئەو سیما ترسناکە سیمای ئەو شەونمە بێت کە چاوەکانم لە بینینی تێر نەئەبوو. هەستم کرد خەمێک ئاوێتەی ترسێکی نامۆ بە ناخمدا گوزەر دەکات. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خوێندنەوەی تۆمارەکە چەند دڵۆپێک فرمێسک پەڕاوەکانمی تەڕکرد.

«بەیانی هێندە زوو لە خەو هەڵسابووم هێشتا دایکم نانی بەیانی ئامادە نەکردبوو، باوکم وەک هەموو بەیانییەکانی تر کە ئێمە لە قوڵایی خەودا بووین، بە خاکەناز و پاچەکەیەوە بۆ مەیانی کرێکارەکان بەڕێ کەوتبوو. ئەو ماوەیە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئیش و کار تەواو کەم ببووەوە. شار بۆنی چۆڵی لێدەهات،هەموو ئەوانەی نەیاری ئەو پارتە بوون کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر شارەکەدا بڵاو کردبۆوە،لەترسی

گرتن و سزادانیان،بەرەو سنورەکان هەڵهاتبوون. باوکم زۆر لەو ڕۆژانەی بۆ کارکردن دەچووە دەرەوە، نیوەڕوان بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە. هەر بەو هۆیەشەوە باری ئابووریمان تەواو ڕووی لە خراپی کردبوو.

دایکم سەرقاڵی دەمکردنی چای بەیانی بوو، بەو خەیاڵەی شەو چوومە دەرەوە، ماوەیەک چاوەڕێم کرد و چاوێکم بە ناو کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خۆماندا گێڕا بۆ ئەوەی کچی دراوسێکەمان ببینم. لەو کاتەدا نارینم بینی لە سووچی کۆڵانەکەی خۆمانەوە لەتەک پیاوێک دەپەیڤی. سەرەتا وام زانی ئاراس ی برا گەورەی خۆیەتی، کە زۆر کات بە هۆی شەڕ و ناخۆشیەکانیانەوە نارین لێکی جیا دەکردنەوەو یەکێکیانی بە تۆپزی بۆ دەرەوە دەنا،ماوەیەک بەو شێوەیە لێم ڕوانین. پاشان بە ڕەفتاری قسەکردنەکەیان کە نارین ئەوەندەی دووریی هەنگاوێک لە پیاوەکەوە وەستابوو هەستم کرد کەسێکی نامۆیە.

نارین بەدەم قسەکردنەوە چەندجارێک چاوێکی بەناو کۆڵانەکەدا گێڕا، بەهۆیەوە سەرنجی ئەو پیاوەی بە ئاراستەی چاوەکانی خۆی کێش کرد. لەو کاتەدا ڕووی پیاوەکەم بینی و ناسیمەوە. هەمان ئەو پیاوە بوو کە ماوەیەک بەر لە ئێستا بە کۆڵانەکەماندا تێپەڕی و چاوە پڕ لە حەزەکانی لە ناوچەوانی نارین نابوو.

کاتێک نارین لە پیاوەکە دوور کەوتەوە و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە، بەپەلە خۆم بە ماڵەوەدا کرد و خۆم گەیاندە لای دایکم. کە خەریکی چا تێکردن بوو. چوومە لایەوە و بە

دەنگێکی لەرزۆکەوە ئەوەی بینیبووم بەدایکم وت، دایکم بە بیستنی ئەو قسەیە ڕەنگی دەموچاوە گەشەکانی بەتەواوی گۆڕا.. بە دەنگێکی پڕ لە گومانەوە پێی وتم:

– تۆ بەڕاست بینیت؟!

وتم : بەخوا دایکە بەڕاستمە.

لەو کاتەدا دایکم زێدەتر تامەزرۆی ئەوە بوو کە بزانێت ئەو پیاوە کێ بووە بە هەڵچوونێکەوە وتی:

– کچێ درۆ مەکە.. تۆ پیاوەکەت دەناسی؟! کێ بوو؟!

وتم: نەوەڵا دایکە.. وا بزانم پیاوێک بوو کە ماوەیەک پێش ئێستا بە کۆڵانەکەماندا تێپەڕی.. تەنیا ئەو جارە بینیومە.

کاتێک دایکم دڵنیابوو لەوەی ئەو پیاوەیە کە دڵی نارین ی بۆ خۆی دزیوە، خۆی ئاسایی کردەوە و بە دەنگێکی هەڕەشە ئامێزەوە پێی وتم:

– ئەوە پێت ئەڵێم.. ئەوە لای کەس باس نەکەیت.. باشە؟! لەوانەیە ئەو پیاوە خزمی خۆیان بێت..

لەو کاتەدا هەستم کرد دایکم دەیەوێت شتێک لە من بشارێتەوە.. بەهۆی نیگا پڕ لە هەڕەشەکەیەوە، ئەو باسەم لە بیری خۆم بردەوە.

ماوەی چەند ڕۆژێک بەسەر هاتنی دراوسێ تازەکەماندا ڕابردبوو. هەر پەری م نەبینی بێتە دەرەوە. تا لە یەکێک لەو ئێوارانەی کە زۆرێک لە ژنەکانی کۆڵان لە بەردەم دەرگا ژەنگگرتۆکەی ماڵە کۆنەکەمان کۆ بووبوونەوە، دایکم لەناو گەرمەی قسەکانی دایکی نارین ڕۆچووبوو، کە دایکی نارین باسی کوڕە کەللە ڕەقەکانی بۆ دایکم دەکرد کە

چۆن دەیانەوێت خانووەکەی باوکە مردووەکەیان بفرۆشن! بــەردەوام لەسەر ئەو بابەتە شەڕیان بــوو. من بــەردەوام ئەو قسانەم لە ڕێگەی دیوارەکەی نێوانمانەوە بیستبوو،کە گوێمان پێوەنابوو. ئارام کە برا بچوکی نارین بوو بەردەوام شەڕی ئەوەی دەکرد کە خانووەکە بفرۆشن و بەو بەشە میراتییەی کە بــەری دەکــەوێت پێی بچێت بۆ هــەنــدەران. بەردەوام بە دایک و براکەی دەوت:

– من لەم وڵاتەدا چۆن بتوانم ژیانێکی خۆش بۆ خۆم دروســت بکــەم! کــە ڕۆژانــە بــەدەم بێ کــاری و شــەڕ و ماڵوێرانیەوە دەناڵێنین؟!

ئاراس کە برا گەورەیان بوو زۆر جار هێندە بە توندی وەڵامی ئارام ی ئەدایەوە تا کار ئەگەیشتە ئەوەی دەستیان لە ئێخەی یەکتری گیر دەکــرد. لەو کاتەدا بەهۆی هاوار و قریشکەی نارین و دایکیەوە، زۆرێک لە دراوسێکان بە پەلە دەگەیشتنە سەریان و لێکیان جیا دەکردنەوە. لە یادمە جارێکیان لــەســەر ئــەوەی ئــاراس وتــوبــووی،مــن ڕێگە بە فرۆشتنی ئەم خانووە نادەم، تۆ لەبەر ئارەزووی هەندەرانت دەتەوێت هەموومان فڕێ بدەیتە سەر شەقامەکان.. ها تۆ ویژدانت ئاسودەدەبێت هەی نەزان، خوشک و دایکت بکەیتە دەرەوە؟! هەر ئەوەندەی وت دەنگی هاوار و ناڵەی دایکی لە کۆڵانەکەدا دەنگی ئەدایەوە. ئەوەندەمان زانی دایکی نارین بەپەلە خۆی بە ماڵی ئێمەدا کرد و هانای بۆ باوکم هێنا کە لێکیان جیا بکاتەوە. باوکم بەپەلە شەڕواڵە تۆزاوی و دڕاوەکــەی لەپێ کرد و بــەرەو ماڵی نارین ڕایکرد. من و

شەوبۆی خوشکم و دایکیشم بە دوایدا چووینە دەرەوە. کاتێک باوکم گەیشتە سەریان.. دەموچاوی یەکتریان بە مشتەکۆڵە هێنابووە خوارەوە.

ئاراس بەهۆی ئەوەی چوارشانە و بازوو ئەستوور بوو ئارامی لەژێر خۆی نابوو و بە مستەکۆڵە هەموو دەمووچاوی ئارامی لە خوێندا سوور کردبوو. باوکم تاوی بە ئاراس دا کردبوو هەوڵی ئەوەی ئەدا ئارامی برای لە ژێریدا قوتار بکا کە هێندەی نەمابوو بە تەواوی لە هۆشی خۆی بچێت.. بەڵام بە هۆی قوسی جەستەی ئاراسەوە ئەستەم بوو بیتوانیایە لێکیان جیا بکاتەوە. تا ئەوەندەی نەبرد هەندێک لە پیاوانی دراوسێکانمان هاتن بە هانایانەوە بە ئاستەم ئارامیان لە ژێر باسکە ئەستوورەکانی ئاراس دەرهێنا. لەگەڵ ئەوەی هەموو پیاوانی کۆڵانەکە ئاراسیان لە نێو باوەشی خۆیاندا بەگیر هێنابوو، هێشتا ئاراس بە دەنگێکی گڕی نووساوەوە هاواری ئەکردو ئەی وت:

– توخوا لێم گەڕێن.. با بە یەک جار بیکوژم و نەجاتمان بێت.

پیاوەکان هەموویان، بە دەوری ئاراسەوە بوون. باوکم بە دەنگێک وەک ئەوەی لێی بپاڕێتەوە وتی:

– کوڕی خۆم.. بۆچی شەڕ دەکەن؟ خۆتان کردووە بە فلیمی کۆڵانەکە.. ئیتر بەسە.. ئێوە برای یەکن.. چ کێشەیەکتان هەیە بە هێمنی لە نێوان خۆتانا چارەسەری بکەن.. پێویست بەوە ناکات هەموو شەوێک دەست بدەنە ئێخەی یەکتری و ئابڕووی خۆتان ببەن.. هیچ نەبێت بەزەییتان بەو دایک و

خوشکەتاندا بێتەوە.. لەبری ئەوەی شەڕ بکەن لەتێک نان بۆ دایک و خۆشکە داماوەکەتان پەیدا بکەن.

ئاراس و ئارام هەردووکیان بێکار بوون. ئاراس ماوەیەک لەتەک باوکمدا بۆ کرێکاری بەیانیان دەچووە دەرەوە، بەڵام بەهۆی جەستە قورس و تەمبەڵەکەیەوە کارەکانی خۆی بەسەر باوکمدا بەجێ دەهێشت. باوکیشم زانی بەڵای بۆ خۆی دروست کردووە، ڕۆژێک بە هێمنی پێی وتبوو:

– ئاراس گیان.. بەخوا تۆ بە کەڵکی ئەم کارە نایەیت.. هەوڵبدە کارێکی سوکەڵەی وەها بدۆزەرەوە کە لەتەک ئەو جەستە گرانەی خۆتدا بگونجێت.

ئیتر لەدوای ئەوەوە ئاراس لەتەک باوکم نەچووەوە بۆ کرێکاری. ماوەیەک بووە شاگرد لە چێشتخانەیەکی ناو بازاڕ. ئەوەندەی نەبرد وازی لەو کارەش هێنا.

لەو کاتەدا دایکی نارین قسەی دەکرد، دایکم باسەکەی هێنایە سەر باسی دراوسێ تازەکەمان و وتی:

– ئەرێ سەبری ئەو ماڵە ئەوە بۆ دوو هەفتەیەک دەبێت هاتوونەتە ئێرە، ئەوە بۆچی نەچین سەردانێکیان بکەین؟

سەبری خان بە دەنگە پڕ لە ئازارەکەیەوە وتی:

– ئەی بۆ نا؟ توخوا هەستە با بڕۆین. بەخوا دەبێت هەتا ئەو ڕۆژەی لوتم لە بەردی ئەلحەد ئەدا، ئەبێت لە سایەی ئەم هەتیوانەمەوە، هیچ ڕۆژێک نانێک بە خۆشی نەخۆم.

کاتێک بەرەو ماڵی پەری بەڕێکەوتن خێرا چوومە تەنیشتی دایکمەوە و پێم وت:

– دایکە منیش بێم؟ دایکم بە خەندەیەکی پڕ لە سۆزەوە

وتی:

–ئا بەقوربان، تۆش وەرە. با کچەکەیان بناسیت.

ماڵەکەی پەری تا بڵێی پۆشتە بوو. ئێمە هەموومان لە هۆڵەکەدا دانیشتبووین، کاتێک پەری زانی ئێمە هاتووین، بە شەرمێکەوە لە پشت دەرگای بەشی دواوەی هۆڵەکەیانەوە لێمی دەڕوانی، کە دایکم پەری بەو شێوەیە بینی، وتی:

– ئەوە بۆ خۆت ئەشاریتەوە؟! کچەکەکەم لەو ڕۆژەوە دەیەوێت لەتەکت گەمە بکات...

دایکی پەری قسەکانی لە دایکم قۆستەوە و ڕووی تێکردم و پێی وتم:

– هەستە کچە جوانەکەم بڕۆ بۆ لای.. ئەو تۆزێک شەرمنە..

پەری لە پشت دەرگاکەوە بە دەستە وردیلەکانی بانگی دەکردم، منیش چوومە لایەوە، لەو کاتەدا پەری دەستی ڕاستی گرتم و بەرەو ژووری نووستنەکەیانی کێش کردم. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت بۆ کوێم ببات! کاتێک چووینە ژوورەوە، پەری دەرگای کەنتۆری جلەکانی کردەوە و بووکێکی بچوکی دەرهێنا و بە خەندەیەکی پڕ لە خۆشحاڵییەوە وتی:

– ئەوە بووکەڵەکەمە، جوانە؟!

منیش بە تاسەوە لێم دەڕوانی، ئیرەییم پێ دەبرد، کە ئەو بووکێکی وەها جوانی هەبوو، ئیتر ئەو ڕۆژە تا ئەو کاتەی دایکم گازی کردم بڕۆینەوە لەتەک پەری پێکەوە یاری ماڵە باجێنەمان دەکرد.

ئۆف خاتوو مۆلی.. ئێستاش کە باسی منداڵیی خۆم بۆ تۆ ئەگێڕمەوە، فرمێسک بە چاوەکانمدا دێتە خوارەوە، بۆ ئەو تەمەنە پڕ لە سادەیی و ئازادییە دەگریم کە زۆر بە خێرایی لەدەستم چوو. تۆ ئەزانیت گەورەبوون هەموو ئەو ژیانە پڕ لە خۆشییەی لێ کردمە دۆزەخ. کچ بوونم زیندانێکی تاریک بوو، لە گەورەبونمدا هەستم بە بوونی کرد. ئای لەو کاتانەدا چەند بە سادەیی و گێلی خۆمەوە خەوم بە گەورەبوونی خۆمەوە دەبینی! ڕۆژانە لەتەک پەری دا دەچووینە بەردەم دەرگاکەی ماڵی خۆمان بە نۆرە پشتمان بە دیوارەکەوە دەنووسان و بە پارچە بەردێک خەتێکمان لەسەر ئاستی سەری خۆمان دەکێشا دەمانویست بزانین ڕۆژانە چەندە لە باڵامان زیادی کردووە؟

ئێستاش لە نامۆییدا خەون بەو ڕۆژانـەوە دەبینم کە هەردووکمان بە درێژایی کۆڵانە کورتەکەی خۆمان بەوپەڕی ئازادییەوە ڕامان دەکرد. کەس نەبوو لۆمەی ڕەفتارەکانمان بکا. شەوانە خەومان بە بەیانییەوە دەبینی چۆن لەپانتایی ئەو کۆڵانە کورت و تەنگەبەرەدا ئەو ڕۆژەمان بە یاریکردن لەتەک باڵندە و دار و بەرد و خۆڵەکەدا بەڕێ بکەین!

کاتێک پەری بووە هاوڕێم.. ئیتر ئێمە تەنیا دوو مرۆڤی جیا بووین، جیاواز لە هەموو ئەوانەی لە کۆڵانەکەدا دەژیان، ئێمە ژیانێکی وەهامان بۆ خۆمان دروست کردبوو لە خۆمان زیاتر بیرمان لە هیچ کەسێکی تر نەئەکردەوە. تەنیا دوو منداڵ بووین. خاڵی لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بە دەستیەوە دەناڵێنێ و ئازاری پێدەچێژێ، وەک دوو فریشتە

لە بەردەم ئەو کزەبایەی بە میوانی خۆی بە کۆڵانەکەماندا دەکرد. دەستەکانمان وەک دووباڵی باڵندەیەک بڵاو دەکردەوە و بـەرەو ڕووی ئـەو کـزە بایە بە هەستێکی فڕینەوە تا ئەوسەری کۆڵانەکە ڕامان دەکرد چاوەکانمان دەنوقاند و لە ناخماندا خۆمان بەو باڵندانە دەچواند کە خەونمان بە فڕینەوە دەبینی.لەهەستی منداڵی خۆمانەوە،لەگەڵ هەموو شتێکی ئەو کۆڵانەدا ئەدواین و گەمەمان لەتەکدا دەکردن هەمووشتێک لەو کۆڵانەدا بۆئێمە جوانترین مانای هەبوو بۆژیان.

٣

دیمەنی شـەو ئەفسوونێکی جوانـی هـەیە. مـرۆڤ بە هەستەکانی ئاشنا دەکاتەوە و بەو کەلێنە تاریکانەی ناخت دەناسێنێت کە خەمی ڕۆژگار فەرامۆشی کردوون. من لەگەڵ ئەو هەستەدا ئـازار دەچێژم، کاتێک بە خۆمدا ڕۆ دەچم زامەکانی ناخم نوێ دەبنەوە و نائارامی جەستەم ئەتەنێت. ئەمشەو پێشئەوەی دەست بەم تۆمارە بکەم لە باڵکۆنی ماڵەکەی خۆمەوە لە دیمەنی جوانی و پڕ لە ڕۆشنایی ئەم شارەم دەڕوانی. هەستەکانم ئاوێتەی دیمەنی ئەو ڕێبوارانە کردبوو کە بە ئارامی بەسەر ئـەو شەقامە سەرەکییەی نێزیکی ئەپارتمانەکەمەوە ڕێیان دەکرد. ئـارەزووی ئەوەم دەکرد ناخم پێیان ئاشنا بکەم و هۆگری ئەو ڕەفتارە پڕ لە سۆزەیان ببم کە لە قوڵایی هەستیانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

کە بە ناخی خۆمدا ڕۆ چوومەوە، هەستمدەکرد هەموو ڕووناکیی ئـەم شـارە، تاریکی دڵـی من ڕۆشـن ناکاتەوە.

کاتێک کچێکی باڵابەرزی شۆخ و شەنگم بینی لە دوورەوە، تەواو بە وێنەی نارین ی دراوسێمان دەچوو، کە لەتەک هاوڕێ کوڕەکەیدا دەستیان لە کەمەری یەکدی ئاڵاندبوو. بە هەستێکی پڕ لە عەشقەوە ئەو شەقامەی لەگەڵ ڕۆشنایی گڵۆپەکانیدا، جوانتر کردبوو. کاتێک بە بەردەم دەرگای ئەپارتمانەکەماندا تێپەڕین، کچەکە ئەوەندە بە نارین دەچوو هێندەی نەمابوو لە ماڵەکەی خۆم بە ڕاکردن بچمە دەرەوە تا لە نێزیکەوە دڵنیا ببمەوە لەوەی چۆن قەدەر نارین ی هێناوە بۆ ئێرە!

کە بە خۆمدا هاتمەوە، مەرگی نارین هەموو دڵ و ڕۆحمی هەژاند. لێم گەڕێ.. با باسی ژیانی نارین ت بۆ بکەم.. با چیرۆکی ئەم شەوەم ناساندنی ئەو شەیتانە بێت کە هەموو ناخی ئێمەی لە خۆیدا پڕکربوو. لەوانەیە تۆ پرسیاری ئەوە بکەیت بۆچی باسی ژیانی نارین م بۆ دەکات! بەڵام ئەو بەردەوام لەناو ڕۆح و دڵی مندا دەژیا. نارین خەونێکی کورت بوو، تەنیا بەناو ژیانی منداڵیمدا تێپەڕی و ئیتر لە دوای ئەوە بۆ هەتا هەتایە نەمبینییەوە.

مەرگی نارین خەمێکی وەها گەورەی لە مندا بەجێ هێشتووە ئێستاش بە ئازاری ئەتلێمەوە. هەر ئەو خەمە بوو کە هەستی منی لەمەڕ هەڵبژاردەکانم بۆ ژیان گۆڕی و بەو ژیانەی ئاشنا کردم کە هەتا هەنووکەش لێی پەژیوانم. ئەو بە خوشکێکی گەورەم دەچوو. ئەو ڕۆژانەی نارین نەهاتبایە دەرەوە، کۆڵانەکە بۆنی چۆڵیی لێ دەهات. کاتێک کە ئەو ڕۆیشت، هەموو ئاوەدانیی پڕ لە ژیانی ئەو کۆڵانەی، لەگەڵ

خۆیدا برد. لەدوای ئەو، دایکم ئەو کۆڵانەی کە هەموو سنووریکی ئازادی بوو لە ژیانیدا، بەتەواوی فەرامۆشی کردبوو، نەفرەتی لێ دەکرد.

لەو ڕۆژەوەی نارین لە عەشقەوە گلابوو، تەواو بە کەسێکی تر دەچوو. بەردەوام لەگەڵ ناخی خۆی ئەدوا. ڕەفتارەکانی هێندە گۆڕرابوو کە هەموو ئەو ژنانەی کە لەبەر دەرگاکەی ئێمە گرمۆڵەیان دەبەست، هەستیان بەو دیمەنە خەیاڵئامێزانەی نارین کردبوو. کاتێک ژنەکان باسێکی خۆیان دەگێڕایەوە، نارین تەنیا بە جەستە بوونی بوو. هەمیشە لە ئەندێشەیەکی بێکۆتادا دەژیا. زۆرجار یەکێک لە ژنەکان بانگی نارینیان دەکرد، وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵ بەئاگای بهێننەوە، لە جێگەی خۆیدا ڕادەچەنی.من هەتا عاشق نەبووم نەمدەزانی ئەو دیمەنەی جوانی بە ڕوخسارو نیگاکانی نارین بەخشیوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئێستا دەزانم،عەشق تەنها خەیاڵ و هەستێکی جوانە بۆدرێژە دان بەژیان لەئەندێشەدا.

هەموو ژنەکان بێئاگا بوون لەو عەشقە ناکامەی نارین، تەنیا دایکم نەبێت کە ئەو دیمەنە تێڕامانانەی نارینی دەخوێندەوە. بەردەوام لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوا. هەر ئەوە وای لێکردبوو کە زۆر بە کەمی تێکەڵ بەو ژنانە بێت کە ئازارەکانی خۆیان وەک دادگایەک لە بەردەم دەرگاکەی ماڵی ئێمەدا دەڕشت.

ڕۆژێک فاتمەخانی دایکی پەری، کە زۆر بە کەمی دەهاتە دەرەوە، باسی ئەو ژیانە تاڵەی خۆی بۆ ژنەکان دەگێڕایەوە

که چۆن له تۆڵەی خوێندا بە مێردیان داوە. ئەو بەردەوام باجی ئەو تاوانانە ئەداتەوە کە براکەی ئەنجامی دابوو. تەنیا لەسەر دەمەبۆڵەیەک برای مێردەکەی دەکوژێت، دواجار لە ڕێگەی پیاوانی هـەردوو لاوە بۆ ئـەوەی ئاگری تۆڵەی نێوانیان خامۆش بێتەوە، فاتمە خانیان وەک سڕینەوەی ئەو خوێن و تۆڵەیە، داوە.

فاتمەخان ژنێکی تابلێی ئەسمەر و وردیلە بوو، بەردەوام لە ڕووخساریدا خەمێکی قووڵت تیا دەبینی. تا ئەو ساتەی لە نێو حەوشە گەورەکەی ماڵی خۆیان خۆی سوتاند، بۆ تەنیا جارێکیش خەندەیەکم لە ڕوخساری ئەو ژنەدا نەبینی. زۆرجار لەناو ئەو باسانەی کە بە تەواوی هیچ ئومێدێکی ژیانی خۆی تیا بەدی نەدەکرد، لەو ساتەدا نارین یش کە وەک پەیکەرێک لە جێگەی خۆیدا نەدەبزوا. زوربەی ژنەکان گوێکانیان بۆ ئەو باس و خواسەی فاتمەخان ڕاگرتبوو. دایکم بەردەوام چاوێکی لەسەر ئەو دیمەنە پڕ ئەندێشەیەی نارین بوو.

ڕۆژێک دوای قسەکانی فاتمەخان، نارین هات بۆ ماڵمان. ئەو ڕۆژە باران بە لێزمە دەباری، کەشەکە ئەوەندە سارد بوو هەموو خەڵکی کۆڵانەکە، لە ژوورە گەرمەکانی خۆیان خزابوون. دایکم هێشتا بەر خوانەکەی نانی نیوەڕۆی کۆ نەکردبووەوە. نارین بەو سەرپۆشە سپییەی، کە تەنیا بۆ ئەوەی تەڕ نەبێت بەسەری خۆیدا دابوو، هاتە ژوورەوە. دایکم کە نارینی بینی، داوای لێکرد بێتە نێزیکی ئاگرەکەوە دانیشێت. بە بینینی نارین هەستێکی بەچێژ ناخمی دەتەنیەوە.

بەردەوام چاوەکانم لەسەر ئەو ڕەفتارە نەرمو نیانانەی نارین بوو کە هەستی مرۆڤی دەبزواند. زۆر لەو ڕۆژە خۆشانەی کە نارین دەچووە دەرەوە بۆ شتومەک کڕین، منی لەتەک خۆیدا دەبرد. بەدایکمی دەوت:

– ئامان خان.. دەمەوێت شەونم لەگەڵ خۆم ببەم بۆ بازاڕ.. بۆ خۆت دەزانیت کچێکی وەک من کە هیچ کار و پیشەیەکم نییە، گەر بە تەنیا بڕواتە دەرەوە، دەبێت خەڵکی چی پێ بڵێن! بۆ خۆت دەزانیت زمانی ئەو خەڵکە ناگیرێت! وەک مارێک هەموو جەستەت دەگەزێت و ناخت ئازار ئەدات. کاتێک دەزانیت هەزارو یەک قسەت بە شوێن دەخەن..

دایکم داواکەی نارین ی بەلاوە ئاسایی بوو، هەربۆیە هیچ کاتێک ڕێگری لێ نەئەکردم لەگەڵیدا بڕۆم. چوونەدەرەوەی من و نارین پێکەوە، زیاتر لە دوای ئەوەوە دەستی پێکرد کە خەونەکانی، نارین یان بۆ ئەو ژوانە کێش دەکرد کە ئومێدی دەستپێکی ژیانێکی نوێی بە ژیانی دەبەخشی.

لەبیرم دێت خاتو مۆلی، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێتەوە کە یەکەم جارم بوو لەگەڵ نارین چووینە دەرەوە، ئەو ڕۆژە نارین خۆی وەها ڕازاندبووەوە کە تەواو بە وێنەی بووکێکی نازدار دەچوو. پانتۆڵێکی ڕەش و کراسێکی ڕەنگ هەناری لەبەر کردبوو. پرچە ڕەنگ خورماییەکانی وەها خاو کردبووەوە، وەک چارشێوێک بەسەر سنگ و مەمکە پڕەکانیدا بڵاو بووبوونەوە.

لە گۆشەی کۆڵانەکەی خۆمانەوە تێپەڕین، نارین دەستێکی منی گرتبوو، بەردەوام چاوە پڕ لە ڕەنگەکانی بە

هەموو لایەکدا ئەگێڕا، من لە دڵی خۆمدا وای بۆ دەچووم بـەدووی تەکسیەکدا بگەڕێت، کەمێک بەو شێوەیە ڕێمان کرد تا ئەوەندەی چەندسەد مەترێک لە ماڵی خۆمان دوور کەوتینەوە. نارین تاوناتاوێک لەو کۆڵانە چۆڵانەدا کە وەک دڵی خامۆش بـوون، ئاوڕێکی بۆ دوای خۆی ئەدایەوە و سەیرێکی کاتژمێرە بچکۆلەکەی دەستی خۆی دەکرد.

بەناو کۆڵانێکی درێژ و فراواندا تێپەڕ دەبووین کە هەموو خانووەکانی لەسەر مۆدێلێکی نوێ دروست کرابوون. لەو کاتەدا لە گۆشەی کۆڵانەکەوە، تێبینی ئەو پیاوەم کرد کە بۆ چەند جارێک بە کۆڵانەکەماندا تێپەڕیبوو. ئیتر ئەو کاتە زانیم نارین بە دووی سەرەتای ژوانێکەوەیە. کاتێک نارین پیاوەکەی بینی، بە لێوە پڕ لە سووراوەکانی، کە لەبەر تیشکی خۆری ئەو ڕۆژەدا وەک ئەڵماس دەبریسکایەوە، بە خەندەیەکی پڕ لە خۆشبەختییەوە، دڵی ئەو پیاوەی هەژاند. پاشان هەنگاوەکانی هێندە خێرا کرد کاتێک نزیکی پیاوەکە بووینە، نارین وەک نەناسێک بە لایدا تێپەڕی و لەگەڵ خۆیدا منیشی کێش دەکرد.

ماوەیەک بەو شێوەیە ڕێمان کرد تا گەیشتینە کۆڵانێکەوە کە پەلەقاژێی دڵـی نارینی ئارامتر کـردبـووەوە. لەگەڵ هێمنبونەوەی هەنگاوەکانی نارین، هەستم کرد پیاوەکە بە تەریبی لە نزیکی نارینەوە ڕێ دەکات. ئەوەندەی نەبرد ئەو پیاوەی کە هەمان بەرگی ئەو ڕۆژەی لەبەردا بوو، کە یەکەمجار لە کۆڵانەکەی خۆمان بینیم، هاتە نزیکی نارین ەوە. بە دەنگێکی نەرم و پڕ لە سۆزەوە وتی:

– نارین گیان.. زۆر چاوەڕێم کردی.. دیار نەبویت.. بۆ چەند جارێک بەنێو هەموو کۆڵانەکانی نزیکی ئێوەدا سوڕامەوە. وتم پێدەچێت ڕێگەیەکی ترت هەڵبژاردبێت.

نارین بەو خۆشبەختییەی کە لە سیما ئارامەکەیدا دەمبینی، بە خەندەیەکەوە وتی:

– بەزۆر دایکم ڕازی کردووە تا مۆڵەتی پێ دام بێمە دەرەوە.

ئەو ڕۆژە بەردەوام لەگەڵ نارین و ئەو پیاوەی کە سمێڵی لە ڕەشیدا دەبریسکایەوە، بەناو هەموو کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکەدا سوڕاینەوە. نارین و پیاوەکە، بەهۆی نغرۆ بوونیان لە ناو یەکتریدا، بێئاگابوون لەوەی کۆڵانی وەها هەبوو بۆ چەند جارێک پێیدا تێپەڕ دەبووینەوە. منیش بێ ئەوەی لەو قسەو باسانەی ئەوان کە بە زمانی عەشق ئەدوان تێبگەم، دەستێکم بە دەست نارینەوە بوو، چێژم لە دیمەنی جوانی ئەو خانووانە دەبینی کە بە چەندین شێوە و ڕەنگ و مۆدێلی تازە دروست کرابوون.

لەگەڵ دیمەنی عەشق ئامێزی ئەواندا، هەموو شتێک خۆی بەجوانی ئەنواند، گوڵی بەر دەرگای ماڵەکان، پشکۆیان دەکرد و بۆن و بەرامەی هەستێکی نامۆی پێدەبەخشین. گەڵای درەختەکان لەگەڵ شنەبای ئەو ڕۆژە سامالەدا، سەمایەکی ئەفسووناویان بە ناخی ئەوان دەبەخشی. لەگەڵ ئەو کەشە پڕ لە عەشقەدا، هەنگاوەکانیان بە ئارامی بەرەو ئومێدێکی ژیان دەنا، کە شەوانە لە خەونەکانی نارینددا بەرجەستە دەبوو.

دایکم بە شەوبۆی خوشکمی وت:

– کچەکەم بڕۆ چایەک دەم بکە بۆ خاتووو نارین.

منیش بە کاوەخۆ هاتمە نزیکی دایکمەوە و بەرامبەر بە نارین لە نزیکی ئاگرەکەوە دانیشتم. چاوەکانم لەسەر ڕوخساری نارین بوو، کە بە نیگا شیرینەکانی لە دایکمی دەڕوانی، دایکم ڕووی کردە نارین و وتی:

– بەخێر بێیت.

– بەقوربانت بم باجی ئامان، سکت نەسوتیَ.

–ئەڵێم نارین.. ماوەیەکە دەتبینم لە هۆش خۆت نیت.. لەوە ئەچێت دڵت لای کەسێک بێت!.

– چی لە تۆ نهێنی بێت باجی ئامان، ئەگەر بە ویستی خوا بێت، لەوە ئەچێت کەسێک بەم نزیکانە بێتە داوام.

– ئۆی خوا بە دڵی خۆت لەگەڵا بکا کچم.. ئەو کەسە کێیە؟!

– ناسیاو نییە.. پیاوێکە هەر بە ڕێکەوت یەکترمان ناسی.

– نارین.. من ئەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە.. دەستم دامێنت بێت.. کارێکی خراپ نەکەیت ئابرووی خۆت و براکانیشت بەریت.. ئەگەر ئەو پیاوە ڕاست دەکا، مەهێڵە درێژە بەو کارە بدات.. هەر چۆنێکە یەکلایی بکەرەوە کچەکەم..

ئەوقسانەی دایکم گرژی و نائارامی بە نیگاکانی نارین بەخشی،هەربەو نیگایەوە بەدایکمی وت :

– نا ئامان خان.. دڵنیا بە ناهێڵم ئەوەندە دور کەوێتەوە.

دایکم زانی بەپەیڤەکانی دڵی نارینی تەنگ کردووە،بەدەنگێکی هێمن و پڕلە میهرەبانییەوە پێی وت :

– کچی خـۆم.. من خـراپ ناڵێم.. ئەگەر بـەو شێوەیە بەردەوام بیت.. هاکا ڕۆژێک شەیتان بچێتە بن کلێشەتانەوە.. بۆ خۆت دەزانیت چی دەقەومێت! پاشان خەڵکی بەوە بزانن باش ناڵێن..

من باسی ئەو پیاوەم لای دایکم نەدرکاندبوو. هەموو ئەو کاتانەی لەتەک نارین دەچوینە دەرەوە، خۆی دەخنیە نێوانمانەوە، بەڵام دایکم پێدە چوو بە هەستەکانی نارین ئاشنا بێت. هەربۆیە بە وشەی شەیتان هەموو هەستی نارین ی شێواند. ئەو وشەیەی کە بەردەوام لەناو دڵ و ناخماندا بوونی هەبوو، شەیتان هەموو دەرگاکانی دڵمانی داخستبوو. بـەردەوام بە دوای دەرگایەکدا دەگەڕاین شەیتان پەی پێ نەبردبێت، بـەڵام دواتـر شەیتان هەرخۆی ئەو دەرگایەی بۆ دەکردینەوە کە هەرگیز بیرمان لێ نەئەکردەوە. ڕۆژێک لە دایکمم پرسی کە شەیتان کێیە؟! کەمێک لە خۆی ڕاما.. پاشان وتی:

– کچم شەیتان ئەوەیە وامان لێدەکات ئەو سێوە حەرامە بخۆین کە ئارەزوومان پێیەتی، بەڵام دواجار بەهۆی ئەو سێوەوە هەرگیز بەهەشت نابینین. دەبێت ئاگات لە خۆت بێت. شەیتان هەمیشە ئەو کارانەت پێ دەکـات کە خۆت ئارەزووت لێیەتی.. بۆ نموونە.. وەک چوونەدەرەوەی شەوان بە تەنیا.. یان درێژکردنەوەی نینۆکەکانت.. یان ڕوانینی خۆت لە ئاوێنەدا بەشەوان.. ئەوانە هەمووی کاری شەیتانن.

کە دایکم بەو شێوەیە باسی شەیتانی بۆ دەکردم، بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی شەیتان بەو شێوەیە دەیەوێت تووشی

هەموو ئەو هەڵانەمان بکات؟! وتم:

- دایکە.. شەیتان شێوەی چۆنە؟!

دایکم بە پێکەنینەوە وتی:

- شەیتان شێوەی نییە.. بەڵام کاتێک دەچیتە بەردەم ئاوێنە.. ئەو زۆرجار خۆی لەسەر شێوەی تۆ نیشان ئەدا.. جا بۆ ئەوەی شەیتان بەردەوام ئێمە فریو بدا.. خۆی لە هەموو خۆشییەکی ژیانی ئێمەدا ئەنوێنێت.

ئەو کاتەی دایکم باسی ئاوێنەی بۆ دەکردم، بیرم لەوە دەکردەوە، کاتێک شەوبۆی خوشکم بەردەوام لە بەردەم ئاوێنە بچکۆلەکەی ماڵەوە خۆی ئەڕازاندەوە و گۆرانی ئەوت، من واهەستم ئەکرد لەگەڵ شەیتان ئەدوێ،دایکم هاواری دەکرد و پێی دەوت:

- کچێ بەسە.. ئەوەندە مەچۆرە بەردەم ئەم ئاوێنە نەفرەتییە.. ئەگینا ڕۆژێک سەرت دەخوات.

ئەو وەڵامەی دایکم وای لێ کردبووم، بەردەوام لە ترسی ئەوەدا بم شەوێک شەیتان بێتە خەونەکانمەوە، یان لە ماڵەوە بە تەنیا خۆیم لێ بکاتە کەسێک یان دڕندیەک و ئامبازم بێت. بەردەوام ترسی بوونی شەیتان لەناو بیر و مێشکمدا خۆی مەڵاس دابوو.

دەزانیت خاتوو مۆلی، کەی هەستم بە بوونی ئەو شەیتانە کرد؟! کە دایکم باسی دەکرد. بەبیرم دێتەوە ئەو کاتە تەمەنم نزیکی چواردە ساڵانێک دەبوو، شەوێکی زستانی زۆر سارد بوو، بەفر هەموو کۆڵان و حەوشەکەمانی سپی کردبوو. کزەبایەکی سارد هەموو چۆڕاوگەی ئەو بەفرە تواوانەی

دەرەوەی کردبووە شەختە. شەوبۆی خوشکم ئەوەندەی مانگێک دەبوو. شووی بە موحەمەدی ئامۆزای خۆمان کردبوو. من بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆمدا دەنووستم. دایکم پەتۆیەکی ئەستوری بۆ هێنام و وتی:

– کچم ئەمشەو زۆر ساردە.. ها ئەوە بگرە.. باش لە خۆتی بئاڵێنە بۆ ئەوەی سەرمات نەبێت.

منیش پەتۆکەم لەگەڵ ئەوەی تردا کرد بە یەک و لە خۆمەوە ئاڵاند. ئەو شەوە خەونێکی سەیرم بینی. جیاواز لە هەموو ئەو خەونانەی کە بۆ دایکم ئەگێڕایەوە. لە خەونمدا خۆم لە نێو چاڵێکی تاریک و نەرمدا بینی، هەستم دەکرد دەوروبەرم بە کۆمەڵێک پەتۆ و دۆشەکی سپی نەم و شل هەڵچنراوە، کەسم لێوە دیار نەمابوو، بۆ خۆیشم نەمدەزانی لە کوێم و چی دەکەم؟ تەنیا هەستم بە دووچاوی ڕەشی گەورە کرد کە بەسەر سەرمەوە بوون، چاوەکان هێندە جوان بوون لە ڕەشیدا دەبریسکانەوە. هەموو هەستەکانمی بۆ لای ئەو نیگایانەی خۆی کێش کردبوو، کە چێژێکی ئەفسوناوی بەدڵم دەبەخشی.

لەو کاتەدا دەمویست لەو دۆخە دڵنیا بم کە تێی کەوتووم، لە دڵی خۆمدا پرسیاری ئەوەم لەخۆم کرد کە من بۆ چی هاتومەتە ئەم شوێنەوە؟! بەردەوام لەو چاوە ڕەشانەم دەڕوانی کە وەک ئەستێرە بەسەرمەوە دەدرەوشانەوە. هەوڵی ئەوەم دا بە دەستەکانم هەست بە بوونی خاوەنەکەی بکەم، بەڵام توانای هیچ جووڵەیەکم نەمابوو، ئەو بەردەوام بە سەرمەوە بوو، منیش نیگاکانم لەسەر قوڵایی ئەو چاوانە

بوو تا ئەو کاتەی دەوروبـەری چاوەکان کەمێک ڕۆشن بوونەوە دواتر ئەو شێوەیەی کە ڕووبەڕوو بە سەرمەوە بوو، ناسیمەوە. تەواو لەو کوڕەی دراوسیمان دەچوو کە ماڵیان لە پشتی کۆڵانەکەمانەوە بوو. ڕۆژانـە کە لە ئیش دەگەڕایەوە بە چاوە زیتەکانی لە هەموو جەستەمی دەڕوانی. هەستم بەخۆم کرد بەسەر سەرمەوە دەجووڵێت، چووکی لەناو لینگم گیر بـوو، چێژێکی وەهـای پێ دەبەخشیم کە دیمەنی ئەو کوڕەی بە بینینی دڵم گران دەبوو، لە خەوەکەمدا ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێش دەمبینی، ئارەزووی ئەوەم نەئەکرد لەخۆمی دوور بخەمەوە.

کە بە هۆشی خۆم هاتمەوە، هەموو جەستەم لە ئارەقی خۆمدا نوقوم بووبوو. بەیانی بە شەرمێکەوە خەونەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە، وتی:

– کچم دەبـوایـە لـەو کاتەدا بیسمللات کردبایە، ئەوە شەیتانە خۆی لە شێوەی ئەو کەسەدا نواندووە، ئاگات لە خۆت بێت، شەیتان وات لێ دەکات بە دووی ئەو خەونەدا بچیت و تووشی کارەساتێکی وەک ئەوەی نارین ت بکات. من لەو کاتەوە زیاتر هەستم بە ترسی شەیتان کرد. بە خۆم دەوت تۆ بڵێی هەمان ئەو شەیتانە نەبێت کە نارین ی داماوی تەفرە دابوو؟! لەوانەیە ئەویش بە هەمانشێوەی من، شەیتان لە خەونێکی هاوشێوەی ئەوەی مندا، خۆی لە وێنەی ئەو پیاوەدا نیشان دابێت و نارێن ی ساویلکە و نەزانیش بەدووی کەوتبێت، تا بەو ئاقارەی بردووە. لەگەڵ هەموو ئەو ترسەشدا، شەوانە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم بۆ

جارێکی دی، بەو خەونە ئاشنا ببمەوە و بە تاسەوە شەیتان لە ئامێزی خۆم بگرمەوە.

نارین بە هێندەیەک عاشق بووبوو شەوانە تا درەنگانێک بە بێداری ڕۆژی دەکردەوە، بەدەم گوێگرتنی لەو گۆرانییەی کەمال موحەمەد شەوەکانی بەڕێ دەکرد کە دەیوت:

**کوا ئێوارەی، دوو چاوی پڕ، کڕی شینت**
**سەرم کەیلی، تەم و مژە، شەویش داهات**
**جەستەم تەزی، تۆ لە کوێی، تا هەوری ئەمشەو**
**لە سامالّی چاوەکانتا، وچانێ با**
**نیوەی شەوە، هەور ئەسووتێ، ئاسمان نوقمی بروسکەیە**
**باران ئەمرێ، تا گولّ بژی، چراکەم بێ تروسکەیە**
**ئەمشەو چەند مالّ وێران ئەبێ، ئەمشەو چەند کەس ڕەق بێتەوە!**
**نازانم زریانی گومان، دەرگا بە تۆش ئەگریتەوە!**

من کە لە ژوورەکەی خۆمەوە ئەو گۆرانییەم دەژنەوت، تا درەنگانێکی شەو لە تەکیدا ئەوەندەی ئەگوتەوە، لە ماوەی چەند شەوێکدا هەموو ئەو گۆرانییەم ئەزبەر کردبوو، منیش بێئەوەی لە مانای وشەکانی تەواو حالّی ببم، لە تەکیا شەوانە بە هەستێکی مندالانەی خۆمەوە دووبارەم دەکردەوە.

ئەو ماوەیەی نارین لەناو قوولایی عەشقی خۆیدا دەژیا، کەشەکە ئەوەندە سارد بوو، ئەستەم بوو مرۆڤ توانیبای خۆی لە دەرەوە بگرتایە، زۆر لەو ئێوارانەی کە دایکم سەرقالّی ئامادەکردنی خواردن بوو، دەهاتە مالّمان. بە دەم هاوکاری کردنیەوە باسی ئەو خەونانەی خۆی دەگێڕایەوە

کە وابەستەی عەشقەکەی بوون. خەونەکانی بە هەندەیەک پڕ لە ئومێد بووبوون هەموو هەست و دڵی دایکمی بۆ خۆی کێش کردبوو. دایکم بەتاسەوە گوێی بۆ ڕۆژانەی داهاتووی نارین دەگرت کە چۆن لە ژیانی هاوسەرگیریدا خوانێکی هەمەڕەگ بۆ هاوسەرەکەی دەڕازێنێتەوە و مانگانە ئێمەش بانگهێشتی ماڵە پۆشتەکەی خۆی دەکات و لەوپەڕی خۆشبەختیەوە «ئێستا» وەک یادگارییەکی شیرین دەگێڕێتەوە. زۆرجار بە دایکمی دەوت:

– باجی ئامان.. کە یەکەمین منداڵم کچ بوو.. ناوی دەنیم شەونم.

دایکیشم بە پێکەنینێکی گاڵتە جاڕانەوە پێی دەوت:

– کچێ تۆ باسی چی دەکەیت؟! کێ دەڵێت ئەو پیاوە بەو ناوە ڕازی دەبێت؟!

نارین بە خەندەیەکەوە کە بەردەوام لەسەر لێوەکانی بوو، ئاوا وەڵامی دایکمی ئەدایەوە و دەیگوت:

– تۆ ئاگاداری چیت ئامان خان؟! تەنانەت باسی ئەوەشم کردووە.. ئەویش شەونم ی ئەوەندە خۆش ئەوێت کە بەو ناوە زۆر خۆشحاڵە.

نارین بە هەستێکی پاکەوە داهاتووی خۆی بەو عەشقەوە هەڵچنیبوو. ئەو کاتانەی کە لە دیوارەکەی نێوانمانەوە هەستم بە جووڵە و هەناسەکانی نارین دەکرد، ئەو دیمەنەی نارین وەک ڕاستییەک لە بیرمدا بەرجەستە دەبوو. زۆرجار لە ڕەفتارەکانی ئەو پیاوەی کە بەردەوام لەگەڵ نارین دەدوا، هەستم بە هەمان عەشق دەکرد، کە لە ڕوخساری نارین دا

بەرجەستە دەبوو. من لەو کاتەدا کە تەنیا منداڵێکی تەمەن هەشت بۆ نۆ ساڵان دەبووم، لە مانای عەشق تێ نەدەگەیشتم. ئەوەندە نەبێت کاتێک نارین و ئەو پیاوەم دەبینی، کە بەیەک دەگەیشتن، لە نیگاکانیاندا، هەستم بە ئارامی دەکرد. نارین بەجۆرێک ڕەفتارەکانی دەگۆڕرا، دەتگوت ئەو نارینە نییە کە من دەمناسی. بە شێوەیەک دەپەیڤین، کە من وام دەزانی گۆرانی بە گوێی یەکتریدا دەچڕن. منیش بەو هەستەوە چێژم لەو دیمەنە نامۆیە دەبینی کە تا کۆتایی ژوانەکەیان درێژەی دەکێشا.

کاتێک لێک جیا دەبوونەوە منیش وەک هەردوکیان تا ئەو کاتەی لێک ون دەبوون، بۆ چەند جارێک ئاوڕم بۆ ئەدانەوە، بەڵام ئەفسوس چارەنووسی نارین بەو ئاکامە نەگەیشت کە بە ویستی خۆی لە خەونەکانیدا، نەخشاندبووی. ئەو ڕۆژەی هەموو خەونەکانی نارین هەرەسی هێنا، ئاسمان هەستی ناخی ئەوی لە خۆیدا وێنا کردبوو. بەوێنەی چاوەکانی چەخماخەی تورەیی ناخی ئەوم لەنێو ئەو هەورانەدا دەبینییەوە کەبە تاریکیی ڕەنگیان، خەمێکی بێشوماری لەگەڵ لێزمەی ئەو بارانەدا دائەکرد. کاتێک نارین بە گریانەوە خۆی بەماڵی ئێمەدا کرد، من سەرقاڵی خۆئامادەکردن بووم بۆ قوتابخانە. دایکم بە شانەیەک قژە درێژو ئاڵۆسکاوەکەمی خاو دەکردەوە و دەیبۆڵاند بەسەرمدا:

– ئاخر ڕۆڵە تۆ ئەم پرچە درێژەت بۆ چییە؟! ئەوەتا بۆ خۆیشت ناتوانیت بەجوانی خاوێنی بکەیتەوە. هەر دەبێت سەرئێشەکەشی بۆ من بێت کەوا هەموو ڕۆژێک بەم

شانەیەوە لەبری ئەوەی کارێکی تر بکەم، دەبێت خەریکی تۆ بم؟!

باوەڕم پێبکە خاتوو مۆڵی، لەو کاتەوە تا ئێستاشی لەسەر بێت تەنیا بۆ جارێکیش قژی خۆم کورت نەکردۆتەوە. هەمیشە چێژم لەو هەستە کچانەیەی خۆم دەبینی کە بەو پرچە درێژانەوە جوانی خۆم پێوە نمایش دەکرد و چێژم لەو دیمەنەی دەبینی لەگەڵ بادا مەلەی دەکردو شەپۆلی ئەدا.

شەونم ئەو ڕۆژەی کە هاتە لام، پرچەکانی هێندە درێژ بوون، کە تا کەمەری هاتبوون. کاتێک لەسەر کورسییەکەی بەردەمم دانیشتبوو، سەری پرچەکانی لە باوەشیدا وەکو مارێکی گەورە لوولیان خواردبوو. لەو کاتەدا من ئیرەیم بەو قژە ڕەش و خاوەی دەهات. کە لە زۆر لایەوە ئاڵۆزکابوو. کاتێک بە جەستەی ساردی لەسەر سیسەمەکەی خۆی کەوتبوو، ئەوەی سەرنجی منی بەتەواوی ڕاکێشابوو، بڕینی ئەو پرچە جوان و خاوەی بوو کە پێدەچوو بەو چەقۆیەی کە لەسەر زەوەی ژوورەکەیدا جێمابوو بڕیبێتیان. پرچی لە هەموو لایەکەوە وەک ئەوەی دەسکەنە کرابێت پڕزۆڵ پڕزۆڵ کرابوو. پێدەچوو پێشئەوەی لەسەر سیسەمەکەی خۆی بیکوژن، پێشتر بە تۆبزی لەسەر ئەوکورسییەی کە لە بەردەم مێزی ئارایشگاکە بوو، بکوژەکانی ئەو کارەیان ئەنجامدابێت.

پرچە ڕەش و خاوەکانی بە تۆپەڵ بە هەموو لایەکی کورسیەکەدا بڵاو بووبووەوە. بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ لەوساتەدا کە پرچیان بەو شێوەیە دەسکەنە کردووە هەستی

بە چ ئازارێکی دەروونی خۆی کردبێت؟! تۆ بڵێی وەک ئەو هەستەی منداڵی خۆی هاواری نەکردبێت و نەی ناڵاندبێت کاتێک دایکی پرچەکانی بۆ ڕێک دەخستەوە؟! وای بۆ دەچووم لەو کاتەدا وتبێتی:

– چی دەکەن بیکەن.. تکاتان لێدەکەم تەنیا دەستکاری پرچەکانم مەکەن.. چۆن دەمکوژن بمکوژن.. کێشەم نییە.. بەڵام با ئەو پرچەی کە لە منداڵیمەوە نەمهێشتووە دایکم بیان بڕێت، ئێوە دەستی بۆ مەبەن.

لەو کاتەدا ئەوە بە ئەندێشەمدا دەهات بکوژەکانی بۆ ئەوەی پێش کوشتنەکەی ئازارێکی دەروونیی بدەن، تا ناخی پڕ لە تۆڵەیان ئارام بێتەوە،هەربۆیە ئەو کارەیان بەو شێوەیە ئەنجام داوە. بەو ڕەفتارە، پێ دەچێت بکوژەکانی کەسانێکی هاوزمان و هاوزێدی خۆی بن. من نازانم تاچەند لیۆن، هەمان خوێندنەوەی منی هەیە بۆ ئەو دیمەنی کوشتنەی شەونم! لەوانەیە ئەو بەهۆی کارەکەیەوە چەندین بۆچوونی جیاواز لە ئەندێشەی خۆیدا گەڵاڵە کردبێت، دەستم بە خوێندەنەوەی تۆمارەکان کردەوە، بۆ ئەوەی بگەمە چارەنووسی ئەو نارینەی کە هەموو هەست و بیری شەونمی داگیر کردبوو.

کاتێک نارین هاتە ژوورەوە، ئەوەندە گریابوو، چاوە قاوەییەکانی ڕەنگیان گۆڕرابوو. فرمێسک لە چاوەکانیەوە وەک ئاوی کانییەک تا گەردنە درێژەکەی ڕێچکەی بەستبوو. کە دایکم نارین ی بەو شێوەیە بینی، بە شڵەژاویەکەوە پێی وتم:

– بڕۆ بۆ خۆت خەریکی پرچەکانت بە.

لەو کاتەدا لە جێگەکەی خۆی ڕاست بووەوە و بەرەو ڕووی نارین چوو کە لە نێوان دەرگای ژووری میوانەکەماندا وەک دارچنارێک لە جێگەی خۆیدا ڕووابوو. باوەشی بە نارین دا کرد و بە تۆپزی بەرەو بەشی سەرەوەی هۆڵەکەی هێنا و لە جێگەکەی خۆی داینیشاند. نارین بەردەوام دەموچاوە باریک و گەنم ڕەنگەکەی خۆی بە نینۆکە درێژەکانی ئەڕنییەوە و لە خۆی ئەداو ئەینالاند. ئازاری ناخی ئاوێتەی دەنگی گریانی بووبوو. لەگەڵ خوڕەی ئەو بارانەی بە لێزمە دەباری، هەستێکی وەهای لە ناخمدا دروست کردبوو، هەستم بە گرانی هەناسەی خۆم دەکرد. گریانێکی نامۆ گەروومی توند کردبوو.

دایکم بە چاوە میهرەبانەکانی، لەو دیمەنە پڕ لە ئازارەی نارین ی دەڕوانی. بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە پێی وت:

– نارین کچەکەم.. قسەم بۆ بکە.. چی ڕووی داوە؟!

نارین بە دەستە باریکەکانی ڕانە پان و گۆشتنەکانی خۆی ئەکوتایەوە و بە نیگایەکی خەمئامێزەوە لە دایکمی دەڕوانی. وەک ئەوەی گوڕێک بەخۆی بدا بۆئەوەی شتێک بڵێت.. بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە بۆ دایکم دەپەیڤی:

– چۆن نەگریم و خۆم نەکوژم باجی ئامان!! چۆن ئێحەی خۆم دانەدڕم بەدەست ئەم برا خوێڕیانەمەوە!!

دایکم دەستێکی بە سەر و قژی نارینیدا هێنا و هەوڵی ئەدا کەمێک ئارامی بکاتەوە، بەڵام نارین تا دەهات زیاتر ئاگری ناخی لە چاوەکانیەوە دەهاتنە دەرەوە. دایکم پرسی:

– چی بووە؟! براکانت دیسانەوە شەڕیانە؟!

نارین کەمێک لە چاوەکانی دایکم ڕاما. پاشان وتی:

– خۆزگە بە خۆزگەیی ئەو خودایە، بە چەقۆ یەکتریان پارچەپارچە بکردایە، بەڵام دڵی منیان ئاوا لەت نەکردایە.

دایکم لەو کاتەدا لە منی دەڕوانی کە چاوەکانم بۆ نارین تەڕ بووبوون. بە ئارامی پێی وتم:

– شەونم گیان، بڕۆ بۆ قوتابخانە، با دوا نەکەویت.

منیش بێئەوەی گوێ بدەمە قسەکانی، لە دوورەوە لەو دیمەنە پڕ لە ئازارەی نارین م دەڕوانی. دایکم زانی گوێ بە داواکەی نادەم، بە نائارامی ڕووی لە نارین کردەوە و وتی:

– ئادەی بڵێ بزانم چی بووە؟!

نارین بە دەم لوشکەلوشکی گریانەوە، کە بە ئاستەم دەنگیم دەژنەوت، وتی:

– ئاراس ئەو خوێڕیەی کە ناتوانێت تەنیا دوو دینار بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەیەوێت لەگەڵ کوڕی خۆشکەکەی دایکم ژن بە ژنم پێبکات.

دایکم کە ئەوەی ژنەوت کەوتە کوتانی سنگی خۆی. بە دڵێکی پڕەوە دەپەیڤی:

– وەی ڕۆ.. نارین.. وەی ڕۆ.. چۆن شتی وادەبێت؟! وەی ڕۆۆۆ....

ماوەیەک وەستا، وەک ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە، لەو کاتەدا نارین بەخوڕ دەگریا، کە دایکم دەستی بە قسان کردەوە:

– ئەی باشە دایکت چی دەڵێت؟! ها؟! ئەی ئەو ناتوانێت ڕێگری لەو کارە بکا؟!

نارین بە تۆنێک کە هەڵچوونێکی بێئومێدی پێوە دیاربوو، وەڵامی دایکمی دایەوە:

– دیارە پێشتر بۆ خۆیان ئەو بابەتەیان لە گەڵ ئاراس براندۆتەوە. ئەو پێم دەڵێت کچم پیاو هەرپیاوە.. وا باشترە شوو بە کەسێکی خۆت بکەیت وەک لەوەی بێگانەیەک تێکەڵ بە ژیان و حاڵی ئێمە بێت.

دایکم بـەردەوام بۆ ئـەو حاڵە ی نارین سنگی خۆی دەکوتا، دەیزانی نارین لەناو عەشقێکی بێکۆتادا نغرۆ بووە، دەرباز‌بوون لێی ئەستەمە. وتی:

– ئەی ئەو پیاوەی کە بەتەما بوو بێتە داخوازیت، چی دەڵێت؟ بۆچی پێی ناڵێیت تا بە زوویی بێتە پێشەوە؟!

نارین بەهەمان تۆنی پێشوو وەڵامی دایکمی دایەوە:

– چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، ئەوەم بە دایکم وتبوو کە کەسێک دەیەوێت بێتە خوازبێنیم، بەڵام دایکم بە بیانووی ئەوەی باری تەندوستیی تەواو نییە، وتی با بە خۆم بێمەوە دواتر قسەی لەسەر دەکەین. ئیتر ئەوە ئەو قسەیە بوو کە ئەمڕۆ پێی وتم، تکات لێ دەکەم باجی ئامان، شتێک بکە، با ئەو کارە ڕوونـەدات. ئەگەر شتێکی وا ڕوو بدات دڵنیا بە خۆم ئەسوتێنم.

دایکم بۆ ئـەوەی نارین لەو دۆخـە پڕ لە ئـازارە هێمن بکاتەوە، وتی:

– کچم خوا گەورەیە.. ئارام بگرە.. ئەوەی بە من بکرێ بۆت دەکەم. دوایی دەچم لەگەڵ دایکت قسە دەکەم تا بزانم لەو کارە پەشیوانی ناکەمەوە!

بەو قسەیەی دایکم، نارین کەمێک هێمنی بە ڕوویدا هاتەوە و پێی وت:

– بەقوربانت بم باجی ئامان، هەرچییەکت لەدەست دێت بیکە. ئەگەرنا ڕۆژی گواستنەوەشم بێت، بەجلی بوکێنیشەوە بێت، خۆم ئەسوتێنم.

دایکم بەردەوام دەیویست نارین هێمن بکاتەوە، پێی وت:

– نا کچەکەم، بیر لە شتی خراپ مەکەرەوە، ئینشاڵڵا شتی وا ڕونادات.

تۆ پێم بڵێ خاتوو مۆڵی، دەبوو نارین لەو دۆخە دژوارەدا چی کردبا؟! ها ؟! تۆ وەک دادوەر و پارێزەرێک یان تەنیا وەک ژنێکی کامڵ و تێگەیشتوو پێم بڵێ، ئاخۆ نارین چی بکردایە بۆئەوەی ئەو عەشقە جوان و بێگەردەی لە کەناری مەرگدا قوتار بکردایە؟! لەوانەیە تۆ وەک پارێزەرێک پێم بڵێی وا باشتر بوو لە ڕێگەی یاساوە ئەو کارەی چارەسەر بکردایە. وا نییە خاتوو مۆڵی.. من دەزانم هەڵوێست و بۆچوونی تۆ لەوە زیاتر هیچی تر نابێت، بەڵام دەمەوێت لەوە دڵنیات بکەمەوە کە ژن لەلای ئێمە، وەک ئێوەی خۆرئاوایی، تەنانەت لە ئەندێشەی خۆیدا لە ترسی ئەوەی شەیتان لە ناخیدا بەئاگا نەیەتەوە، ناتوانێت بیر لە هەستەکانی خۆشی بکاتەوە. جا چۆن دەتوانێت بەرامبەر هەموو کەس و کارەکانی خۆی بەتەنێ بوەستێتەوە و سەرپێچی ئەو نەریتە بکات کە وەک درەختێک ڕەگی بە ناخیاندا شۆڕبۆتەوە؟! من دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارەت بە چارەنووسی نارین بدەمەوە.. گوێم بۆ ڕادێرە خاتوو مۆڵی.. بزانە ئەو بەستەزمانەی کە

دڵی خۆی بە پاکی ڕادەستی عەشقێکی گەورە کردبوو، چارەنووس بە چ ئاکامێکی تاڵی ناساند!

کە من لە قوتابخانە گەڕامەوە، نارین لە ماڵی ئێمە مابوو، کاتێک باوکم لە بازاڕ هاتەوە، نارین بە شەرمێکەوە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان. باوکم هەستی بە دەموچاوە پڕ لە گریانەکەی نارین کردبوو، بەڵام نەیدەزانی ئەو گریانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە! هەربۆیەپێشئەوەی لە هۆڵەکە دابنیشێت و جلە تەپو تۆزاوییەکانی کە هەموو ڕۆژێک لەبەری دەکرد، بگۆڕێت، بە دایکمی وت:

– ئامان.. ئەو کچە بۆچی دەگریا؟

دایکم بە ڕوویەکەوە کە خەمی نارینی تیا دەبینرا، بە باوکمی وت:

– پیاوەکە تکات لێدەکەم شتێک بکە.. هەوڵ بدە ئەو کچە لە دەست براکانی قوتار بکە..

باوکم سەری لە بابەتەکەی دایکم دەر نەئەکرد، هەربۆیە وتی:

– چی بۆ بکەم ژنەکە؟ خۆ ئەوان بەردەوام لەسەر فرۆشتنی خانوویەک هەموو کۆڵانەکەیان هەراسان کردووە. دە با بیفرۆشن و کۆتایی پێ بێت.

دایکم بە دەنگێکی نزم کە بۆنی پاڕانەوەی لێ دەهات وتی:

– باسەکە ئەوە نییە.

– ئەی چییە؟!

دایکی و ئاراسی برای، دەیانەوێت بەزۆر ژن بەژنی

پێیبکەن.

- ئێ جا من چی بکەم؟!

- ئەڵێم بەشکم بتوانیت قسەیەک لەگەڵ ئاراسی برای بکەیت، ئەو کەمێک شەرم لە تۆ دەکات.

- کچێ ئامان.. تۆزێک بیر بکەرەوە.. ئەوان ئەگەر شەرمیان بکردایە هەموو ڕۆژێک خۆیان نەئەکردە فلیمی ئەم کۆڵانە.

- ئاخر پیاوەکە ئەمەیان جیاوازە، با ئەو کچە داماوە نەبێتە قوربانی ئەو کارە.

- تکات لێ دەکەم ئامان.. مەمخەرە کارێکەوە کە دواتر پەشیمان ببمەوە.. پاشان چۆن دەتوانم خۆم تێکەڵی کێشەی خێزانی ئەوان بکەم؟!

- ئەزانم.. بەڵام نارین.. کەسێکی تری خۆش ئەوێت.

- چۆن؟!.. کەسێکی تری خۆش ئەوێت؟!

- بەڵێ

- کچێ ئامان تۆ چۆن بەرگری لە کچێک دەکەیت بە دزی کەسوکاریەوە کاری بێشەرمانە بکات؟ بەخوا ئەوە کچی من بێت بە چەقۆیەکی کول سەری دەبڕم. واز بێنە.. بۆ خۆیان چی دەکەن با بیکەن.. ئەوە کێشەی من نییە.. بڕۆ چایەکم بۆ دەم بکە.. من خەریکە لە ماندوێتیدا هەموو پەلەکانم لێک هەڵدەوەرێن.

دایکم، تەواو بیهێوا بوو لەوەی بتوانێت شتێک بۆ نارین بکات. ئەو شەوە هەستم کرد دایکم بەدەم ئازاری «نارین»ەوە دەناڵێنێ. تا بەرەبەیان، خەو نەچووە چاوەکانی. بەردەوام

لەبەر خۆیەوە لە خوا دەپاڕایەوە و نزای بۆ نارین دەکرد، بەڵام ئەفسوس نزاکانی دایکم کە لە هەستی پاکی خۆیەوە دەیکرد، نەیانتوانی نارین لەو دۆخە قوتار بکەن، من لەو کاتەدا نەمدەزانی خەمی نارین چییە! ئەوەندە نەبێت هەستم بەوە دەکرد کە نارین شتێکی مەزن لەدەست دەدات. دواتر کە گەورە بووم، خۆم کەوتمە هەمان ئەو دۆخەوە. ئەوکات هەستم بەو ڕۆژانەی نارین کرد کە چەند بەئازار بوون!! ئای خاتوو مۆڵی.. عەشق چەند زاڵمە!! هیچ بەزەییەکی بە ڕۆحی مرۆڤدا نایەتەوە.. بە ویستی خۆی گەمەی پێ دەکات و بە هەموو نشێوێکی ترسناکی مەرگ، ئاشنای دەکا.

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو دۆخەدا تێپەڕی. نارین لەماڵی خۆیان نەهاتە دەرەوە. دایکم خەمی ئەوەی بوو نارین شتێک لەخۆی بکات. ڕۆژێک پێی وتم:

– ئادەی شەونم گیان بڕۆ سەرێکی نارین بدە. بڕۆ پێی بڵی دایکم دەڵێت بۆچی دیار نییە؟

کاتێک چوومە ژوورەوە بۆ لای نارین، ئاراس ی برای لە هۆڵەکەی خۆیان دانیشتبوو، بەدەم سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە جگەرەی دەکێشا. سەبری خانی دایکی لە چێشتخانەکە سەرقاڵی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بوو. کە دیمەنە ناشرینەکەی ئاراس ی برای نارین م بینی، ترسێک لە ناخمدا چرۆی کرد. بە ناچاری چوومە چێشتخانەکە و وتم:

– دادە نارین لە کوێیە؟

سەبری خان وەکئەوەی بەهاتنم بێزاربێت لەبەر خۆیەوە وتی:

– برۆ لە ژوورەکەی خۆیەتی.

دەبوو لەو هۆڵەوە بۆ لای ژوورەکەی نارین تێپەڕیبام، وەک پێشتووتر باسم کردبوو، ماڵەکەی ئێمە و ئەوان، بەهۆی بچوکی و باریکی زەویەکەیەوە، ژوورەکانمان بەدوای یەکدا دروست کرابوون. کاتێک بە بەردەمی ئاراس دا تێپەڕیم، بە چاوە گوماناوییەکانی، تا ئەو کاتەی گەیشتمە بەردەم دەرگای ژوورەکـەی نارین، لێمی دەڕوانـی. کە چوومە ژوورەوە، نارین لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی، دانیشتبوو. ئەژنۆکانی لە ئامێزی خۆی گرتبوو. ئەوەندە گریابوو چاوەکانی وەک دوو هێلکە دەرپۆقیبوون. پێم وت:

– دادە نارین.. دایکم وتی هەواڵێکی بزانە.. ئەڵێ بۆچی دیار نییە؟

بە دەنگێک کە بە ئاستەم لە گەرووی دەهاتە دەرەوە، پێی وتم:

– وەرە لامەوە.

منیش کـە چـوومـە لایــەوە، نـاریـن دەسـتـە گۆشتن و نەرمەکانی لـە ملم کـرد. بـە ئەسپایی بـە گوێی ڕاستمدا چرپاندی:

– بە دایکت بڵێ من باشم.. شتێکت پێ دەڵێم.. شەونم گیان.. ئەڵێم.. ئەو پیاوەت نەبینیوە بە کۆڵانەکەماندا تێ بپەڕێت؟!

– نەخێر.

دەستێکی بۆ ژێر دۆشەکەکەی درێژ کرد و کاغەزێکی قەدکراوی دایە دەستم و وتی:

- ئەگەر بینیت، ئەوەی بدەریێ و بڵێ نارین دەڵێت بە زووترین کات وەڵامم بداتەوە.. باشە شەونم گیان.. ئاگادار بە.. با هیچ کەس ئەو نامەیە نەبینێت.. باشە عاقڵ؟!

نارین م هێندە خۆش دەیست، هەر کارێکی پێ سپاردبام، ئەنجامم ئەدا. بەتایبەت لەو دۆخەدا کە هەستم بە نائارامیی ناخی دەکرد و بەردەوام دەگریا. پاشان وتی:

- ئەگەر وەڵامەکەت هێنایەوە.. (دەستێکی بۆدیوارە نزمەکە ڕاکێشا کە لە نێوان هەردوو پەنجەرەی ژوورەکەی ئێمە و نارین دا بوو) لەو دیوەوە بانگم بکە. خۆم دێم.. ئێستا بڕۆ با دوا نەکەویت.. قوربانت بم.. چاوەکانت لە کۆڵان بێت.. باشە؟!

هەستم دەکرد مەترسییەک لەسەر نارین هەیە،هەربۆیە بە هێمنی وەڵامیم دایەوە و وتم:

- خەمت نەبێت دادە نارین.

نامەکەم لە نێو دەستە بچکۆلەکانم لول کرد و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. دایکم لە ماڵەوە چاوەڕێی هەواڵی نارین بوو. کەپێم وت دایکە دادە نارین دەڵێت من باشم، دایکم بە گومانێکەوە لێمی دەڕوانی و پێی وتم:

- ئەی هیچی تری نەوت؟

نامەکەم لە نێو دەستمدا وەها توند گرتبوو، ترسی ئەوەم هەبوو دایکم گومانێک بکات، بەدایکم وت:

- نا. هیچی تری نەوت.

بەپەلە بەرەو ژوورەکەی خۆم ڕۆیشتم و نامەکەم خنییە نێو یەکێک لە کتێبەکانی قوتابخانە و گەڕامەوە بۆ بەردەم

دەرگاکەی خۆمان. ئەو ڕۆژە تا دەمە و ئێوارەیەکی درەنگ، چاوە تیژەکانم لەسەر هەموو لایەکی کۆڵانەکەی خۆمان بوو، بەڵام ئەو پیاوەم نەبینی. بریا خاتوو مۆڵی.. ئەو پیاوەم هەرگیز نەبینیبایەوە.. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر ئەوە ڕووی نەدابا.. پێدەچوو نارین ئێستا لە ژیاندا بمابا. خۆزگە نارین توانیبای ئەو عەشقەی لە نێو دڵی خۆیدا بکوشتایە! تەنیا بۆ ئەوەی درێژەی بەو ژیانە پڕ نەهامەتییەی وەک من بدایە.

من دەزانم کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوڕیانێکی چارەنووسسازەوە، تووشی تێڕامانێکی پڕ لە گومان دەبێت. هەر کامێکیان هەڵبژێرێت، داهاتوویەکی نەزانراو چاوەڕێی دەکات، یان ئەوەتا دەتباتە کەناری مەرگ، یان دەتگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆشبەختی.

من دڵنیام نارین چاوەڕێی ئەو چارەنووسەی نەئەکرد کە توشی هات، بەڵام ئەگەر ئێستاش لە ژیاندا بمایە، دڵنیام وەک منێکی بێئومێد لە ژیان تەنیا لە جەستەیەکی سارد و سڕ هیچی تر نەئەبوو.

بۆ بەیانی جانتاکەم کۆکردەوە و بەرەو قوتابخانە بەڕێ کەوتم. پەری لە بەردەم دەرگاکەی خۆیان، چاوەڕێی دەکردم. هەردووکمان گەیشتینە سەری کۆڵانەکە،ئەو پیاوەم بینی کە مەرگی نارین لە نێوچەوانی نووسرابوو. لەو کاتەدا ترسی ئەوەم هەبوو پەری هەست بەو نامەیە بکات کە دەمویست ڕادەستی ئەو پیاوەی بکەم. پیاوەکە کە منی بینی بە خەندەیەکی تاڵەوە لێمی دەڕوانی. کاتێک من و پەری

چەند هەنگاوێک لە پیاوەکە تێپەڕ بووین، پیاوەکە بە دەنگێکی خەمناکەوە بانگی کردم و وتی:

- کچەکە.. ئادەی وەرە.. پرسیاریکم هەیە..

لەو کاتەدا هەردووکمان ئاوڕمان بۆ دایەوە. پەری ویستی پێش من بۆ لای پیاوەکە بچێت، بەڵام پیاوەکە بۆ ئەوەی پەری نزیکتر نەکەوێتەوە، بە دەستێکی ئیشارەتێکی بۆ من کرد و وتی:

- ئەو کچە ئەڵێم.. پرسیارم لەو هەیە..

منیش بە خۆشحاڵیەکەوە لێی نزیک بوومەوە. لەو کاتەدا وا هەستم دەکرد کارێکی باش بۆ نارین دەکەم. تەنیا مەبەستم بوو پەیامەکەی نارین بە شوێنی خۆی بگەیەنم. کاتێک نزیکی بوومەوە بەهێمنی پێی وتم:

- شەونم گیان نارین لە کوێیە؟

منیش بەئەسپایی جانتاکەم کردەوە. لەو کاتەدا پیاوەکە چاوەکانی لەسەر ڕەفتارەکانم بوو. نامەکەم لەناو کتێبەکە دەرهێنا و دامە دەستی، دەمزانی نارین چی لەو نامەیەدا نووسیبوو. ئەو ڕۆژەی نامەکەم لەناو کتێبەکەدا شاردەوە، بۆ شەوەکەی، دوو جار بە وردی خوێندبوومەوە. نووسرابوو:

«خۆشەویستەکەم نەهرۆ گیان، پڕبە دڵ بیرت دەکەم، ئێستا من لە دۆخێکی زۆر خراپیماڵەوە دام، بواری ئەوەم نییە وەک جاران بە ویستی خۆم بێمە دەرەوە. کاتێک ئەم نامەیەت پێدەگات، چاوەڕێم بکە تا لە مەجالێکدا دێمە دەرەوە و بە چاوانت شاد دەبم. لەوە ئەچێت ئەوە دوا دیدارمان بێت. خوات لەگەڵ».

که نامەکەم دایـە دەستی پیاوەکە، لەو کاتەدا ویستم بڕۆم، پێی وتم:

– شەونم بۆستە.. با بیخوێنمەوە..

پەری لە دوورەوە بە گومانەوە لێمانی دەڕوانی. پیاوەکە بە پەلە نامەکەی خوێندەوە. لە نیگا تاڵەکەیدا هەستم بە تێکچوونی باری دەروونی کرد. سەری کەمێک بۆ دانەواندم و وتی:

– شەونم گیان.. بە نارین بڵێ من بەردەوام چاوەڕێم.. تەنانەت ئەگەر شەویش بێت. باشە؟! بیرت نەچێت.. ئەوەی پێ بڵێ.. بە سەرلەقاندنێک وەڵامم دایەوە و بەرەو قوتابخانە بەڕێ کەوتم.

که لە قوتابخانە گەڕامەوە، بەپەلە کتێبەکانم لە ژوورەکەی خۆم دانا و خۆم گەیاندە حەوشە بچکۆلەکەی دواوە و چوومە سەر ئەو تەنەکە نەوتەی کە دایکم ڕۆژانە بەکاری دەهێنا بۆ تێکردنی نەوتی زۆپاکان. کەمێک بە دیوارەکەی نێوانماندا هەڵزنام و لەپەنجەرەکەی ماڵی نارین م دەڕوانی. نارین لەسەر ئەو سیسەمەی کە جەمسەرێکی لە نزیکی پەنجەرەکەوە بوو ڕاکشابوو. چەند جارێک بە دەنگێکی نزم بانگی نارین م کرد. وەڵامی نەبوو. لەسەر دیوارە بلۆکەکەی نێوانمان، بەردێکی بچوکم هەڵگرت و کێشام بە شووشەی پەنجەرەکەدا. لەو کاتەدا نارین لە جێگەی خۆی ڕاپەڕی. کە منی بینی بەپەلە خۆی گەیاندە حەوشەکەی خۆیان و بە نیگایەکەوە کە خەم شێواندبووی، وتی:

– ها شەونم گیان.. نامەکەت گەیاند؟

– بەڵێ دادە نارین.. ئەو چاوەڕێی تۆ دەکات.. تۆ کەی دەچیتە دەرەوە؟

نارین بە ترسێکەوە ئاوڕێکی بۆ دواوەی خۆی دایەوە، کە دڵنیابوو لەوەی کەس لە پشتییەوە نییە، وتی:

– شەونم گیان، من نازانم.. هەرکاتێک مەجالێکم دۆزییەوە، تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم.

دوو ڕۆژ بەسەر گەیشتنی نامەکە تێپەڕیبوو. نارین وەڵامی نەبوو. متمانەم پێ بکە خاتوو مۆڵی، ئەو دوو ڕۆژە ئەو پیاوە داماوە، لەبەر دەم ئەو باران و سەرما و سۆڵەیە، وەک پاسەوان بە هەموو ئەو کۆڵانانەی دەروبەری ماڵی نارین دا، بەدەم جگەرەکێشانەوە، ئەسوڕایەوە. تەنانەت شەوێک لەو شەوانە ڕەشەبایەکی توند هەڵی کردبوو، ئاستەم بوو هیچ بوونەوەرێک خۆی لە دەرەوە بگرتایە. من لە پەنجەرەی ژووری میوانەکەمانەوە ئاگری جگەرەکەیم دەبینی کە لە چاوەڕوانی نارین دا دەگەشایەوە. ئێستاش بیر لەو شەوە دەکەمەوە، بە خۆم دەڵێم «دەبێت هیچ مرۆڤێک هەبێت بە وێنەی ئەو پیاوە قوربانی بۆ عەشقەکەی بدات؟»

هەستم بە ماندووبونی چاوەکانم دەکرد. بە ئاستەم تۆمارەکانی شەونم م دەخوێندەوە. بڕیارمدا دەست لە خوێندنەوە هەڵگرم. پێویست بوو بەیانی زوو لە هۆبەکەی خۆمەوە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی پەناهەندەکان بۆ دادگا بنێرم. تۆمارەکانم بە کراوەیی لەسەر کۆمەدییە بچکۆلەکەی تەنیشتم دانا و گڵۆپەکەم کوژاندەوە.

# ڕۆژی دووەم

نیو کاتژمێر بەسەر تەواو بوونی کارەکەمدا تێپەڕیبوو. هێشتا هەر لە هۆبەکەی خۆم مابوومەوە. کەشەکە تا دەهات ڕووی لە ساردبوون دەکرد. بەو کزە با ساردەی کە هەڵی کردبوو، پێدەچوو بارینی بەفرێکی زۆری بە دەمەوە بێت. زۆری فەرمانبەری هۆبەکان، ڕۆشتبوونەوە. هەندێکی تریان لەخۆئامادەکردن و پێچانەوەی خۆیاندا بوون بۆ ڕۆیشتنەوە. بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی پەیوەندیم بە لیۆن ەوە نەکرد! پێدەچێت ئەو ئێستا لە چاوەڕوانی مندا بەردەوام لە کاتژمێرەکەی دەستی بڕوانێت و بە تاسەوە بێت بۆ قسەکردنی زیاتر لەمەڕ تاوانەکەی شەونم.

هەستم دەکرد شتێک لە نێو دڵمدا چرۆی کردبوو، ئەگەرنا بۆچی بەیانی پێشئەوەی بێمە سەر کارەکەم بیرم لە پۆشاکێکی سەرنجڕاکێش دەکردەوە لەبەری بکەم! جیاواز لە هەموو ئەو ڕۆژانەی کە بە پانتۆڵ و کراسێکی سادە و جووتێک پێڵاوی فلاتەوە دەهاتمە دەرەوە! دواتر بەخۆمدا

هاتمەوە لـەوەی چۆن بێئاگایانە ڕەفتار دەکـەم، بێئەوەی گوێکانم گوێبیستی هیچ وشەیەکی خۆشەویستی وا بووبن کە ناخمی هەژاندبێت بۆ سەرەتای پەیوەندییەکی سۆزداری نوێ. من لە خۆمدا هەستێکی وەهام دروست کردبوو.

دواتر لە بۆچوونەکەم پاشگەز بوومەوە و بە خۆم وت «دەبێت مرۆڤ بە ڕوویەکی ڕاستی و سروشتی خۆیەوە خۆی بناسێنێت، نەک بە دەمامکێکی کاتییەوە بەرامبەرەکەی خۆی لە ڕێگەی هەستێکی نا مرۆڤانەوە فریو بدات». پێویست بوو من لە چاوەڕوانی شتێکدابم کە لە ناخەوە متمانەیەکم لا دروست بکات بۆ ئـەوەی هیچ نەبێت خۆم لەو هەستە تاک لایەنەیە بپارێزم. بڕیاری ئـەوەم دا پەیوەندی پێوە بکەم بۆ ئەوەی ئەوەندە لە چاوەڕوانی کارەکەیدا تووشی نائارامیی نەکەم. لەوانەیە ئەو ئەوەندەی ئەندێشەی بە دوای دۆزینەوەی بکوژەکانی شەونم ەوە بێت، ئەوەندە بیری لای من نەبێت. لەو خەیاڵەدا، خۆم دەهێناو دەبرد. لەو ساتەدا لیۆن پەیوەندی پێوە کردم..

– بەڵێ

– سڵاو مۆڵی.. پێدەچێت نیو کاتژمێر بێت کە لە کارەکەت تەواو بووبوویت و من چاوەڕوانی بەڕێزتانم.

– ببورە بەڕێز لیۆن.. هەندێک کـارم مـابـوو.. ئێستا مەبەستم وا بوو کە خۆم پەیوەندیت پێوە بکەم.

– زۆرباشـە.. مـن جێگەیەک بـە گـونـجـاو دەزانـم بۆ دانیشتن.. قاوەخانەی گۆندۆڵن لەشەقامی ستادس گاردن.. پێتان چۆنە؟

بە قسەکانی هەستم کرد ئەو لە پێش منەوە دەیەوێت ئەو ڕێگەیە بگرێت کە یەکلایەنانە بیرم لیَ دەکردەوە. جا بۆئەوەی لەو گەمەیەدا تۆمارەکەی شەونم بەدەست بهێنم، ماوەیەک بێدەنگ بووم. بیرم لە لیۆن دەکردەوە بۆچی قاوەخانەیەکی هەڵبژاردووە لە کاتێکدا ئێمە تەنیا دەربارەی تاوانێک قسە دەکەین!

– ئەلو.. مۆلّی.. تۆ گوێت لێمە؟

– بەڵی، بەڵام من شوێنێکی تر بە شیاوتر دەزانم.

– بە دڵنیاییەوە بە ویستی بەڕێزتان دەبێت.. ئەو شوێنە کوێیە؟

– باخچەکەی بەردەم ئەپارتمانەکەی ماڵی شەونم.

– باشە.. لەویَ یەکتر دەبینین.

کاتێک لە تەکسیەکە دابەزیم.. لیۆن لەسەر یەکێک لە کورسیەکانی باخچەی ئەپارتمانەکە دانیشتبوو. خۆی لە چاکەتێکی خوریی ڕەنگ خۆڵەمێشی ئالاندبوو. لەبەردەم ئەو کزە ساردەی کە پەنجەکانی دەستی بنیادەمی هەڵدەوەراند، دەمووچاوە سوور و شڵەکەی، ئەوەندەی تر سوورتر کردبۆوە. بەو دیمەنەی ترسێکی لە ناخمدا بزواند. بۆ خۆیشم نەمدەزانی ئەو ترسە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە! پێدەچوو لێکۆڵەرەوەکان بەهۆی سروشتی کارەکانیانەوە و بە پرسیارە نامۆ و هەستەوەرەکانیان، ئەو ترسە لە ناخی کەسە ئاساییەکاندا بچێنن..

دڵنیام.. ئەو هەستە لە سروشتی کارەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوان کاتێک لە تاوانێک دەکۆڵنەوە، مەبەستیانە

بە ڕەفتارە نامۆ و تۆقێنەرەکانیان، هەموو ناخی کەسانی دی بدۆزن، تا دەگەنە ئامانجەکانی خۆیان. چوومە لایەوە و سڵاوم لێ کرد. ئەویش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی دامەوە و فەرمووی لێ کردم. لە نزیکیەوە لەسەر هەمان کورسی دانیشتم کە جێگەی سێ کەس دەبوو. دوری نێوانمان تەنیا نیو مەترێک دەبوو. بە شەرمێکەوە لێمی دەڕوانی. پاشان کەوتە قسە و وتی

– پێدەچێت ئەمشەو بەهۆی خوێندنەوەی تۆمارەکانی شەونم ەوە زۆر ماندوو بووبیت.

بە خەندەیەکەوە لێم ڕوانی و سەرێکی دڵنیاییم بۆ لەقاند. ئەو بەردەوام لە قووڵایی چاوەکانمی دەڕوانی. لە کاتێکدا کە من خۆم بە یاریکردن بە پەنجەکانمەوە سەرقاڵ کردبوو، بیرم لە خۆم دەکردەوە بۆچی بەو هێندەیە هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەم! خۆ هێشتا دۆخەکە زۆر بە ئاسایی تێدەپەڕێت! هیچ شتێکی نامۆ بوونی نیە کە شیاوی ئەو هەستە بێت! هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و هێزێکم بەبەر خۆمدا هێنایەوە و بە پرسیارێک ویستم چاوە گەورەکانی کە لە قوڵایی چاوەکانمی دەڕوانی لەسەر خۆمیان بەدوور بگرم،لەو دۆخەدا، هەستم دەکرد شتێکی گرنگ هەیە لێی دەشارمەوە. وا پێدەچوو ئەویش بەو مەبەستە لێم بڕوانێت. پێم وت:

– بەڕێز لیۆن.. تۆ وتت دەمەوێت لە تەکدا دانیشم و دەربارەی شەونم قسە بکەین. ئێستا دەتوانیت پرسیارەکانت بکەیت.

که ئەوەم پێ گوت، خۆی ئاسایی کردەوە و چاوەکانی لە چاوانم دوور خستەوە و بە دەنگێکی هێمنەوە کەوتە قسەکردن:

– مۆڵی.. بۆ ئەوە بە پێویستم زانی لەتەکدا قسە بکەم، کە دوێنی لە دوای ئەو ڕووداوەوە بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە ئەو ژنە پەناهەندەیە دەبێت بۆچی ئا بەو شێوەیە کوژرابێت! یان بۆچی کوشتوویانە! بۆ چەندین جار لەو وێنانەم ڕوانی کە پۆلیسەکان لە شوێنی ڕوداوەکە گرتبوویان. من وای بۆ دەچم هەموو وێنەکان شتێکم پێ دەڵێن، کە لە ماوەی چەندین ساڵی کارکردنمدا وەک لێکۆڵەرەوەی تاوان، شتێکی لەو جۆرەم هەرگیز بە بیردا نەهاتووە. تۆ بڕوانە.. بیر لە کوشتن بکەرەوە.. بۆ خۆت وەک پارێزەرێک دڵنیام ئەزمونێکت دەربارەی کوشتن هەیە. مرۆڤ کاتێک بیر لە تاوانێکی کوشتن دەکاتەوە، هەڵبەتە هۆکارێک هەیە کە وای لێ دەکات هەموو هەستێکی ئاسایی خۆی لەدەست بدا، بەڵام چ جۆرە تاوان و کوشتنێک!

خۆ هەموو کەسێک وەک یەک بیر لە کوشتن ناکەنەوە.. بە تایبەت کوشتنی کەسێکی وەک شەونم.. تا لە جەستەکەی بڕوانیت زیاتر لە هەستی پڕ لە تۆڵەی بکوژەکی ئاشنا دەبیت.. مرۆڤ کاتێک دەگاتە ئەوەی کەسێک بە پلان بکوژێت، هەست دەکات بوونی ئەو کەسە لە ژیاندا دەبێتە هۆی بێزارکردن و تێکدانی هەموو ژیانی، ئەگەر نا بڕواناکەم هیچ کەسێک ئەوەی لە دەست بێت. کە کەسێک تاوانێکی کوشتن ئەنجام ئەدا، هەموو هەستێکی مرۆڤانەی خۆی لەدەست ئەدا. وەک

دڕندەیەکی برسی بیر لە هیچ مەترسییەکی ژیان ناکاتەوە، جگە لە پڕۆسەی کوشتنەکە نەبێت. بە بڕوای من کوشتن چارەسەر نییە بۆ کێشەکان، جگە لە بەتاڵکردنەوەی قینێک کە لە ناخی بکوژێکدا ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبێت و بەری ڕۆشنایی ژیانی دەگرێت.

ئەگەر بیر لە بکوژەکەی، یان وا باشترە بڵێن ئەگەر بیر لە بکوژەکانی شەونم بکەینەوە، ئەو قینە، لە هەموو شوێنێکی جەستەی شەونمدا هەست بە بوونی دەکرێ. تۆ بزانە هەر دوێنێ لە دوای تۆوە من بە دوای هۆکار و بەڵگەی تاوانەکەدا دەگەڕێم، شوێنێک نەماوە لە ئەزموونی خۆمەوە پەیم پێ نەبردبێت، ئەفسوس دیارە تاوانەکە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا ڕووی داوە و بە هۆی گەرمی و بەسەرچوونی ئەو ماوە زۆرە، نەمانتوانی جێپەنجەی بکوژەکان، لەسەر ئەو چەقۆیەی کە جەستەی شەونمی پێ شێوێنراوە، بدۆزینەوە. هیچ بەڵگەیەکی ئەو تۆمان لەدەستدا نییە کە جێگەی دڵخۆشی بێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە.

دڵنیابە مۆڵی.. هەر دوێنێ تۆماری هەموو ئەو کامێرایانەی لە نزیکی ئەم ئەپارتمانەیە، کۆ کردووەتەوە و بە وردی تا درەنگانێکی شەو، سەیرم دەکردن تا کەسێکی گوماناوی بەدی بکەم، بەڵام لەوانەشدا هیچم نەدۆزییەوە بەهۆی نارێکی ئاراستەی کامێراکانەوە. بەداخەوە ئەوە دەڵێم، کە ئەپارتمانەکە بەهۆی تایبەتمەندیی نیشینگەکانیەوە، هیچ کامێرایەکی چاودێری تیا نییە. هەست دەکەم لە دۆزینەوەی بکوژەکانی شەونم، بێئومێد دەبم. ئەوەی هەیە تەنیا ئەو

تۆمارەیە کە لە ژوورەکەیدا دۆزیومانەتەوە. دوێنێ لە بنکەی تاوانەکان گوێم لێ گرت، هیچی لێ حاڵی نەبووم، تەنیا کۆمەڵێک قسە نەبێت کە هەستم دەکرد لە ناخی دڵێکەوە دێتە دەرەوە وەک ئەوەی بەڕێزتان دەربارەی شەونم قسەتان بۆ کردم.

پێدەچێت ئەو دەنگی تۆمارە، دەنگی شەونم خۆی بێت، هەربۆیە تکات لێ دەکەم هاوکارم بە. هەرچییەک لەناو ئەو تۆمارانەدا هەیە، پێمی بڵێ، هەست دەکەم کوشتنی شەونم جیاواز لە هەموو ئەو کوشتنانەی کە لێکۆڵینەوەم تیا کردووە، زیاتر ئازارم ئەدا. بۆ خۆیشم نازانم بۆچی بەو هەستە پڕ لە سۆزەوە لێی دەڕوانم! منێک ئەوەندە تاوان و خوێنم بینیوە هیچ هەستێکی سۆزداریم بۆ قوربانییەکان نەماوە. بۆ خۆت دەزانی شێوازی کارەکەم ئەو هەستەی لا دروست کردووم. کە بە لوژیکیانەوە مامەڵە لەگەڵ تاوانەکاندا بکەم. بەڵام دیمەنی شەونم وەک ژنێک ئەوەندە ئازاری دەروونی داوم، وام لێ دەکات هەست بەوە بکەم کەسێکی نزیک و خۆشەویستم لەدەست دابێت. هەرچەندە ئەوە لە شێوازی کارکردنی ئێمەدا شیاو نییە، بەڵام من دەمەوێت لەگەڵ تۆدا ئەوەندە ڕاستگۆ بم تا هەست بە نائارامیم بکەیت.

بەردەوام چاودێری ڕەفتارەکانی لیۆن م دەکرد. بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پیاوەی کە بە ڕواڵەت و ڕەفتارەکانی بە پارچە ئاسنێکی سارد دەچوو، خەریکە وەک ژنێکی میهرەبان و تەواو دەستەوسان لەبەردەم تاوانێکدا دەگری. تائێستا هیچ پیاوێکم بەو شێوەیە نەبینیوە بەرامبەر بە ژنێک

ئەو هەستەی هەبێت! ئەو ڕفتارانەی لیۆن خەریک بوو وای لێ دەکردم لە جێگەی خۆمەوە پڕ بە دڵم لە ئامێزی بگرم. هەستم دەکرد بەهێمنی لەو چەند خولەکەی یەکترناسینمان، خۆی دەخزێنێتە قوڵایی ناخمەوە. بە تاسەوە لە چاوە پڕ لە گومانەکانیم دەڕوانی. دەمویست لە نیگاکانیدا ڕاستیی ئەو هەستە لە دەروونی خۆمدا پشتڕاست بکەمەوە. لەو کاتەدا هەستم کرد خەریکە جەستەی شەونم دەبێتە پردێک بۆ پەڕینەوەی هەستەکانمان. بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە پێم وت:

– بەڕێز لیۆن ئەمشەو هەندێک لە تۆمارەکانی شەونمم خوێندەوە. تا ئێستا هیچ شتێکی وەهـام نەژنەوتووە کە سەرەداوێک بێت بۆ دۆزینەوەی بکوژەکانی، ئەوەندە نەبێت لە قسەکانیدا تێبینی شتێکی تەواو گوماناویم کرد. شەونم تا ئەو کاتەی هاتووەتە ئێرە، پرچەکانی درێژ بوون. تەنانەت تـا کاتی کوشتنەکەشی. بۆ خـۆت دەزانیـت وا پێدەچێت بکوژەکانی پرچەکانیان بە هەمان ئەو چەقۆیە بڕیبێت کە هەموو تاوانەکەیان بە بێدەنگی پێ ئەنجام داوە. شەونم لە تۆمارەکانیدا باسی ئەوەم بۆ دەکات کە هەر لە منداڵییەوە حەزی بە درێژکردنەوەی پرچەکانی بووە. منیش سەرم لەو کارەی شەونم سوڕ دەمێنێ کە بۆچی هێندە ئارەزووی ئـەوەی کـردووە! ئـەوەنـدەی بزانم ژنـان هەمیشە حەز بە گۆڕێن و ڕازانـدنـەوەی شێوەی خۆیان دەکـەن، هـەر لە گۆڕینی پۆشاکەکانیان و ڕەنگ و شێوەی ماکیاژ و تەنانەت بۆیەکردن و ستایلی قژیشیان، بۆ ئـەوەی بـەردەوام بە جیاوازی دەربکەون. چ جای ئەوەی کەسێکی وەک شەونم

کە بۆ خۆی پێی وتبووم کە کاری لەشفرۆشی کردووە. من دڵنیام لەشفرۆشەکان زێدەتر لە ژنانی ئاسایی شێوازی ڕازاندنەوەی خۆیان دەگۆڕن. تەنیا بۆ ئەوەی سەرنجی کڕیارەکانیان بۆ خۆیان زێدەتر کێش بکەن. تائێستا ئەوە بۆ من جێگەی گومانە.

کاتێک من ئەوەم دەربارەی شەونم بە لیۆن وت، وەک ئەوەی بیرلە شتێک بکاتەوە، لە ناخی خۆیدا ڕامابوو. پاشان ڕووی تێ کردم و وتی:

– ئەوەی تۆ باسی دەکەیت زیاتر لەوە دڵنیام دەکاتەوە کە پێدەچێت بکوژەکانی کەسانێکی تەواو نزیکی خۆی بن. هەربۆیە تاوانەکەیان بەو شێوازە بە بێدەنگی و پڕ لە گومان ئەنجام داوە، تاوەکو گومانی تاوانەکە لە خۆیان بەدوور بگرن. تۆ سەیر کە بڕینی قژی لە شوێنی تاوانەکە، ئەو گومانە یەکلا دەکاتەوە. منیش بۆ چەند جارێک بیرم لە هەموو جێگۆڕکێی شەونم کردووەتەوە لەکاتی تاوانەکەدا. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لەلای من، ئەوەیە کاتێک پرچەکانی شەونمیان بڕیوە، یان کاتێک بەو چەقۆیەی کە لە شوێنی تاوانەکە جێماوە، سەرقاڵی بریندارکردن و لەتکردنی جەستەی بوون، چۆن شەونم دەنگی لێوە نەهاتووە و هاواری نەکردووە؟!

جا بۆ ئەوە پرسیارێکی زۆرم لە دراوسێکانی کرد، هەموویان لەوە دڵنیایان کردمەوە کە هیچ دەنگێکی نامۆیان نەبیستووە، تەنانەت هیچ کەسێکی نامۆیان نەبینیوە سەردانی شەونم ی کردبێت. هەندێک لەوانەی شەونم یان

دەناسی، دەیانگوت شەونم زۆر بە کەمی دەچووە دەرەوە. هەموو ئەو کاتانەش هەر بە تەنیا بووە. تەنانەت لێکۆڵینەوەم لە پەیوەندیە تەلەفۆنییەکانیشی کـردووە. لە پەیوەندیە کورتەکانی تۆ و ئەو زیاتر، هیچ شتێکی ئەوتۆم تیا نەبینیوە. هەر بۆیە ئەم دۆسیەی تاوانە، وام لێ دەکات، زیاتر پێویستیم بە تۆ بێت، تا لە ڕێگەی تۆمارەکانیەوە هاوکاریم بکەیت. بۆ ئەو مەبەستەش، ئەو تۆمارەی کە لە شوێنی تاوانەکە دۆزیومانەتەوە بۆم هێناویتەوە، تا لە ڕێگەی خۆتەوە وەری بگێڕیت و لە هەموو ئەو شتانەی جێگەی گومانن ئاگادارم بکەیتەوە.

لیۆن میمۆریەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بە نیگایەک کە ترسی لەدەستدانیم تیا دەبینی، دایە دەستم. هەرگیز بیرم لەوە نەئەکردەوە کە لیۆن هەر وا بە ئاسانی ئەو تۆمارەم ڕادەست بکاتەوە. ئەوە وای لێکردم تۆمارەکانی شەونم زیاتر بە وردی بخوێنمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە ڕۆژێکی نوێ کرد لە ژیانمدا. هەستم کرد بە کەسێک ئاشنا بووم کە دەیەوێت بە هێمنی دەرگای دڵم بکاتەوە.

ئەو ڕۆژە لە دوای جیابوونەوەم لە لیۆن بیرم لەوە دەکردەوە بۆ بەیانی تۆمارەکە بگەیەنمە بەشی وەرگێڕان، بۆئەوەی لەگەڵ تۆمارەکانی تردا بیانخوێنمەوە، ڕاستەوخۆ گەڕامەوە بۆماڵەوە، شتێکی سادەم بۆ ئێوارە ئامادە کرد و بەهەمان شێوەی دوێشەو، چوومەوە سەر سیسەمەکەم و دەستم بە خوێندنەوەی تۆمارەکان کردەوە و بە تاسەوە بووم بزانم چارەنووسی نارین بە چی دەگا!

دەمـەوێـت ئـەمشـەو چـیرۆکـی کوشتنی نـاریـن ت بۆ بگێڕمەوە، ئەو کوشتنەی کە بە بێدەنگی ڕووی داو من لە ناخی خۆمدا ناشتم. بیرم دێت لە ناوەڕاستی زستاندا بوین، کەش و هەوا هێندە سارد بوو، هەمووخەڵکی کۆڵانەکەمان لە ژوورەوە خزابوون. تەنیا بۆ قوتابخانە نەبێت نەئەچوومە دەرەوە. دایکم لە ماڵەوە خۆی بە دوورینەوەی ئەو پارچە پۆشاکانەوە خەریک کردبوو کە بۆ زستان لەبەرمان دەکرد. چەند پارچەیەکی ئامادە کردبوو کە لە زۆرلاوە دڕابوون. تەقەڵەکانیان شی بووبوونەوە. بە دەرزییەکەوە خەریکی دوورینـەوەیـان بـوو. من بــەردەوام بیرم لای نارین بوو. بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پیاوە داماوە بەردەوام بەناو ئەو کۆڵانانەدا دەسوڕێتەوە و چاوەڕێی بینینی نارین دەکات.

نارین ی تاین، بەهۆی دایک و براکانیەوە کە خستبوویانە ئەو دۆخـە دژوارەوە، نەیدەتوانی هەر وا بەئاسانی بێتە دەرەوە. تەنانەت هاتوچۆی بۆ ماڵی ئێمەش کەم کردبووەوە. نازانم چۆن لەو تەمەنەدا بیرم لەوە دەکردەوە دوو مرۆڤ پێویستە یەکتری ببینین و دەردەدڵی خۆیان بکەن! ئێستاش من سەرزەنشتی ئەو هەڵوێستەی خۆم دەکەم. زۆرجار بە خۆم دەڵێم ئەوە من بووم کە بوومە هۆی ڕوودانـی ئەو کارە ناڕەوایەی کە نارین ی بە مەرگ ئاشناکرد. نازانم چۆن ئەوەم بە بیردا هات ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ نارین و نەهرۆ کە بۆ دواجار بە یەکتری شادیان بکەم! من ئەوەم کرد.

خاتوو مۆڵی.. من بوومە هۆی ئەو کارەساتەی کە لە گەورەییمدا ئێخەی خۆمی گرتەوە. تائێستاش بەخۆم دەڵێم

هەموو ئەو کارەساتانەی منی خستە ناو لیتاوی داوێنپیسی و لەشفرۆشییەوە، ئاە و نزای نارین ی پاکیزە بوو. ئەوە من بووم کە بوومە هۆی لە دەستدانی پاکیزەیی نارین. ئەو ڕۆژە وەک ئەوەی کێچ لە هەموو کەوڵی دابێتم، وڕکی ئەوەم لە دایکم گرت دەبێت لە گەڵ دادە نارین بچم بۆ بازاڕ و بووکەڵەیەکم بۆ بکڕێت. هەمان ئەو بووکەڵەیەی کە پەری دراوسێمان هەیبوو. دایکم چەند جارێک بە هەڵچوونەوە پێی وتم:

– ئاخر کچێ.. بەم سەرما و سۆڵەیە کێ ئەچێتە دەرەوە؟! دڵنیام داوا لە نارینیش بکەیت لەتەکدا نایەت.

باوکم کە بەردەوام بەهۆی بێکارییەوە لە نزیکی ئاگرەکەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو، دەستە قڵیشاوەکانی بەزۆپاکەوە نابوو گەرمی دەکردنەوە، بە نیگایەکی بەزەییانەوە لێمی دەڕوانی و پاشان بە دایکمی وت:

– ئەو بووکەڵەیە بە چەندە؟

– پیاوەکە بەخوا نازانم.

باوکم دەستە قڵیشاوەکەی بە گیرفانیدا کرد و پێنج دیناری دەرهێنا و وتی:

– بڕۆ بۆ لای نارین.. بزانە ئەگەر لەگەڵت دێت تا درەنگی نەکردووە بڕۆن.

کە باوکم ئەوەی وت، خێرا نارین م ئاگادار کردەوە. نارین ئەوەندەی نەبرد عەباکەی بەسەر خۆیدا داو بەرەو بازاڕ بەڕێ کەوتین. کاتێک لە کۆڵانەکەی خۆمان دوور کەوتینەوە، نەهرۆ بە دوامانەوە بوو. بۆ خۆیشم نەمدەزانی ئەو پیاوە

چۆن لە هیکڕا پەیدا بوو. ئاخر ئەگەر مەرگ هاتە پێش هەموو ڕێگاکان کورت و ئاسان دەکاتەوە بۆ ئامانجەکەی. نازانم چۆن متمانە بەو بۆچوونە بکەم کە هەر لە منداڵیمەوە بیرم لێ دەکردەوە. بە هێمنی هاتە تەنیشتی نارین ەوە و کەوتنە قسەکردن. منیش لەو کاتەدا کە بەهۆی سەرماکەوە، هەموو سەری پەنجەکانم تەزیبوون و ژانیان دەکرد، هۆشی ئەوەم نەبوو ئەوان باسی چی دەکەن. ئەوەندە نەبێت خۆم بە فردیادرەسێکی ئەو عەشقەیان دەزانی. کە بەرەو کەناری مەرگ شۆڕ دەبووەوە.

نەهرۆ لە ڕێگادا تەکسیەکی ڕاگرت و لە پێشەوە سوار بوو. من و نارین لە دواوە سوار بووین. ئەو کاتە هەستم کرد چاوەکانی نارین فرمێسکیان لێ دەچۆڕێت. نەهرۆش زۆر نائارام و دڵتەنگ دەهاتە پێش چاوەکانم. من بەردەوام لەناو تەکسیەکەدا دەستی نارین م گرتبوو. بەردەوام لە چاوە خەمبارەکانیم دەڕوانی. بێئاگا بووم لەوە کە تەکیسەکە لە بەردەم دوکانێکی ووردەواڵە فرۆشدا وەستا. نەهرۆ دابەزی و ئەوەندەی نەبرد کە هاتەوە بووکەڵەیەکی بچوکی قژدرێژی بەدەستەوە بوو. کاتێک هاتە ناو تەکسیەکەوە ئاوڕێکی بۆم دایەوە و بە خەندەیەکەوە، کە خەمێکی گرانم تیا دەبینی، پێی وتم:

– ها شەونم گیان ئەوە بووکەکەیە.. بەدڵتە؟

منیش بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە لێم وەرگرت و سوپاسم کرد. لەو کاتەدا نارین بە ڕوویەکی پڕ لە ئازارەوە کە هیچ تروسکاییەکی ژیانی تیا نەدەبینرا، وتی:

- ئەو بووکەڵەیە وەک خۆت قژدرێژو دەموچاو پان و جوانە.

منیش بەو نیگا ساردەی نارین، هەستم بە دڵتەنگی دەکرد. تەکسیەکە بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن تا لە بەردەم خانوویەکی گڵی کۆندا وەستا و هەمووامان دابەزین. نەهرۆ بە تەقولبابەکەی کە تەنیا بە دەرگای ئەو خانووە کۆنانەوە مابوو، ماڵەکەی ئاگادار کردەوە. پاش کەمێک ژنێکی قەڵەوی ئەسمەر کە شێوەی هەر بە نەهرۆ دەچوو، دەرگاکەی لێ کردینەوە. کاتێک نەهرۆ ی بینی بە گەرمییەکەوە بەخێرهاتنی کردین، ژنەکە بەردەوام لە بەژن و باڵا و سیمای نارینی دەڕوانی. خانووەکە لەو خانووانە بوو کە لە گڵ دروستکرابوو. کە چووینە ژوورەوە ڕاستەوخۆ خۆمان لە هەیوانێکدا بینیەوە کە لە هەردوو بەریەوە، دەرگای کۆنی لەسەر بوو، کە لە تەختە دروستکرابوو.

نەهرۆ خۆی بە یەکێک لە ژوورەکاندا کرد و ژنەکەش بە دەستێک فەرمووی لە نارین کرد. منیش لە دوای نارینەوە کە بە دەستێکم چەمکێکی ئەو عەبایەم گرتبوو کە نارین هەموو جەستەی خۆی پێ داپۆشیبوو خۆمان بە ژوورەکەدا کرد. دەرگای ژوورەکە هێندە نزم بوو، نارین لەکاتی چونە ژوورەوەدا کەمێک باڵا بەرزەکەی بۆ نەوی کرد. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا زۆپایەکی کۆن دانرابوو. کە لەو کاتەدا تەنیا ماڵە کەمدەرامەتەکان بەکاریان دەهێنا. ژنەکە کەمێک لە نەهرۆ ی ڕوانی. پاشان وتی:

- کاکە چەند ڕۆژە من چاوەڕێتانم.. بەهۆی ئێوەوە،

تەنانەت بۆ ساتێکیش ماڵەکەم چۆڵ نەکردووە.. وتم نەوەکا بێن و لە ماڵ نەبم.

نەهرۆ بە دەنگێکی گڕی خەمگینەوە وتی:

- چی بکەین.. ئیتر ئەمڕۆ بۆمان ڕێک کەوت.

من بەردەوام خۆم بە بووکەڵەکەوە خەریک کردبوو. ژنەکە داوای لە نەهرۆ و نارین کرد بچنە ئەو ژوورەی کە دەرگاکەی لەسەر هەمان ژوور بوو. لەو کاتەدا نارین پێمی وت:

- شەونم گیان.. تۆ بۆ خۆت لەپاڵ ئاگرەکەدا، خۆت گەرم کەرەوە.. من تۆزێک ئیشم هەیە..

لەو کاتەدا ژنە قەڵەوەکە ڕووی لە نارین و نەهرۆ کرد و وتی:

- منیش دەچم چایەکتان بۆ ئامادە دەکەم.

نەهرۆ بە بێزارییەکەوە وەڵامی دایەوە ئازاری ناخیم تیا دەبینی وتی:

- نا پێویست ناکات، نارین کاتێکی زۆری نییە. تۆ لێمان گەڕێ با کەمێک قسە بکەین.

نەهرۆ دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆیان کلۆم داو ژنەکە چووە دەرەوە. منیش بەتەنێ مامەوە و لە بووکەڵەکەم دەڕوانی و گەمەم لەگەڵ دەکرد. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی، نارین و نەهرۆ لەو ژوورە نەهاتنە دەرەوە. لە تەنیاییدا و لەو ماڵە نامۆیەدا، هەستم بە نائارامی دەکرد. چەند جارێک ویستم کە بچم لە دەرگای ژوورەکەیان بدەم و بە نارین بڵێم دەمەوێت بڕۆینەوە.. لەو ماوەیەدا ژنەکە نەهاتە ژوورەوە..

بـەردەوام گوێم لە تەقەی قاپ و قاچاخ دەبـوو، پێدەچوو لە دەرەوە خۆی بەو دۆلابە کۆنەوە سەرقاڵ کردبێت کە لە ڕاڕەوی دەرگا سەرەکییەکەی لێوەی هاتبووین دانرابوو. کات بۆ گەڕانەوەمان خەریک بوو درەنگی دەکرد. لەهیکڕا دەنگی گریانی نارین م ژنەوت کە تێکەڵ بە بڵمە بڵمێک بوو. ترسی ئـەوەم هەبوو نارین شتێکی بەسەر هاتبێت. چەند جارێک لە جێگەی خۆمەوە گازی نارین م کرد. پێدەچوو گوێبیستی دەنگم نەبووبێت. من نەمدەزانی لە ژوورەوە چی ڕووئەدات. هەڵسام و لە دەرگای ژوورەکە نزیک بوومەوەو گوێم نا بەدەرگاکەوە ئەوەندە لە نارین گەیشتم بە دەنگێک کە لە گریاندا تاسابوو، وشەکانی دەر نەدەهات، ئەی گوت:

– ئێستا من چی بکەم؟ چۆن بڕۆمەوە؟

لەو کاتەدا دەنگی نەهرۆ م ژنەوت بە هەڵچوونێکەوە بە نارین ی وت:

– تازە هەموو شتێک کۆتایی پێهات. مەترسە گیانەکەم.. تۆ هەموو شتێک لەماڵەوە باس بکە.. دڵنیام کارەکە بە دڵی خۆمان دەبێت. من خاوەنی قسەی خۆمم. بەڵێنم پێ داویت. ئەگەر خوێنی خۆشم دانابێت، وازت لێ ناهێنم. لە پێناوی بەیەکگەیشتنمان، هەموو شتێک دەکەم. لەو کاتەدا لە پشت دەرگاکەوە وتم:

– دادە نارین.. درەنگە.. نەڕۆینەوە؟

ئـەوەنـدەی نەبرد، نارین بە پەلە دەرگـای ژوورەکـەی کـردەوە و عەباکەی لە خۆیەوە ئالاند و بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانیەوە کەمێک لێمی ڕوانی و وتی:

- برۆ با بڕۆینەوە.

تا گەیشتینەماڵەوە نارین بەکوڵ دەگریا. منیش نەمدەزانی هۆکاری ئەو گریانەی نارین چی بوو! دوای ڕۆژێک کە لە قوتابخانە هاتمەوە، نارین م بینی لە ماڵی ئێمە بوو، متمانەم پێ بکە خاتوو مۆڵی، ئەو نارینە ڕوو بە خەندە و قسە خۆشە، تروسکاییەکی ژیان لە سیمایدا نەمابوو. کە چوومە ژوورەکـــەی خـۆم، وا پێدەچوو چەند خولەکێک لە پێش هاتنەوەی من هاتبێت، هێشتا دایکم بە گەرمیەکەوە دووبارە بەخێرهاتنی نارین ی دەکردەوە.

ئەو ڕۆژە باوکم لە ماڵەوە نەبوو. شەوبۆی خوشکیشم تەنیا پێش نیو کاتژمێر دەبوو بۆ قوتابخانە چووبوو. کە لە ژوورەوە من خۆم دەگۆڕی، گوێم لە دەنگی نارین بوو بە گریانەوە هەنسکی ئەدا و ئەی وت:

- چیم لێ دەکەی باجی ئامان؟ من ئیتر تەواو بووم. ئیتر من هەموو شتێکم لەدەست دا.

دایکم وەک هەموو جارێک دەستی کرد بە دڵدانەوەی. بەڵام ئەوەی من گوێبیستی ئەبووم، ئەوە نەبوو کە دایکم بەو قسانە چیتر بتوانێت خەمی نارین بڕەوێنێتەوە. نارین بەردەوام دەگریا و لەخۆی ئەدا. دایکم وتی:

- کچەکەم.. چی ڕووی داوە؟ قسە بکە.

نارین قسەکانی لەگەڵ هەنسکی گریانیدا تێکەڵ بووبوون. وتی:

- باجی ئامان.. دوێنی کە چووینە ئەو ماڵە...

لەبەر گریان، نەیدەتوانی قسەکانی تەواو بکات. دایکم

دووباره به هەڵچوونێکەوە وتی:

- دە کچێ پێم بڵێ، خەریکە دڵم ئەتەقێ. لەو ماڵە چی بوو؟ چیتان کردووە؟!

نارین بە پرمەی گریانێکەوە وتی:

- باجی ئامان گیان، من کچێنیم لەدەست دا.

کاتێک دایکم ئـەوەی ژنـەوت، هەتا توانی بە هـەردوو دەستی، کەوتە ڕنینەوەی ڕومەتە سوورەکانی و وتی:

- هەی ڕۆ.. نارین.. هەی ڕۆ.. تۆ چیت کـردووە ماڵت وێران بێت؟! نارین.. چۆن شتی وا دەکە یت بۆ خاتری خوا؟! (بەردەوام لە خۆی ئەدا و خۆی ئەڕنییەوە) کچێ پێم بڵێ.. ئەوە چۆن ڕووی دا؟ نارین ی بێچارە.. وەی ڕۆۆۆ وەی ڕۆۆ.. پێم بڵێ کچێ.. تۆ چۆن ڕێگەت داوە ئەوە ڕوو بدا؟ پێم بڵێ...

نارین، بەدەم هەنسکی گریانەوە کە بە ئاستەم لێی تێ ئەگەیشتم، وتی:

- کـە چوینە ژوورەکـــەوە، هیچمان بـەتـەمـای ئـەوە نەبووین. من بە گریانەوە دەردەدڵـی خۆم دەکرد. نەهرۆ کاتێک منی بەو شێوەیە بینی، پڕ بە دڵی لە ئامێزی خۆی گرتم و ئەیلاواندمەوە. ئەوەندە بە توندی یەکتریمان لە ئامێز گرتبوو دڵمان بە تـەواوی لێک نزیک بوو. هەستم دەکرد دڵی لەناو دڵمدا لێ ئەدا. بەردەوام لەگەڵ هەنسکی گریاندا بۆن و بەرامەی جەستەیم هەڵئەمژی. ئای باجی ئامان ئەوە چ بۆنێک بوو؟ ئەوەندە بەخۆم زانی بەو بۆن و بەرامەی جەستەی تـەواو مەست بـووبـووم. هەستم بە ئـارامـی و

ئاسودەیی دەکرد. تا دەهات توندتر یەکتریمان هەڵئەگلۆفی. هیچمان ئارەزووی ئەوەمان نەبوو لێک دوور بکەوینەوە. لە بێئاگایدا ئەوەندە یەکتریمان بەدەم ئازاری ناخمانەوە ڕادەژەنی، کاتێک زانیم هەردووکمان لەسەر دۆشەکەکەی لەسەری دانیشتبوین بەلادا هاتبووین. نەهرۆ کەمێک سەری لە گەردنم دوور خستەوەو بە چاوە پڕ لە شەهوەتەکانی لە قوڵایی چاوەکانمی دەڕوانی و وتی:

- نارین گیان...

- گیانی نارین...

- دڵنیا بە من ڕێگە نادەم لە دەستم بچیت.

کاتێک ئەوەی پێ وتم هەستم کرد چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون. ئەوە یەکەمین جارم بوو پیاو ببینم بەو شێوەیە بەکوڵ بگری. کە لە نێو باوەشیدا بووم، هەستم دەکرد هەموو گیانی دەلەرزێ، بەردەوام لە قوڵایی چاوی یەکتریمان دەڕوانی، لێوەکانمان هێندە لێک نزیک بوون، کە هەناسەی یەکتریمان دەخواردەوە. تا دەهات زیاتر مەستتر دەبووین، پێم وت:

- دڵنیا بە.. یان بۆ تۆ.. یان بۆ گڵ دەبم.

کاتێک ئەوەم وت، نەهرۆ هەتا هێزی تیا بوو توند بە خۆیەوەی نووساندم. تەواو شێتگیر بووبوو. کەوتە ماچکردن و لێسانەوەی گەردنم. موچوڕکێکی بەچێژ بەهەموو گیانمدا تێپەڕی. بە تەواوی توانای بەرگریم نەمابوو. ئەو بەردەوام لا مل و گەردنی دەلێسامەوە و ماچی دەکردم. منیش لە نێو باوەشە گەرمەکەیدا لەگەڵ ئەو بۆنە خۆشەدا ئەوەندە

سەرمەست بووم تا بە تەواوی هۆشی خۆم لەدەست دابوو. منیش وەک ئەو کەوتمە ماچکردن و لێسانەوەی جەستەی. هەردووکمان وەک سەگی برسی چۆن ئێسقانێک ئەلێسێتەوە ئاوا لە گیانی یەکتری بەر بووبووین. لەسەر ئەو دۆشەکە تلمان بە یەکتری ئەدا. جارێک ئەو دەکەوتە سەرەوە، جارێک من. لە پڕێکا ئەو کە لە سەرم بوو، دەستێکی بەنێو ڕانەکانمدا هێنا. هەتا نێو لەشم نەوەستایەوە.

متمانەم پێبکە باجی ئامان، خۆشەویستی نەهرۆ وەک شمشێرێکی تیژ، بە هێمنی، هەموو لەشی لەت کردم. ئیتر من لەسەر دۆشەکەکە پەلەکانم بە ئەملا و ئەو لای خۆمدا بڵاو کردبووەوە. وەک کەلاکێکی بێگیان لە ژێریدا کەوتبووم. تەواو بێئاگا بووم. نەهرۆ بەردەوام ڕومەتەکانمی دەلێسایەوە، پاشان کەوتە مژینی لێوەکانم. بەو کارە من زێدەتر بەرەو بێهۆشی و چێژێکی ئەفسوناوی ڕۆ دەچووم. ئەوەندەم زانی لەگەڵ داکەندنی دەرپێکەمدا شتێکی ڕەق خۆی بەناو لەشمدا کرد. لەگەڵ ئازاردا هەستم بە مووچڕکێکی پڕ لە خۆشی کرد. لەو کاتەدا ویستم پێی بڵێم نەهرۆ تۆ چی دەکەیت؟ بەڵام هێزی ئەوەم نەبوو ڕەتی بکەمەوە. ئەو کە بە سەرمەوە بوو بێئاگایانە تا دەهات زێدەتر بە گوڕەوە تەکانی لێ ئەدام، منیش لەنێو ئازار و چێژی خۆمدا ڕۆچووبووم. لەو کاتەدا هەستمکرد پەلەکانم وەک مارێک لە هەموو گیانی نەهرۆ ئاڵاوە و هەردووکمان لەوپەڕی چێژی خۆشەویستیماندا بووین. بێئاگا لەوەی لە نێوانماندا چی ڕووی داوە! کاتێک بە خۆمان هاتینەوە، خوێن هەموو ناو

لەشمانی تەواو سورکردبوو. وەی باجی ئامان وەی چیم بە خۆم کردا! من تەواو بووم.. ئامان گیان.. چیم لێ ئەکەیت؟ بەقوربانت بم.

کە دایکم بە دەستێکی سنگی خۆی بە زەبرەوە ئەکوتی، وتی:

- کچێ نارین.. من زووتر پێم وتی کە ئاگات لە خۆت بێت شەیتان نەچێتە بن کڵێشەتەوە.. ئای کچێ.. من چیم پێ ئەکرێ؟ تازە خوێنی خۆت لە براکانت حەڵاڵ کرد. وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ.. یاخوا کەس چارەنووسی بەدەستی شەیتان نەبێ.

لەدوای بەزمەکەی نارین، دایکم بەتەواوی هۆشی لەدەست دابوو. ئەو ماوەیە بەهۆی نارین ەوە، تەواو نائارام بوو. بەردەوام دەمی لەسەرمان بوو. بەدەم ئەو ترسەی کە لە چاوەکانیدا ڕەنگی ئەدایەوە، ئەیگوت:

- کچەکانم.. بەقوربانتان بم.. ئاگاتان لە خۆتان بێت.. نەکەن لە هەتیو و مەتیو نزیک ببنەوە.. شەیتان ئامانی نییە.

دایکم نەیدەوێرا بەسەرهاتەکەی نارین بۆ باوکم بگێرێتەوە، دەیزانی ئەگەر باوکم ئەوە بزانێت، ئیتر ڕێگە بە نارین نادات هاتوچۆی ماڵمان بکا. ئەو ماوەیە بۆ ئەوەی ترسی دایکم بڕەوێتەوە، زۆر بەکەمی دەچوومە دەرەوە. لە دەرگاکەی خۆمان زیاتر دوور نەئەکەوتمەوە. بەو هۆیەوە پەری ی دراوسێمان، بە ناچاری دەهاتە بەردەم دەرگای ئێمە. زۆرجار بەهۆی سارد و سەرماوە، دایکم داوای لێ ئەکردم کە لە ژوورەوە یاری بکەین. بەڵام شەوبۆ ی خۆشکم بە هۆی ئەوەی لە من گەورەتر بوو، حاڵی زۆر

خراپ بوو. ئەو تەنانەت بۆی نەبوو بۆ کارێکیش بە تەنیا لە دەرگاکەی دەرەوەش نزیک بکەوتایەتەوە. بەناچاری خۆی بە ڕازاندنەوەی سەرو قژیەوە خەریک دەکرد.

شەوبۆ، ئەوەندە لە بەردەم ئاوێنەکەدا دەمایەوە، تا ڕۆژێک دایکم بە سەریدا تەقییەوە و ئاوێنەکەی لە بەردەمی هەڵگرت و ئەوەندە بە توندی کێشای بە زەویدا ئاوێنەکە بوو بە سەدان پارچەوە. ئەوەندە پارچەکانی بڵاو بووبووەوە تا چەند ڕۆژێکیش لەگەڵ خاوێن کردنەوەی ژوورەکەدا، هەر پارچە ئاوێنەمان ئەدۆزییەوە. زۆرجار لەکاتی دانیشتندا، یان هاتوچۆدا، پارچە ئاوێنەی ورد کە بە بنی پێماندا ئەچوو، ڕای ئەچڵەکاندین. لەو کاتەدا کە دایکم ئاوێنەکەی شکاند، بە هەموو هێزیەوە بەسەر شەوبۆ ی خۆشکمدا ئەشیڕاند:

- کچێ بەسە هەی لە ئۆمەت نەچوو.. تا کەی واز لە سەیرکردنی ئاوێنە ناهێنیت؟ دەتەوێت تۆش ماڵم وێران بکەیت و حەیا و شەرەفمان بەریت؟ من چەندجار پێم وتی ئەوەندە لە ئاوێنە مەڕوانە. ئاوێنە شەیتانە و سەرت لێ ئەشێوێنێ.

لە دوای قسەکانی دایکم، شەوبۆ بەتەواوی لە سەیرکردنی ئاوێنە دوور کەوتەوە، تەنانەت زۆرجار بۆئەوەی دایکم تووشی هەڵچوون بکات بە سەرو قژێکی ئاڵۆزکاوەوە ئەچوو بۆ قوتابخانە. دایکم دەیزانی شەوبۆ لە داخی ئەو بەو شێوەیە ڕەفتار دەکا. دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند دەکرد و سکاڵای دەکرد و ئەیگوت:

-ئەی خوایە گیان.. لەبری ئەم کچانە.. بۆچی کوڕێکت

پێ نـەدام تا بە ئارامی شـەوێک بخـەوتمایە و ئـەو خـەمـەم نەبووایە.

ئای خاتوو مۆڵی، دەبێت نارین لەو ساتەدا لە چ دۆخێکدا ژیابێت کە بە نارەوا کچێنی خۆی بەخشییە نەهرۆ! ئاخر من ئەوە دڵم دەگوشێت. ئەو کارەی کە نارین کردی، بەبڕوای دایکم، ئەوپەڕی بێڕەوشتی بوو. لەکاتێکدا کە منیشی ناچار کرد هاوسـەرگیری بکەم، هـەر یەکەمین شـەو هەستم کرد وەک سۆزانییەک بەناچاری جەستەی خۆم بە پیاوێکی نامۆ دەبەخشم. بە بڕوای من، سـەرەتای کاری لەشفرۆشیم لەو شـەوەوە دەستی پێکرد. ئەو شـەوە من تەنیا جەستەیەکی سارد و سڕ بووم. خاڵی لە هەموو شتێک. تەنیا من بوومە سەرچاوەی چێژ و پیاوەتی هاوسەرەکەم.

هەست دەکـەم لە نێوان من و نارینـدا هەموو شتێک بەتەواوی ئـاوەژوو بوو، نارین کچێنیی خۆی بە کەسێک بەخشی کە خۆشی دەویست، بـەڵام چارەنووسی نارین کە ڕەگی بە ناخی هەموو ژیانمدا شۆڕ کردبووەوە، بووە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەی کە هیچ ڕۆشناییەکی ژیانم تیا نەدۆزییەوە. من بە تۆ دەڵێم خاتوو مۆڵی.. تۆ ڕێگەی کاممان بە ڕەوا دەبینی؟ ها؟! پێدەچێت بۆچوونێکی جیاواز لە نێوانماندا هەبێت، یان ئەوەتا پشتگیریی یەکێکمان بکەیت و پاساوێکی لوژیکیانەی خۆت وەک ژنێک بۆ هەر یەکێکمان بهێنیتەوە.

بەڵام من بەو کارە هەرگیز نامەوێت سەرزەنشتی خۆم و نارین بکەم، دڵنیام لە نێوانماندا شتێک هەیە کە لەگەڵ ژیاندا

ناچیزە. شتێک کە شەیتان خۆی بە خاوەنی دەزانێت و بە ویستی خۆی گەمە بە هەموو هەست و سۆزمان دەکات. ئەو شەیتانەی کە هەر لە منداڵییەوە لە ناخماندا گەورە دەبێت و لە هەموو بیرکردنەوەیکماندا بوونی هەیە. هەتا بە نەفرەتمان بکردایە زیدەتر لیمان شێتگیرتر دەبوو و ناخمانی دەهەژاند.

نزیکی هەفتەیەک تێپەڕی، نارین م نەبینیەوە. دایکم هەموو ئێوارانێک لەسەر بەرماڵەکەی دوای تەواو بوونی نوێژ، دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و نزای بۆ نارین دەکرد. دەیوت:

– خوایە بۆ خۆت دەزانیت.. ئەو بەندەی خۆتە.. تکات لێدەکەم لە گوناحەکانی خۆش بە و ئەو کێشەیەی بە خێر بۆ بهێنەوە.. ئەو بەندەی تۆیە و تۆش خالقی هەموو شتێک.. لای تۆ ئاسانە.. خوایە..

کاتێک دایکم لە نزاکردن دەبووەوە چاوەکانی تەڕ بووبوون. لەو ساتەدا بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت نارین چارە نووسی بە چی بگات؟

شەوێکی درەنگ، کاتژمێری دیواری ژوورەکەم لە دوانزەی شەو لای دابوو. ئەو شەوە هێندە شووم بوو، پێدەچوو هەستی بە مەرگی نارین کردبێت. لوورەی ڕەشەبایەکی سارد، دەنگێکی ترسناکی لەنێو ژوورەکەمدا خولقاندبوو، هاژەی ئەو دارانەم دەژنەوت کە ڕەشەباکە لەگەڵ ئەو توڕەییەی ناخی خۆیدا سەمای مەرگی پێدەکردن. بە تەقەو گرمەی ئەو شتومەکانەی کە لە حەوشە بچکۆلەکەی خۆمانەوە دەهات، هەستێکی نائارامی بە دەروونم بەخشیبوو.

من که سەرقاڵی نووسینەوەی کاری قوتابخانە بووم، کارەبا کوژایەوە. بەناچاری چوومە سەر جێگەکەم. شەوبۆ ی خوشکم دەمێک بوو نووستبوو. کاتێک سەرم خستە سەر سەرینەکە، گوێم لە جیڕەی کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی نارین بوو، کە لەو دیوارە تەنکەی نێوانمانەوە دەمژنەوت. ئەوەندە تامەزرۆی بینینی نارین بووم، بەو شەوە ئەو چاکەتەی ڕۆژانە بۆ قوتابخانە بەکارم دەهێنا، لەبەرم کرد و لەو تاریکی ژوورەدا وەک نابینایەک دەستم بە دیوارەکانەوە دەگرت تا خۆم گەیاندە دەرگای حەوشە بچکۆلەکەی کە پەنجەرەی ژوورەکەم لێوەی دەیڕوانییە سەری. لەگەڵ هەنگاوە کوێرانەکانمدا، خۆم گەیاندە نزیکی ئەو دیوارە نزمەی کە حەوشەکەی ماڵی ئێمە و ماڵی نارین ی لێک جیا دەکردەوە. لەو کاتەدا دەنگی ئاراس م ناسییەوە کە بەسەر نارین دا وەک شێر نەڕاندی:

– هەڵسە.. خۆت مە کە بە نووستوو. بزانم چۆن دەتوانیت حەیامان بەریت هەی قەحبە؟! تۆ وا دەزانیت بێ خاوەنیت وا دەستت داوەتە بەرەڵایی؟!

لەو کاتەدا ئارام بە هەڵچوونێکەوە وتی:

– ئەوەی دایکم باسی دەکات ڕاستە نارین؟؟ ها؟؟ قسە بکە..

من لەو کاتەدا قاچەکانم لەسەر ئەو تەنەکە نەوتە دانابوو کە دایکم ڕۆژانە بۆ پڕکردنەوەی زۆپاکە بەکاری دەهێنا. بۆ ئەوەی جوانتر لە پەنجەرەکەوە ژوورەکەی نارین ببینم، خۆم بە دیوارەکەدا هەڵزنیبوو. دەنگی نارین م ژنەوت بە

دەنگێک کە جورئەتێکی بێ وێنەم تیا دەبینی، هاواری کرد و وتی:

– بەڵێ.. ڕێگە نادەم بمفرۆشن.. من بەویستی خۆم کچێنی خۆم داوە بە نەهرۆ.. یا مێرد بەو دەکەم یان ئەوەتا بمکوژن، باشترە بە دەستی خۆم خۆم فڕێ بدەمە دۆزەخێکەوە کە ئێوە بۆتان دروست کردووم.

کە نارین ئەوەی وت، ئەوەندەی تر ئاراس شێتگیرتر بوو. بەو دەنگە گڕەیەوە کە ترسی دەخستە هەناوی بنیادەمەوە، وەک شێر بەسەر نارین دا نەڕاندی:

– زۆر باشە.. ئێستا بە دەستەکانی خۆم ڕەوانەی ئەو دۆزەخەت دەکەم کە ناتەوێت بیبینی.

لەو کاتەدا قریشەکەی نارین، تێکەڵ بە هاژەی ئەو ڕەشەبایە بوو کە بە ویستی خۆی گەمەی بە پرچە درێژەکانم دەکرد، هاواری دەکرد:

– وازم لێ بهێنن..

من کە چاوەکان لەسەر نیمچە تاریکیی ژوورەکەیان بوو، کە چراکەی دەستی ئارامی برای، ژوورەکەی ڕۆشن کردبووەوە، هەستم کرد دەنگی نارین دەخنکا. لەسەر ئەو دیوارەوە کە لێم دەڕوانین، گوێم لە قرخەقرخی نارین بوو. لەو کەشە ترسئامێزەدا، ئەژنۆکانم وەک دارێکی لاوازی بەردەم ڕەشەباکە، ئەلەرزی. ئای خاتوو مۆڵی، ئەو شەوە بە چاوەکانی خۆم بینیم براکانی، نارین یان خنکاند. باوەڕم پێ بکە تا ئێستاش، من تەنیا شاهیدی ئەو ڕووداوە بێدەنگەم.

کە لە پەنجەرەکەوە نزیکتر بوومەوە، بینیم کە ئاراس

دەستە زلەکانی لە گەردنی نارین نابوو. نارین ی تاین، بە دەستە باریکەکانی، توند دەستی ئاراسی گرتبوو تا خۆی لە مەرگ قوتار بکات. نارین سەری لەسەر کەناری سیسەمەکە، بۆ خوارەوە، شۆڕ بووبووەوە. قژە درێژو خاوەکەی، وەک تاڤگەیەک لەگەڵ جووڵەی سەریدا دەڕژایـە سەر فەرشە دڕاوەکـەی ژێر سیسەمەکەی نارین. لەو کاتەدا بەرگری دەکرد. بە قاچە درێژەکانی، لە دواوە پاڵی بە ئاراس ەوە دەنابۆئەوەی لەخۆی دوربخاتەوە. ئارام لە جێگەکەی خۆیدا کە لە دوای ئاراسەوە بوو دۆش داما مابوو. ئەو چرایەی کە بە ئاستەم ڕوناکی مەرگی بەو ژوورە بەخشیبوو، بە دەستیەوە دەلـەرزی. دیاربوو بەو دیمەنە جەرگبڕە واقی وڕمابوو. جووڵەی نەدەکرد. ئاراس هاواری لە ئارام کرد:

– ئەوە تۆ چی دەکەیت؟ قاچەکانی بگرە با نەجووڵێت.

کاتێک ئـارام بە خۆی هـاتـەوە چـراکـەی لەسەر تاقی ئەو پەنجەرەیە دانا کە من لێوەیەوە دەمڕوانی. تاوی دایە قاچەکانی نارین. ئاراس کەللە زلەکەی بەسەر نارین دا شۆڕ کردبووەوە و تا دەهات زیاتر دەستەکانی لە گەرووی نارین توندتر دەکـرد. لەو کاتەدا مێشکم بـەتـەواوی وەستابوو. نەمدەزانی بۆ ژوورەوە هەڵبێم یان بـەردەوام لەو تاوانە بێدەنگە بڕوانم کە تەنیا من شاهیدی بووم؟! کە هەستم بە ساردیی کوڵمەکان و ڕوومەتی خۆم کرد، ئەو کات زانیم بێئاگایانە لە بێ دەستەوسانی خۆمدا، بۆ نارین دەگریم.

نارین بەدەستیانەوە، وەک باڵندەیەکی شەکەت بەدەم باوە، تەواو تاسابوو. چاوە گەشەکانی کە نیگای لە بنمیچی

ژوورەکە گرتبوو، لە خوێنی پەنگخواردوی گەرویدا، سور بووبوون. ئەوەندەی نەبرد جووڵە لەجەستەی بڕا. سەری بە کەناری سیسەمەکەوە بۆ خـوارەوە شۆڕ بووبووەوە، ئـەو دەستانەی کە لە مەچەکی ئـاراس ی توند کردبوو، بۆ خـوارەوە ترازا و دەستی ڕاستی کە لە نزیکی کەناری سیسەمەکەوە بوو، بەقورسی بۆ خوارەوە شۆر بووەوە.

ئەو دیمەنە، خەوی لە چاوانم زڕاند. لەناو پێخەفەکەمدا هەموو جەستەم وەک شەقشەقە دەلـەرزی. مێشکم تەواو وەستابوو. چەند جارێک بیرم لەوە دەکـردەوە شەوبۆ ی خۆشکم بەئاگا بهێنمەوە و لە ڕووداوەکە ئاگاداری بکەمەوە، بـەڵام نەمزانی بۆچی منیش وەک ڕووداوی کوشتنەکەی نارین، بێدەنگ بووم؟! بەردەوام ئەو دیمەنەی نارین، دەهاتە پێش چاوەکانم کە چاوەکانی هێشتا بۆ بینینی کەسێک دەیان ڕوانـی، وەک ئەوەی بیەوێت پڕ بە گـەرووی هاوار بکا. لێوەکانی ئاوا لێک ترازابوون. بۆ بەیانی، بەدەنگی دایکم ڕاچەنیم، کە پێی وتم:

– کچم درەنگە بۆ قوتابخانەکەت.

نـازانـم کـەی خـەوم لێ کەوتبوو. کە بەئاگا هاتمەوە، تووشی لەرزوتا بووبووم. ئێستاش نازانم لە ترسدا بوو یان بەهۆی ساردی ئەو شەوەوە بوو کە تا دوا هەناسەی نارین، بەسەر ئەو دیوارە ساردەوە قەتیس مابووم. تا چەند ڕۆژێک لەناو جێگەکەی خۆمدا کەوتم و نەچوومەوە بۆ قوتابخانە. بەردەوام بەدەم لەرزەوە شەوانە لەبەر خۆمەوە دەمبزرکاند و ناوی نارین م دەهێنا. تەواو بێئاگا بووم کە لە دوای ئەو

شەوەوە چی ڕووی داوە! کاتێک ناوی نارین م دەهێنا، زمانم گران دەبوو. هەستم دەکرد لە گۆ کەوتووم.

بۆ سپێدە کۆڵانەکەمان لە ژن و پیاوێکی زۆر جمەی دەهات، ژنەکان بە کوڵ بۆ مەرگی نارین دەگریان. دایکم وەک ئەوەی کچێکی خۆی لەدەست دابێت، لە ماڵەوە شینێکی بە کوڵی بۆ ساز دابوو. من کە بە ئاستەم خۆم بەسەر پێکانی خۆمەوە دەگرت، چوومە هۆڵەکەوە. کاتێک دیمەنی دایکم بینی، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و لەخۆی ئەدا، وتم:

– دایکە.. بۆچی دەگریت؟

بە دەنگێک کە قوڵپی گریان لە گەروویدا تاساندبووی، وتی:

– دەڵێن کاتێک نارین لەخەودا بووە زۆپاکەی گڕی گرتووە، بێئاگابوون لەوەی نارین لە ژوورەکەی خۆیدا هەموو گیانی سوتاوە و بووە بەقەقنەس.

دایکم لەوە زیاتر، هیچی تری نەوت، بەڵام لە چاوەکانیدا هەستم بەوە دەکرد مەزەندەی ئەوەی کردبێت نارین خۆی سووتاندبێت. چەند جارێک هەوڵی ئەوەم دا دیمەنی کوشتنەکەی نارین بۆ دایکم بگێڕمەوە، بەڵام نەمدەزانی بۆچی منی تەنیا شاهیدی ئەو تاوانە بێدەنگە، لە ئاست ئەو ناڕەواییەی کە بە نارین یان کرد، زمانم چووبووە بەست و وەک مەرگی نارین بە بێدەنگی لە ناخی خۆمدا ناشتم.

## ٥

تۆ بڕیار بدە خاتوو مۆڵی کە من باسی ژیانی نارین م بۆ کردیت! دەمەوێت وەک کەسێکی بێلایەن لەسەر ئەو تاوانە، بۆچوونتان بزانم! ئایا نارین شایانی ئەو مەرگە بوو؟! یان تۆ وەک ژنێک، ئایا تا چەند ڕەوایی ئەدەیتە براکانی کە ڕۆحی نارین یان بە مەرگ سپارد؟ لەوانەیە تۆ وەک یاساناسێک لە دیوێکی تاوانەوە لێی بڕوانیت! بەڵام من پێت دەڵێم کە ئێمە کۆیلەی دەستی شەیتانێکین کە هەموو شوناس و ئازادیمانی بە بەرۆکیدا هەڵواسیوە. هەموو تاوانێک ئەخەینە ئەستۆی ئەو شەیتانەی کە بە درێژایی مێژوو بە ویستی خۆمان لەناو دڵ ڕۆحی خۆماندا گەورەمان کردووە. ئەگەرنا.. هەرگیز تاوان یەکلایەنە نییە. خاتوو مۆڵی.. تۆ وەک یاساناسێک بیر بکەرەوە ئایا لە پشت هەموو هەڵە و تاوانێکەوە، هۆکارێکی شاراوە نییە کە دەبێتە هۆکاری ئەنجامدانی؟

من نازانم ئێوە چۆن بیر لە تاوان دەکەنەوە! بە بڕوای من، نارین تاوانی نەکرد. ئەو لەوپەڕی خۆشەویستی و عەشقەوە کچێنی خۆی سپاردە نەهرۆ، یان تۆ بیر لە هۆکاری کوشتنی نارین بکەرەوە.. بۆچی براکانی نارین یان کوشت؟ ئایا ئەوە بە لای تۆوە تاوانە! یان ئەو بیرکردنەوەیەیە کە وا دەکات بۆئەوەی بە ناچاری سووک و ڕسوای قسەی ناو خەڵکی نەبن و شکۆی خۆیان بپارێزن ئەو کارەیان کرد! من دڵنیام ئەگەر شەرەفی پیاو لەناو لینگی ژندا نەبوایە، کارەکان بەو شێوەیە نەدەبوو و ئەو تاوانە ڕووی نەئەدا.

من دەبێت لەو دۆخەدا چیم بکردایە؟ وەک نارین ڕەدووی ئەو عەشقە ناکامە بکەوتمایە و چارەنووسی خۆم بە وێنەی چارەنووسی نارین بسپاردایە! یان درێژەم بە ژیانێک بدایە کە هەموو ڕۆژێک بە ئاواتی مەرگەوە بم. من لەو نێوەندەدا تێڕامابووم. ئاخر ئێمە تەنیا بۆ ئەوەی بژین، نان دەخۆین و هەناسە ئەدەین، تۆ پێت وایە مرۆڤ دەتوانێت تەنیا بەو شێوەیە بژی؟ یان ژیان بەبێ عەشق چۆن دەتوانێت درێژە بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی بدات؟ بۆچی عەشق شتێکی نامۆ و ناچیزە لەگەڵ مرۆڤدا؟ یان خەونێکی شەیتانە خۆی دەخزێنێتە ناو قوڵایی ناخمانەوە؟ یان عەشق غەریزەیەکی سروشتی مرۆڤایەتییە و لەناو بونیادی ئێمەدا بوونی هەیە و گەشەدەکات. ئاخر هەر عەشق نییە کە هەموو خەونەکانمان بۆ ژیان جوانتر و بەچێژتر دەکات! ئاخر هەر عەشق نییە درێژەی بە ژیانی هەموو مرۆڤایەتی داوە بۆ ئەوەی بوون و جۆری خۆی بپارێزێت؟ ئیتر بۆچی دەبێت هەموو هەستێکی پڕ لە عەشق و خۆشەویستی، شەیتانێک لە هەناویدا خۆی مەڵاس دابێ؟!

لە نێوان ئەو دوڕیانەدا، تێڕامابووم. هەستم دەکرد بە هەر لایەکیدا بڕۆم، لە بەردەممدا سەدان ڕێگەی تاریک و نادیاری لێ دەبووەوە. توانای هیچ هەڵبژاردنێکم نەبوو، چەندینجار بیرم لە کوشتنی خۆم دەکردەوە. پێم وابوو ئەوە جوانترین چارەنووسی منە کە بە ویستی خۆم دیاریی بکەم. ئاخر چۆن ئەو ڕێگایە هەڵبژێرم کە هەستم دەکرد تاوانێک بەرامبەر خەونەکانی خۆم دەکەم و لەگەڵ ویستی خۆمدا

دەجەنگم؟!

بە بڕوای تۆ.. ئەوە تاوان نییە بەرامبەر بە کەسێک کە منی کردبێتە شاژنی خەونەکانی و دواتر بە فرمێسکەکانی بوونم لە ناخیدا بشواتەوە؟! ئاخر من چۆن بتوانم لە بەر دەم ئەو هەستەدا خۆم ڕاگرم و درێژە بە ژیانێکی مەرگئاسا بدەم؟!

ئەوەندە لە مێردنەکردن مکوڕ بووم، کە لە نێو ژنانی کۆڵانەکەدا دەنگۆی دابـووەوە. دایکم ئەو باسەی لە نێو ژنـەکـانـدا درکـانـدبـوو، ئیتر هـەر ژنـە و لـە لای خۆیەوە پرسیاری دەکرد و ڕوونکردنەوەی لەسەر خوازبێنیەکەی من ئەدا. دایکم دەیگوت:

– ئەڵێی خـوا عەقڵی پێ نـەداویـت.. ئاخر بۆچی شوو ناکەیت؟ کەسێکی باش و بەدەرامەت هاتۆتە خوازبێنێت.. خانوو و ئۆتۆمبێلی خۆی هەیە.. مووچەیەکی باشی هەیە.. لە خۆی زیادەیە.. ئیتر پێم بڵێ.. تۆ لەوە زیاتر چیت دەوێت؟!

دایکم نەیدەزانی کە سورکێو م خۆش دەوێت، هەرگیز جورئەتی ئەوەم نەبوو ئەو باسەی لە لا بدرکێنم، چونکە سورکێو لەو کاتەدا هیچ کار و دەرامەتێکی وەهای نەبوو تا بتوانێت بێتە پێشەوە و خوازبێنیم بکات. منیش لە چاوەڕوانی ئـەوەدا بـووم دەسـتی بـە کـارێـکـەوە بگرتایە، بۆئـەوەی ڕەزامەندی دایکم و باوکمی پێ بەدەست بهێنم. بەدایکم وت:

– دایکە گیان.. تۆپێت وایـە شووکردن کارێکی هەروا ئاسانە؟! ئاخر چۆن بتوانم ژیان لەگەڵ کەسێکدا بەسەر بەرم کە بەتەواوی ئاشنای یەکتری نەبین؟ یان خۆشەویستییەک

نەبێتە هۆکاری بڕیاندانمان؟!

دایکم کە گوێی لەو قسانە بوو، بە پێکە نینێکەوە وتی:

– کچم.. خۆشەویستی لە دوای هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت. ئەوەتا کاتێک کە باوکت هاتە داوام، یەکمجارم بوو بیبینم. کە باوکم بەڕەحمەت بێت، باسی کرد، وتی کچم ئەم کوڕە پارەی نییە، بەڵام کوڕێکی باش و ئیشکەرە، من لە قسەکەی باوکم دەرنەچووم. ئەوەتا بۆ خۆت دەزانیت سەرەتای ژیانمان چەند گیرۆدە بوین بەدەست نەبوونیەوە. شکور بۆ خوا ئێستا ئەم خانووەمان کڕیوە و ناوماڵێکی باشمان هەیە. جیاواز لەو ساتانەی کە تۆ منداڵ بوویت کە لە ڕوومان نەدەهات پێشوازی لە میوانێک بکەین. من بەو شێوەیە تەمەنێکم بە هەژاری و داماوی لەگەڵ باوکتدا بەڕێ کرد، بەڵام نامەوێت تۆ بەو شێوەیە بژیت.. دەزانم گەنجیت و دڵت زۆر شت دەخوازێت.. من حەز دەکەم لە ژیانتدا بەختەوەر بیت سفرەت خاڵی نەبێت..

دایکم ئەوەندە نەبوونی چەشتبوو، نەیدەویست ئێمەش وەک خۆی بەو شێوەیە ژیان بکەین. لەبیرم دێت ئەو کاتانەی کە منداڵ بووم زۆر لەو ئێوارانەی کە باوکم بێکار دەگەڕایەوە، پارەی ئەوە لە گیر فانیدا نەبوو کیلۆیەک شەکری پێ بکڕین بۆ بەرچایی بەیانیان. زۆر جار چاکەمان بە تاڵی دەخواردەوە. یان ئەگەر ڕێک بکەوتایە لەگەڵ ئەو چایە تاڵە، خورمامان پێوە دەخوارد.

دایکم بەو هەموو نەهامەتییەوە، درێژەی بەو ژیانە دابوو، بەڵام پێم بڵێ خاتوو مۆڵی، ئاخر من چی لە ژیانێکی خۆش

بکەم کە دڵمی تیا ئاسوودە نەبێت! من چۆن بتوانم ڕۆح و جەستەی خۆم بە کەسێک بسپێرم کە هەستێکی خۆشەویستی ڕاستەقینەم بۆی نەبێت! هەندێ جار گوێبیستی ئەو ژنانەی دراوسێمان دەبووم کە لەگەڵ هاوسەرەکانیان ناکۆک بوون، کە باسی سەرجێگەی شەوانەی خۆیان دەگێڕایەوە، لە کاتی سێکسکردندا دەستیان لەسەر نێوچەوانی خۆیان دەناو و وا هەستیان دەکرد کە لەگەڵ کەسێکی نامۆدا بەناچاری دەخەون. ئاخر من کاتێک سەرکەوت م بینی، ئەو هەستەم لادروست بوو. ئیتر چۆن بتوانم خۆم لە بەردەم ئەو دۆخە دژوارەدا بگونجێنم! کە بە درێژایی ژیانم ئازاری ڕۆحم بدا!

هەرچەند بیرم لەو ڕۆژە دەکردەوە کە سورکێو م تیا ناسی، زیاتر ڕۆحم ئازاری دەکێشا. خاتوو مۆڵی، پێم خۆشە گوێبیستی چیرۆکی ئەو عەشقەم بیت کە نەمدەزانی چۆن دڵ و ڕۆحمی داگیر کرد! دەزانم بەڕێزتان لەوانەیە ئەوە وەک چیرۆکێکی بێ بایەخ بۆ دۆسیەکەم لێکی بدەنەوە، بەڵام من دەمەوێت ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە چۆن سورکێو فێری ئەوەی کردم هەست بە بوونی خۆم بکەم! هەست بکەم لە ژیاندا شتێک هەیە کە درێژە بە خەونەکانت ئەدات. دەتخاتە ناو جیهانێکی ئەفسووناویی نامۆوە کە لە نێویدا وەک باڵندەیەک بە ئاسمانی ئازادی ئەندێشەی خۆتدا گوزەر بکەیت.

من کە بە بیرێکی کورتەوە لە شتەکانم دەڕوانی. ئەو فێری کردم چۆن لە ژیان بگەم! چاوەکانی کردمەوە. دنیام بە شێوەیەکی تر دەبینی، جیاواز لە هەموو هاوڕێکانم. کە

تەنیا لە بەندیخانەی دڵی خۆیانەوە بۆ ژیانیان دەڕوانی. ئەو هەر لە سەرەتای ناسینمەوە، بە ژیان ئاشنای کردم. دەمەویت ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە چۆن کەوتمە ئەندێشەی خۆشەویستی سورکێو وە.

کاتێک شەونم باسی خۆشەویستی دەکرد، لیۆن بە ئەندێشەمدا تێپەڕی. بە خۆم وت:

– تۆ بڵێی ئێستا من لە بیر و هەستی ئەودا بم، بۆ ئەوەی پلانێکی تر بدۆزێتەوە بۆ دوبارە یەکتر بیبینەوەمان؟!

پڕ بە دڵم ئارەزووی ئەوەم دەکرد. لەوانەیە تەنیا لەناو تۆمارەکانی شەونمدا شتێک هەبێت شایەنی ئەوە بێت پەیوەندی پێوە بکەم و گوێبیستی دەنگی بم! نەمدەزانی چۆن بەو خێراییە، هەموو هەستی داگیر کردم! لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەم ئەدا لە بەردەم ئەو حەزە پڕەی ناخمدا، بەئارام بم. چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بوونم لە دڵیدا گەورەتر بێت. تا دەگاتە ئەوەی کە ئەو جەستە پۆلائاسایەی لەنێو خۆشەویستیمدا بتوێتەوە و نەرمتر لەوەی هەیە لە بەردەممدا خۆی بنوێنێ. پاشان بە هەستێکی پڕ لە ئارامییەوە پێم بڵێ: «خۆشم ئەو یێ». ئەو هەستەم بۆ لیۆن، وای لێ کردم درێژە بە خوێندنەوەی تۆمارەکانی شەونم بدەم، بۆ ئەوەی بەو هەستەی شەونم ئاشنا بم کە چۆن کەوتە ئەو خۆشەویستیە مەزنەی سورکێو ەوە.

تەنیا ماوەی دوو هەفتە دەبوو کە پەیوەندیم بە پەیمانگاوە کردبوو. من لە بەشی ڕاگەیاندن وەرگیرابووم. ئەو بەشەم لە فۆرمی داواکارییەکەدا بە ویستی خۆم دیاریم

کردبوو. ئەو ڕۆژە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کچی خۆمدا، چوینە کافتریاکەوە کە شەربەت، یان چایەک بخۆینەوە. ئایا دەزانیت کێم بینییەوە خاتوو مۆڵی؟! پەری هاوڕێی منداڵیم.. کە تەنیا دوو ساڵێک دراوسێمان بوو. ئەو لەو کاتەدا لەسەر مێزێک بەتەنیا دانیشتبوو و شەربەتێکی پرتەقاڵ کە نیوەی تەواو کردبوو لەسەر مێزەکەی بوو. تاوناتاوێک قومێکی کەمی لێ ئەدا و چاوە ڕەشەکانی بەناو هۆڵی کافتریاکەدا ئەگێڕا. لەو کاتەدا ئەو منی نەبینی. مۆڵەتم لە هاوڕێکانم وەرگرت و چوومە بەردەمی، بە خەندەیەکەوە پێم وت:

– کچە ڕەشەکە..

کە ئاوڕی بە لامدا دایەوە و منی بینی، یەکڕاست لە جێگەی خۆی هەڵسا و هاتە لامەوە و تۆند لە ئامێزی خۆی گرتم. ئای ئەو ڕۆژە چەند هەستم بە بەختەوەری کرد کە پەری م بینیەوە. لەو کاتەدا هەستم دەکرد گەڕاومەتەوە بۆ ئەو ساتەی کە منداڵ بووین و پێکەوە ڕۆژەکانمان بە یاریکردنەوە بەڕێ دەکرد. زۆرجار لە یارییەکاندا من فێڵم لێ دەکرد و ئەویش بە بۆڵە بۆڵەوە زویر دەبوو. کە ئێواران بەعزمان دەکرد، بۆ بەیانی وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت پێکەوە دەستمان بە یاری دەکردەوە. ئەو هەر لە منداڵییەوە، ڕەنگی پێستی وەک هی دایکی، ئەسمەر بوو. کە دایکی لە گەرماو دەیشوشت، کاتێک دەهاتە دەرەوە، هیچ لە سەرو سیمای نەدەگۆڕا. هەر لەبەر ئەوە پێم دەوت «کچە ڕەشەکە».

کە بینیمەوە، باڵای هێندەی من دەبوو، بەڵام ئەو کەمێک

لەمن بەخۆترو قەڵەوتر بوو. کەمێک لێک دوور کەوتینەوە. پەری هێشتا دەستەکانی لەنێو کەمەرە باریکەکەمدا مابوو کە پێی وتم:

– ئەزانیت ئێستا زۆر جوان بوویت؟! گوپە خڕەکانت وەک خۆی ماونەتەوە. ئەری پێم بڵێ.. ئێستاش دایکت پێت ئەڵێت ئەو قژە درێژەت بۆچی نابڕێت؟!

بەو قسەیە هەردوکمان دامانە قاقای پێکەنین. لەو کاتەدا، نەستیانە ڕووم بەلای ڕاستی خۆمدا وەرگێڕا و سورکێو م بینی. لەسەر مێزێکی نزیکمانەوە دانیشتبوو و خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو. بە چاوە پڕ لە سۆزەکانی، تاوناتاوێک لێمی دەڕوانی. من زۆر گرنگیم بەو سەرنجەی ئەو نەدا. ڕووم کردەوە پەری و ئاسەواری پێکەنینەکە هێشتا بە لێوەکانمەوە مابوونەوە، وتم:

– ئێستا خۆم قژی خۆم دەشۆم و دای ئەهێنم. لەبەر ئەوە گرنگی بە درێژکردنەوەی نادات.

پەری بە خەندەیەکی خۆشەویستییەوە وتی:

– دانیشە با شەربەتێکت بۆ بهێنم.

کەپەری ڕۆیشت. بە تیلەی چاوەکانم لە سورکێو م دەڕوانی. هەستم دەکرد دڵی لەلام بێت. جارناجارێک سەری لەسەر کتێبەکەی بڵند دەکردەوە و بە بیانووی شتێکەوە چاوەکانی لەسەر چاوم دەنا. پاشان بە خوێندنەوەی کتێبەکەوە خۆی سەرقاڵ دەکردەوە. ئەو ڕەفتاری سورکێوم ئاسایی وەرگرت. بە لای چەپی خۆمدا ڕوانیم و خۆم بە دیمەنی ئەو خوێندکارانەوە سەرقاڵ کرد کە

لەناو هۆڵی کافتریاکە دەهاتن و دەچوون. بێئاگابووم کە پەری شەربەتەکەی هێناوە و لە بەردەممدا دایناوە. لەسەر کورسیەکەی بەرامبەرم دانیشتبوو. ئەوەندە تامەزرۆی بینینی یەکتری بووین، بەردەوام لە یەکترمان دەڕوانی. پەری بە پرسیارێک ئەو دیمەنەمانی شڵەژاند. وتی:

– ئێرە چۆنە بە لاتەوە؟! لەوانەیە لە کۆلانەکەی خۆمان زیاتر کچی تیا بێت.

منیش بە خەندەیەکەوە وتم:

– بیرت دێت پەری.. لە کۆلان دایکمان نەیدەهێشت تێکەڵاوی کوڕان بین و گەمە لە تەکیاندا بکەین؟

بە خەندەیەکی ساردەوە وەڵامی دامەوە:

– ئەزانم.. لێرەش کوڕی زۆری لێیە.. ئێستاش حەزم بە تێکەڵاوییان نییە.

بە دەستێکی قژە لولەکەی کەمێک بۆ سەرەوە هەڵدایەوە کە بەری چاوە وردو ڕەشەکانی گرتبوو، وتی:

– نازانم.. بەدەست خۆم نییە شەونم.. هیچ هەستێکم بۆ یان ناجووڵێت.

کاتێک ئەوەی وت، گومانێک دڵی گرتم بە تاسەوە، پێم وت:

– ئێ خۆ منیش حەز بە تێکەڵاوبوونیان ناکەم، بەڵام خۆ دەبێت هەر مێردیان پێ بکەین. ئەوسا چی دەڵێیت؟!

پەری بە دڵێکی پڕەوە وتی:

– تۆ خۆت دەزانیت.. من هەر لە منداڵیەوە بە ناوی شەیتانەوە هەستەکانیان بڕیم. خەونەکانیان لێ سەندمەوە..

کردیانمە بووکەڵەیەک.. ئێستا من لە بووکەڵیەکی بێهەست زیاتر، هیچی تر نیم شەونم.

کە ئەوەم ژنەوت، هەموو ناخم هەژا. ئەو ساتە ترسناکەم بەبیر هاتەوە کە جەستەی پەری یان لە هەموو چێژێک بۆ ژیان داماڵی. متمانەم پێ بکە خاتوو مۆڵی، ئێستاش ئەو ئازاری دیمەنەی پەری لە ناخی خۆمدا وێنا دەکەم کە بە منداڵی تووشی هات! هەوڵ ئەدەم وێنای ئەو دیمەنە وەک خۆی بە ناخت ئاشنا بکەم...

نیوەڕۆیەکی مانگی تەمموز بوو، گڕەی ئەو گەرمایەی کە هەڵی کردبوو، هەموو ڕوومانی داخ دەکرد. من و پەری لەو کۆڵانەی بە دەگمەن کەسێکی نامۆی پیا تێپەڕ دەبوو، بە بوکەڵەکانمانەوە گەمەی ماڵە باجێنەمان دەکرد. لەگەڵ هاتنی ژنێکی باڵابەرزی ئەسمەر، کە بەرەو ڕوومان هات و جەستەی پەری بۆ هەتاهەتایە کردە شەختەیەک، گەمەکی لێ شێواندین. پرسیاری ماڵی پەری لێ کردین و وتی:

- کچەکان.. ماڵی فاتمەخان لێرەیە؟

من لە نیگاکانی پەری ئەوەم خوێندەوە سیمای ئەو ژنەی بە لاوە نامۆ نەبێت. کاتێک پەری بە خەندەیەکی خۆشبەختییەوە وتی: «بەڵێ«.

ژنەکە کەمێک لە دەموچاوە باریک و ڕەشەکەی پەریی ڕوانی و وتی:

- تۆ کچی فاتمەخانیت؟

پەری بە خۆشخاڵییەکەوە دڵنیای کردەوە و وتی:

- بەڵی.. من کچی ئەوم.. تۆ هاتوویت بۆ لای دایکم؟

ژنەکە بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە لەگەڵ پەری بەرەو ماڵەوە چوون. منیش لەو کاتەدا بەدوای پەری یەوە بووم. لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم بگەڕێتەوە. کاتێک چونە ژوورەوە، ژنە درێژەکە، کە کراسێکی ئاودامانی ڕەشی پۆشیبوو، دەرگاکەی بە ئەسپایی لە دوای خۆیەوە پێوە دا و بەرەو داڵانەکە ڕۆیشتن. من لەو کاتەدا لە نێوان ئەو بۆشاییەی کە بەردەوام لە کاتی کلۆمدانی دەرگاکەیاندا هەبوو، لێم دەڕوانین. فاتمەخان لە داڵانەکەدا دۆشەکێکی بۆ ژنەکە ڕاخست و لەسەری دانیشتن. پەری لەو کاتەدا بەتەمابوو بێتەوە دەرەوە بۆ لای من کە دایکی بانگی کرد:

– مەڕۆ کچم.. ئەو ژنە بۆ لای تۆ هاتووە.

لە دەموچاوی پەری دا هەستم بەوە کرد کە تووشی گومان هاتبوو. بەو هەستە سادەییەی خۆیەوە گەڕایەوە بۆ لای ئەو ژنەی کە دانیشتنەکەی دیمەنێکی ترسناکی دەبەخشی. من کە لە کەلێنی دەرگاکەیانەوە چاودێریم دەکردن، بینم ژنەکە بە دەنگێکی نزم بە گوێی دایکی پەری دا چرپاندی. فاتمەخان بە ئەسپایی چووە چێشتخانەکەوە و لەگەڵ گەڕانەوەی شقارتەیەک و پارچە مقەبایەکی بە دەستەوە بوو. لە بەردەمی ژنەکەدا بە شقارتەکە ئاگری لە پارچە مقەباکەی دەستی بەردا.

پەری لەتەنیشت دایکییەوە دانیشتبوو. لەدیمەنی ئەو پارچە مقەبایەی دەڕوانی کە بە دەست دایکیەوە ئاگرە شین و سوورەکەی بۆ ئاسمان بڵند دەبووەوە. ژنەکە جارناجارێک ڕێنمایی دایکی پەری ئەکرد کە چۆن مقەباکە هەڵگەڕێنێتەوە

تا ئەو بەشەی کە ئاگر نەیگرتۆتەوە، جوانتر بسووتێت. کاتێک ئاگری مقەباکە بەرەو خامۆشی دەچوو، فاتمەخان پەری بۆ لای خۆی گازکرد و سەری لە ناو کۆشی خۆی نا. پەری لەو کاتەدا بە گومانەوە لە دیمەنی دایکی دەڕوانی، کە سەری بە سەریدا شۆڕ کردبووەوە. ژنەکە وتی:

– فاتم، دەستەکانت لە پشتیەوە بخەرە ژێر باڵیەوە و بە توندی بیگرە بۆ ئەوەی نەجووڵێت.

لەو کاتەدا دیاربوو پەری هەستی بە ترسێک کرد. هەربۆیە بە گریانەوە وتی:

– دایکە.. چیم لێ ئەکەن؟!

دایکی کە هەردوو دەستی لەژێر باڵی نابوو، سەری بەسەر دەموچاوی پەری دا زیاتر شۆڕ کردەوەو وتی:

– مەترسە کچە جوانەکەم.. ئێستا گوێچکەی ئەو شەیتانە دەبڕین کە بۆم باسکردیت.

ژنەکە تورەکەیەکی بچوکی لە گیرفانەکەی بن هەنگڵی خۆی دەرهێنا. لە ناویدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا. ئاگرەکەی کە لە نزیکیانەوە بوو، تەواو خامۆش بووبوو. پەری بەردەوام دەگریا و دەیقریشکاند. ژنەکە لەناو پارچە کاغەزێکدا، گوێزانێکی بەکارنەهاتووی دەرهێنا و لە تەنیشتی خۆیەوە داینا. پاشان دەستی دایە ماکسیەکەی پەری و هەتا سەر سنگ و دەموو چاوی هەڵی ماڵی. پەری لەو کاتەدا ملی بۆ هەموو لایەک دەسووڕاند بۆ ئەوەی ماکسیەکەی کە دەموو چاوی داپۆشیبوو لابدات تا بزانێت چی ڕووئەدات! ژنەکە بەردەوام بوو لە کاری خۆی، پاشان بە دەست و پەنجە

درێژ و ڕەشەکانی، دەرپێ کورتەکەی پەریی تا قولە پێکانی داماڵی و بە هەردوو دەستەکانی لینگی پەری ی بڵاو کردەوە و خستیە ژێر ئەژنۆ درێژەکانی خۆیەوە.

من لە مابەینی دەرگاکەوە ترس هەموو گیانمی تەنیبوو. بیرم لەوە دەکردەوە کە پەری وەک نارین دەخنکێنن. یان شتێکی لەو بابەتەی لێ بکەن. سەرم لە بەینی دەرگاکەیان توند کردبوو و بە دەستەکانم هەردوو لای دەموچاوم گرتبوو، بۆ ئەوەی جوانتر لێیان بڕوانم. خاتوو مۆڵی.. ئەوەم بە چاوەکانی خۆم بینی. ئەو دیمەنە ترسناکەم بینی کە ژنەکە بە پەنجە درێژو ڕەشەکانی، گوێزانەکەی کەمێک قۆقز کردبووەوە و بە دەستەکەی تریشی قیتکەی پەری توند گرت و کەمێک بۆ لای خۆی ڕای کێشا و پاشان بەو گوێزانەی کە بە دەستیەوە تا نیوە چەمابووەوە، لە سەرەوە لە قیتکەی توند کرد و تا خوارەوە هێنای و هەموو قیتکەی لێکردەوە. پەری بەردەوام دەیقریشکاند و هاواری دەکرد:

– وازم لێ بێنن توخوا.. چیم لێ ئەکەن؟؟

دایکیشی بۆ ئەوەی هێمنی بکاتەوە، زوو زوو پێی دەوت:

– ئەوە تەواو کچەکەم.. هیچ نییە.. تەنیا گوێچکەکانی دەبڕین.. مەترسە بەقوربان..

ژنەکە لە دوای تەواو بونی کارەکەی، بە خێرایی دەستی بۆ ئەو خۆڵەمێشە برد کە لە دوای دامرکاندنەوەی ئاگرەکەوە بەجێ مابوو. کەمێکی خستە نێو پەنجەکانییەوە و بەسەر شوێنی بڕینی قیتکەکەیدا بڵاوی کردەوە. کە خوێنی لێ دەچۆڕا.

هێشتا ترسی ئەو کارە، لە سیما ئەسمەرەکەی پەری، ئاسەواری مابوو.

بە نوزە گریانێکەوە لە جێگەی خۆی بڵند بووەوە و دەستەکانی بۆ چەمکی ماکسیەکەی خۆی برد. دەیویست لەناو لەشی خۆی بڕوانێت، تا بزانێت چییان بەسەر هێناوە!

ژنەکە بە ترسێکەوە دەستێکی بۆ پەری درێژ کرد و وتی:

– نەکەی کچێ.. دەست لەخۆت نەدەیت.. دوای خوێنی زۆری لێ دێت.

لەو کاتەدا دایکی بە نەرم و نیانییەکەوە، پەری ی ماچ کردو وتی:

– کچم مەگری.. تۆزێکی تر ئازاری نامێنێت و چاک دەبێتەوە. ئیتر تۆ لە ترسی شەیتان ڕزگارت بوو.

پەری لە دوای ئەو قسانە، بەرەو هێمنبوونەوە چوو، بەڵام بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەگریا و دەنووزایەوە.

بۆ بەیانی کە پەری م بینی لەماڵەوە هاتە دەرەوە، پشتی تەواو کووڕ بووبوو. قاچەکانی بڵاو کردبووەوە. نەیدەتوانی بە تەواوی ڕێ بکات. پێم وت:

– ئەوە بۆچی وایان لێ کردیت؟!

– دایکم ئەڵێت ئیتر شەیتان ناتوانێت بێتە خەونەکانتەوە.

کە پەری م بەو حاڵەوە بینی، مچوڕکێکی ترس بە هەموو گیانمدا دەهات و دەچوو. دەستێکم بۆ ناو لینگی درێژکرد و پرسیم:

– ئێستاش ئازاری دێت؟

بە بێزارییەکەوە وتی:

– ئێستا باشترم، بەڵام کە دەچمە تەوالێت و میز دەکەم. زیاتر ئازاری دێت و دەکزێتەوە.

قومێکم لە پەرداخە شەربەتەکە داو باسەکەم بەو پرسیارە گۆڕی:

– تۆ لە چ بەشێک وەرگیراویت؟

بە نیگایەکی ساردەوە وتی:

– لە بەشی ڕووپێوی.. بەشێکی خراپ نییە.. گرنگ ئەوەیە خوێندن تەواو بکەین، ئەی وانییە؟! ئەی تۆ لە چ بەشێکی؟؟

بە خەندەیەکەوە کەمێک لە دەموچاوە ئەسمەرەکەیم و ڕوانی و وتم:

– بەشی ڕاگەیاندن.

بە تەوسێکەوە وەڵامی دامەوە وتی:

– ئێ باشە.. کەواتە دەبیتە ڕۆژنامەنووس.

بە جووڵاندنی سەرێک، وەڵامی بەڵێ م بۆ دایەوە. پاشان وەک ئەوەی پێویست بێت بە لامەوە زیاتر هەستی خۆمی بۆ ڕوون بکەمەوە، وتم:

– بڕوا ناکەم ئەو کارە بکەم. چونکە باوکم ڕێگەی ئەوەم پێ نادات، بەڵام وەک خۆت وتت، گرنگ ئەوەیە بڕوانامەیەکمان هەبێت، ئیتر خراپ نییە.

بینینەوەی پەری، هەستێکی خۆشحاڵی لا دروست کردم. ڕواژانە لە کاتی پشووەکاندا دەچووینە کافتریاکەوە و پێکەوە دائەنیشتین. زۆرجار باسی ژیانی منداڵیی خۆمان بۆ یەکتری ئەگێڕایەوە. بەهۆی زۆری کوڕان و کچان لە پەیمانگاکەدا، زۆرجار لەسەر مێزێک قەرەباڵخییەکی زۆر دروستدەبوو،

کوڕەکان دەهاتنە لامان و دائەنیشتن. من و پەری تا ئەو کاتەش هیچ ئارەزوویەکی تێکەڵاوبوونمان نەبوو. بەردەوام لە ناخمدا ترسێک هەبوو. ترسی نێزیکبوونەوە لەو کوڕانەی نیگا پڕ لە شەهوەتەکانیان لە جەستەی ئەو کچانە دەنا، کە پۆشاکەکانیان هەستی دەبزواندن. زۆرجار لەگەڵ پەری خۆمان بە مۆبایلەکانمانەوە سەرقاڵ دەکرد. ئەو لە بواری موبایل و ئینتەرنێتدا زۆر زرنگ بوو. ڕۆژێک پێی وتم:

– ناوی فەیسبووکەکەت چییە؟

لەو ساتەدا بە شەرمێکی خۆبەکەمزانینەوە وتم:

– من فەیسبووکم نییە.

بە سەرسوڕمانێکەوە لێمی ڕوانی و پاشان وتی:

– چۆن؟! ئەی بۆچی دات نەناوە؟!

بۆ ئەوەی ئەو شەرمە لە نیگای ئەودا بسڕمەوە، بیانووی ئەوەم هێنایەوە کە لەماڵەوە ئینتەرنێتمان نییە. لەو کاتەدا داوای مۆبایلەکەی لێ کردم و وتی:

– هەر ئێستا لەڕێگەی تەلەفۆنەکەتەوە خەتی ئینتەرنێتت بۆ دەکەمەوە و پاشان فەیسبووکێکت بۆ دائەنێم. لە ڕێگەیەوە دەتوانین بەردەوام لە ماڵیشەوە پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەین.

ماوەیەک پەری بە تەلەفۆنەکەی منەوە خەریک بوو، من چەندجارێک چاوەکانم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا. لەپڕ بینیم سورکێو لە مێزەکەی بەرامبەرمانەوە دانیشتووە و خۆی بە خوێندنەوەی کتێبەوە سەرقاڵ کردووە. من بە وردییەوە لەو دیمەنەیم دەڕوانی، کە لەنێو قەرەباڵخی و دەنگەدەنگی

کافتریاکەدا، بێئاگایانە دەخوێنێتەوە. بەردەوام چاوەکانم لەسەری بوو. نازانم چۆن بەو نیگا ئەفسووناوییەی سەرنجی هەستەکانمی بۆ لای خۆی کێش کردبوو. لەو کاتەدا من بێئاگا بووبووم.پەری وتی:

- ئەوە خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

کەمێک لە جێگەی خۆم ڕاچەنیم و وتم:

- ها.. تەواو بوو؟!

- نا.. هێشتا ماوە. بەڵام پێم بڵێ، ناوی فەیسبوکەکەت بنێم چی؟

بیرم لە خۆم دەکردەوە، ئەبێت چ ناوێکی شیاو دابنێم، کە گوزارشت لە بوونی خۆم بکات! ماوەیەک بیرم کردەوە، پەری لە جێگەی خۆیەوە وتی:

- بنووسم کچە جوانەکە.. ها؟! یان گوڵێکی جوان؟! شتێک لەو بابەتانە بڵێ.. بەڵام با ناوی خۆت نەبێت.

کاتێک پەری ناوی گوڵی هێنا، ئەو قسانەی باوکم بەبیر هاتەوە کە لەماڵەوە کارێکی پێ دەسپاردم، بە ((گوڵەکەم)) بانگی دەکردم و پێی دەوتم:

- گوڵەکەم.. ئادەی تەپڵەکێکی جگەرەم بۆ بهێنە.

لەگەڵ وشەی «گوڵ»دا، کە ئاوێتەی هەستی باوکم بوو، ویستم شتێکی پێوە بلکێنم کە مانایەکی جوانتر بدا و هەستی خۆمی تیا ببینم. لەو کاتەدا پەری وتی:

- دە خێرا کە.. کچێ تۆزێکی تر وانەم هەیە.. شتێک بڵێ.. خۆ لەناو پێناسەکەتدا نانووسرێ.. ئەگەر بەدڵت نەبوو دەتوانیت دواتر بیگۆڕین.

بیرم لەوە دەکردەوە «گوڵی سپی» جوانترین ناو بێت کە گوزارشت لە پاکیزەییم بکات. ئای خاتوو مۆڵی، منێک کە ئەو ناوەم لەخۆم نابوو، ئەو ناوەی کە سەردەمانێک شوناسی کەسێتیم بوو، لەدەستم دا. زۆر بە ئاسانی و بێباکانە بە دەستەکانی خۆم، لە جێگەیدا بە ناچاری ناشرینترین و بێڕەوشترین ناوم بەسەر خۆمدا بڕی. ناوی سۆزانی و لەشفرۆش.. تۆ دەزانێت لە نێوان ناوی ((گوڵی سپی)) و تا ((لەشفرۆش)) چ مەودایەکی دوور هەیە! مەودایەکە کە هەرگیز ناتوانیت بیری لێ بکەیتەوە. ئێستاش بەو خەونەوە دەژیم و هاتوومەتە ئێرە، بۆ ئەوەی لەو مەودا دوورەوە بگەڕێمەوە بۆ ئەو ساتەی کە بە دڵی خۆم ئەو ناوە بە بەری خۆمدا ڕەوا ببینمەوە. ئەو هەستە لە ناخی خۆمدا بەرجەستە بکەم. دواجار، بە پەری م وت:

– بنووسە ((گوڵی سپی)).

پەری بە چاوە بچکۆلەکانی لێمی دەڕوانی و وتی:

– بەڕاستی ناوێکی جوانە.. بەڵام ئاگات لە خۆت بێت ها.. بەخوا لەوانەیە بەهۆی ئەو ناوەوە داواکارییەکی زۆرت بۆ بێت.

بە پەیڤەکانی پەری، خەندەیەک لێوەکانی نەخشاندم و سەرێکم بڵند کرد، تێبینی ئەوەم کرد لەو کاتەی ئێمە بە ناوی فەیسبووکەکەوە سەرقاڵ بووین، دیاربوو کە سورکێو لەژێر چاوە بزێوەکانیەوە، بەتاسەوە، لێمی دەڕوانی. کە زانی هەستم پێ کردووە، چاوەکانی بۆ سەر کتێبەکەی گواستەوە و خۆی ئاسایی کردەوە.

ئای خاتوو مۆڵی.. ئەو ڕۆژانە چەند جوان و پڕ چێژی ژیان بوون، ئێستاس تامەزرۆیی ئەو ڕۆژانە دەکەم کە بە زوویی لە تەمەنم تێپەڕین. نازانم ژیان بۆ ئەوەندە بە هەستەکانمان دژوارە؟ تا لێمان تێنەپەڕێت بیری لێ ناکەینەوە. ئێستاش بە ئومێدەوەم بۆ ئەو ڕۆژانـەی وەک گەڵای پایز لە تەمەنمدا هەڵوەری و چرۆی نەکردەوە. من لە ناخمەوە ڕێچکەی ژیانم کوێر بۆتەوە. وەک ڕێبوارێکی ماندوو، هەنگاو بۆ ئەو ڕێگایە ئەنێم کە تەنیا درێژە بەو ژیانەم ئەدا. سروشتی بوونم بۆی هەڵبژاردووم. ئاخر ژیانکردن لە هەستێکی پڕ لە ئومێدەوە، هەنگاوەکانم نەبزوێنێ؟ ئەی چۆن دەتوانێت دڵم بۆ ساتێک لە دەریای خۆشبەختی ژیاندا لەنگەر بگرێت و ئارامی بەو ڕۆحە ماندووەم بدات؟ دەمەوێت هەستەکانم بگەڕێنمەوە بۆ ئەو ساتانەی مانای ژیانم تیا دەبینی.

چەند هەفتەیەک تێپەڕی، من و پەری، لە کاتەکانی پشوودا، لە کافتریاکە، ڕۆژانە یەکتریمان دەبینی. پێکەوە بەتەنیا لە گۆشەیەکدا دائەنیشتین. زۆر بە کەمی خوێندکارەکان دەهاتنە لامانەوە. ئەو ماوەیەی فەیسبووکەکەم کردبووەوە، چەندین دواکاری هاوڕێیەتیم بۆ هاتبوو. هەستم پێ نەکردبوو، تا ڕۆژێک پەری لە فەیسبوکەکەمی ڕوانی و وتی:

– ئەوە چییە کچێ؟

– چی بووە ؟

– تۆ بڕوانە.. بزانە چەند کەس داوای هاوڕێیەتی لێ کردویت! بۆچی سەیرت نەکردووە؟

– بێنە با سەیری بکەم.

– نا.. بۆستە. با من لە پێشا سەیریان بکەم، بزانم کەسیان ناناسم.

کاتێک پەری لە ناوەکانی ڕوانی، وتی:

– ئەوە چییە! ئەو هەموو کوڕە قۆزە داوای هاوڕێیەتیت لێئەکەن؟! ئەڵێی چی؟ پەسەندیان دەکەیت؟

لەو کاتەدا تەلەفۆنەکەم لە دەستی وەرگرت و لە ناوەکانم ڕوانی، هیچیانم نەدەناسی. هەندێکیان لە ڕێگەی نامەوە نووسیبویان

((دەتوانم ببمە هاوڕێت؟؟))

((لەوانەیە خۆت وەک ئەو گوڵە سپیەی لاپەڕەکەت جوان بیت.))

نامەکانم نیشانی پەری دا و وتم:

– تۆ سەیر کە.. بزانە چیان نووسیوە! بێئەوەی منیان بینیبێت و بمناسن، ئەم قسە قۆڕانەیان نووسیوە.

پەری بە خەندەیەکەوە وتی:

– کچێ ئەوانە هەموویان شێتی کچان بوون.. ئەوەندە بە درۆ و بە زمانی لوس بە بەژن وباڵای کچاندا هەڵئەدەن تا کاتی خۆیان لەگەڵیاندا بەسەر ئەبەن. دواتر کە بێزار بوون لە هەموو لایەک باست دەکەن و سووکایەتیت پێ دەکەن. کاتێک کە بیر لە هاوسەرگیری دەکەنەوە، بە دووی کچێکدا دەگەڕێن کە هەرگیز هاوڕێیەتی کوڕێکی نەکردبێت.

لە قسەکانی پەری دا هەستم بە ئیرەییەکی تەواو کرد. ئەو بەردەوام هەستی دەکرد کە من بە هۆی جوانییەکەمەوە بووبوومە جێگەی سەرنجی زۆرێک لەو خوێندکارە کوڕانەی

کە لە بەشەکەی خۆماندا بوون. کاتێک دەچووینە بەردەم فرۆشگای کافتریاکە، هەندێکیان بە بیانووی شتێکەوە نزیکم دەکەوتنەوە و سڵاوێکی پڕ لە خۆشەویستیان لێ دەکردم. منیش بەساردیەکەوە وەڵامم ئەدانەوە.

پەری کچێکی ئەسمەر و دەموچاو باریک و کەمێک قەڵەو بوو، بە هێندەی من، سەرنجڕاکێش نەبوو. کاتێک لەگەڵت دەدوا، وتە و ڕەفتارەکانی هێندە شیرین بوو، هەتا لەتەکتدا دابنیشتبایە، هەستت بە بێزاری نەئەکرد. بەو هۆیەوە زۆرێک لە کچەکانی بەشەکەی من، دەهاتنە لامانەوە. زیاتر پەریان ئەدوان و گوێبیستی قسە خۆشەکانی دەبوون. من تا ئەو کاتەش هیچ ڕوویەکم بەو کوڕانە نەئەدا کە ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر لێم نزیکتر ببنەوە. سنوورێکم بۆ پەیوەندییەکانم دیاری کردبوو.

دوای ماوەیەک وای لێهات، هەندێک لە کوڕەکان، بە هۆی نزیکیان لەو کچانەی کە هاوڕێمان بوون، وەک برا یان ئامۆزاو پورزا، لە ڕێگەی کچە هاوڕێکانمانەوە خۆیان پێ دەناساندین. بەو هۆیەوە زۆر بە هێمنی ئەو ترسە لە ناخماندا کەمێک ڕەوییەوە کە لە سەرتاوە دڵی گرتبووین. ڕۆژانە وەک هەموو کچەکانی تر، لە سەر مێزێک کۆ دەبووینەوە و بە کۆمەڵ قسەمان دەکرد.

تۆ بڕوانە خاتوو مۆڵی.. بزانە عەشق چۆن بە هێمنی و لە بێئاگاییمدا هەموو ناخی تەنیمەوە! منی کردە کۆیلەی خۆی. منێک کە لە بەردەم ئەو هەستەدا خۆپارێز بووم و هەستەکانی خۆم سەرکۆنە دەکرد، بەڵام ئەو لە بێئاگاییمدا

چـرۆی کـرد و گـەورە بـوو. بـڕوام وایـە خـودا مرۆڤی بە عەشقەوە دروسـت کـردووە، ئەگەرنا چ هێزێک هەیە لە مرۆڤدا بتوانێت لە بەردەمیدا بوەستێت و بەرەنگاری بێتەوە؟!
دەمەوێت سەرنجت بۆ لای ئەو هەستەم کێش بکەم کە چۆن لە ناکاوێکدا عەشق لە نەستیمدا هەموو ناخمی تەنییەوە و گیرۆدەی خۆی کردم.

سورکێو تا ئەو کاتەش لێم نزیک نەکەوتەوە، زۆرجار وەک هەموو ڕەفتارێکی ڕۆژانـەی، بە کتێبەکەیەوە بەتەنیا لە سووچێکدا دائەنیشت و خۆی بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ دەکـرد. من بە شێوەیەک لێم دەڕوانـی کە ئەو هەستم پێ نەکات. هەستم دەکـرد کەسێکی تـەواو نامۆیە، جیاواز لە هەموو ئەو کوڕانەی کاتەکانی پشوویان لە کافتریاکە بە قسەی خۆش و گاڵتەجاڕییەوە بەسەر دەبرد. ئەو زۆر بە کەمی دەمبینی تێکەڵ بە کوڕەکانی هاوڕێی بێت! تا ئەو کاتەش من هیچ هەستێکم بۆی نەبوو، وەک هەموو ئەو کوڕانەی کە دەهاتنە کافتریاکە، لێم دەڕوانی. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەکانم بوو، ئەو ڕەفتارە جیاوازەی بوو کە بـووبـووە هـۆی پرسیارگەلێکی گوماناوی لەناخمدا. بەو هۆیەوە ڕۆژێک بە پەری م وت:

– ئەو کوڕە زۆر نامۆیە لام.. هەست دەکەم زۆرجار بە مەبەستێکەوە لێم دەڕوانێت.

پەری ئاوڕێکی بۆ سورکێو دایەوە کە خەریکی خوێندنەوە بوو. کەمێک لەسەرلا لێی ڕوانی و وتی:

– بەخوا ئەو کوڕە.. تۆ سەیر کە.. بـەردەوام لە کاتی

پشووەکانیشدا خۆی بە وانەکانییەوە خەریک دەکات.

لەوێدا هەستم کرد کە پەری زۆر بە وردی لە کتێبەکەی نێو دەستی نەیڕوانیبوو. پێم وت:

- کچێ.. ئەوە کتێبی جیاواز دەخوێنێتەوە.. تۆ بڕوانە..

پەری، جارێکی تر ئاوڕێکی دایەوە و سەرنجی لە کتێبەکەی نێو دەستی دا. بە تەوسێکەوە وتی:

- لەوانەیە شاعیر یان شتێک بێت لەو بابەتانە. بۆ هیچ بووە؟!

کە ئەوەی وت، کەمێک هەستم بە شڵەژانی خۆم کرد. وا هەستم کرد پەری گومانێکی لە پرسیارەکەم کردبێت. وتم:

- نا.. هیچ نەبووە.. بەڵام لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە، هەستدەکەم کە زۆر جار لەژێر چاوەکانیەوە لێم دەڕوانێت.

پەری بە گاڵتە جاڕییەکەوە وتی:

- خەمت نەبێت.. بۆ خۆت نازانیت کوڕان چۆنن.. ئەوان لە هەموو کچێک دەڕوانن.. دڵنیا بە لەوانەیە یەکێک بێت لەوانەی لە فەیسبوکەکەتدا داوای هاوڕێیەتی لێکردبێت.

منیش بە پێکەنینێکەوە وتم:

- جا با واش بێت، خۆ من هیچ کارێکم پێی نییە.

سێ مانگ بەسەر یەکەمین ساڵی خوێندنم لە پەیمانگا تێپەڕ بووبوو. من بەدڵێکی خاڵی لە هەموو هەستێکی خۆشەویستی، ڕۆژەکانم بەڕێ دەکرد. بێئاگا لە هەموو ئەو کوڕانەی بەتاسەوە بوون بۆ ناسینم. منێک کە ترسی عەشق دڵی خنکاندبووم، بە خۆپارێزییەکەوە ڕەفتارم لەگەڵ هەموو ئەو کوڕانە دەکرد کە لە ڕێگەی کچەکانی هاوڕێمەوە

خۆیان دەخزاندە نێو باسەکانمانەوە. بە شێوەیەک ڕەفتارم دەکرد، کە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرمدا بوون، هەستیان بەو کەنارگیرییەی ناخم کردبوو. لە بینینی هەموو کوڕێکدا، نارین وەک تەمێک دەهاتە پێش چاوەکانم و خۆی بەو شێوەیە نیشان ئەدام کە دوا هەناسەی بە دەستی ئاراسی برایەوە سپارد. بەو هەستەوە نەفرەتم لەو خەونانە دەکرد کە لە هەستی کچێنی خۆمدا بەرجەستە دەبوون.

لەناو دڵی خۆمدا، سەدان خەونم سەرکۆنە کردبوو. تا ئەو ئاستەی لە شەوێکدا بیرم لە خۆم کردەوە. بە ناو خودی خۆمدا ڕۆچوومە خـوارەوە، تا نێزیکی بەرەبەیان لەگەڵ ناخی خۆمدا دەپەیڤیم و لە قوڵایی هەستەکانم دەڕوانـی. دواجار جگە لە چەند کون و قوژبنێکی تاریک و چۆڵ، هیچ ڕۆشنناییەکی ئومێدبەخشم نەدی، کە تەنیا تروسکاییەکی تیا بەدی بکەم بۆ ژیان! خۆم لەگەڵ هەموو ئەو کچانەدا بـەراورد دەکرد کە بە دەم خواردنەوەی چاو شەربەتەوە لەگەڵ کوڕەکانی هاوڕێیاندا دەخەنین و لە چاوە گەش و پڕ لە هیواکانیاندا بە ئومێدەوە دەیانڕوانی. من لەو کاتەدا هەستم بە کەلێنێکی گەورەی تاریک دەکرد کە لە ناخمدا بەڕوونی لە سیماو ڕەفتارەکانمدا هەستی پێ دەکرا. بەخۆم دەگوت: ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ لەناو دڵی خۆیدا، حەزەکانی زیندانی بکا! ئەی چۆن ناترسم لـەوەی ڕۆژێک لەناو خۆمدا ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون بدۆزنەوە؟ ئەو ماوەیە بەو هەستەوە ژیانم دەکرد. بێئاگا لەوەی عەشق وەک ئاوێکی مەنگ بە هێمنی لێم دەتکێت و وەک عارەقەیەک لە جەستەم دێتە دەرەوە.

لە نیوەی وەرزی زستاندا بووین، سەرما بە هێمنی کۆچی دەکرد، دەرەختەکان لە چاوەڕوانی هەناسەیەکی گەرمدا، بەدەم با وە، دەشەکانەوە. ئەو ڕۆژە زۆرێک لە خوێندکارە کچەکان، لەناو هۆڵی کافتریاکەدا، بە پۆشاکی ئەستوور و ئالاَو والاَوە، بە پێلاَوە پاژنە بەرزەکانیانەوە، خۆیان نمایش دەکرد. من و پەری لە سەر مێزێکی گەورەی ناوەڕاستی هۆڵەکە دانیشتبووین. بە دەوری مێزەکەی ئێمەدا، سێ کورسی بە چۆڵی مابووەوە. دوانی تریشیان دوو کچی هاوڕێی پەری لەسەری دانیشتبوون. ئێمە کە لە نێزیکی یەکترییەوە بووین، لە دیمەنی ئەو کچ و کوڕانەمان دەڕوانی کە لە ژێر لێوەکانیانەوە هەستمان بە درکاندنی ئەو وشانە دەکرد کە بۆ ئێمە وەک پشکۆیەکی جۆشخواردوو سەری زمانمانی دەسوتاند.

سورکێو لەگەڵ هاوڕێیەکی تریدا کە پەری دەناسی، هاتنە لامانەوە. بێئەوەی مۆڵەتی دانیشتنمان لێ وەربگرن لەسەر ئەو دوو کورسیە دانیشتن کە لە لای منەوە بوون. سورکێو لەو کاتەشدا کتێبێکی بەدەستەوە بوو کە بە کاخەزێکی سپی بەرگەکەی داپۆشیبوو. هاوڕێکەی سورکێو، بە خەندەیەکەوە سلاَوێکی لە پەری کرد و وتی:

– ئەوەش سورکێو ی هاوڕێمە.

پەری بە خەندەیەکی تاڵەوە سەرێکی بۆ سورکێو لەقاند و پاشان منی بە هەردووکیان ناساند. لەو دۆخەدا دڵم ئەوەندە بەخێرایی لێی ئەدا، ئەوەندەی نەمابوو لە سنگمەوە بێتە دەرەوە. زۆر هەوڵمدا خۆم ئارام بکەمەوە. کەمێک بێدەنگ

بووم، پاشان بە هەستێکی بێزارییەوە وتم:
- خۆشحاڵم.

سورکێو زۆر ئاسایی ڕەفتاری دەکرد، کەمێک بەو چاوانەی کە لە بەردەم ڕووناکی هۆڵەکەدا دەبریسکانەوە، لە منی ڕوانی و دواجار ڕووی کردە هاوڕێکەی و کتێبەکەی کردەوە و لە ژێر لێوە باریکەکانیەوە کەوتە قسەکردن. من لەو ساتەدا بیرم لەوە دەکردەوە بیانوویەک بدۆزمەوە بۆ ڕۆیشتن. پەری هەستی بە شڵەژانەکەم کردبوو. دەستێکی خستە سەر دەستم و بە گوێمدا چپاندی:

- ئەوە چیتە کچێ؟! بۆ ئەوەندە شڵەژاویت.. خۆ پەلامارمان نادەن! هەرچییەک بێت کەمێک ئاسایی ڕەفتار بکە.

لەو کاتەدا کە دەموچاوم بەهۆی فشاری دەروونمەوە سوور هەڵگەڕابوو، بەشەرمێکەوە وتم:

- بەدەست خۆم نییە.. نازانم هەست بە ترسێک دەکەم.

پەری هێشتا دەمی لە نێزیکی گوێمەوە بوو، وتی:

- خۆ ئێرەش کۆڵان و ماڵەوە نییە.. ئێرە پەیمانگایە.. خۆ ناکرێت دەمت کلیل بدەیت. ئاسایی بدوێ.. مەرج نییە هەموو هاوڕێیەتییەک خۆشەویستیەکی لەپشتەوە بێت.

بەو قسانە، کەمێک دەروونە ئاڵۆزەکەمی، هێمن کردەوە. بۆ ئەوەی ئەو ترسە لە ڕوخسارمدا بشارمەوە، بەردەوام یاریم بە دەستەکانی خۆم دەکرد. بەدوای بابەتێکدا دەگەڕام تا دۆخێکی وەها بۆ خۆم بخولقێنم کە هەست بەبوونی سورکێو نەکەم لە نزیکمەوە. بەڵام دۆخەکە بە خواستی من

نەهاتەوە کاتێک زانیم هاوڕێکەی پەری وتی:

– پەری کارێکی بچوکم پێتە.. دەکرێ تا هۆڵەکەی خۆمان بڕۆین؟!

ئێستاش وای بۆ دەچم کە هاتنی سورکێو بۆ لامان، پلانێکی داڕێژراو بووبێت و ڕەنگە پەری لێی ئاگادار بووبێت. دواتر چەند جارێک داوام لێ کرد کە تا چەند ئاگاداری ئەو پلانەیە ئەو ڕۆژە ڕووی دا، بەڵام پەری زیاتر نکوولێیی لەوە کرد کە ئاگادار بێت. چەندجارێک سوێندی خوارد کە بێئاگا بووە لەوە و هاوڕێکەی بۆ کارێکی وانەکان بانگی کردووە.

کاتێک ئەوان ڕۆیشتن، تەنیا من و سورکێو ماینەوە. ئەو دوو کچەی لە بەرامبەرمان بە تەلەفۆنەکانیانەوە خۆیان سەرقاڵ کردبوو، ئاهێکی بە دەروونە شڵەژاوەکەم دایەوە. من لەو کاتەدا مۆبایلەکەم دەرهێنا و خۆم پێوە خەریک کردبوو. سورکێو بە دەنگێکی نەرم گوێکانمی زرنگانەوە:

– نەمزانی بەڕێزتان لە چ بەشێکن!

ئەو قسەیە بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو ناخم بهەژێنێت. وەک ماسیەک چۆن لە ئاوێکدا دەری دەهێنیت، ئاوا هەناسەم ئەدا، هەستم بە لێدانی دڵی خۆم دەکرد، کە لە سنگمەوە دەنگی ئەدایەوە. بە شەرمێکەوە کە زمانم تەتەڵەی ئەکرد وتم:

– لە..لە بەشی ڕاگەیاندن.

ماوەیەک بێدەنگ بووین، پاشان ئەو کە بە قووڵی لە چاوەکانمی دەڕوانی، وەک ئەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێ، جارێکی تر بە پەیڤەکانی سەرنجەکانمی بۆ لای خۆی

ڕاکێشا، وتی:

- کەواتە دەخوێنیتەوە !

- من تا ئێستا هیچ کتێبێکم نەخوێندووەتەوە.

بە گومانێکەوە لە چاوەکانمی دەڕوانــی، کە ترسێکی نادیاری تیا دەبینرا. کەمێک لێم ڕاما. پاشان دەستی پێکردەوە:

- چۆن شی وادەبێت؟! کاری ڕۆژنامەنووسی پێویستی بە زانیاری هەمەجۆرە.

لە کارەکەیدا بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕام کە خۆم لەو بابەتە دوور بخەمەوە. هەستم دەکرد سەرەتای گفتوگۆیەکی بێکۆتاییە. چەند بیری خۆم دەهێنا و دەبرد، شتێکی ئەوتۆم نەدۆزییەوە کە وەڵامێکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەو دەستپێکە دابنێم. نازانم چۆن ئەو قسەیە لە دەمم خلیسکا و وتم:

- ئاخر من ئەو کتێبانە ناناسم کە پێویستە بیانخوێنمەوە.

ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی سورکێو پەلکێشم بکاتە ناو باسەکانیەوە. ئەوەندە بە هێمنی و زمانێکی شیرین دەپەیڤی، وا هەستم دەکرد، ماوەیەکی زۆرە بە یەکدی ئاشنا بووین. دەستە باریک و درێژەکانی خستە سەر مێزەکەو کتێبەکەی گرت بە دەستیەوە بە خەندەیەکی دڵبزوێنەوە وتی:

- من دەتوانم هەموو ئەو کتێبانەت بۆ بهێنم کە پێویستە بۆ کارەکەت. زۆر بە داخـەوە.. ئەو بـوارەی تۆ، خەونێکی گـەورەی من بـوو، بـەڵام دواتـر نـاوم لە بەشی ڕووپێوی هاتەوە.

من لەو ساتەدا دڵم دەلەرزی. هەرگیز بەو شێوەیە کوڕێک

نەیدواندبووم. چەند جارێک بیرم لەوە کردەوە لەنیوەی قسەکانیدا هەڵسم و بەجێی بهێڵم. ئاخر ئەوە بێڕەوشتی نییە خاتوو مۆڵی، کە لە دۆخێکی وەهادا ڕەفتارێکی بەو شێوەیە نەشیاو بەرامبەر کەسێکی ئاسایی بنوێنم. هەرچەندە لە ناخەوە هەموو هەستەکانم دەبزوا، کەوتبوومە نێوان دوو بەرداشەوە. بەهەر لایەکدا چووبام، دەیهاڕیم.

ئارامم گرت و دانم بە دڵی خۆمدا ئەنا. لەگەڵ پەیڤەکانیدا من لە ناوەوە ڕۆحی خۆم دەکرۆشت. ئەو بەردەوام بەو ڕیتمە هێمنەی خۆی، دەپەیڤی. منیش بە دەمامکێکی ساردەوە، لە چاوەکانیم دەڕوانی. هەستم دەکرد لەنێو چاوەکانیدا تیشکێک سەرچاوەی هەیە، کە دڵ و ڕۆحم ڕۆشن دەکاتەوە. پاشان وتی:

– لەبەر ئەوەی یەکەمین جارتە دەخوێنیتەوە، من کتێبێکی تایبەتت بۆ دێنم، دڵنیا بە ئەو کتێبەم زۆر خۆش دەوێت. هەر بۆیە ئەو کتێبەت پێشکەش دەکەم. بۆ خۆم دەزانم کاتێک مرۆڤ بۆ یەکەمین جار دەست بە خوێندنەوە دەکات و کتێبێک دەخوێنێتەوە، ئەو کتێبە، وەک یەکەمین منداڵ لای خۆشەویستە و هەرگیز لەبیری ناکات. هیوادارم ئەوە پەسەند بکەیت.

ئای لەو ڕۆژانە مۆڵی خان چەند جوان بوون؟! ئێستاش بەیادی ئەو ڕۆژەوە هەناسە ئەدەم کە کتێبەکی لەنێو زەرفێکی کاغەز نابوو، بە خەتێکی وردی جوان لەسەری نووسیبوو: «بۆ هاوڕێی بەڕێزم شەونم، لەناخی دڵمەوە خۆشەویستترین و جوانترین کتێبی خۆمت پێشکەشە.. بەو

هیوایەی دوای خوێندنەوەی، چێژێکی جوان بە دڵ و ڕۆحت ببەخشێت.. هاوڕێت سورکێو.

لەگەڵ ئیمزایەکی خۆی کە تەنیا ناوی خۆی بوو بە پیتی ئینگلیزی و بەسەر یەکەوە نووسرابوو.

جەرەسی تەلە فۆنەکەم لێی ئەدا، لەو کاتەدا تۆمارەکانم بە کراوەیی لەسەر مێزەکەی تەنیشتم دانا و ڕوانیم «لیۆن»ە پەیوەندیم پێوە دەکات. لەو ساتەدا هاوشێوەی شەونم خۆشبەختییەک هەموو گیانی تەنیمەوە. بە خێرایی وەڵامم دایەوە:

– فەرموو بەڕێز لیۆن.

– ئەم کاتەت باش مۆڵی.. بمبورە بەم ناوەختە کاتت لێدەگرم.

– کێشە نییە بەڕێز لیۆن، دیارە هەواڵێکت پێیە.

– بەدڵنیاییەوە.. ئەمڕۆ سەردانێکی دەوروبەری ئەپارتمانەکەی شەونم م کرد. بەوردی چاوم بە هەموو شوێنێکی ئەو ناوەدا گێڕا، لەو کاتەدا تێبینی کامێرای مارکێتێکم کرد کە تەنیا پەنجا مەترێک لە ئەپارتمانەکەوە دوورە، ئەو مارکێتە دەکەوێتە سەر ڕاستە شەقامەکەی بەرامبەر ئەپارتمانەکە، بەپەلە هاردی کامێراکەم دەرهێناو ڕاستەوخۆ بردمەوە بۆ نووسینگەکەی خۆم. لەوێدا زۆر بە وردییەوە بەناو هەموو دیمەنە تۆمارکراوەکانی ناو هاردەکەم دەڕوانی. تێبینی کەسێکم کرد بە پێی مێژووی تۆمارەکە، تەنیا شازدە ڕۆژێک پێش کوشتنی شەونم چاودێری ئەپارتمانەکەی شەونم ی کردووە. پاشان لە

چەند وێنەیەکدا بەڕوونی دیارە کاتێک شەونم دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەمان کەس، لە دوورەوە بەدوایەوە بووە. وێنەی گومان لێکراوەکەم پرێنت کردووە. ئێستا لە ڕێگەی وێنەکەیەوە بەدوای ناسنامەکەیدا دەگەڕێم. دڵنیا بە بەیانی لە هەموو شتێکی نوێ، ئاگادارت دەکەمەوە.

- بەڕاستی خۆشحاڵت کردم، بەیانی بە دڵنیاییەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم.

- زۆر باشە.. من چاوەڕوانم.. شەوێکی شاد.

- شەوشاد

لە کاتژمێرە بچوکەکەی سەر مێزەکەم ڕوانی. یانزەو چل وحەوت خولەکی شەو بوو. کاتێک لیۆن پەیوەندیی پێوە کردم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پیاوە بۆچی بەو شێوە جدییە بەدوای تاوانبارەکانی شەونم دا دەگەڕێت! تۆبڵێی تەنیا ئەو شێوازە کوشتنە نامرۆڤانە بێت! یان دەیەوێت لە ڕێگەیەوە زیاتر کەسێتی خۆیم پێ بناسێنێت! کەلە هەر دیوێکەوە لێم دەڕوانی، بەخۆم دەوت: هەرچۆنێک بێت ئەو بەدوای کێشەیەکەوەیە کە پەیوەندی بە ئێمەی ژنەوە هەیە. ئەو بۆچوونە هەستێکی وای لا دروست کردم کە بە خۆشەویستیەکەوە لە لیۆن بڕوانم. هاوشێوەی ئەو خۆشەویستیەی کە سورکێو لە سەرەتای یەکتر ناسینیاندا بە دیارییەکەی جوان و بەنرخ، خۆی بە شەونم ناساند.

هەڵبەت دیاری، هەرچییەک بێت، ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی مرۆڤە. جا ئەگەر کتێبێک بێت، ئەوە بۆ خۆی پێناسێکە. نازانم چۆن سورکێو توانی لە ڕێگەی ئەوکتێبەوە ئەو هەستە ئاڵۆز

و خۆپارێزییەی شەونم کاڵ بکاتەوە و بەرەو عەشقێکی نادیار کێشی بکا؟! پێدەچێت من ئێستا لەو دۆخەی شەونمدا گوزەر بکەم،هەستدەکەم دڵم تینیوی عەشقێکی ئەفسوناوییە. جا نازانم عەشقەکەی شەونم بە چی دەگات؟ ئەوەندە تامەزرۆی ئەنجامەکەی بووم، بە گوڕێکەوە دەستم بە خوێندنەوەی تۆمارەکانی کردەوە.

- ٦ -

دەمەوێت سوپاست بکەم خاتوو مۆلی، بۆئەوەی ئەمڕۆ دوای ئەوەی تۆمارەکانم ڕادەست کردیت، لەسەر ویستی خۆت داوات لێ کردم پێکەوە کەمێک بەناو شاری ستوکۆڵمدا بگەڕێین. دڵنیا بە لەو ماوە کەمەی کە هاتوومەتە ئێرە، بەهۆی نائاشنایم بە شوێن و زمانتان، نەمتوانیوە وەک ئەمڕۆ بەو دیمەنە قەشەنگەی ناو شارەکەتان ئاشنا بم. هەموو چوونە دەرەوەکانم، تەنیا لە دەوروبەری ئەپارتمانەکەم و چەند بازاڕ و باخچەیەکی نزیکی ئەو ناوچەیە، تێپەڕ نەبووە. تەنیا جارێک نەبێت، زۆرم لە خۆم کرد بەو ڕاستە شەقامەدا شۆڕ ببمەوە کە کۆتاییەکەی دەگەیشتەوە ناو بازاڕێکی قەرەباڵغ. خەڵکەکەی وەک شارە مێروولە لە بەردەم وێستگەی میترۆکەدا، مۆڵیان خواردبوو. لە هەموو بەرێکی ئەو شەقامەدا، خەڵکێکی زۆر دەهاتن و دەچوون. هەموو بە کارە تایبەتەکانی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون. تەنیا منێک نەبێت وەک چاودێرێک چێژم لەو دیمەنە جەنجاڵە دەبینی.

ئەو دوکان و بازاڕانەی کە پێکەوە سەردانمان کردن،

هەستێکی پڕ لە شادمانی پێ بەخشیم. لەو کاتەی کە چووینە ئەو دوکانەی کە بەڕێزتان ئەو پانتۆڵ و بلوزەت وەک دیارییەک بۆ کڕیم، ئەو ساتانەی هێنایەوە یادم، کە هەستم دەکرد لەگەڵ شەوبۆ ی خۆشکمم، کاتێک پێکەوە بازاڕمان دەکرد، کە بەناو هەموو ئەو دووکانانەی کە پۆشاکیان دانابوو، دەگەڕاین. چاومان بەناو هەموو ئەو مۆدێلانەدا دەگێڕا کە تائەو ڕادەیە جێگەی ڕەزامەندی باوکم بوون. ئاخر من لەو تەمەنەدا، ئەوەندە ئارەزووی ئەو بەرگانەم دەکرد کە جەستەمیان بەشێوەیەک دەنواند، تەنانەت سەرنجی کچەکانیشی دەبزواند.

چێژم لەو ساتانە وەردەگرت کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانم بە پۆشاکێکی نوێوە دەیبینیم و لە چاوەکانیدا هەستم بە جوانی خۆم دەکرد. لەهەمان کاتدا ئیرەیم بەو کچانە دەبرد کە ڕۆژانە بۆ سەر کاری فەرمانگەکانیان هەموو بەیانییەک وەک ئەوەی بۆ ئاهەنگی بووک و زاوا بانگهێشت کرابن، خۆیان دەڕازاندەوە و هەر ڕۆژە، بە بەرگێکی جیاوازەوە دەردەکەوتن و ماکیاژێکی هەمەجۆریان دەکرد کە لەگەڵ پۆشاکەکەی بەریاندا ڕێکیان خستبوو. زۆریان پاژنەی پێڵاوەکانیان هێندەی دوانزە سانتیمەترێک بڵند بوو کە پێیەوە ڕێیان دەکرد. دەتگوت بەسەر سەهۆڵ و شەختەدا ڕێ دەکەن. لە چاوەکانیاندا هەستێکی پڕ لە خۆشەویستیم دەبینی بۆ ژیان. هیوایەک کە ئومێدی دواڕۆژیانی تیا دەبینرا جووڵەی جەستەیان بە ڕوونی لەبری ئەو هەستە شاراوەیەی ناخیان، دەدوا.

بمبورە خاتوو مۆڵی، دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر باسی خۆمان، ئەو ڕۆژەی کتێبەکەم لە سورکێو وەرگرت، بەپەلە گەڕامەوە ماڵەوە. خێرا ئەو زۆپا نوێیەم داگیرساند کە باوکم بەهۆی دەرچوونم بۆ پەیمانگا بۆی کڕیبووم. جلەکانم داکەند و ماکسییەکەم لەبەرکرد. دایکم بە هێمنی هاتە ژوورەکەمەوە. پێدەچوو لەو ڕەفتارە نوێیەم هەستی بە شتێک کردبێت. بە خەندەیەکەوە کە هەموو سیمای داگیر کردبوو، ماوەیەک لێمی ڕوانی. کاتێک کتێبەکەم لەناو زەرفەکە دەرهێنا، بەو هۆیەی دایکم خوێندەواری نەبوو، نەیدەزانی بە چییەوە خەریکم. ئەوەندە نەبێت لەو ڕفتارەمدا وا لێم حاڵی بوو خەریکی کارەکانی پەیمانگام. وتی:

– دیارە کاری زۆرت لەسەرە کچم.. بەردەوام بە.. خۆم شێوەکە ئامادە دەکەم.

ئەوەندەی وت و دەرگای ژوورەکەی لەسەر پێوەدام. منیش چوومە نزیکی زۆپاکەوە، کە هێشتا گەرم نەبووبوو. کەمێک گڕی زۆپاکەم کردەوە کە گڕەکەی زیاد هەڵکشابوو. کتێبەکەم لە زەرفەکە دەرهێنا. بەرگەکەیم هەڵدایەوە، کە بە چەرمێکی ڕەنگ قاوەیی داپۆشرابوو. لە هەردوو دیوی بەرگەکەیم ڕوانی، هیچ شتێک لەسەر چەرمەکە نەنووسرابوو. بە بەرگەکەیدا لەو کتێبانە دەچوو کە سەدان ساڵ پێش ئێستا نووسرابێت. کە بەرگە ئەستورەکەیم هەڵدایەوە، لاپەڕەکانی کە پێکەوە نووسابوو، پێدەچوو ماوەیەکی زۆر لەژێر کتێبێکی زۆردا مابێتەوە. بەئەسپایی لاپەڕەی یەکەمم هەڵدایەوە. بە خەتێکی گەورە نووسرابوو

((دایـک)). لە خـوار ئەو وشـەیەوە نـاوی نووسـەرەکەی بە خەتێکی مامناوەند نووسرابوو ((مەکسیم گۆرکی)).

ناونیشانی کتێبەکە، بەشێوەیەک سەرنجی ڕاکێشام. ئەو ڕۆژە تا ئێوارەیەکی دەرنگ، نزیکەی سەد و سی لاپەڕەم لێ خوێندەوە. جەند جارێک لە کاتی خوێندنەوە، دایکم بانگی دەکـردم، بەڵام ئەو ڕۆمانەی کە چیرۆکی دایکێکی شۆڕشگێڕی دەگێڕایەوە، بە هێندەیەک ڕۆچووبوومە ناو ڕووداوەکانیەوە، تەنانەت هەستم بە برسێتی نەئەکرد. چەند جارێک وەڵامی دایکم بەوە ئەدایەوە: «ئێستا دێم».. «ئێوە نانی خۆتان بخۆن»... من تەواو لەناو قوڵایی خوێندنەوەدا بووم، کە باوکم دەرگای ژوورەکەمی ترازاند و وتی:

–وەرە کچەکەم.. با پێکەوە نانەکەمان بخۆین.. دواتر خەریکی وانەکانت بە..

بەناچاری دەستم لە خوێندنەوە هەڵگرت و چوومە هۆڵـەکەوە. ئـەو کتێبە کـە قەبارەیەکی گـەورەی هەبوو، لەماوەی سێ ڕۆژدا خوێندمەوە، بەڵام پێم بڵێ خاتوو مۆڵی، لە دوای ئەوەوە دەبێت چی ڕووی دابێت! من کە بەردەوام هەستم بە نەبوونی خۆم دەکرد و لەناو خۆمدا بەدوای خۆمدا دەگەڕام. دوای ئەوە، ژیان و بیرکردنەوەم بەجۆرێک گۆڕرا، کاتێک بیرم لە ڕابردووی خۆم دەکردەوە، هەستم دەکرد لە بەندیخانەیەکی گەورە هەڵهاتووم و بەرەو پانتاییەکی ئازادی ژیان ڕێ دەکەم.

ئیتر لەوە بەدواوە، من ئالودەی ژیان بووم، بەجۆرێک بیرم لـە ژیـان دەکـردەوە وەک ئـەوەی لـەسـەر شاخێکی

بەرزەوە بۆ پانتایی پێدەشتەکانی بەر پێی خۆم بڕوانم. بەشێوەیەک تامەزرۆی خوێندنەوە بووم، ئەگەر شەوێک شتێکم نەخوێندایەتەوە، ئەستەم بوو خەو لە چاوەکانم بکەوتبایە. وام هەست دەکرد شتێکم ون کردووە و بەدویدا دەگەڕێم. لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی من و سورکێو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوو. پەیوەندیەکی ڕووکەشی سادە و ساکار لە ڕواڵەتدا، بەڵام هەردووکمان بێئاگا لەوەی عەشق بە هێمنی، وەک چۆڕاوگەی باران، دەڕژێتە ناخمانەوە و دڵ و ڕۆحمان کەیل دەکات.

ئەو کتێبانەی سورکێو بۆی دەهێنام، جیاواز بوون. بەڵام هەموویان لە نێوان چەند بابەتێکی دیاریکراودا بوون. وەک ڕۆمان و بابەتەکانی دەروونناسی و هەندێک جار لە نێوەندیاندا بابەتێکی فەلسەفی تێکەڵدەکردن. من لە خوێندنەوەی بابەتە فەلسەفییەکاندا کەمێک بیرکۆڵ بووم، بەڵام ئەو ڕۆژانە لە کاتی پشووەکاندا پرسیاری ئەو بابەتانەی لێ دەکردم کە خوێندبوومنەوە. من بەئاستەم لێیان تێئەگەیشتم. دیاربوو خۆی پێش من هەموو ئەو کتێبانەی خوێندبووەوە، هەربۆیە ڕۆژانە ئەو باسانەی بۆ ڕوونتر دەکردمەوە و بە زمانێکی تەواو سادە، بۆ ی ڕاڤە دەکردمەوە.

من زیاتر ئارەزووی خوێندنەوەی ڕۆمانم دەکرد، کاتێک پرسیاری ئەوەم لێ دەکرد کە بۆچی ئەو کتێبە هەمە جۆرانەم بۆ دەهێنێت؟ لە وەڵامدا بە خەندەیەکی شیرینەوە پێی دەوتم:

– ئاخر بۆ کەسێک کە لە سەرەتادا بێت، خوێندنەوەی بەردەوام لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، لەوانەیە تووشی

بێزاریی بکات. سروشتی مرۆڤ ئاوایە.. ئەگەر لەسەر شێوازێکی ژیانکردن بەردەوام بێت، تووشی بێزاری و کەمبوونەوەی چێژ دەکات.. هەرچەندە ئەگەر لە ژیانێکی شاهانە و خۆشبەتیدا بژی.. ئاخر ژیانکردن بە هەموو خۆشی و ئەستەمەکانیەوە مانابەخش و بەچێژە. هەربۆیە لەنێوانیاندا ئەو کتێبانەت بۆ دەهێنم.. با نەکەویتە ئەو دۆخەوە.. پاشان خوێندنەوەی بابەتە سایکۆلۆژییەکان، مرۆڤ زیاتر بە خودی خۆی دەناسێنێت.. چونکە پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەیەوە. هەموو کەسێک ئەگەر بە بەردەوامیش نەخوێنێتەوە، پێویستە ئاشناییەکی تەواوی لەمەڕ ئەم بابەتانەدا هەبێت.

کاتێک لە هۆڵی کافتریاکە پێکەوە لەمەڕ بابەتێک دەدواین، لە چاوەکانیدا هیوایەکی دوورم دەبینی بۆ ژیان، کە شەکەتی و بێزاری تیا دەبینرا. من بە تاسەوە لێم دەڕوانی و هەموو هەستم ئاوێتەی ئەو کردبوو. ئەویش کاتێک دەپەیڤی، وا هەستم دەکرد وشەکانی لەنێو قوڵایی ناخیەوە دێنە دەرەوە. ئەوەندە کاریگەر بوون، لە نێو خۆمدا هەستم بە «گەرمی»یان دەکرد. ئەو بەجۆرێک کاری تێ کردبووم، هەستم دەکرد لەگەڵ مرۆڤێکی تەواو جیاواز لە هەموو ئەو کوڕانەی کە دەهاتنە نێو هۆڵەکەوە و کاتەکانیان بەو قسانە بەسەر دەبرد تەنیا بۆئەوەی خەندەیەک بخەنە سەر لێوی ئەو کچانەی کە هاو پۆلەکانیان بوون. ئەو وەک ئەوان نەبوو، بەردەوام بە جدییەکەوە دەپەیڤی، وەک ئەوەی قسە لەمەڕ بابەتێکی چارەنووسسازدا بکات، بەو شێوەیە بیری لە ژیان دەکردەوە.

ئـەو پەیوەندییەی مـن و سورکێو، بـووبـووە جێگەی سەرنجی زۆرێـک لە خوێندکارەکان. بەتایبەت پـەری ی هاوڕێم. لە چاوە ڕەش و بچکۆلەکانیدا هەستم بە ئیرەیی دەکـرد. تـا ڕۆژێـک نەستیانە بـۆ خـۆی ئـەو هەستەی بۆ درکاندم و پێی وتم:

– ئەوە چییە کچێ.. خۆ تۆ ئەتگوت تێکەڵی کوڕان نابم. دەبینم خەریکی بە دزییەوە خۆشەویستی دەکەیت.

کاتێک پەری ئەوەی وت، وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە فڕێم بدەنە خوارەوە، تەواو شپرزە بووم، بە هەڵچوونێکەوە وتم:

– تۆ بە هەڵەداچویت پەری.. لە باسی کتێب و خوێندنەوە زیاتر، هیچ شتێکی تر، بوونی نییە.

پـەری بـەو خـەندەیـەی کـە هێشتا لـەسـەر لێوەکانی مابووەوە، کەمێک لێمی ڕوانی و پاشان بە مەکرێکەوە وتی:

– ئەزانم خانم.. ئاخر ڕێگەکە لەوێوە دەست پێدەکات. جا با واش بێت، خۆ پێم ناخۆش نییە.

تا ئەو کاتەی پەری ئەو قسەیەی پێ وتم، لەنێو دڵی مندا هیچ هەستێکی خۆشەویستی بوونی نەبوو. متمانەم پێ بکە خاتوو مۆڵی، بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن ئەو هەستە لە ناخمدا وەک نەمامێک چرۆی کردبوو! کاتێک پێم زانی ڕەگی هێندە گەورە بووبوو، کە بەناو هەموو ڕۆح و جەستەمدا ڕۆچووبوو. ئیتر ئەستەم بوو بۆ من توانیبام هەر وا بە ئاسانی لەناو خۆمدا هەڵی کێشم.

چەند ڕۆژێک بوو، شار بە تەواوی خرۆشابوو، خەڵکێکی

زۆر بەتایبەت گەنجەکان هاتبوونە سەر شەقام و کۆڵانەکانی ناو شار و خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا، لە دژی گەندەڵی و نایەکسانیی دەسەڵات. من و دایکم لەماڵەوە تەنیا لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکەوە چاودێری هەموو ئەو ڕووداوانەمان دەکرد کە ڕاستەوخۆ نیشانی ئەدا. خەڵکی لەگەڵ پۆلیس و هێزە ئەمنیەکاندا کەوتبوونە شەڕەوە. خۆپیشاندانەکە بە شێوەیەک پەرەی سەندبوو کار گەیشتبووە ئەوەی هێزە ئەمنیەکان و بارەگا حیزبییەکان، بۆ پاراستنی خۆیان، تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکرد.

لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا، چەند گەنجێک بە گوللەی نادیاری چەکدارەکان کوژرابوون و بریندار بووبوون. تەنیا لەو ماوە کەمەدا ئەو خۆنیشاندانە، بەشێکی زۆری شار و شارۆچکەکانی گرتبووەوە. ئێمە بەردەوام لە دیمەنی ئەو خۆپیشاندانەمان دەڕوانی کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکانی ناوەڕاستی شاردا تایەی لاستێک و داریان دەسووتاند. وەک دەربڕینی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە دەسەڵات. پاشان لە ڕێگەی هێزە ئەمنیەکانەوە، بە تەقە بڵاوەیان پێ دەکراو خۆپیشاندەرەکان بەناو کۆڵان و بازاڕ و شەقامەکاندا، لە ترسی دەستگیرکردن و خۆپاراستنیان لە گوللانەی کەنەیاندەزانی چۆن لەناکاوێکدا بەجەستەیانەوە دەچزی و هەناسەی لەبەر دەبڕێن، ڕایان دەکرد.

دوو ڕۆژ بوو سورکێو م نەبینیبوو، وای بۆ دەچووم بە هۆی ئەو هەستە نارەزاییەی کە زۆرجار لە گفتوگۆکەماندا بەرامبەر بە دەسەڵات دەری دەبڕی، خۆپیشاندانەکەی

بە هەلێک زانیبێت، تاوەکو کەفوکوڵی ناخی، لە ڕێگەیەوە بڕەوێنێتەوە. ئێمە پەیوەندیەکەمان تا ئەو ساتە، تەنیا هاوڕێیەتییەکی سادە و ساکارزیاتر هیچی تر نەبوو. تەنیا کتێب و خوێندنەوە، ئاوێتەی یەکدی کردبووین. لەو دووڕۆژە دا پرسیاری سورکێوم لەو کچانە کردبوو کە هاوڕێی بەشەکەی بوون. بە تەوسێکەوە ئاوا وەڵامیان دامەوە:

– دەبوو ئێمە لە تۆمان پرسیبا.. خۆ ئێوە هەمیشە پێکەوەن.. بۆچی خۆت تەلەفونێکی بۆ ناکەیت؟!

لە تەلەفۆنەکەمدا تەنیا ژمارەی ئەو هاوڕێ کچانە و خزم و کەس و کارەکانمی تیا بوو. هەرگیز زاتی ئەوەم نەئەکرد ژمارەی کوڕێکی نەناسراو لەلای خۆم بپارێزم. پاشان لە نێوان من و سورکێو دا، هیچ کامێکمان بیرمان لەوە نەکردبووەوە کە داوای ژمارەی یەکتری بکەین. بەتایبەت سورکێو، کاتێک ئەدوا، هەستم بە شەرمێک دەکرد لە ڕووخساریدا، بەڵام لە وتەکانیدا هەستم بە هێزێکی ئەفسووناوی دەکرد. من کەلە خەیاڵی ئەوەدا بووم، لەپڕ ناوی ((سورکێو))م لە یەکێک لەو کەناڵە ڕاستەوخۆیانەوە ژنەوت کە ڕۆژانە هەواڵی خۆنیشاندەرەکانی دەگواستەوە. کە ڕۆژێک بەر لە ئێستا بە هۆی گوللەی هێزە ئەمنیەکانەوە بریندار بووە و ئەمشەو گیانی سپاردووە. لەو کاتەدا مووچورکێک بە هەموو گیانمدا هات. لەبەر خۆمەوە هاوارم کرد و دامە پڕمەی گریان.. وتم : شتی وانابێت..

کاتێک ئاوڕێکم بۆ دایکم دایەوە، بە چاوە پڕ لە گوماناوییەکانی، لەو هەڵوێستە نەخوازراوەی منی دەڕوانی.

ئیتر هەستم کرد لە بێئاگاییمدا کارێکی نەشیاوم نواندووە. وتی:

– ئەوە چییە کچم؟! بۆچی ئاوا هاوار دەکەی؟!

من هەموو جەستەم دەلەرزی. هۆشم لەسەر خۆم نەمابوو. بە دەستەکانم لە ڕومەتەکانی خۆم ئەدا. وەک ئەوەی ئەو هەواڵە خەونێک بێت، دەم ویست بە لەخۆدان خۆم بەئاگا بێنمەوە. دایکم لەو فرمێسکانەی دەڕوانی کە بێئاگایانە چاوەکانی تەڕ کردبووم. وتی:

– ئەو کوڕە دەناسی، وا بۆی دەگریت؟! ها؟!

ماوەیەک بێدەنگیم هەڵبژارد. دەمویست لەو دۆخەدا هۆش بەبەر خۆم بهێنمەوە. دایکم بە هەڵچوونێکەوە چاوە پڕ لە پرسیارەکانی لەسەرم بوو. کە وتی:

– لەگەڵ تۆ مە کچێ.. قسە بکە..

هەستم کرد کارێکی گەوجانەم لە بەردەم دایکمدا ئەنجام داوە. کەمێک وەستام و بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە وتم:

– دایکە.. ئەو سورکێو ناوەی کە باسی کرد.. پێدەچێت خوێندکارێک بێت لە بەشەکەمان.. هەموومان دەیناسین.. تەنانەت پەریی دراوسێشمان دەیناسێت.. ئەو کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و بێکێشەیە.. هەربۆیە دڵگران بووم.

بۆ ئەوەی ئەو گومانە لەچاوەکانی دایکمدا بڕەوێنمەوە، کەمێک لەپێش چاوی دایکم، دانم بە دڵی خۆم دا گرت و خۆم وا نیشان دا کە هێمن بوومەتەوە. خۆم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەکەوە سەرقاڵ کردەوە. دایکمم فەرامۆش کرد. تا ئەو کاتەی دایکم بەرەو چێشتخانەکە بەڕێ کەوت بۆ

ئامادەکردنی شێوی ئێوارە. هەستم دەکرد لەسەر ئاگرێکی بەتین، هەموو جەستەم دەسووتێت. لە ناخەوە دەگریام. تا ئەو کاتەی دایکم لە چاوەکانم بزر بوو، بیرم لە شتێک دەکـردەوە تا ئەو هەستەی ناخمی پێ بشارمەوە. هەموو بیرم لە سورکێودا قەتیس مابوو.

دواجــار بــەرەو هــەورەبـانـەکـە ڕویـشـتـم و بـە هێمنی ئەڵقەڕیزی دەرگائاسنەکەم تـرازانـد و چوومە سـەربان. زستان بـەرە و ئاوابوون دەچـوو.. هەستم بە کزەبایەکی سـارد کـرد کە لەژێر ماکسیەکەمەوە هەموو جەستەمی دەتەزاند. لەپرێکدا دامە پرمەی گریان و لەبەر خۆمەوە وەک بۆ کەسێک لە نزیکی خۆمەوە بدوێم، دەموت: «تۆ بڵێی ئەوە سورکێو بێت؟! بڕواناکەم.. ئەگەر ئەو نەبێت.. ئەی بۆچی دوو ڕۆژە نەهاتووەتەوە بۆ پەیمانگا؟!».

بیرم لــەوە دەکــردەوە بـەهـۆی ئــەوەی سورکێو زۆر بەکەمی تێکەڵ بە خوێندکارەکان دەبوو، پێدەچێت بەهۆی ئەو پەیوەندییە ساردەیەوە هیچ کەسێک ئاگاداری هەواڵی نەبێت. ئەگەرنا خۆ خوێندکارەکان زۆربەیان وەک خۆیان باسیان دەکرد لە خۆپیشاندانەکان بەشدار بوون. من لەبەر خـۆمـەوە بـەدەم هەنسکی گـریـانـەوە چەندین بیرگەل بە مێشکمدا هاتن و چوون. هەموو بیر و بۆچوونەکانم لەسەر ئەوە بوون ئاخۆ ئەو سورکێو ناوەی بێژەرەکە باسی لێوە کرد، خۆیەتی یان نا!.

ئــەو ئـێـوارەیـە ئــەوەنـدە دڵـم گـوشـرابـوو، ئــارەزووی شێوکردنم نەکرد. بە بیانووی کاری ڕۆژانەمەوە، خۆم لە

ژوورەکەم نا و پەتۆیەکم دا بەسەر خۆمدا. تەنانەت سەریشم داپۆشی، بۆ ئەوەی دایک و باوکم گومانێکم لەسەر نەکەن. بەتایبەت دایکم ئەو ئێوارەیە بەردەوام تێبینی ڕەفتارەکانی دەکردم. منیش بە شێوەیک خۆم دەنواند کە ئەوەی ڕووی دا تەنیا دەربڕینی هەستێکی مرۆڤانەیە و هیچی تر.

ئەو شەوە بە ئاستەم خەو لە چاوەکانم کەوت. کاتێک لەخەو ڕابووم، هەستم بە تەڕیی چاوەکانم کرد. پێدەچوو بە دەم خەویشەوە هەر گریابێتم. ئای خاتوو مۆڵی، ئەو ڕۆژە چیم بەسەر هات! هەرگیز متمانەم بەوە نەبوو ڕۆژێک سوکێو بەو شێوەیە خۆی بخزێنێتە ناو دڵ و ڕۆحمەوە. منێک کە بەردەوام بە پارێزەوە ڕەفتارم لەتەکیا دەکرد و هەموو دەرچەیەکی ڕۆحم لێ کلۆم دابوو، بەڵام ئەو خۆنەویستانە وەکو ئاو، پەی بە هەموو ئەو کەلێنانەی ناخم بردبوو و خۆی ڕۆکردبووە ناومەوە و هەموو دڵ و ڕۆحمی لەخۆی پڕکردبوو. کاتێک بەخۆم زانی، هەستم کرد بەبێ ویستی خۆم، ئالودەی نیگاکانی بوومە، ئای لە عەشق چ تەلیسمێکە وا بەئاسانی کۆیلەی خۆیت دەکات؟!

بە دڵێکی پڕلە گریان و خەمێکی مەزنەوە، خۆم بە پەیمانگادا کرد، بە وێنەی ئەو هەورەی ڕووی خۆری ئەو بەیانییەی شاردبووەوە، دڵم گوشرابوو. هەستم دەکرد ئەو دیمەنە، هاوشێوەی خەمەکانم، گوزارشت لە ناخی من دەکەن. بە ئومێدیکەوە لە دەرگا سەرەکییەکەی پەیمانگاکەوە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانم بە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو ناوەدا ئەگێڕا. تەنانەت لە هەموو ئەو خوێندکارانەشم

دەڕوانی کە بە گومانێکەوە لە قژە ئاڵۆزکاوەکەمی دەڕوانی. ئەمویست لە چاوەکانیاندا هەواڵێکی سورکێو بخوێنمەوە. بە نائارامییەکەوە کە بە ڕوونی بە ڕەفتارە هەڵچوونەکانمەوە دیاربوو، ڕاستەوخۆ خۆم بە هۆڵی کافتریاکەدا کرد. بەو بەیانییە زووەی کە تەنیا ئەو خوێندکارە دەوڵەمەندانەی لێ بوو، بە هۆی زیاتر خەریکبوونیان بە ڕازاندنەوەی خۆیانەوە، نەیان دەپەرژایە سەر ژەمی سپێدە.

لەوێ بەدەم قسەو پێکەنینەوە، قاوڵتیان دەکردەوە. چاوێکم بە نێویاندا گێڕا، پاشان بیرم لەوە کردەوە سەرێکی بەشەکەی بدەم و لە هاوڕێکانی خۆی هەواڵێک بزانم. لەو کاتەدا نزیکی دەرگای سەرەکیی بەشی ڕووپێوی بوومەوە. دووهاوڕێی پەری لە دەرگاکە دەهاتنە دەرەوە. منیش بۆ ئەوەی ئەو هەستە شێواوەم لە ڕوخسارمدا بشارمەوە، کەمێک خۆم ئارام کردەوە و بە دەستێکم خۆم بە شانەکردنی قژە درێژ و ئاڵوسکاوەکانمەوە خەریک کرد. ئەوەندەی نەمابوو بە تەواوی لە تەنیشتمەوە تێپەڕ ببن. بە ئارامییەکەوە ئاوڕێکم بۆ دانەوە و بە خەندەیەکی دەستکردەوە پرسیم:

–... سورکێوتان نەبینیوە..

هەردووکیان، کەمێک لێمیان ڕوانی و یەکێکیان ئەوەندەی وت:

– ئێمەش دوو ڕۆژە نەمان بینیوە.

هەستێکی پڕ لە ترس، هەموو جەستەمی تەنییەوە. بیرم لە خۆم دەکردەوە بۆچی بەو شێوەیە خۆم لەدەست داوە و بێئاگایانە ڕەفتار دەکەم! بۆ خۆیشم نەمدەزانی ئەو ئاگرەی

لە نیو دڵمدا جۆشی ئەدا، لە چ شوێنێکی ناخمەوەیە کە بۆ سورکێو سەرچاوەی گرتووە! هەتا بیرم لەو بکردایەتەوە، ئەوەندەی تر، دڵم بۆی قوڵپی ئەدا. لە دەرگاکەوە سەرێکم بەناو هۆڵەکەدا کرد، کە پەری م بینی خۆی بە تەلەفۆنەکەیەوە سەرقاڵ کردبوو ترووسکاییەک بەنێو تاریکیی دڵمدا هات. هەنگاوێکم مابوو بگەمە نزیکی، پەری سەری بڵند کرد. کە بینیمی لە شوێنی خۆی ڕاست بـووەوە و بە دەنگێک کە خەمێکی پێوە دیار بوو، وتی:

– منیش پرسیاری زۆرم لە هاوڕێکانی کردووە، کەس هەواڵی نازانێت. تەنیا ئەڵێن دوو ڕۆژ بە فەرمی مۆڵەتی وەرگرتووە. پەری لە چاوەکانمدا هەستی بە نائومێدییەک کردبوو، بە دەنگێکی خەمناکەوە وتی:

– هەر یەکەم ڕۆژ زانیم تۆ عاشقی بوویت..

لــەدوای قسـەکـەی پــەری، زمـانـم نـەبـزوا. تـەنـیا بە جەستەیەکی نائارامەوە بەرەو دەرەوەی هۆڵەکە ڕێم کرد. ئەوەندە گوێم لە دەنگی پەری بوو کە دەیگوت: هیوادارم هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەدابێت.

من ئیتر من بە خەمێکەوە کە تەواو دڵی گران کردبووم، بەرەو هۆڵی کافتریاکە بەڕێ کەوتم. بە نیگایەکی خەمناکەوە لەو خوێندکارانەم دەڕوانی کە هۆڵەکەیان جەنجاڵ کردبوو. بەبێ ویستی خـۆم، ئاوڕێکم بۆ ئـەو گۆشـەیە دایـەوە کە بەردەوام سورکێو لێی دائەنیشت. بینیم سورکێو پشتی لە هۆڵەکە کردووە، لە پەنجەرەکەوە لەو بارانە دەڕوانێت، کە بەتاو دێتە خوارەوە.

ئای لەو ڕۆژەی منی بە عەشق ناساند!! متمانەم پێ بکە خاتوو مۆڵی، ئەو ڕۆژە من خۆم نەبووم کە بە پارێزییەوە ڕەفتارم دەکرد و لە هەموو تێهەڵچوونێکم بە هەستەکانم خۆم بەئاگا دەهێنایەوە. بەڵکو کەسێکی دی بووم. لە ناخمدا بە ویستی خۆی گەمەی پێ دەکردم و هەموو بیرکردنەوەکانمی لە مێشکمدا کڵۆم دابوو. منێکی پارێزئامێز، بووبوومە کۆیلەی بڕیارەکانی و خۆی لە مندا دەنواند. وای لێ کردم بە ئومێدێکەوە لێی نزیک ببمەوە، کە چارەنووسم لە بوونی ئەودا بێت.

من بەو شێوەیە ڕەفتارم دەکرد و بە ڕوویەکی خەندە ئامێزەوە هاتمە نزیکیەوە و بەدەنگێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بانگم کرد. کە ئاوڕی بۆ دامەوە، بە خەندەیەک کە تامەزرۆیی خۆمم تیا دەبینی، هەموو ناخمی هەژاند. وای لێ کردم ئەوەندەی تر خۆم ڕادەستی ئەو هێزەی ناخم بکەم کە مێشکی بەند کردبووم. لەسەر کورسیەکەی بەرامبەری دانیشتم. ئەو بەردەوام بەو خەندەیەوە لە قوڵایی چاوەکانمی دەڕوانی. منیش ئەوەندە تامەزرۆی ئەو نیگایەی بووم کە ئارەزووم دەکرد، هەردووکمان تەنیا تابلۆیەک بووینایەو بەو شێوەیە مابینایەتەوە. بەڵام ئەو بە پەیڤێکی شیرین منی بزواند و وتی:

- خوێندکارەکان وتیان بە تاسەوە هەواڵت پرسیوم.. خۆ هیچ نەبووە؟!

ئەوەندەی پێ وتم.. من ناخم پژا. بۆ خۆیشم نەمدەزانی بۆچی بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەم! وەک ئەوەی لە مێژەوە

عەشق ناخمی تەنیبێت، پێم وت:

– بۆ چی وا دەکەیت ها.. ئەی تۆ نازانیت من لە دوێنێوە ناخم بۆت دەسووتێت؟!

ئەو بە گومانەوە لێمی دەڕوانی.. وەک ئەوەی متمانە بەو قسانە نەکات کە لە دەمم دێنە دەرەوە. بەدڵێکی پڕەوە کە هەستم دەکرد لێی دەپاڕێمەوە وتم:

– من نامەوێت لە دەستت بدەم سورکێو.. دەمەوێت بۆ هەمیشە لە ژیانمدا بیت.. هەست دەکەم ئەستەمە بێ تۆ بتوانم ژیان بکەم..

ئەوەندەم زانی ئەو خەندەیەی بەردەوام لەسەر لێوەکانی بوو، دەمێک بوو ون بووبوو. هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە ئازاری هەڵکێشا و بە دەنگێکی خەمگینەوە پێی وتم:

– تۆ ئاگات لەخۆتە چی دەڵێیت؟! هیچ بووە؟! پێم بڵێ.

ئەوەندە خۆم لەدەست دابوو، بێئاگابووم لەوەی زۆرێک لە خوێندکارەکانی نزیکمان لەو دیمەنەی چاوە تەڕەکانمیان دەڕوانی. کەمێک بە خۆمدا هاتمەوە و پشتم بە کورسیەکەوە دایەوە. بە دەستەکانم چاوەکانم سڕی، ماوەیەک هەردووکمان بە هۆی سەرنجی خوێندکارەکانی نزیکمانەوە، بێدەنگ بووین. پاشان سورکێو داوای لێکردم بچینە دەرەوە. تا گەیشتینە دەرگاکەی دەرەوە، بارانەکە کەمێک خۆشی کردبووەوە. سورکێو وتی:

– قسەم بۆ بکە.. بزانم چی بووە!

لەو کاتەدا دەمویست خۆم لەو دۆخە بەئاگا بهێنمەوە، بەڵام ئەو ئاگرەی ناخم، کە بۆم دانەئەمرکایەوە، وای

لێکردم ئەویش بە خۆمەوە بسووتێنم. بەدەم قسەوە بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە دەڕۆیشتین، هەموو ئەو هەواڵەم بۆ گێڕایەوە کە دوێنێ لە تەلەفزیۆنەکەوە بیستبووم. کە لێم ڕوانی، خەمێکی قووڵم لە چاوەکانیدا بینی. من لەو کاتەدا هەستم بە نیگەرانی ئەو دەکرد. وای بۆ دەچووم ئەو بەو هەستەم دڵخۆش دەبێت. کاتێک ئێمە بەناو ناخی یەکتریدا ڕۆچوو بووین، باران بە هێمنی هەردووکمانی دەشۆردەوە. سورکێو بە دەنگێک کە ئازاری لێدەچۆڕا پێی وتم:

– تکات لێدەکەم شەونم.. ئەوە مەکە. من لەم دۆخەدا بەرگەی ئاگری عەشق ناگرم.. تکات لێدەکەم با هەستەکانت دڵت نەسوتێنێ.. دەزانم منت خۆش دەوێت.. بەڵام منێک کە توانای ئەوەم نییە لەسەر پێکانی خۆم بوەستم.. چۆن بتوانم دەستی تۆش بگرم. ئاخر عەشق کەسێکی دەوێت لە پێناویدا باکی بە ژیان نەبێت. من ئێستا بە ئازاری دایکمەوە دەناڵێنم، ئاخر چۆن بەرگەی خەمێکی تر دەگرم؟! کە بە هێندەی ئەو مەزن بێت؟! تکات لێدەکەم شەونم.. دڵنیا بە هێندەی تۆ خۆشم دەوێیت. لە یەکەمین ڕۆژ کە بینیمیت لە چاوەکانتا هەستم بە جوانی و سادەیی ناخت کردووە. دەمویست ئەو هەستەی ناخت وەک خۆی بمێنێتەوە و خاوەنی هێزێک بێت کە بتوانێت لەبەردەم زەبرەکانی ڕۆژگاردا خۆڕاگر بێت. هەربۆیە بە کتێبم ئاشنا کردیت. دڵنیا بە ئەوە جوانترین و بەنرخترین هاوڕێت دەبێت. دڵنیا بە لە من زێدەتر دەبێت بۆت.. کتێب ئازارت نادات.. هەستەکانت بریندار ناکات.. بەجێت ناهێڵێت.. ئەو تاکە هاوڕێیە کە دەتوانێت بەردەوام

لەگەڵ خەونەکانت بمێنێتەوە.

ئیرەیم بە شەونم دەبرد، ئەگەرچی ئەو ئێستا لەژیاندا نییە، بەڵام دۆزینەوەی هاوڕێیەکی وەها، ئەستەمە بتوانێت خۆنەویستانە لەتەکتا ڕەفتار بکا. ئەو، شەونمی بە گەوهەری کتێب ناساند، کە زۆرێک لە مرۆڤەکان لە نزیکەوە هەست بە بوونی ناکەن. لەو ساتەدا بیرم لە خۆم دەکردەوە کە بە وێنەی شەونم، هەستم بە عەشقێک دەکرد کە بە هێمنی خۆی خزاندبووە ناومەوە. دەمویست هەستەکانم لەگەڵیدا گەشە بکەن و چێژ لەو ڕفتارانە وەرگرم کە خۆنەویستانە وەک هەرزەکارێک خۆی لە پەرچە کردارەکانمدا دەنواند.

لە چاوەڕوانیی ئـەوەدا بـووم بە تەنها لە وشەیەکەوە ناخم بهەژێت و خۆم ڕادەستی خەونەکانم بکەم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دۆخەدا، گومانێک دڵی گران کردبووم. بەخۆم دەوت:

– تۆ بڵێی لیۆن بە وێنەی سورکێو بتوانێت بە گەوهەری خۆشەویستیی ناخیم ئاشنا بکات؟! ئاخر ئەو ئەوەندە ئاوێتەی کارەکانی بووە، ئەستەمە بتوانێت دوو هەستی جیاواز لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. تۆ بڵێی ئەو بتوانێت ئەو ڕووەی خۆیم پێ ئاشنا بکات کە من لێی چاوەڕوان بووم!

بەو ئەندێشەیەوە ئەوەندەی تر ئاوێتەی تۆمارەکانی شەونم بووم، تامەزرۆی ئەوە بووم بە ئاکامی ئەو عەشقە مەنگە بگەم کە چۆن لە ناخی شەونمدا تەنیا بە بیستنی ناوی سورکێو، خۆی شڵەقاند و شەونمی گیرۆدەی ژیانێک کرد کە هەرگێز چاوەڕێی نەبوو.

خوڕەی بارانەکە، بە ئاوازێکی نامۆوە، سەرنجمی بۆ لای پەنجەرەی ژوورەکەم، ڕاکێشا. بەهێمنی پەردەکەم لادا و لە دەرەوەم ڕوانی. بینیم دڵۆپەی باران تێکەڵ بە کلووە بەفری تەڕ، لە ئاسمانەوە، بەدەم سەمایەکی ناوازەوە، بەرەو زەوی دەهاتنە خوارەوە. ئەو دیمەنەم، ئاوێتەی ئەو ڕۆژەی شەونم کرد، کە پێکەوە لە بەردەم بارانەکەدا دەپەیڤین. لە تەنیایی خۆمدا، ئازارم ئەچەشت. ئەندێشەم کەیلی بیرگەلێکی عەشقبازی بوو. دڵم بۆ کەسێک لێی ئەدا کە هێشتا پێی ئاشنا نییە. بەو هەستەوە بەرەو لای تۆمارەکان گەڕامەوە و دەستم بە تەواوکردنی ئەو بەشە تۆمارە کرد کە شەونم دیاریی کردبوو.

ئای خاتوو مۆڵی، مرۆڤ گەر بە هەموو هێزەکانی ناخیەوە بەرگری لە خۆی بکات، لەبەردەم چارەنووسدا، وەک کۆیلەیەک چۆک دائەدا. مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری خەونەکانی بێت. بەڵام هەر ئەو خەونانەیە کە لە ناخدا دەبنە ڕێچکەی جیاواز و لەگەڵ بەرکەوتەکانی ژیاندا، ئەوەندە لق و پۆپی لێ دەبنەوە، تا دەگاتە ئەوەی کاتێک بەخۆت دەزانیت، لە نێوەی ڕێگایەک خۆت دەبینیتەوە کە گەڕانەوەی ئەستەم دەبێت. من لەو نیوە ڕێیەدا هەنگاوەکانم بۆ دواوە قەتیس مابوو. بەناچاری، ملی ئەو ڕێگەیەم گرت کە چارەنووسی خۆم تیا دەبینییەوە. درێژەم بەو هەنگاوانە دا کە کوێرانە بەسەر چەندین کۆسپ و بەردەڵاندا دەمنا. لێنەگەڕام سورکێو لەگەڵ ئازارەکانی دایکیدا بەئارامی بژی. وەک شەیتانێک دزەم کردە ناو خەونەکانیەوە.

ئەوەندە خۆپەرستانە ڕەفتارم دەکرد، تەنانەت لێنەدەگەڕام بەبێ بوونم، بیر لە ژیان بکاتەوە. ئەو بەدەست نەخۆشی دایکیەوە ئازاری دەچەشت. کەمدەرامەتی وای لە سورکێو کردبوو، ڕۆژانە لە دوای دەوامی پەیمانگا، لە نانەواخانەیەک کاری دەکرد. من هێندە چووبوومە ناو ژیانیەوە، تەنانەت پەیم بە هەموو نهێنیەکانی دەبرد. ڕۆژێک سورکێو باسی ئەو ژیانە تاڵەی خۆی بۆ دەگێڕامەوە کە هەر لە منداڵییەوە پێی ئاشنا بووبوو. دەیگێڕایەوە و دەیگوت:

کاتێک باوکم لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا، ئیتر ئەو دنیایەی کە بە بچوکی بیرم لێ دەکردەوە، بۆ من بووە زەریایەکی فراوان و مەلەکردن تێیدا ئەستەم بوو. من بەو منداڵی و کەم ئەزموونیەی خۆمەوە، کوێرانە مەلەم تێدا دەکرد. بۆئەوەی تەنیا درێژە بەو ژیانە پڕ ئەستەمە بدەم، کە بۆ خۆمم هەڵبژاردبوو. ئیتر من لەوە بەدواوە منداڵێک نەبووم کە لە ژێر نازی باوکمدا چێژ لە ژیان ببینم.. لە بەردەم ئەو ژیانەدا خۆم بە بەرپرسیار دەزانی. بە گەورەییەوە لە خۆمم دەڕوانی. وێنای خۆم وەک پاڵەوانێک دەچواند کە چۆن ڕووبەڕووی ئەژدیهایەک دەبێتەوە. ئاوا بەرانبەر ئەم ژیانە سەختە دەجەنگام.

تەنیا بۆ ئەوەی هیوایەکی ژیانی پڕ لە ئاسودەیی بە دڵی دایکم ببەخشمەوە، ڕۆژانە وەک مرۆڤێکی مەزن، بەناو ئەو بازاڕە جەنجاڵەدا دەگەڕام. بۆ ئەوەی بڕێک پارە پەیدا بکەم، تا ئێواران ژەمێک خواردن بۆ خوانی ئێوارە، لەگەڵ دەستی خۆمدا بۆ دایکم بهێنمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەم

ئەدا، کە خوێندن تەواو بکەم و پاشەڕۆژێکی ڕوون بەدەست بهێنم، کە باوکم خەونی پێوە دەبینی.

کاتێک گوێبیستی ئەو خەمەی سورکێو بووم، ئەوەندەی تر، دڵم هۆگری بوو. هەستم دەکرد ئەو گەنجێکە جیاوازتر لە هەموو ئەو گەنجانەی تر، بیری دەکردەوە. ئەوانەی کە شەوانە خەونیان بە بەیانییەکەوە دەبینی کە چۆن کاتەکانیان بە گەمەو گەشت و گەڕانەوە بەسەر بەرن. ئەو بەردەوام وەک کەسێکی ناڕازای لە ژیانی دەڕوانی. تەنانەت هەڵوێستی بەرامبەر هەموو ئەو عەشاماتەی کە بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەی کە هەموو ئەو شارەی خرۆشاندبوو و چەند مانگێک درێژەی کێشابوو، جیاواز بوو. پێی وابوو پێویستە شوڕش بەناو تاریکی ناخی هەموو تاکێکدا شۆڕ بێتەوە تا دەگاتە ئەوەی هەموو کەسێک لەناو خۆیدا خۆی ئەدۆزێتەوە و هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکات. ئەگەر نا ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت لە ڕووکەشدا هەموو ئەو بەربەرستانە تێک بشکێنێک کە ناخی داگیر کردووە.

ئەو قسانەی سورکێو، وای لێکردم، شەوانە بیر لە بوونی خۆم بکەمەوە. وشەکانیم لەگەڵ ناخ و هەستی خۆمدا دەچواند. هەستم دەکرد ئەو تەنیا مرۆڤێکە کە ناسیبێتم و بتوانێت درک بە ڕاستیەکانی ناخم بکا. کاتێک سورکێو بەو شێوەیە ئەدوا، من زیاتر لەو هەستە گۆشەگیرییەی تێدەگەیشتم کە سەرەتا بووبووە گرێیەک لە ناخمدا. ئەو کاتە لە هەستی گۆشەگیریی تێگەیشتم کە مرۆڤ کاتێک بەرامبەر بە ژیان دەوەستێتەوە، پێویستی بە ژیانێکی نوێیە کە لە

ناخیدا بە ویستی خۆی، دروستی بکا، بۆئەوەی چێژی ژیانی تیا بدۆزێتەوە.

ئەو ماوەیە لەگەڵ درێژەی خۆپیشاندەرەکاندا، ڕۆژانە لە کاتی پشووەکاندا، پێکەوە لەو گۆشەیە دائەنیشتین، کە سورکێو کردبوویە هێلانەی خەونەکانی. بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکاریی دۆخەکەدا، گفتوگۆمان لەسەر داواکانی خۆپیشاندەرەکان دەکرد. من ئەوەندە بە تاسەوە چووبوومە ناو بابەتەکانەوە، زۆرجار لەسەر قسەکانی سورکێو تێبینیم دەدا. کاتێک سورکێو گوێبیستی دەبوو، بە نیگایەکی گومانەوە لێمی دەڕوانی. من لەو ساتەدا هەستم دەکرد تێبینیەکان هەستێکی ناڕازیان لە دڵیدا دروستکردبێت. بەڵام ئەو بەخەندەیەکەوە پێی دەوتم:

- هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کە خەریکە لەناو باسەکاندا خۆت ئەدۆزیتەوە و دەبیتە خاوەنی خۆت. من دەمەوێت ژنان خاوەنی ویست و خەونەکانی خۆیان بن، ئەگەرنا دەبێت هەتا ماون درێژە بەو ژیانە کۆیلایەتییەیان بدەن کە پێوەی دەناڵن.

ئەو قسانەی سورکێو، وای لێ کردبووم بە هەستێکی جیاوازەوە لەو کەسانە بڕوانم کە ڕۆژانە لە ناوەڕاستی شاردا خڕ دەبوونەوە و هەستی ناڕازیی خۆیان دەرئەبڕی. ڕۆژێک لەگەڵ دایکم چووینە بازاڕ بۆ کڕینی هەندێک پێداویستی ماڵەوە، کاتێک لە گۆڕەپانی ناوەڕاستی شارەکە نزیک بووینەوە، تێبنی چەند لاوێکم کرد لەسەر بڵندگۆی ناوەڕاستی عەشاماتەکەوە وەستابوون و بە دەنگێکی پڕ لە

هەڵچوونەوە داوای چاکسازیی دەسەڵاتیان دەکرد. لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانیاندا هەموو ئەوانەی لەوێ بوون بە گوڕێکەوە چەپڵەیان لێ ئەدا و هاواریان دەکرد.

من لەو کاتەدا کە لە دوورەوە لەگەڵ دایکم لێم دەڕوانین، هەستم بەو بۆ چوونە جیاوازەی سورکێو دەکرد کە دەیوت ئەوە تەنیا هەڵچوونێکی کاتیی ناخیانە، تا بیری گۆڕانکاری بەناو هەموو ناخ و ژیانی مرۆڤدا شۆڕ نەبێتەوە، هەرگیز مرۆڤ ناتوانیت درێژە بەو نارەزایەتیانە بدات. ئەوەندە نەبێت تەنیا چەند کەسێک دەبنە قوربانی ئەو دۆخە. لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە بڕۆمە سەر ئەو بڵندگۆیەی کە کۆمەڵێک نۆرەیان گرتبوو بۆ خوێندنەوەی وتارەکانیان. دەمویست بە دەنگێکی بڵند هاوار بکەم و بڵێم:

– ئێوە تەنیا بیر لە شتگەلێکی سادە دەکەنەوە.. تەنیا درێژە بەو ژیانەتان ئەدەن کە لە دووبارەبوونەوەیدا بۆ گەنی کردووە.. بڕۆن بەناو ناخی خۆتانا بگەڕێن و بیری خۆتان ئازاد کەن.. بڕۆن چەندین کچی وەک نارین لە دەست ئەو کەلتوورە قوتار کەن کە بەردەوام هەڕەشەی مەرگ لە خەونەکانیان دەکات.

لەو کاتەدا دایکم بە زەبر پەلێکمی بۆ ی لای خۆی کێش کردم و وتی:

– بڕۆ کچم.. ئەوە شوێنی ئێمە نییە. با تووشی کێشەیەکیش نەبین.. ئێستا باوکت بێتەوە و بزانێت هیچمان بۆ ئێوارە ئامادە نییە، گۆبەندێکمان بۆ ئەنێتەوە.

ئەو خۆپیشاندانەی کە زۆرێک لە خەڵکی نارازی بە

ئومێدیەوە بوون، وەک سەرابێک لەناو خەونی هەمواندا بە هێمنی ڕەوییەوە. ژیان گەڕایەوە سەر هێڵی ئەو بازنەیەی کە لە مێژەوە قەتیس بووە. لەو دۆخەدا بە دووی ئەو خەونانەوە بووم کە ژیانێکی خۆشبەختیی تیا دەبینرا. لەتەک سورکێودا پێکەوە بە ناویدا گوزەرمان دەکرد و هەستەکانمان بەو ڕۆژانە دەسپارد کە جوانترین وێنای ژیانی تیا دەبینرا و کەیل بوو لە خۆشەویستی بۆ ژیان. بەو ئومێدەوە ژیانم ڕێ دەکرد. بێئاگا بووم لەوەی کە ژیان بۆ خۆیمان لووش ئەدا و هەموو خەونەکانمان لەو ڕێگەی عەشقەدا دەکاتە سەراب. تۆ بڕوانە خاتوو مۆڵی، بزانە ژیان چۆن گەمەی بە هەستەکانمان کرد و تورِی داینە نێو جەنگەڵی خۆیەوە، لەگەڵ یادەوەری ئەو ئازارەدا، هەست بە بارگرژی ناخم دەکەم، هێزی ئەوەم نییە ئەمشەو زێدەتر بۆت بپەیڤم. دەروونم شەکەتە و دڵم گرانە. ئێستا دەمەوێت ئەو هەستەم لە نێو خەوێکی بێئاگا لە ژیاندا کاڵتر بکەمەوە.

# ڕۆژی سێیەم

## - ٧ -

بە زەنگی تەلەفونەکەی لیۆن، بەئاگا هاتمەوە. لە کاتژمێرە بچوکەکەی سەر مێزەکەم ڕوانی، سەعات هەشتی بەیانی بوو. تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. لیۆن بە دەنگێک کە خۆشبەختی پێوە دیار بوو، وتی:

- بەیانیت باش مۆڵی.. دەزانم پێویستە بچیت بۆ نووسینگەکەت.. بەڵام ئەوەی بە لای هەردوکامنەوە گرنگە، ئەوەیە کە ئیستا سەردانم بکەیت.. بۆ ئەوەی لە هەواڵێکی گرنگ ئاگادارت بکەمەوە.

کاتێک ئەوەم ژنەوت، زانیم سەرە داوێکی لەمەڕ کوشتنەکەی شەونم دۆزیوەتەوە. وتم:

- ئەتوانیت بە تەلەفۆن پێم بڵێی.. بۆ خۆت دەزانیت لە نووسینگەکەم کارم زۆرە..

لیۆن بە دەنگێک کە هەڵچوونێکی پڕ لە سۆزی پێوە دیار بوو، وتی:

- ئاخر مۆڵی.. ئەم کارە، زۆر لە کاری نووسینگەکەت

کرنگترە. پێویستە خۆت لێرە ئامادەبیت.

تەلەفونەکەم داخستەوەو پەیوەندیم بە بەڕێوەبەری بەشەکەمەوە کرد و مۆڵەتی ئەو ڕۆژەم لێ وەرگرت، پاشان کەوتمە خۆئامادەکردن. لەو کاتەدا بیرم تەواو ئالۆزکابوو، وەک ئـەوەی خـۆم بۆ ژوانـێک ئـامـادە بکەم، بۆ خۆیشم نەمدەزانی بە چ پۆشاکێکەوە ڕوبەڕووی لیۆن ببمەوە. لەو ساتەدا، هەستم دەکرد هەرزەکارێکم و تازە کەوتوومەتە عەشقێکی سەرەتاوە. چاوم بەناو هەموو پۆشاکەکانی ناو کەنتۆرەکەدا ئەگێڕا، بەدوای پارچەکدا دەگەڕام کە زێدەتر جەستەم پێوەی سەرنج ڕاکێشتر بنوێنێ. بیرم لە لیۆن دەکردەوە، دەمزانی جگە لە خەمی دۆزینەوەی بکوژەکانی شەونم، بە دووی بیانوویەکدا دەگەڕا کە زێدەتر خۆیم پێ ئاشنا بکا. لە چاوەکانیدا ئەو هەستەم دەبینی، کە وشەیەک لە ناخیدا پەنگی خواردووە و بەدوای کاتێکی گونجاودا دەگەڕا کە بیدرکێنێ.

لەناو هەموو پارچە پۆشاکەکانمدا تەنیا ئەو عەزییە دڵی گرتم کە مانگێک پێش هەواڵی کوشتنی شەونم، لە کۆگایەکی مارکەدا، بۆ یەکەمینجار نمایشیان کردبوو. هەستم دەکرد خوێندنەوەی تۆمارەکانی دوێنێ شەوی شەونم، کاریگەری لە ناخم کردبێت. کاتێک خۆم دەگۆڕی، بیرم لەو ساتانە دەکردەوە کە شەونم بەهۆی کەوتنە ناو عەشقی سورکێو ەوە، خـۆی لەدەست دابـوو. بێئاگایانە دەدوا و ڕەفتاری دەکـرد. منیش بەهەمان شێوەی ئـەو، هەستم دەکـرد لەو دۆخەدا خۆم دەبینمەوە.

کەمێک بەخۆمدا هاتمەوە و چوومە بـەردەم ئاوێنەی دەرگای کەنتۆری جلەکان و لە بەژنی خۆم ڕوانی و بە چەند شێوازێکی جیا جیا، لە بـەردەم ئاوێنەکەدا، خۆم دەنواند. وەک ئەوەی نمایشی جلەکانم لە بەردەم تەماشاکەرانێکدا بکەم تا سەرنجی کڕینیان بۆ لای خۆم کێش بکەم. ئاوا بیرم لە سەرنجەکانی لیۆن دەکردەوە. ئاخۆ تا چ ڕادەیـەک ئەو ڕەفتارانەم، هەستە شاراوەکانی ئەو دەبزوێنێت و دەیانهێنێتە گۆ! بەو ئەندێشەیەوە بەرەو بنکەکە بەڕێ کەوتم.

کە لە دەرگاکە هاتمە ژوورەوە و لیۆن منی بەو شێوەیە بینی، هەستێکی نامۆم لە چاوەکانیدا بەدیکرد. ئەو بەردەوام چاوەکانی لە سەرم بوو. پاشان بە وردییەکەوە بە هەموو جەستەمدا هاتە خوارەوە. تا نیگاکانی لەسەر پێڵاوە پاژنە بەرزەکانم گیرسایەوە. من بەو دیمەنەی لیۆن، هەستم بە شادمانی دەکرد. لیۆن بۆئەوەی ئەو هەستەی بشارێتەوە، لە جێگەکەی خۆی هەڵسا و بە خەندەیەکی خۆشحاڵییەوە، دەستێکی بۆ لای کورسیەکەی بەردەم مێزەکەی درێژکرد و وتی:

– فەرموو مۆڵی لێرە دانیشە.

دیمەنی سەر مێزەکەی بەردەمی، بـەژووری منداڵێکی بزێو دەچوو کە یاری تیا کرابێت. کاغەزێکی زۆر لە هەموو لایەکی سەر مێزەکەی بڵاو ببووەوە. من لەو کاتەدا لەو دیمەنە شپرزەیەم دەڕوانــی. لیۆن چاوەکانی لەسەرم بوو. کاتێک هەستی بە نیگا پڕ لە پرسیارەکەم کرد، بە شەرمێکەوە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی کاغەزەکان و بەو

نیگا خۆشبەختییەی کە بەردەوام لە سیمایدا دەمبینی، وتی:

– بمبورە.. مێزەکەم بەهۆی کاری دوێنێ شەوەوە، هەر بەو شێواوییە ماوەتەوە.. بۆ خۆت دەزانی کارەکانی ئێمە ئەوەندە تایبەتە، تەنانەت ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەین بەبێ ئاگاداریمان بێتە ژوورەکانمانەوە.

منیش وا خۆم نیشان دا کە دۆخەکە ئاسایی دەبینم. بەردەوام چاودێری ڕەفتارە نامۆکانیم دەکرد. هەستم بە گۆڕانکارییەکی تەواو دەکرد لە ڕەفتارەکانیدا. بیرم لەوە دەکردەوە ئەو پیاوەی کە لە سەرەتادا ناسیم، ڕەفتار و گوفتارەکانی، هێندەی ماسولکەکانی جەستەی، ڕەق بوون. ئێستا هێندە بە نەرم و نیانییەوە دەبزوێ و دەپەیڤێ، دەڵێی هەر ئەویش نەبووە. بەو دیمەنەی تەزوویەکی خۆشحاڵی هەموو جەستەمی تەنییەوە. لە بەردەمیدا هەستم بە سەرکەوتنی خۆم دەکرد. لە قوڵایی چاوەکانیدا، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەی ناخی خۆمدا دەگەڕام: تۆ بڵێی وەک هەموو تاوانکارەکان ڕەفتارەکانمی خوێندبێتەوە و درکی بەو هەستەی ناخم کردبێت!

ئەو ماوەیە هەردووکمان بێدەنگییەکی پڕ لە پرسیارمان هەڵبژاردبوو. ئەو دەستە پڕ ماسولکەکانی لەسەر مێزەکەی بەردەمی لەسەر یەک نابوو. چاوەکانی لەسەر قەڵەمدانەکەی بەردەمی بوو. من بە بیرهێنانەوەی وتەکەی خۆی، نیگاکانیم هێنایەوە سەر خۆم و وتم:

– بەڕێز لیۆن.. دیارە بۆ ئەوە هاتووم تا گوێبیستی هەواڵە گرنگەکەتان بم.

لیۆن وەکئەوەی لە خەونێک بەئاگا بێتەوە، ئاوڕێکی بۆ دامەوە و بە نیگایەکی پڕ لە پرسیارەوە لێمی ڕوانی، پاشان وتی:

– بەدڵنیاییەوە.. دوێنێ شەو لە دوای تەلەفونەکەم بە شوێن ئەو گرتانەدا ڕۆیشتم کە لە کامێرەی مارکێتەکەوە دەستم کەوتبوو.. دواجار ئەو گومانلێکراوەم دۆزییەوە.. هەواڵەکە ئەوەیە، ئەو کەسە شەونم دەناسێت وەک خۆی دەڵێت، ئامۆزای هاوسەرەکەی شەونم ە..کە ئێستا لەبەندیخانەیە..

لە چاوەکانیدا هەستم بە خۆشبەختیی سەرکەوتن دەکرد. وتم:

– تۆ چۆن لەو گومانلێکراوە دەڕوانیت؟! هیچ بەڵگەیەک هەیە تا تۆمەتەکەی بەسەردا بسەپێنیت؟!

بەو قسەیەم دەموچاوی ئەوەندەی تر سوورتر هەڵگەڕا و کەمێک لە جێگەکەی خۆیەوە خۆی ڕێک کردەوە. وەکئەوەی قسە بۆ کەسێک لەخۆی مەزنتر بکات، وتی:

– بەدڵنیاییەوە.. تۆ بە وردییەوە لە ڕوداوەکان بڕوانە.. تۆماری کامێراکان، بۆ خۆیان ئەوە دەسەلمێنن کە گومانلێکراوەکە بۆ چەندین ڕۆژ چاودێری ئەپارتمانەکەی شەونمی کردووە. پاشان بە پێی تۆمارەکە ڕۆژێک تا نزیکی ئەپارتمانەکە، بە دووی کەوتووە. بەڕوونی دیارە کە بە نهێنی چاودێری شەونم دەکات، تا دەگاتە دەرگای ئەپارتمانەکە.

لەو کاتەدا من بە پرسیارێک قسەکانی لیۆن م بڕی و پرسیم:

– ئەی گومانلێکراوەکە لەسەر ئەو تۆمارانەی بەدەستت کەوتوون چی دەڵێت؟

به دڵنیاییەکی زۆرەوە سەرێکی بۆ لەقاندم و وتی:

– خۆی ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە کە ئەمشەو ئاراستەم کرد. لە وەڵامدا وتی( لەبەرئەوەی شەونم دەناسم بە دووی کەوتبووم بۆ ئەوەی بیدوێنم و بزانم چۆن هاتۆتە ئێرە! بەهۆی ئەوەی هاوژینی ئامۆزاکەم بووە و وتم نەوەک پێویستی بە شتێک هەبێت. بەڵام شەونم کاتێک منی بینی، وابزانم هەستی بە ترسێک کردبوو، هەربۆیە نەمویست لەوە زیاتر چاودێری بکەم). ئەو لەوە زیاتر هیچ شتێکی تری نەدرکاند. بەڵام دڵنیا بە ناتوانێت هەر وا بە ئاسانی لەژێر دەستم خۆی قوتار بکات.

لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر شەونم هەستی بە شتێک کردبێت، ئەی بۆچی منی لەو دۆخە ترسناکە ئاگادار نەکردۆتەوە؟! من لەو کاتەدا بەناو خۆمدا دەچوومەوە. لیۆن کە وتی «لە خوێندنەوەی تۆمارەکاندا بە چی گەیشتیت؟» منی هێنایەوە لای خۆی و کەمێک لێم ڕوانی بیرم لەو ساتەی شەونم دەکردەوە کە بە دووی سورکێودا دەگەڕا، بەڵام ئەوەی من بە دوویدا دەگەڕام، ئێستا لە بەردەممدایە و بە هەستێکی عەشقبازییەوە دەپەیڤێت.

من چێژم لەو گەمەیە دەبینی کە ئەو لە سەرەتاوە دەستی پێکردبوو. لەناخەوە تامەزرۆری ئەوەم دەکرد لە نێوان دەستە ئاسنینەکانیدا جەستەمی وەک هەویرێک هەڵگلۆفیبا. هەموو ئەو شەوانەی لە دوای خوێندنەوەی تۆمارەکانی

شەونم کەماندوو دەبووم، خۆنەویستانە ئەندێشەم بەرەو یەکەمین دیدارمان دەچوو. چەندین جار ئەو هەستەم لە خۆمدا دووبارە و سێبارە دەکردەوە، کاتێک بەئاگا هاتمەوە خۆم لە نێو ئەو دەستە پڕ لە بازووەکانیدا بینییەوە. ئەو ڕۆژە هەستێکی پڕ چێژی وەهای پێ بەخشیبووم، کە لێم دەڕوانی، هەستم بۆی دەبزوا. بەڵام نەمدەویست هەر وا بە ئاسانی خۆم ڕا دەستی حەزەکانی بکەم. دەمویست ئەوەندە درێژە بەو گەمە پڕ چێژە بدەم، تا ئەو کاتەی ناخی وەک بورکانێک دەهەژێنم و هەستە ئاسنینەکەی دەکەمە هەویرێکی نەرم و بە ویستی خۆم گەمەی سێکسیی پێ دەکەم. ئەو بەردەوام چاوەکانی بە هەموو جەستەمدا دەگێڕا، منیش بە دەنگێکی شەرمنەوە وتم:

– تا ئێستا هیچ شتێکی ئەوتۆم نەدۆزیوەتەوە کە شایەنی باس بێت. خوازیارم لەلایەن تۆمەتبارەکەوە شتێکت دەست بکەوێت.

کاتێک ئەوەم بە لیۆن وت، بەردەوام چاوەکانی لەسەر مەمکەکانم بوو. بۆئەوەی زیاتر تامەزرۆی بکەم، لە خافڵبوونی چاوی ئەودا، بە دەستەکانم، ئیخەی کراسەکەم کەمێکی تر هەڵتەکاند و بە نیگایەکی پڕ لە چاوەڕواییەوە لێیم ڕوانی. پێم وت:

– ئەگەر شتێکی گرنگت نەماوە، دەڕۆم.

نیگاکانی بۆ سەر مێزە شێواوەکەی گواستەوە و کەمێک بێدەنگی هەڵبژارد، وەکئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە تاوەکو زیاتر درێژە بە دانیشتنەکەمان بدات. پاش کەمێک بە

گومانێکەوە وتی:

– ئەی ناتەوێت چاوتان بە گومانلێکراوەکە بکەوێت؟

لەناخی دڵمەوە بە وێنەی ئەو، چێژم لەو دۆخە دەبینی، بەڵام بۆ بردنەوەی ئەو گەمەیە، وای لێکردم پێی بڵێم:

– کێشە نییە.

بە خەندەیەکەوە وتی:

– لەوانەیە پرسیارێکی گرنگت هەبێت بۆی. ئەی وا نییە؟!

بە خەندەیەکەوە لە قوڵایی چاوەکانیم ڕوانی و وتم:

– بێگومان.. ئەی بۆ نا؟!

لیۆن دەستێکی بە زەنگەکەی سەر مێزەکەدا نا و ئەوەندەی نەبرد پۆلیسێک بە سڵاوێکی سەربازییەوە لەنێو دەرگاکەدا خۆی قوت کردەوە. لیۆن بە دەنگێکی نێرانەوە داوای لێکرد کە گومانلێکراوەکە بۆ ژوورەکەی ئامادە بکەن. کاتێک پۆلیسەکە چووە دەرەوە، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە بە کراوەیی بەجێ هێشتبوو، تا ئەو کاتەی گومانلێکراوەکەیان هێنایە ژوورەوە. من خۆم بە جانتاکەی دەستمەوە خەریک کردبوو. پۆلیسەکە گومانلێکراوەکەی هێنایە ژوورەوە و لیۆن داوای لێ کرد لەسەر ئەو کورسییەی بەرامبەری من دابنیشێت کە دەکەوتە لای ڕاستی لیۆن ەوە.

گومانلێکراوەکە کوڕێکی سپیپێستی چاوکاڵ بوو. قژە درێژەکەی لە دواوە بە لاستێکێک گرێ دابوو. کاتێک منی بینی، بە تاسەوە سەرنجی ئەدام، بە گومانێکەوە لێمی ڕوانی، وەک ئەوەی بمناسێت. لیۆن دەستێکی بۆ درێژ کردم ڕووی کردە گومانلێکراوەکە و وتی:

– خاتوو مۆڵی، پارێزەری شەونم بووە. ئەو هەموو شتێک لە بارەی شەونمەوە دەزانێت. دەیەوێت چەند پرسیارێکت لێ بکات. دڵنیام بە ڕاستی وەڵامی ئەدەیتەوە.

گومانلێکراوەکە سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند. کاتێک لێمی دەڕوانی لە چاوەکانیدا هەستم بە ترسێکی شاراوە دەکرد کە تاوانێکی تیا حەشار درابێت،پرسیم.

– ناوت چییە؟

– بەهرۆز.

– شەونم پێی وتم کە لە ترسی کوشتن هەڵهاتووە. تۆ هیچ لەو بارەیەوە دەزانیت؟!

بە شڵەژاوییەکەوە کە ترس بەردەوام لە چاوەکانی دەچۆڕا، وتی:

– تەنیا ئەوەندە دەزانم کە شەونم هۆکاری ئەو تاوانەیە کە هاوژینەکەی بە هۆیەوە بەند کراوە. هەر ئەوەشە وای لە شەونم کردووە لە ترسی تۆڵەی ئەو تاوانە، هەڵبێت.

– کەواتە تۆش وەک کەسێکی نزیکی هاوژینەکەی، چاودێریت کردووە بۆئەوەی ئەو تۆڵەیەی بۆ بکەیتەوە.. ئەوە ڕاست نییە؟!

– نا دڵنیا بە.. دەستم لەو تاوانەدا نییە.

– کەواتە بۆ چی ئەو ماوەیە چاودێریت کردووە؟!

– ڕۆژێک شەونم م لێرە بینی، تەنیا ویستم سەبارەت بەو کێشەیە بیدوێنم، بەڵام کاتێک ئەو منی بینی، زانیم هەستی بە ترسێک کردووە. ئیتر منیش فەرامۆشم کرد.

– ئەی دوای ئەوە شەونم ت نەبینییەوە؟!

– نەخێر.. لەو کاتەوە نەچوومەوە بە لای ماڵەکەیدا.

– لەدوای ئەو ڕۆژەوە شەونم لە ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە. نەهاتنەوەت بۆ لای ماڵی شەونم، بەڵگەی ئەوە دەسەلمێنێ کە تۆ ئەو تاوانەت ئەنجام دابێت.

– نا بەخوا من ئاگام لەو تاوانە نییە.. پێدەچێت کەسانێکی نزیکی هاوژینەکەی کردبێتیان.. متمانەم پێ بکەن من ئەو کارەم نەکردووە.

لیۆن بەردەوام لە ئێمەی دەڕوانی دواتر نیگا پڕ لە پرسیارەکانی بۆ سەرم گواستەوە. وەکئەوەی چاوەڕوانی شتێک بکات. بەهرۆز لە سەرکورسیەکە هەموو جەستەی دەلەرزی. بە ترسێکەوە لە هەردووکمانی دەڕوانی، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو وەڵامێکی متمانەئامێزی لێمانەوە بەدەست هێنابێت. لەو کاتەدا ئەو پرسیارە م کرد کە لە قسەکانیدا خۆی زەق کردبووەوە :

– شەونم بۆچی بووەتە هۆکاری ئەو تاوانە؟!

– تەنیا ئەوەندە دەزانم خزمەکانم بە تەلەفۆن لە بارەی سەرکەوت ی ئامۆزامەوە وتویانە.. ئیتر لە درێژەی ئەو ڕوداوە هیچ ئاگادار نیم.

ماوەیەک هەموو بە بێدەنگی ژوورەکەمان خامۆش کردبوو. لیۆن بە دەنێگکی گڕەوە پێی وتم:

– هیچ پرسیارێکت ماوە؟!

– نا ئەگەر شتێکم هەبێت، ئاگادارت دەکەمەوە.

– زۆر باشە.

ڕووی کردە بەهرۆز و بە دەنگێکی پڕ لە ترساندنەوە

پێی وت:

– دادوەر بڕیاری درێژکردنەوەی دەستبەسەرکردنتی داوە، تا ئەو کاتەی دەگەینە ڕاستیەکان و بەڵگەکان لە دژت کۆ دەکەینەوە. مانەوەت بە بێدەنگی، دەبێتە هۆکاری توندکردنەوەی سزاکەت. باشترە بۆ خۆت بیر بکەیتەوە و دان بە تاوانەکەتدا بنێیت.

چاوەکانی بەهرۆز لە تەڕیدا دەبریسکانەوە، بە دەنگێک کە پاڕانەوەم تیا دەبینی، وتی:

– دڵنیاتان دەکەمەوە من دەستم لەو تاوانەدا نییە. تکاتان لێدەکەم.. متمانەم پێبکەن..بەخوا بێتاوانم.

لەو کاتەدا لیۆن پەنجەی بە زەنگەکەدا ناو پۆلیسەکە هاتە ژوورەوە و فەرمانی پێ کرد بەهرۆز بۆ جێگەکەی خۆی ببەنەوە. کاتێک پۆلیسەکە بەهرۆز ی لەگەڵ خۆیدا بردە دەرەوە، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە کڵۆم دا. ئێمە بە تەنێ ماینەوە. لیۆن بە گومانێکەوە پرسی:

– تۆچۆن لەو گومانلێکراوە دەڕوانی؟

– ئەوەی تائێستا هەیە، ئەوەیە کە گومانەکان تەنیا بەرەو ڕووی ئەو ن. ئەگەر لە پشت ئەوەوە، کەسانێکی تر هەبن، ئەوە کارێکی جیاوازە.

– بە بڕوای من ئەگەر بەهرۆز بۆ خۆی ئەو تاوانەی نەکردبێت، دڵنیام لەوەی لێی ئاگادارە. یان کەسانێکی لێ ئاگادار کردۆتەوە. بەبڕوای تۆ ئەوە دروست نییە؟

لەو کاتەدا ئەوەم بەبیردا هات کە شەونم لە دواین تۆماریدا، دەبێت شتێکی لە بارەی چاودێرییەکانی بەهرۆز

ەوە درکاندبێت. بەڵام نەمویست هەر وا بەئاسانی ئەو گومانە بدرکێنم. لە ناخی خۆمدا بە پەنهانی هێشتمەوە و مۆڵەتی ڕۆشتنم لە لیۆن وەرگرت و بە مێشکێکی پڕ لە پرسیارەوە هاتمە دەرەوە.

پەیڤەکانی بەهرۆز، وای لێکردم بە حەزێکی زۆرەوە درێژە بە خوێندنەوەی تۆمارەکانی شەونم بدەم. هەرچەندە هەستەکانی شەونم تەواو ئاوێتەی ناخم بووبوون. بەردەوام لە گەڵیدا هەستی خۆمم تیا دەبینی. بەڵام هۆکاری شەونم بۆ ئەنجامدانی تاوانێک، ئەوەندەی تر تامەزرۆی خوێندنەوەی بووم. دوا تۆمارەکەی شەونم بووە نهێنییەکی شاراوە کە پێدەچوو تێیدا نهێنیگەلێکی لەسەر بکوژەکانی تیا درکاندبێت.

ئەو هەورە ڕەشەی ئاسمانی گرتبوو، پێدەچوو بەفرێکی ساردی لە هەناویدا هەڵگرتبێت. ئەو دیمەنەی وەک خەمەکانی شەونم دڵی تەنگ کردبووم، بەردەوام لە ئەندێشەی شەونم دا بووم. ئەو هەستەم وای لێ کردبووم ئەو ڕۆژە ئارەزووی گەڕانەوەم بۆ فەرمانگەکەم نەمابوو. مێشکم تەواو ئاڵۆز و گران بووبوو. بەردەوام وا هەستم دەکرد شتێکم لەیاد کردووە. بەدەم ئەندێشەی ژیانی شەونم ەوە، بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە و جلەکانی خەوم پۆشی و چوومەوە سەر جێگەی نووستەنەکەم. کە بۆ خوێندنەوەی تۆمارەکان هۆگری بووم. پێش ئەوەی دەست بە خوێدەنەوەی تۆمارەکان بکەمەوە، بیرگەلێک بە مێشکمدا گوزەری کرد. بەردەوام ئەو وتانەی بەهرۆز م شی دەکردەوە کە لە بارەی شەونمەوە درکاندنی. لە نێویدا بە دووی شتێکی پەنهانەوە بووم.

بیرم لەوە کردەوە پەیوەندی بە وەرگێڕەکەوە بکەم تا لە دوا تۆمارەکەیدا شتێکم لە بارەی بەهرۆز ەوە دەست بکەوێت. کاتێک پەیوەندیم بە وەرگێڕەکەوە کرد و داوای ئەوەم لێ کرد کە ئایا لە هیچ شتێکی گوماناوی لە تۆمارەکەدا بەدی کردووە؟! لە وەڵامدا وتی کە تا ئێستا هیچ شتێکی وەهای بەرچاو نەکەوتووە. هێشتا لە سەرەتای تۆمارەکەدایە. بەڵام لە سەرەتای تۆمارەکەدا باسی کەسێک دەکات کە لێرە دەژی. پێدەچێت بە مەبەستی کوشتنی چاودێری بکات. لەوانەیە ئەوە بۆ خۆی جێگەی گومانێک بێت کە ئەو کەسە دەستی لە کوشتنی شەونم دا هەبێت.

ئەو هەواڵەی وەرگێڕەکە، تەواو دڵنیای کردمەوە لەوەی بەهرۆز بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بکوژی شەونم ە. دوام لە وەرگێڕەکە کرد کە هەوڵ بدات بە زووترین کات وەرگێڕانی تۆمارەکەم بۆ تەواو بکات. تاوەکو وەک بەڵگەیەکی ڕوون لە دژی بەهرۆز بەکاری بهێنم. تا ئەو کاتەی ناچار دەبێت دان بە نهێنیی کوشتنی شەونمدا دەنێت.

کوشتنی شەونم جارێکی تر هەموو ناخمی هەژاندەوە. ئەو دیمەنە شێوێنراوەی جەستەی، وەک مۆتەکەیەک بەردەوام لە پێش چاومدا دەهات و دەچوو. ترس هەموو جەستەمی تەنیبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دڵم بە مەرگی ناوەختەی ئەو شۆخە نازدارە، تەنگ دەبوو. منێک کە چەند ڕۆژێکە هۆگری ژیان و ئازارەکانی بووم، هەستەکانم بۆی دەبزوا. چەند جارێک لەکاتی خوێندنەوەی تۆمارەکاندا، بێئاگایانە چاوەکانم بۆی تەڕ دەبوون. ئەو بە شێوازێک ژیانی خۆی بۆ

دەگێڕامەوە وەک ئەوەی تەواو لە نزیکمەوە بێت و لە ژوورە نیمچە تاریکەکەمدا پێکەوە دانیشتبێتین و منیش ڕاستەوخۆ گوێبیستی ئازارەکانی بم.

بەرەو بەستەرەکە ڕۆیشتم و پەرداخێکم لە شەراب پڕ کرد. بە ئەندێشەیەکی ئاڵۆزەوە تاوناتاوێک قومێکم لێ ئەدا و ژیانی خۆم بەو دەچواند. لەنێو هەموو ئەو دیمەنە ئازار بەخشەدا، لیۆن، وەک لێکۆڵەرەوەیەک خۆی خزاندە نێو ئەندێشەکانمەوە و خۆی دەنواند. نەک لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی دۆسیەکەی شەونم ی لە ئەستۆدا بوو، بەڵکو ئەو بە هێمنی، بە ڕەفتارە دڵگیرەکانی، ڕۆچووبووە ناخمەوە. تەنانەت وای لێ کردبووم ڕۆژانەش لە کاتی کارەکانی نووسینگەکەمدا، وەک لێکۆڵەرەوەیەک، دەهاتە ناو دۆسیەی پەنابەرەکانەوە. لەو کاتانەدا وا هەستم دەکرد لە تەنیشتمەوەیە و وەک دۆسیەکەی شەونم، هاوڕامەو بڕیار لەسەر کێشەکان ئەدات.

هەواڵی وەرگێڕەکە وەک بروسکەیەک هەموو بیری لە لیۆندا کۆکردمەوە و وەک پلانێک هاتە ئەندێشەمەوە. بیرم لەوە دەکردەوە بە هەمان شێوەی گەمەکانی لیۆن، بە تەلەفۆنێک بیکەمە هۆکارێکی گونجاو بۆئەوەی جارێکی تر یەکتری ببینینەوە. پێشئەوەی بیر لە تەلەفۆنەکە بکەمەوە، پێشبینی وەڵامەکەی لیۆن م دەکرد. پێدەچوو ئەمڕۆ کاتەکەی گونجاو بێت بۆئەوەی لە دانیشتنێکی ڕۆمانسیدا ناچاری کەم هەستی خۆیم بۆ بدرکێنێت. تا ئەو کاتەی لەناو ئەندێشەی خۆمدا ڕۆچووبووم، چەند پەرداخێک لە

شەرابەکەم خواردبووەوە.

بۆ خۆیشم نەمدەزانی بەرزی ڕێژەی ئەلکهولی شەرابەکە بوو یان ئاوێزانی ڕۆحم بوو بە نیگاکانی لیۆن، کە بەبێ دوودڵی بەرەو ژووری نووستنەکەم چوومەوە و پەیوەندیم بە لیۆن ەوە کرد. کە یەکەمین وشـەی وەڵامـدانـەوەی بە «بەڵێ مۆڵی ی ئازیز» دەست پێکرد. موچورکێکی بەچێژ، هەموو جەستەمی لەرزاند. هەستم کرد وشەکان لە زارمدا بە تۆنێکی پڕ لە ئەوین دێنە دەرەوە. ئەو لە تەلەفۆنەکەوە هەستی بە ناخم کردبوو. کاتێک وتم:

– لـیـۆن.. وەرگـێـڕەکـە، هـەواڵـێـکـی گرنگی لـە بـارەی تۆمارەکەی شەونم ەوە پێ وتـم.. ئۆقرەی لەبەر بڕیوم.. مێشکم تەواو ئالۆز بووە..

لیۆن بە دەنگێک کە هەستێکی پڕ لە عەشقی لێ دەچۆڕا، وتی:

– ئازیزم.. دڵنیام خوێندنەوەی تۆمارەکان کاریگەریی لە ناخت کردبێت. باشترە کەمێک پشوو بدەیت.

بێئەوەی بیر لەو قسانە بکەمەوە کە لە ناخی دڵمەوە دەهاتنە دەرەوە، دواتر هەستم بەخۆم کرد کە من بە وێنەی شـەونـم، ناخم لە عەشق دەچـۆڕێ. ڕێگەم بە لیۆن نەدا وتەکانی تەواو بکا.. وتم:

– بەدڵنیاییەوە.. منێک بە تەنیا لە ماڵێکدا.. بێگومان بێزاری ناخم دەکرۆژێت.. دەمەوێت کەمێک بچمە دەرەوە و هەوایەک هەڵمژم.

ئەو لە مەبەستەکەم تەواو گەیشتبوو. دڵنیا بوو لەوەی

داواکـــەی بـۆ جـاری دووەم ڕەت نـاکـەمـەوە. هـەر بۆیە ڕاستەخۆ داوای ئەوەی لێ کردم بۆ نانی ئێوارە، میوانی ئەو بم. پاشان داوای ئـەوەی لێ کردم تا ئەو کاتەی من خۆم ئامادە دەکەم ئەو بە ئۆتۆمبێلەکەی بگاتە لام. منیش کە داواکەیم پەسەندکرد، ئەو کاتە هەستم بە خۆم کرد کە بێئاگایانە سەرکەوتنی ئەو گەمەیەی بە هیوای درێژەپێدانی بووم، بە سانایی بەوم سپارد.

هێشتا چەند کاژێرێکی مابوو کە لیۆن بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بە دوامدا بێت. هەڵبژاردنی پۆشاکێکی گونجاو بۆ ئەو شەوە پڕ چێژە، مێشکی ئاڵۆز کردبووم. دوبارە وەک کاتی بەیانی، دەرگـای کەنتۆری پۆشاکەکانم کـردەوە و یەک بە یەکی جلەکانم بە بەری خۆم تاقی کردەوە. لەو کاتەدا، هەموویانم بەلاوە گونجاو بوو. وەک هەموو ئەو کاتانەی لە دوکانەکاندا پەراوەم دەکردن و لەدوای ڕاوێژێکی زۆر لەگەڵ دڵی خۆمدا، بڕیاری کڕینم ئەدا.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک لەناو هەموو ئەو پۆشاکانەدا مێشکم خـولـی ئــەدا. هـەمـوو پـارچـەکـانـم بـەنـاو ژووری نووستنەکەمدا بڵاو کردبووەوە. هەندێک لە عەزیەکانم بەهۆی درێژیانەوە، لەسەر سیسەمەکەم ڕاخستبوو. بەردەوام لێم دەڕوانـی و وێنای ئەوەم دەکرد کە لەبەری کەسێکدایە و لـە چـاوی خـۆمـەوە بیرم لـە جوانیی سـەرنجڕاکێشانیان دەکــردەوە. دواجـار بیریاری ئـەوەم دا ئـەو عەزیە لەبەر کەم کە لە قوماشی سەتەن دروست کرابوو. ڕەنگە سەوزە کاڵەکەی لەگەڵ ڕەنگی پێستە ئاڵەکەمدا تەواو گونجابوو.

لێواری ئێخەو شانە ڕووتەکانی، بە نەخشێکی جوان لەخۆی، ڕازێنرابووەوە. کاتێک چوومە بەردەم ئاوێنەکە، لەبەرمدا وەک ئاو، بە هەموو جەستەمدا چۆڕابووەوە. لە دواوە لەسەر کەفەڵە بەرزەکەمەوە بۆ خوارەوە لەگەڵ جووڵەی جەستەم، شەپۆلێکی هەست بزوێنی ئەبەخشی.

ئەو شەوە ئارەزووی ئەوەم دەکرد، زێدەتر لە ڕۆژانی تر، هەستبزوێنتر دەربکەوم. دواتر ماکیاجێکی کەمێک تۆخترم لەوەی سپێدە کرد. تا ئەو کاتەی لیۆن بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە لە خوارەوەی ئەپارتمانەکەم چاوەڕێم دەکات، من لە بەردەم ئاوێنەکەدا لە خۆمم دەڕوانی و بە دوای شتێکی نەشازەوە بووم کە لە خۆمدا بیدۆزمەوە.

کە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم، بینیم لیۆن قاتێکی ڕەنگ شینی تۆخی لەبەر کردبوو. بە شێوەیەک خۆی ڕازاندبووەوە، دەتگوت بەرەو ئاهەنگی یەکترمارەکردن بەڕێ دەکەوین. لە سیمای لیۆن دا هەستێکی خۆشبەختیم دەبینی. هاوشێوەی هەستە شاراوەکەی ناخم.

کاتێک گەیشتینە ڕیستۆرانەکە، لیۆن پێشوەخت مێزی ژمارە حەوت ی بە تەلەفۆن دیاری کردبوو. تا ئەو کاتەی گارسۆنەکە هاتە نزیکمانەوە، من لە ژمارەی مێزەکەم دەڕوانی. لیۆن بە دەنگێکی پڕ بە سۆزەوە پێی وتم:

– ئارەزووی چ خواردنەوەیەک دەکەیت؟

لەو کاتەدا سەرنجەکانم ئاوێزانی نیگا پڕ لە شەهوەتبازییەکەی بووبوو. لە ناخمدا پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد، دەبێت ئەویش هاوشێوەی من ئارەزووی ئەو

شەرابە بکات کە گوڕێکی گەرمی بە ناخم بەخشی و هێشتا کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانم ماوە! بۆئەوەی زیاتر لەوە دڵنیابم، وتم:

– من بە ئارەزوو و ویستی تۆ دەخۆمەوە.

کاتێک ئەوەم وت، هەستم بەو ئاگرەی دەروونی کرد کە لە ڕوخساریدا خۆی دەنواند. بە دەنگێکی ئەوینبازییەوە وتی:

– نا ئەزیزم.. من دەمەوێت بە ویستی خۆت بێت.

ئەو هەستە شەرمێکی لە مندا خولقاند. هەر بۆیە بە نازێکەوە وتم:

– ئارەزووی شەراب دەکەم.. ئەی تۆ؟!

بە نیگایەک کە لێوانلێو بوو لە پەیڤی عەشق، لێمی دەڕوانی و وتی:

– بە دڵنیاییەوە.. خواستەکەت حەزی منیشە.

ڕووی کردە گارسۆنەکە و داوای بتڵێک شەراب و قاپێک میوەی تێکەڵی کرد. من بەردەوام چاودێری ڕەفتارە پڕ لە جۆشەکانیم دەکرد کە وێنای نێرینەیەکی بەدەسەڵاتی لە ناخمدا خولقاندبوو. تەواو سەراسیمەی خۆی کردبووم. لەو ساتەدا، ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە لەبەر دەمیدا، هێندە ناسک و نەرم و نیان دەربکەوم، کە هەستی خۆبەگەورەزانی لە ناخیدا تێک بشکێنم.

بێدەنگیمان، ماوەیەک ئارامیی بەو مێزەی بەردەممان، بەخشیبوو کە شەوانە، گوێبیستی چەندین چیرۆکی عەشقبازی دەبوو. بۆئەوەی ئاڵۆزیی ناخم بشارمەوە، بەردەوام لە ژمارەی سەر مێزەکەم دەڕوانی. بە خەتێکی

گەورە لەسەر پارچە تەختەیەکی ستونیی ڕەنگ قاوەیی، نووسرابوو.

ئەو بەردەوام چاوەکانی لەسەر نیگاکانم گیرکردبوو، هەربۆیە سەرەتای باسەکەمان لەو ژمارەیەوە دەستی پێکرد و پرسیاری ئەوەی لێ کردم:

– ئەگەر ژمارەی مێزەکەت بەلاوە گونجاو نییە، داوا دەکەم بۆمان بگۆڕن.

لەو کاتەدا، من سەرم بڵند کردەوە و ئەو بە خەندەیەکەوە کە ماوەیەکی زۆر لەسەر لێوە ئەستورەکانی مایەوە، چاوەڕوانی وەڵامێک بوو. کەمێک لێوە پڕ لە سووراوەکانی خۆم کرۆشت و بە خەندەیەکەوە وتم:

– لە ژمارەی بەختی خۆم دەڕوانم.

بە وەڵامەکەم، لێوەکانی لێک ترازاند. بە هەستێکی خۆشبەختییەوە وتی:

– خۆشحاڵم بەوەی توانیبێتم پێشبینی بەختم کردبێت. هیوادارم ئەم دانیشتنە سەرەتایەکی خۆشبەختی بێت لە هاوڕێیەتیمان.

ئەو چاوەڕوانی ئەوە بوو، کە من درێژە بەو باسە بدەم، کە لە چاوەڕوانیدا نائارامی، چەند هێڵێکی لە سیمایدا نەخشاندبوو. بەڵام من باسەکەم بەرەو ژیانی شەونم گۆڕی. پرسیم:

– تۆ تاچەند گومانت لە بەهرۆز هەیە کە بکوژی شەونم بێت؟

نیگاکانی بۆ دەستی گارسۆنەکە گواستەوە کە سەرقاڵی

پڕکردنی پەرداخەکان بوو. کەمێک چاوەڕێی کرد تا گارسۆنەکە کارەکەی تەواو کرد و سەرێکی پڕ لە ڕێزی بۆ دانەواندین و بە ڕوویەکی گەشەوە وتی:

– هیوای شەوێکی پڕ لە بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.

ئەوەی وت و لێمان دوور کەوتەوە. لیۆن وەکئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە کەمێک ڕاما، پاشان وتی:

– بەپێی ئەوەی شەونم لە تۆمارەکەیدا ناوی هێناوە و هەستی بەوە کردووە کە چاودێریی دەکات، من گومانەکانم لە سەری زیاتر چڕتر بوونەتەوە.

بە دڵنیاییەوە، لەم شارەدا، کە شەونم تیایدا نامۆ بووە، لەو زیاتر، دەبێت گومان لە کێ بکرێ!

بۆئەوەی باسەکە بهێنێتەوە سەر ڕێچکەکەی خۆی، وتی:

– لەوە گەڕێ بۆ لێکۆڵینەوەکان.. بەدڵنیاییەوە بۆ خۆم شێوازی تایبەتیم هەیە کە وا لە تاوانبارەکان بکەم ناچار بن، بۆ خۆیان، دان بە تاوانەکەیاندا بهێنن.

لەوکاتەدا هەستم بەوە دەکرد تاوانبارێک بم و ئەو بەو شێوازە تایبەتەی خۆی کە تا ئەو کاتەش من پێی نائاشنا بووم، ناچاری کردبێتم کە بۆ خۆم بڕیار لەسەر دروستبوونی ئەم دۆخە بدەم و نهێنی ناخی خۆمی بۆ بدرکێنم. کاتێک بەو شێوەیە بیرم لە خۆم دەکردەوە، هەستم بە لاوازیی خۆم دەکرد لە بەردەمیدا. نەمدەزانی بە چ شێوازێک کۆنترۆڵی ئەو گەمەیە، بەلای خۆمدا، ڕابکێشمەوە. دیاربوو کە ئەو بە شێوازە تایبەتییەکانی، ناخمی بنکۆڵ کردبوو. پێدەچوو هیچ شتێک نەمابێتەوە تا ئەو هەستەی خۆمی لێ بشارمەوە

کە زێدەتر درێـژە بـەو گەمەیە بـدەم، کـە جڵـەوەکـەی لـە دەستی ئەودا بوو. هەربۆیە لە دوای باسەکەی شەونم، ئەو پرسیارەی کرد کە ناچاربووم ڕاشکاوانە وەڵامی بدەمەوە وتی:

– دیارە هاوڕێت نییە.. بۆیە تەنیایی وای لێ کردوویت هەست بە ترس و گومان بکەیت.

بـە شـەرمێکەوە، کـە دڵمی نوقمی ترسێکی بێئەندازە کردبوو، وتم:

– نا.. هاوڕێم نییە.. ماوەیەکە جیا بوومەتەوە.

لـیۆن بـەپـەلـە وەڵامــەکــەی بـۆ خـۆی قـۆسـتـەوە و بە ئەتەکیەتێکەوە وتی:

– منیش وەک تۆم.. خۆشحاڵ دەبم هاوڕێیەتیم پەسەند بکەیت.

بە شێوازێکی هێندە تەلیسماوی ڕەفتاری دەکرد، ماوەی ئەوەی بۆ نەهێشتمەوە کە بەناو خۆمدا بچمەوە و بیر لەوە بکەمەوە. وتم:

– منیش خۆشحاڵم.

ئیتر ئەو دەستێکی بۆ پەرداخەکەی بەردەمی برد، کە گارسۆنەکە نیوە زیاتری کردبوو، بەرزی کردەوە و کەمێک چاوەڕێ بوو، تا منیش وەک ئەو، پەرداخەکەم بڵند کرد. وتی:

– بە هیوای خۆشبەختی.

منیش بە دودڵـییـەکـەوە، هەمان وتـەی ئـەوم دووبـارە کـردەوە و هـەردووکمان زرنگەمان لە پەرداخەکان هێنا و سەر و قومێکی پڕمان لێ دا.

ئـەو شــەوە هــەردوکـمـان، لـەگـەڵ خــواردنــەوەی هەر پـەرداخـێکدا، زیـاتـر ڕۆ دەچـووینـە نـاو کەشێکی پـڕ لە ڕۆمـانـسـیـیـەتـەوە. تـا درەنگانێکی شــەو، درێــژەی کێشا. هەردووکمان ئاوێزانی ڕۆحـی یەکتری بووبووین. تەواو ناخمان لە پەیڤی خۆشەویستی کەیل بووبوو. هەردوکمان بە جۆرێک مەستی دۆخەکە بووبووین کە ئەگەر بە ویستی ئەو با، ئارەزووی دەکرد کە تا سپێدە، خۆر لە پەنجەرەی ڕیستۆرانتەکەوە درکی بە بوونمان دەکرد، بمێنینەوە. بەڵام ئارەزووم بۆ خوێندنەوەی تۆمارەکانی شەونم، وای لێ کردم داوای ئەوەی لێ بکەم بمگەیەنێتە ماڵەوە.

کاتێک هاتمەوە، هەستم کرد ئەو لە ناخمدا، هاوشێوەی ڕیستۆرانەکە، دانیشتووە و ئەمدوێنێ. مووچوڕکێکی پڕ لە شەهوەت، بەناو هەموو جەستەمدا هات. بیرم لەوە کردەوە، ئاخۆ لە بەریەک-کەوتنماندا چ هەستێکی پڕ لە چێژ بەو جەستە سـارد و سـڕەم ببەخشێت،کە مـاوەیـەکـی دوورە ئامێزێکی پڕ لە عەشقی بە خۆیەوە نەبینیوە! پاشان کەمێک بە خۆمدا هاتمەوە و هەستم بە پەژیوانی دەکرد،لەو دۆخەی کە تیایدا هەستم بە دۆڕاندنی خۆم دەکرد. بڕیاری ئەوەم دا لە بەرامبەریدا خۆڕاگرو بەئارام بم. هەر وا بەئاسانی ڕێگەی پێنادەم کە بە شێوازەکانی خۆی، ڕۆ بچێتە ناخمەوە. هێشتا زۆری ماوە بۆ کۆتایی ئەو گەمەیەی کە ئەو بەتەمایە ئەنجامەکەی بەدەست بهێنێ. بۆ ئەوەی ئەندێشەی ئەو لە خۆم دوور بخەمەوە، بەرەو ژووری نووستنەکەم ڕۆیشتم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی تۆمارەکانی شەونم.

## - ٨ -

هـەمـوو دەرگـاکـان، بـە ڕوومـدا کلـۆم درابـوون. لەو دۆخەدا بە دووی تروسکاییەکی ژیانەوە بووم. هێندە دڵم تاریک بوو، هەستم دەکرد لەناو گۆڕ نراوم. لە چاوەڕوانی فریادڕەسێکدا بووم کە دەستم بگرێت و بمهێنێتەوە دەرەوە. بیرم هێندە ئاڵۆز و پەشۆکاو بوو، بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن دەروازەیەک بدۆزمەوە بۆ ڕزگاربوونی ئەو عەشقەی لەگەڵ ڕۆحمدا ئاوێتە بووە. ئەو شەوەی کە پێویست بوو بۆ بەیانی دوا بڕیاری یەکلاکەرەوەم بدەم بە خانەوادەکەم، تا درەنگانێک لەناو پێخەفەکەمدا، وەک منداڵێکی نەخۆش، بێئاگایانە دەمبرزکاند. نغرۆی ناخی خۆم بووبووم. پاشان وەک ئەوەی کەسێک لە ناخمەوە گازم بکا، چوومە بەردەم ئاوێنەکە. کەمێک لە دیمەنی شێواوی خۆم ڕوانی. لەو کاتەدا خۆم وەک کەسێکی نامۆ دەهاتە پێش چاو. هەستم بەو کەسێتییەی ناخم دەکرد لەگەڵ ئەو سیما ترسناکەی ناو ئاوێنەکە، وەک دوو مرۆڤی تەواو جیاواز لە یەکتر، ئەدوا.

لە ناخەوە کە وێنەی خۆم لە ئاوێنەکەدا دەبینی، نەفرەتم لەو جوانییەی خۆم دەکرد. بە خۆم ئەوت:

- تۆ چۆن دەتوانیت بە ویستی خۆت هەستەکانت بە دەستی خۆت بنێژیت؟! ئاخر مرۆڤ چۆن دەستی دەچێتە هەناوی خۆیەوە؟! دڵی خۆی ئازار ئەدات؟!

کاتێک لە خۆم دەڕوانـی، وێنەکەی خۆم لە ئاوێنەکەدا، وەک شەیتانێک، بە دەممەوە پێدەکەنی. فرمێسک لە ناخمەوە

ڕێچکەی بەستبوو. ئەوەی زیاتر ناخی ئازار دەدام، ئەوە بوو کە بیرم لەوە دەکردەوە بە چ بوێرییەکەوە بەرەو ڕووی سورکێو ببمەوە و ڕاشکاوانە پێی بڵێم، من ناپاکیم بەرامبەر ئەو عەشقە کرد کە هەر خۆم سەرەتا و دەستپێشخەری بووم؟! چۆن بتوانم لەبەر دەمیدا، چاوەکانم هەڵبهێنم و بە تاسەوە لە دوا نیگای ماڵئاوایی ئەو بڕوانم؟! نازانم بۆچی من ئەوەندە خۆپەرستانە بیرم دەکردەوە؟! سەرزەنشتی خۆم دەکرد لەوەی سورکێو پێی دەوتم،( من بەرگەی ئاگری ئەو عەشقە ناگرم). من زیاتر بەدووی بیانوویەکەوە بووم، کە هەموو ڕێگاکانی هەڵهاتنی، لێ بگرم. کە ناچاری بکەم بەوەی لە خۆیدا هەڵم بگرێت و وەک چاوەکانی بمپارێزێت. ئاخر چۆن بتوانم لە بەرامبەر ئەو وشانەدا درێژە بە ژیانێک بدەم کە ناخم تێیدا بەردەوام ئازار بچێژێت؟!

ئەو شەوە تا بەیانی من بەو ئەندێشەیەوە ئەتلامەوە. بیرگەلێک مێشکیان ماندوو کردبووم. زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە وەک هەموو ئەو ژنانەی کە لە نائومێدبوونیاندا بۆ ژیانێکی بەختەوەری، بە دەنکە شقارتەیەک، لە ماڵەکەی خۆیاندا، ئاگریان لە جەستەی خۆیان، بەرئەدا و دەبوونە نمایشێکی دڵتەزین بۆ هەموو ئەوانەی بە گومانەوە لێیان دەڕوانین.

ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار، بیرم لە خۆکوشتن کردەوە. بە نائومێدییەوە لە ئاوێنەکەوە، لە سیمای خۆم ورد دەبوومەوە. خۆم بە ئاگرێکەوە، دەبینی کە لەگەڵ هاوار و ئازاری ناخمدا، جۆشی ئەدا و تا دەهات بەتینتر دەبوو. لەو

کاتەدا کە قرچەی سووتانی پێستی جەستەی خۆم دەژنەوت، مرۆڤگەلێک لە دەورمدا بازنەیان بەستبوو، بە پێکەنینەوە لەو سەمایەی منیان دەڕوانی، کە لەگەڵ ڕیتمی بڵێسەی ئاگرکەی جەستەمدا، ئاوێزان بووبوو.

لە ناویاندا سورکێو بە خەندەیەکەوە ئەو وتەیەی دوبارە کردوە کەپێی وتبووم:

– ژن کە بە ڕاستی عاشق بوو، سڵ لە ئاگری دۆزەخیش ناکاتەوە.

وێنەی نارین، بەردەوام دەهاتە پێش چاوەمانم و ئەیدواندم. بیرم هێندە شێوابوو، وام دەزانی زیندوو بووەتەوە. یان ڕۆحی پاکی، ئاوێتەی ناخم بووە. پێی دەوتم:

– شەونم.. تکات لێدەکەم.. بە ناخی خۆتدا بچۆرەوە.. بیر لەوە بکەرەوە کە ئێستا تۆ کەوتوویتەتە ئەو دۆخەی منەوە. ئەو دۆخەی کە تێیدا بیرم قەتیس مابوو. ڕێگایەک مەگرە کە نەزانیت چارەنووست بۆ کوێ دەبات. درێژە بە ژیانت بدە. تەنیا بۆئەوەی ئومێدێک بە خەونەکانت ببەخشیتەوە.

کاتێک بەخۆم هاتمەوە، کزنگی خۆر، دزەی کردبووە ناو ژووره تاریکەکەمەوە. گوێم لە دەنگی باوکم بوو لە کاتی چوونە دەرەوەیدا، بە دایکمی وت:

– ئەو کچە بە گومانەوە خەریکە دەمکوژێت.. نازانم بەتەمای چییە؟! چاوەکانت لەسەری بێت. تووشی کێشەیەکمان نەکات!

ئەو قسانەی باوکم، ترسێکی گەورەی لە ناخمدا دروست کرد. کاتێک چوومە هۆڵەکەوە، دایکم منی بەو شێوەیە

بینی، کە چاوەکانم لە بێخەویدا سوور هەڵگەڕا بوون، بە گومانێکەوە لێی ڕوانیم و وتی:

– ئەوە چیتە کچم؟ بە خوا پێدەچێت باوکت هەستی بە شتێک کردبێت، ئەگەر نا لە خۆیەوە گومانت لێ ناکات. نازانم چیت بەسەر هاتووە! ناشێ کەسێک وەک شەیتان هاتبێتە ناختەوە و بیەوێت فریوت بدا، ها! پێم بڵێ!

لە نیگاکانی دایکمدا، ئەو گومانەم بینی کە چەند ڕۆژێک پێیەوە ئەتلامەوە. بۆ ئەوەی زیاتر ماڵەوە نەخەمە دۆخێکی ئاڵۆزەوە و خۆم لەو دڵە ڕاوکێیە قوتار بکەم، لە دایکم نزیک بوومەوە و لە قووڵایی چاوە قاوەییەکانیم دەڕوانی، کە بە ترس و گومان دەورە درابوون. بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە وتم:

– نا دایکە.. بێخەم بە.. ئەمشەو من بیرم لە چارەنووسی خۆم دەکردەوە.

لە نیگاکانی دایکمدا، ئەو لاوازییەی خۆم دەبینی کە ئەو هەستی پێدەکرد، بە دەنگێکی خەمبارەوە وتم:

– لەسەر ویستی ئێوە، بڕیاری هاوسەرگیریم دا.

کاتێک دایکم ئەوەی ژنەوت، چاوەکانی وەک گوڵێکی تینوو بۆ ئاو، گەشانەوە. لە خۆشیدا توند لە ئامێزی خۆی گرتم. لەو دۆخەدا فرمێسک لە چاوەکانم دەچۆڕا. ئەوەندە ئازارم چەشت، هەستم کرد بە ویستی خۆم خەنجەرێک بە ناخی خۆمدا دەکەم. وای بۆ دەچووم ئەو بڕیارەی کە بەناچاری دابووم، پێشبینی ئومێدێکم تیا دەکرد کە لە داهاتوودا هەر بە سورکێو شاد ببمەوە. بەڵام نەمزانی بە ویستی خۆم و

بەناچاری، دۆزەخیکم لە ناخی خۆمدا دروستکردووە کە تا ئێستاش هەست بە تینی ئەو ئاگرە سووتێنەرەی دەکەم.

لە خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانم سورکێو لەو دۆخە دژوارەی خۆم ئاگادار بکەمەوە! بە ویستی خۆم نەبوو.. ئەژنۆکانم هێزی ئەوەیان نەبوو تەنانەت هەنگاوێک بەرەو ڕووی بنێم. ئیتر ئەو بووە مێردەزمەی خەونەکانم. شەوانە بە دەموچاوێکی خەمناکەوە، ڕووبەڕووم دەبووەوە و بەر نەفرەتی دەدام. منیش وەک تاوانبارێک کە هەست بە تاوانێکی گەورەی خۆم بکەم، لە بەردەمیدا، بە مەنگی دەوەستام. چاوەکانم هێزی ئەوەیان نەبوو تەنانەت بۆ ساتێکیش لەو چاوانەی بڕوانم، کە لە یەک کاتدا ئاو و ئاگری لێ دەچۆڕا.

نازانم بۆچی ئەوەندە لە بەردەم ئەودا، هەستم بە بێدەسەڵاتی خۆم دەکرد!

تا ئەوکاتەی کۆتایی بە هەموو شتێک هات، خۆمم لێ شاردەوە. کاتێک لە ڕێگەی تەلەفۆنەکەوە پەیوەندی پێوە دەکردم، وا هەستم دەکرد تەلەفۆنەکە ئاگرێکە و ناخم دەسوتێنێت. بەبێ ویستی خۆم، بڕیاری ئەوەم دا کە بەتەواوی فەرامۆشی بکەم. بۆئەوەش کە خۆم لە خورپەی جەڕەسی تەلەفۆنەکانی ئەو دوور بخەمەوە، ژمارەی تەلەفونەکەی خۆم گۆڕی. ئەوەندە ساویلکە بووم وام دەزانی بەو کارە، دەتوانم سورکێو بۆ تاهەتایە لە ناخمدا دەسڕمەوە.

تۆ بزانە خاتوو مۆڵی، بۆچی من ناپاکیم لەو عەشقە کرد کە شەوانە وەک منداڵێک لە هەناوی خۆمدا ئەملاواندەوە

و گـەورەم کـرد! ئاخر مـرۆڤ چـۆن دەتوانێت بـەئـازادی بژی، ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت ئەو هێزە لە ناخی خۆیدا بشکێنێت کە لە منداڵییەوە پەروەردەی کۆیلایەتی ئەو بێت! من لەو دۆخەدا لە بێدەستەوسانی خۆمدا، ناچار بووم ئەو ڕێگایە هەڵبژێرم کە ژیانم بە ویستی خۆی، ڕێی تیادا دەکرد. خۆم دایە دەست ئەو چارەنووسەی کە سزای سووتانی لە جەستەمدا دوورەپەرێز کردبوو. دڵنیا بە ئەو بڕیارە لە ویستی مندا نەبوو، بەڵام بە ناچاری خۆم کردە خاوەنی و هەموو ژیانی خۆم پێ بەخشی.

چەند ڕۆژێـک بەسەر داواکـاری هاوسەرگیریەکەمدا تێپەڕیبوو. پەری بە تەلەفون پەیوەندیی پێوەکردم:

– ئەوە بۆچی وەڵامی سورکێو نادەیتەوە، ئەو کوڕە لە چاوەڕوانیدا خەریکە شێت ئەبێت.

کە ئەوەی وت، مووچوڕکێکی ترس هەموو گیانمی تەنی. زمانم بۆ نەدەهاتە گۆ. نەمدەزانی چۆن پەری لەو دۆخە ناهەموارەی خۆم ئاگادار بکەمەوە. بێدەنگیم.. وای لە پەری کرد ناچار بێت، چەند جارێک، لە تەلەفۆنەکەوە بە دەنگی بڵند گازم بکات:

– شەونم.. ئەوە چیتە.. بۆچی وەڵامم نادەیتەوە..

لەو کاتەدا هەموو خوێنی جەستەم، لە نێوچەوانمدا مۆڵ بووبوو. بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە وتم:

– من بڕیاری هاوسەرگیریم داوە.

لە تەلەفۆنەکەوە، هەستم بەو دەنگەی پەری کرد کە بە گومانێکیکەوە وتی:

– چی؟! هاوسەرگیریت کردووە؟! لەگەڵ کێ؟! قسەم بۆ بکە شەونم؟! ئایا ئەوە ڕاستە کە گوێم لێ بوو؟!

– بەڵێ بە سەرکەوت.

پەری وەک ئەوەی لە ئاسمانێکەوە فڕێی بدەنە خوارەوە.. لە تەلەفونەکەدا، هەستم بەو شڵەژاوییەی دەکرد، کە وتی:

– کچێ شەونم.. تۆ چۆن کاری وادەکەیت؟! ئەی چی لە سورکێو دەکەیت؟!

بە دەنگێک کە هەموو بێزاری و هەڵچوونی ناخمی لەخۆ گرتبوو، وەڵامم دایەوە:

– بەڵێ.. چیتر نامەوێت تەمەنم لە چاوەڕوانی سورکێو دا بەفیڕۆ بدەم.

پەری تاکە هاوڕێم بوو کە هەموو هەستە شاراوەکان و نهێنیەکانی ژیانی منی دەزانی. ئەو لەو باوەڕەدا نەبوو کە بڕیارێکی لەو شێوەیە، لە بیری مندا، سەرچاوەی گرتبێت. هەر بۆیە دوا وتەی ئەوە بوو:

– چاوەڕێم بکە.. ئێستا دێم بۆماڵەوە.

تەلەفۆنەکەی داخستەوە و ئەوەندەی چەند خولەکێک، بە تەکسیەک خۆی گەیاندە لام. کاتێک پەری م بینی، لە دەرگای دەرەوە خۆی بە ماڵماندا کرد، نائارامییەک دەموچاوە ساردەکەی ئەوەندەی تر، تاڵتر کردبوو. لە سیمایدا تووڕەییەکی بێئەندازەم دەبینی. کە لێم نزیک بووەوە، بە ساردیەکەوە، لە پێش چاوی دایکم، لە ئامێزی گرتم و ئەملاو ئەولای ماچ کردم. پەری هەستی بەوە کرد کە دایکم بێئاگایە لە پەیوەندی نێوان من و سورکێو. هەربۆیە کە دایکم هەواڵی

باوکی پرسی: به وەڵامێکی کورت، خۆی لە پرسیارەکەی دایکم قوتار کرد و داوای مۆڵەتی لێ کرد کە بەتەنێ دابنیشین. دایکم کە خۆشبەخت بوو بە ڕەزامەندیم، بێباکانە ئێمەی فەرامۆش کرد و بەرەو چێشتخانەکە ڕێی کرد.

پەری وەکئەوەی ئاگر لە ژێر پێکانیدا بێت، خۆی لە هۆڵەکەدا نەگرت. مەچەکی گرتم و لە پێشمەوە خۆی بە ژوورەکەمدا کرد و دەرگاکەی کڵۆم دا. چووە سەر سیسەمەکەم و بە دەستێک ئاماژەی بۆ کردم کە لە تەنیشتیەوە دابنیشم. من کە وەک پەیکەرێکی بێڕۆح لە تەنیشت دەرگاکەوە وەستابووم، بە هۆی ئەو نیگایەی کە ئاگرێکی ناڕازیم تیا دەبینی، توانای ئەوەم نەبوو گوڕێک بە پێکانم بدەم و لێی نزیک ببمەوە. بە دەنگێک بۆ لای خۆی گازی کردم کە هەرگیز بەو تۆنەوە گوێبیستی پەری نەبووبووم. گوڕێکم بە قاچەکانم داو بە دڵێکی گرانەوە لە تەنیشتیەوە دانیشتم. توانای ئەوەم نەبوو لە چاوەکانی بڕوانم. لەو دۆخەدا، نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم! خۆم لەبەر ئەو هەستە ئاڵۆزەی ناخمدا ڕانەدەگرت.

ئەو بەردەوام چاوەکانی لەسەر ڕەفتارەکانم بوو، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو کە شتێک بڵێم. لە هیکرا دامە پڕمەی گریان و فرمێسک لە چاوەکانم چۆڕا. کاتێک دەموچاوم لە نێو دەستەکانمدا بوو، ئەو بە دەستە باریکەکانی، مەچەکی گرتم و بە تۆنێک کە لاواندنەوەی بە وشەکانی ئەدا، وتی:

– هیمن بەرەوە.. شەونم مەگری.. تۆ قسەم بۆ بکە.. بزانم چۆن ئەو بڕیارەت داوە؟!

لەو کاتەدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد هەرچی لە ناخمدایە

بۆی بدرکێنم. بەڵام ئەو خەمەی کە بووبووە بەربەستێک لە گەروومدا، ڕێگەی ئەوەی پێ نەئەدام کە تەنیا وشەیەکیش لە زارم بێتە دەرەوە. بۆ چەند جارێک بە گریانەوە هەنسکم ئەدا. پەری بۆ ئەوەی ئارامم بکاتەوە، دەستی لە مەچەکم ترازاند و بۆ سەرم گواستیەوە، وەکئەوەی منداڵێک بلاوێنیتەوە، بە سەرمدا هێنایە خوارەوە، تا لەسەر پشتم ئارامی گرت. پاشان بە هەستێکی پڕ لە سۆزی خوشکانەوە، لە تەنیشتەوە، توند لە ئامێزی خۆی گرتم و لە نزیکەوە بە دەنگێکی هێمن، بە گوێمدا چرپاندی و وتی:

– مەگری شەونم گیان.. ئارام بەرەوە.. تۆ قسەم بۆ بکە.

هەستم بەوە کرد کە پەری ئاوێتەی ئازارەکانی ناخم بووە. کە سەرم هەڵبڕی، چەند فرمێسکێکم بە ڕووخساریەوە بینی کە لەسەر کوڵمە بەرزەکانی قەتیس مابوو. ئەو دیمەنە کەمێک ئارامی بە دڵە پڕ لە ئازارەکەم بەخشیەوە. لەو دۆخەدا، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ لەوە خۆشتر هەبێت کاتێک تۆ بە ئازارێکی ناختەوە ئەتلێیتەوە، کەسێک هەبێت کە هەست بە بوونت بکات و هاوخەمت بێت و ئازارەکانت لەگەڵ بەش بکات؟! من لەو ساتەدا کە لە قوڵایی چاوەکانی پەریم دەڕوانی، ئەو هەستە لە ناخمدا بەرجەستە بووبوو. هەربۆیە زمانم هاتە گۆ، بە دڵێکی بریندارەوە کە خوێنی لێ دەچۆڕا، وتم:

– پەری تۆ دەتوانیت لەگەڵ پیاوێکدا بخەویت کە نامۆ بێت بە ژیانت؟!

پەری ڕەنگی ڕوخساری کەمێک گۆڕرا و پاش کەمێک

بێدەنگی وتی:

– دەی کەواتە بۆچی ئەو کارە دەکەیت؟!

– خۆت باش دەزانیت کە ئێمە لە چ دۆخێکدا دەژین. ئاخر تا کەی چاوەڕوان بم؟ تا ئێستا چەندین کەس کە هاتوونەتە داوام، لەبەر سورکێو ڕەتم کردوونەتەوە. ئیترخێزانەکەم لەوە زیاتر چاوەڕێم ناکەن. بەتایبەت باوکم مافی خۆیەتی لە بەردەممدا بوەستێتەوە و گومانی شتێکم لێ بکات. ئەو دەیەوێت پێشئەوەی مەرگ ئێخەی بگرێت، ئێمە بە ماڵ و خێزانی خۆمان، ئاشنا بکات و دەڵێت: لە دوای من، خوا خۆی دەزانێت چیتان بەسەر دێت و ژیانتان بەبێ باوک چۆن دەبێت! دایکم هەمان بۆچوونی باوکمی هەیە. ئەویش مافی خۆیەتی لە خەمی مندا بێت. ئەو پێی وایە مانەوەی کچ شتێکی باش نییە. کاتێک بە خۆی دەزانێت، تەمەنی جوانی بەسەر دەچێت و وەک سێوێکی بۆگەنی لێدێت. ئیتر کەس بە لایدا نایەت.

پەری کەمێک لە جێگەکەی خۆی، بە بێدەنگی، مایەوە. وەکئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە. پاشان وتی:

– بۆچی بە سورکێو ناڵێیت بێتە داوات؟! هیچ نەبێت تا ئەو کاتەی خۆی کۆ دەکاتەوە، نیشانەت بکات و خۆتان لەم دۆخە ناهەموارە قوتار بکەن.

ئەو پرسیارەی پەری وای لێ کردم، هەموو نهێنییەکی سورکێو بدرکێنم. بە هەستێکی پڕ لە نائومێدییەوە پێم وت:

– لەگەڵ هەموو ئەوانەی هاتوونەتە داوام و ڕەتم کردوونەتەوە، سورکێوم ئاگادار کردۆتەوە وپێم وتووە.

– ئەی ئەو وەڵامی چی بوو؟!

– پێم دەڵێت، دەبێت خۆڕاگر بیت، تا ئەو کاتەی دەستم لە کارێک گیر دەبێت. ئاخر چۆن بتوانم بە گیرفانی بەتاڵەوە بێمە داخوازیت.

پەری بە نیگایەکی پڕ لە نائومێدیەوە، لێمی ڕوانی. دەستە باریکەکانی بە سەریدا هێنا و نیگای چاوە ڕەشەکانی لە بنمیچی ژوورەکە گیر کرد و هەناسەیەکی پڕ بە ئازای هەڵکێشا، پاشان نیگاکانی بۆ سەرم گواستەوەو بە دەنگێکی خەمناکەوە وتی:

– نەفرەت لەو ژیانەی مرۆڤ بە ناچاری دەکاتە کۆیلەی نەریتەکانی. تۆ ئازادیت چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆت ئەدەیت، بەڵام دڵنیام بەو بڕیارەت ژیانت لە ژیانی دایکم خۆشتر نابێت. یاخوا کەس گیرۆدەی دەردی عەشق نەبێ یا بەختەوەرت دەکات، یا هەتا ماویت دەبێت بە ئازاریەوە بژیت.

کاتێک پەری ئەوەی وت، ناخم تەواو خرۆشا. ئەو ژیانە پڕ بە ئازارەی دایکیم بیر دەهاتەوە کە لە تۆڵەی خۆێندا دابوویان بە باوکی. کاتێک برایەکی دایکی پەری، لەتەک برای باوکی، بەهۆی دەمەقاڵێوە دەکوژێت. جا بۆ ئەوەی ئەو خوێنەی کەوتۆتە نێوانیانەوە بیسڕنەوە، کەس وکاری فاتمەخان، بڕیاری ئەوە ئەدەن کە فاتمەخان بدەنە باوکی پەری. بەوەش کۆتایی بە تۆڵەی خوێنی برای هاوسەرەکەی دەکەنەوە. بەڵام فاتمەخان لەو نێوەندەدا دەبێتە قوربانی هەڵچوونێکی شێتانەی براکەی و بە ناچاری درێژە بەو

ژیانە تاڵەی ئەدا کە لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ کۆڵانەکەمان، هەموو ژنەکانی بەر دەرگا، هەستیان پێکردبوو.

باوکی پەری، پیاوێکی هەتا بڵێیی دڵپیس و دڵڕەق بوو. وەک پەری باسی بۆ کردبووم، باوکی بە ڕەفتارە نامرۆڤانەکانی، دەیویست تۆڵەی براکەی لە دایکی بکاتەوە. بەردەوام لە ڕووخساریدا، هەستێکی پڕ لە قین و شەڕەنگێزی بەرامبەر بە دایکی دەنواند. ئەوەی پەری بە بیری بێت، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش خەندەیەکی لەسەر لێوەکانی باوکی نەبینیبوو، کە وەک مرۆڤێک خۆشەویستیەک بە ڕووی دایکی ببەخشێت. زۆر جار لەگەڵ هەڵچوونە دڕندانەکەیدا دەکەوتە لێدانیشی. ئەوەندە شەق و زللەی لێ ئەدا، هەموو جەستە ئەسمەرەکەی شین ومۆر ئەکردەوە. پەری بۆ ئەوەی دایکی لەژێر ئەو هەڵچوونە نامرۆڤانەیەی باوکی قوتار بکات، زۆرجار باوەشی بە قاچە باریکەکانی باوکیدا دەکرد و لێی دەپاڕایەوە.

بیرم دێت خاتوو مۆڵی، ڕۆژێکی هاوین بوو هەموو ژنەکانی کۆڵانەکەمان لەبەر دەرگاکەی ماڵی ئێمە گرمۆڵەیان دابوو. ئەتگوت ئاهەنگ ئەگێڕن. هەموویان گوێیان بۆ سەبریی دایکی نارین هەڵخستبوو، کە بە قسە خۆشەکانی هەموویانی خستبووە پێکەنین. لەو کاتەدا باوکی پەری، کە لە بازاڕ دەهاتەوە، فاتمەخانی بینی، بە چاوە دڕندانەکانی لێی ڕوانی. ئیتر ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی دایکی پەری، بێئەوەی هیچ بڵێت، بە ڕاکردن لە پێش هاوژینەکەیەوە خۆی بە ماڵەوەدا بکات. ئەو شەوە لەسەر ئەوەی هاتبووە کۆڵان، ئەوەندەی

لیّ دابوو هەتا ئەو کاتەی لە کۆلاّنەکەماندا خۆی سوتاند، بۆ تەنیا بۆ جاریّکیش، نەهاتەوە دەرەوە. دایکم کە هەستی کرد لەسەر ئەو کارەی، هاوسەرەکەی پڕ شەقی کردووە. ڕۆژێک لەناو ژنەکاندا، بە هەڵچوونێکەوە کە هەرگیز بەو شێوەیە نەمبینیبوو، وتی:

– ئاخر خوا قبوڵی ناکات ئێمەی ژنان، لەم بەردەرگایە زیاتر، هیچ شوێنێکی ترمان نییە کە زووخاوی ناخمانی تیا هەڵ بڕێژین.. ئەو پیاوە دەیەوێت لەوەشمان بکات.

پەری زانی لە بێ ئومێدیدا ناخم ئاگری گرتووە بە دەنگێکی خەمناکەوە وتی:

– ناتەوێت سورکێو لەوە ئاگادار بکەیتەوە؟!

هەناسەیەکی پڕ لە ئازارم هەڵکێشا و بە دەنگێک کەپەری بە بیستنتی هەستی بە ئازاری ناخم دەکرد، وتم:

– توانای ئەوەم نییە ڕووبەڕووی ببمەوە. تکات لێ دەکەم، بۆ خۆت سورکێو لەم دۆخە دژوارە، ئاگادار بکەرەوە، پێی بڵێ لە هەموو ئەو شتانە بمبەخشێ کە لە نێوانماندا ڕووی داوە.

ئیترپەری ماڵئاوایی لێ کردم و بە نیگایەکی خەمگین وتاڵەوە چووە دەرەوە.

من بە ناچاری ئەو ڕێگەیەم هەڵبژارد. بەردەوام بەو ئومێدەوە بیرم لە قسەکانی دایکم دەکردەوە تا بەو هاوسەرگیرییە قایل ببم. پێی ئەوتم:

– کچم.. مەرج نییە هەموو کەسێک کە شوو دەکات، پێویست بێت، کە ئەو پیاوە بناسێت. دڵنیا بە خۆشەویستی

و ناسین، لە دوای هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت. زۆر لە پیاوان، بۆئەوەی ژنێک بەدەست بهێنن، درۆ دەکەن، تا ئەوکاتەی ئارەزووەکانیان دائەمرکێتەوە. دواتر پشت لە ژن و ماڵی خۆیان دەکەن و بە دووی ژنێکی تر دەکەون. پیاو، کە ژنی گوێڕایەڵ و بەڕەوشتی هەبێت و دڵی ڕا بگرێت، هەرگیز بیر لە ژنێکی تر ناکاتەوە.

کە دایکم ئەوەی پێ دەوتم، بیرم لەخۆم دەکردەوە کە چۆن بتوانم لەگەڵ کەسێکدا بنووم کە تەواو بە هەموو هەستەکانم نامۆ بێت. ئاخر خاتوو مۆڵی، ژن چۆن دەتواانێت جەستەی خۆی بە پیاوێک ببەخشێت کە هیچ هەستێکی بۆی نەبێت! هەر ئەوەش وای لێ کردبووم، ئەو هەستەم لا دروست بێت، کە ژنە لەشفرۆشەکان چۆن جەستەی خۆیان دەبەخشییە ئەو پیاوانەی کە لە بەرامبەر بەتاڵکردنەوەی حەزە ئاژەڵیەکانیان، بڕێک پارەیان پێ دەبەخشین.

ئای ساویلکە بووم خاتوو مۆڵی! وام دەزانی دەتوانم بە ئاسانی عەشقی پیاوێک کە بە ویستی خۆم هەڵم بژاردووە، لە بیری خۆمی ببەمەوە. نەمزانی عەشقی ئەو، بووەتە بەشێک لە ڕۆحم و لە ناخمدا دەژی! بەردەوام سورکێو لە ئەندێشەمدا بوو، وا هەستم دەکرد کە ئەو تارماییەکە و لە هەموو قوژبنێکی ماڵەکەمدا بوونی هەیە و بەردەوام چاودێریم دەکات. تەنانەت لەو شەوانەی مێردەکەم وەک دڕندەیەکی برسی لە جەستەم بەر دەبوو، وا هەستم دەکرد سورکێو لە قوژبنێکی ژوورەکەمدایەوە بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە لێم دەڕوانێت. وام هەست دەکرد کە بەزەیی

بەو هەستە پڕ لە ئازارەمدا دێتەوە، کە لە ناخمدا پەنگی خواردبووەوە و توانای دەربڕینیانم نەبوو.

من بەناچاری ئەو دۆزەخەم بۆ خۆم هەڵبژارد کە چاوەڕوانی نەبووم. ئەو کاتە لە نهێنیی عەشق گەیشتم کە عەشق جوانترین چێژ بە ژیانی مرۆڤایەتی دەبەخشێت. ئەگەرنا سێکس بەبێ عەشق، هیچ مانایەکی نییە جگە لە خاڵیکردنەوەی هەستێکی ئاژەڵیانە.

زۆر جار بیرم لەو ژنە لەشفرۆشانە دەکردەوە کە چۆن دەتوانن لە پێناوی تەنیا بڕێک پارەدا، ئەو جەستە جوانانەی خۆیان، ڕادەستی مرۆڤگەلێک بکەن کە تەنیا بە ڕواڵەت لە مرۆڤ دەچوون! چۆن دەتوانن بەرگەی ئەو ئازارە بگرن کە بە ناو قوڵایی ڕۆحیاندا ڕۆ دەچوو.

چەند مانگێک دەبوو کە هاتبوومە ماڵی خۆمەوە. وەکئەوەی هۆشم لەدەست دابێت، بە جەستەیەکی سارد و سڕەوە، ژیانم دەکرد. بێئاگابووم لەوەی لەناو چارەنووسی خۆمدا، خۆم بزر کردووە. ڕۆژێک بەمەبەست چوومە بەردەم ئەو ئاوێنەیەی کە تاقە هاوڕێم بوو لەو ماڵە چۆڵەدا. لە بەردەمیدا، لەگەڵ ئەو کەسێتییەی ناخی خۆم ئەدوام و بە دوای خودی ڕاستە قینەی خۆمدا عەوداڵ بووم. بیرم لە خۆم دەکردەوە و بە خۆم دەگوت: شەونم.. تا کەی بەرگەی شاردنەوەی ئەو هەستەی ناخت ئەگریت؟!

دەمویست باوەڕ بە خۆم بهێنم کە ئەو ڕێگەیەی بە ناچاری هەڵم بژاردووە، پێویستە خۆمی لەگەڵ بگونجێنم و بە هەستەکانمی ئاشنا بکەم. پرسیارم لە خۆم دەکرد: ئایا

من تاوانێکم ئەنجام داوە؟! ئەگەر وایە پێویستە بەدووی هۆکارەکەیدا بگەڕێم، تا بتوانم ڕۆحم لەگەڵیدا ئاسودە بکەم. ئاخر خاتوو مۆڵی مرۆڤ هەرچەندە بۆچوونەکانی دروست بن، چۆن دەتوانێت بە تەنیا ڕوبەڕووی بیرگەلێکی نامرۆڤانە بێتەوە، کە ببێتە دادوەرێک لە ناخیدا؟ ڕاستە ناپاکیم لەگەڵ خۆشەویستەکەم کرد، بەڵام بەوە ناخی خۆم سووتاند کە ئێستاش بە ئازاریەوە دەناڵێنم.

ئاخر بە تۆ دەڵێم، ئەگەر وەک نارین بە جورئەتێکەوە ڕووبەڕووی ئەم ژیانە، بووبامایەوە، ئاخۆ چارەنووسم بە چی دەگەیشت! نازانم بۆچی مرۆڤ لە پێناوی درێژەدان بە ژیانی، ئەوەندە خۆپەرستانە بیر دەکاتەوە!

کاتێک لە ئاوێنەکەوە، لە دیمەنی شێواوی خۆم دەڕوانی، هەستێکی پەژیوانی نیگا تاڵەکەمی گرتەوە. زەردەخەنەیەکی هێندە تاڵم لەسەر لێوە کانی خۆم بینی، سڵم لە سیمای خۆم کردەوە. بڕیارم دا چیتر ڕێگە بەوە نەدەم کە ئەو جوانییەم بە ئاگری ئەو عەشقە ناکامەی ناخم بسووتێنم. هەستم کرد بۆئەوەی خۆم لەو دۆخە دژوارە قوتار بکەم، دەبوو وەک ئەکتەرێک ئەو ڕۆڵەم گێڕابا، تا هاوشێوەی ئەو ژیانە بێت، کە بە ڕاستی تێیدا دەژیم. ئەمەش تا ئەو کاتەی بەهێمنی، ئەو ئاگرە لە ناخمدا خامۆش دەبێت و ئاسەواری نامێنێت.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، وەک ژنێکی ماڵەوە، بەیانیان لە پێش هاوژینەکەمەوە، بەزوویی لەخەو ڕادەبووم. نانی بەیانیم بۆ ئامادە دەکرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو کارەکەیم بەڕێ دەکرد. کاری سەرکەوت، پاسەوانی بوو. پاسەوانی

بەرپرسێکی خزمی خۆیان بوو. بەو هۆیەوە زۆرێک لە خزم و کەس و کارەکانی خۆیان، لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا دامەزراندبوو. سەرکەوت بەهۆی بەرپرسەکەی خزمیانەوە، دەستی دەڕۆیشت. زۆرجار خزمەکانیان ئەگەر کارێکیان هەبا، لە ڕێگەی سەرکەوت ەوە، کارەکانیان بە ئاسانی بۆ مەیسەر دەبوو.

لەو کۆڵانەی کە ماڵی ئێمەی لێ بوو، ماڵی باوکی سەرکەوتیشی لێ بوو، کە چەند ماڵێک لێمانەوە دوور بوو. دراوسێکانیان دەیانزانی سەرکەوت پاسەوانی پەرپرسێکی خزمی خۆیانە و دەستی دەڕوات. هەموویان ڕێزێکی زۆریان لێ دەنا. نەک لەبەر کەسێتیی ئەو، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەی نەوەک ڕۆژێک کارێکیان تێ کەوتبا، تاوەکو ڕووی ئەوەیان هەبێت داوای لێ بکەن. بۆیە زۆرجار دراوسێکان، شەوانە، دەهاتنە مێوانیمان. زۆریان تەنیا لەبەر داواکاری دامەزراندنی منداڵەکانیان لە فەرمانگەکاندا دەهاتن و بە ڕێزێکەوە داوایان لە سەرکەوت دەکرد شتێکیان بۆ بکات.

ژنێکی دراوسێمان، چەندجارێک سەردانی ماڵی ئێمەی دەکرد و هەواڵی هاوژینەکەمی دەپرسی. ئەو کاتانەی ئەو دەهات، وا ڕێ دەکەوت سەرکەوت لە ماڵەوە نەبوو. زۆرێک لە شەوەکان بەهۆی مانەوەی بەرپرسەکەی خزمیانەوە لە شوێنە تایبەتیەکانیدا، داوای لێ دەکرد سەرکەوتیش لەتەکیا بمێنێتەوە. کە ژنەکە دەهات، پرسیاری ئەوەم لێ دەکرد چ کارێکی بە سەرکەوت هەیە تا پێی بڵێم. لە وەڵامدا پێی دەوتم هیچ شتێکی وەها نییە. تەنیا دەمەوێت خۆی ببینم.

که لە سیمای ئەو ژنە ورد دەبوومەوە، لە نیگاکانیدا مەبەستێکی شاراوەم دەبینی. ڕەفتاری ئەو ژنە ئەوەندە نامۆ بوو، بەتەواوی بێزاری کردبووم. بۆیە جارێک کە هاتە بەردەم دەرگاکە و هەواڵی سەرکەوتی لێ پرسیمەوە، بە هەڵچوونێکەوە وەڵامم دایەوە و پێم وت:

– تۆ چ کارێکت بە سەرکەوت هەیە؟ بۆچی پێم ناڵێیت؟ ئەی من هاوژینی ئەو نیم؟

که ئەوەم پێ وت، نیگایەکی قێزەونی تێ گرتم و بە نیگەرانییەکەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. شەوێک کە سەرکەوت لە ماڵەوە بوو، باسی ئەو ژنەم بۆ گێڕایەوە. کە بۆ چەند جارێک هەواڵی پرسیبوو. بە ڕوویەکی ئاساییەوە وتی:

– لێگەڕێ با بێت. بزانم چ کارێکی هەیە.

لەو کاتەدا بە هەڵچوونێکەوە، پێم وت:

– لە دامەزراندن زیاتر هیچ کارێکی نییە. تۆ بەردەوام هاوکاری هەموو خزم و دراوسێکانی خۆت دەکەیت و لە ڕێگەی بەرپرسەکەی خۆتانەوە دایان دەمەزرێنیت. ئەی بۆچی من لە یەکێک لە فەرمانگەکاندا دانامەزرێنێت؟!

لە وەڵامدا پێی وتم:

– تۆ چ کارێکت بە دامەزراندن هەیە؟ ها؟! هەرچییەکت دەوێت لەبەر دەمتدایە. ئەوانەی داوای دامەزراندن دەکەن پێویستیان بە کارێک هەیە بۆ بژێوی خۆیان.

کاتێک بەو شێوەیە وەڵامی دامەوە، هەموو ناخم ئاگری گرت. مانەوەم لە نێوان ئەو چوار دیوارەی ماڵەوەدا،کەتەواو

بەزیندانێک دەچوو، ئەوەندەی تر ناخمی وێران کردبوو. ڕۆژبەڕۆژ، زیاتر هەستم بە دیلێتی خۆم دەکرد. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە، ژیانێک بۆ خۆم دروست بکەم کە بە ئازادی خۆم، بگەڕێم و تێکەڵ بە کەسانێک ببم، ئەگەر بۆ تەنیا بۆ جارێکیش بێت، ناخی خۆمی بۆ ئاوەڵا بکەم. بەڵام لەو ماڵەدا لە دایک و خۆشکەکەی سەرکەوت زیاتر، کەسێکی تر نەبوو کە لێمەوە نزیک بێت و سەردانمان بکات.

هەندێکجار کە سەرکەوت لە ماڵەوە نەدەبوو، دایکم و شەوبۆی خۆشکم، بە دوو منداڵەوە دەهاتنە لام و بۆ نیوەڕۆ دەمانەوە. ئەو ساتانەی ئەوان لام دەمانەوە، کەمێک ئازارەکانم خامۆش دەبوو. دایکم بەردەوام داوای ئەوەی لێ دەکردم هەڵس و کەوتم لە تەک مێردەکەمدا، باش بێت و بەردەوام گوێڕایەڵی بکەم. جارێکیان دایکم ئەوەندە درێژەی بەوە دا کە دەبێت من وەک ژنێکی مەنگ و کەمدوو لەگەڵ هاوژینەکەمدا ڕەفتار بکەم، ئیتر خۆم پێ ڕانەگیراو وەک گرکانێکی پەنگخواردوو، بە ڕووی دایکمدا تەقیمەوە. پێم وت:

– دایکە گیان.. ئاخر تا کەی لە نێو ئەم چوار دیوارەدا درێژە بەم ژیانە کۆیلایەتییە بدەم؟! من هەست بە مرۆڤبوونی خۆم ناکەم.. وا هەست دەکەم جگە لە جەستەیەکی سارد و سڕ، هیچ شتێکی تر نیم. هەست دەکەم من تەنیا هۆکارێکم بۆ دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی هاوژینەکەم. لەوە زیاتر من هیچ شتێکی تر نیم. تەنانەت بۆم نییە بەبێ ویست و ڕەزامەندی ئەو، لە دەرگای ماڵەکەم بێمە دەرەوە.. ئاخر ئەوە چۆن ژیانێکە؟! ئەوە ئەو ژیانە بوو کە تۆ بۆت

هەڵبژاردم و پێت دەوتم کچ لە دوای هاوسەر گیرییەوە دەچیتە نێو ژیانێکی خۆش و کامەرانییەوە.. ئەوە ئەو ژیانەیە کە خۆت بۆت وێنا دەکردم..

لەنێو قسەکانمدا، دڵم هێندە کەیل بوو، هەرچی لە ناخمدا بوو، باسم کرد. تەنانەت باسی ئەو ژنەی دراوسێمانم بۆ کرد کە بەردەوام بە دووی سەرکەوتەوە بوو.

ڕۆژێک چاودێری ئەوەی کردبوو کە سەرکەوت لە ماڵەوەیە. هێشتا سفرەی خوانەکەم کۆ نەکردبووەوە، کچە هەرزەکارەکەی کە ماکیاژێکی تێر و تەسەلی کردبوو، لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. دەتگوت خۆی بۆ ئاهەنگی شووکردن ئامادە کردووە. کاتێک هاتنە ژوورەوە، ژنەکە بە زمانە لووسەکەی، کە زۆر بە ئاسانی کاری لە پیاو دەکرد، هاتە بەردەم سەرکەوت و دەستی بەپاڕانەوە کرد و تکای ئەوەی لێ کرد کە ئەو کچەی لە شوێنێکی شیاو، بۆ دابمەزرێنێت. بەدەم هەستێکی پاڕانەوەوە دەیگوت:

– بەقوربانت بم.. من هاتومەتە سەر بەڕەکەت و نامەوێت نائومێدم بکەیت.. تائەم کچەم گەیاندووەتە ئەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، گیانم دەرچووە. لە تۆ زیاتر هیچ کەسێکی تر شک نابەم کەپەنای بۆ ببەم و متمانەی پێ بکەم.. تکات لێدەکەم.. ئەو بەرماڵە بخەرە مزگەوتێکەوە و کچەکەم بۆ دابمەزرێنە.

من کە سەرقاڵی تێکردنی چا بووم، لەوکاتەدا سەرنجی کچە چاوباشقاڵەکەیم ئەدا، کە تاوناتاوێک، بە نیگایەکی دڵبەرانەوە، لە سەرکەوت ی دەڕوانی و شەرمی لە بوونی

من نەدەکرد. کە لە نزیکیانەوە دانیشتبووم، گومانێک هەموو ناخمی داگیر کردبوو. هاتنی ئەو ژنە بووبووە جێگەی ترسێکی گەورە لە دەروونمدا. بە ڕووخساریدا وەک کەسێکی باش نەدەهاتەپێش چاوەکانم. سەرکەوت یش، هەرچەندە پیاوێکی ڕیوەڵەو کەم جورم بوو، بەڵام لە چاوەکانیدا هەستت بە وزەیەکی پڕ لە نێرینەیی دەکرد.

ئەو شـەوە ژنەکە توانی کە دڵی سەرکەوت بۆ خۆی کێش بکات. بەڵێنی ئەوەی پێ دابوو، کە لە شوێنێک، کاری دامەزراندنی بۆ بکات. ماوەی تەنیا مانگێک بەسەر هاتنی ئەو ژنەدا تێپەڕیبوو، سەرکەوت کە بە هۆی بەرپرسەکەی خزمیانەوە تێکەڵی لەگەڵ زۆرێک لە بەرپرسەکانی تر هەبوو، لەو ڕێگەیەوە کچەکەی ئەو ژنەی دامەزراند. من بەوەش قایل بووم و ئەو کارەیم وەک هاوکارییەکی مرۆڤدۆستانە لێک ئەدایەوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ئەوە بوو کە سەرکەوت هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەو کچەوە، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی ڕۆژانە هاموشۆی بە کچەکە دەکرد و بەیانیان دەی برد بۆ سـەرکارەکەی. بـەو ڕەفتـارەی سەرکەوت، تەواو شێتگیر بووم. ڕۆژێک خۆم پێ نەگیراو چوومە بـەردەمی، کە خەریکی داهێنانی سمێڵە باریک و تەنکەکەی بوو. بە دڵێکی پڕەوە پێم وت:

– ئایا پێویست دەکات کە پیاوێکی خێزانداری وەک تۆ، هەموو ڕۆژێک، ئەو کچە لەگەڵ خۆیدا بباتە سەر کارەکەی؟! تۆ ئەوت دامـەزراندووە. لەوە زیاتر، ئایا پێویست دەکات ئەوەی بۆ بکەی؟!

سەرکەوت بە دەموچاوێکی پڕ لە گومانەوە، بە دەنگێک کە هەڵچوونی پێوە دیار بوو، وتی:

– ئەوە کاری تۆ نییە.. پاشان ئەو کچە باری داراییان زۆر خراپە.. بۆیە هاوکاری دەکەم.

کاتێک ئەوەی پێ وتم، ئەو کاتە هەستم بە خۆم کرد کە تووشی مرۆڤێک بووم، تەنیا لەسەر جێگەی نووستنەکەم هەست بە بوونم دەکات. ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە، بەگومانەوە لەو هەڵسوکەوتانەیم دەڕوانی. شەوانەش خۆی بە تەلەفۆنەکەیەوە مژوڵ دەکرد و بەردەوام خەریکی ناردنی نامە بوو بۆ کەسێک. پرسیاری ئەوەم لێ کرد بۆچی ئەوەندە بە تەلەفۆنەکەیەوە سەرقاڵە. لە وەڵامدا وتی ئەوە کارێکی نهێنییە، پێویست ناکات تۆ بیزانیت. تایبەتە بە کاری بەرپرسەکەی.

بەو وەڵامەی، کە بەهێندەی بەرد ڕەق بوو، هەستێکی پڕ لە گومان ناخمی هەژند. لە چاوە بچکۆلەکانیدا، هەستم بە بوونی درۆیەکی ڕوون دەکرد. ئەو کارانەی، گومانێکی گەورەیان لەسەر دڵم دروست کردبوو، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چۆن ئەو گومانەی کە دڵی گران کردووم، بیرەوێنمەوە.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی، ئەو بەردەوام بە تەلەفۆنەکەیەوە خەریک دەبوو. بەیانیانیش کچەکەی دراوسێمانی دەگەیاندە سەر کارەکەی و زۆر لە ئێوارانێکی درەنگانیش لەگەڵ خۆیدا دەیهێنایەوە. من ئەو ماوەیە وەک ئەوەی بەسەر ئاگرەوە ڕێ بکەم، لە هیچ شوێنێکی ئەو ماڵەدا خۆم نەئەگرت. ماڵەکەم، وەک زیندانێک دەهاتە پێش چاوەکانم. چاوەڕوان

بووم تا ئێوارە سەرکەوت گەڕایەوە. کە هاتەماڵەوە، داوای ئەوەی لێ کردم گەرماوەکەی بۆ ئامادە بکەم. لەو کاتەدا کە من سەرقاڵی ئامادەکردنی پۆشاکەکانی بووم، ئەو سەرقاڵی نووسینی نامەبوو بۆ کەسێک. بیرم لەوە کردەوە ئەو دۆخە بقۆزمەوە تا دڵنیا ببمەوە لەوەی ئەو نامانە بۆ کێ دەنووسێت!

کە دەمانچەکەی لە کەمەری کردەوە و خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ ناو گەرماوەکە، خۆم بە کاری چێشتخانەکەوە سەرقاڵ کرد، بۆئەوەی گومانی ئەوەی لا دروست نەبێت کە بەتەمای کارێکم. کە چووە ناو گەرماوەکەوە، ڕاستەوخۆ خۆم گەیاندە لای تەلەفۆنەکەی، کە لەسەر مێزی تەلەفزیۆنەکە بەجێی هێشتبوو. ویستم بیکەمەوە و لە بەشی نامەکان بڕوانم، بەڵام تەلەفۆنەکەی بە کۆدێکی نهێنی کلۆم درابوو. تەواو بێئومێد بووم. بەناچاری گەڕامەوە بۆ چێشتخانەکە و خۆم بە ئامادەکردنی شێوی ئێوارەوە قاڵکرد. چەند خولەکێک لە چێشتخانەکە مامەوە، گوێم لە زەنگی ئاگادارکردنەوەی ئەو نامانە بوو کە سەرکەوت بە بەیستنی، شەوانە لە جێگەکەی خۆی ڕادەچەنی و وەڵامی ئەدانەوە. کاتێک گەیشتمە لای تەلەفۆنەکە، هێشتا ڕوناکی شاشەکەی تاریک نەبووبوو. ئەو چەند وشەیەم بینی کە لە لایەن ئەو کچەی دراوسێمانەوە نێررابوو، نووسرابوو:

– گیانەکەم.. ویستم لەوە دڵنیات بکەمەوە کە سبەینێ ناتوانم لەتەکتا بێمە دەرەوە.

خوێن لەجەستەمدا نەما... ئاخر من بە تۆ دەڵێم خاتوو

مۆڵی، مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەرگەی ناپاکییەک بگرێت کە بە چاوەکانی خۆی لە هاوژینەکەی بینیوە؟ هێز لە جەستەمدا نەما. توانای ئەوەم نەبوو جەستە لاوازەکەم بە پێکانمەوە ڕابگرم. لە جێگەکەی خۆم دانەویمەوە و بە دڵێکی پڕ بە ئازارەوە، دەستم بە گریان کرد. من لەو کاتەدا بە ئازاری خۆمەوە ئەتلامەوە، گوێم لە دەنگە گڕەکەی سەرکەوت بوو کە پێی وتم:

– ئەوە چیتە ژنەکە؟! بۆچی لەو عەرزەدا کەوتوویت و دەگریت؟!

سەرم بڵند کردەوە و بە نیگایەکی پڕ لە هەڵچوونەوە لە چاوە بچکۆلە و زیتەکانیم ڕوانی. ئەو هەستی کرد شتێکم لە بارەیەوە زانیوە. بە خێرایی تاوی دایە تەلەفونەکەی و کۆدەکەی کردەوە. نامەکەی خوێندەوە و بە نیگایەکی تاڵەوە لێی ڕوانیم. کە بینیم زۆر بێباکانە ڕەفتاردەکات، بە دەنگێکی پڕ لە ئازار و گریانەوە وتم:

– تۆ چۆن مرۆڤێکیت ها؟! منت لەماڵەوە بەند کردووە و بۆ خۆتیش لەگەڵ ئەو کچە بێڕەوشتە ناپاکیم لەگەڵ دەکەیت؟!

من تەنیا هەر ئەوەندەم وت. چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ڕووی دا. بە دەنگێکی بەرز و هەڵچوونێکی دڕندانەوە، وتی:

– تۆ چۆن دەتوانیت بەوە تاوانبارم بکەیت؟ پاشان چۆن لە خۆتەوە چاودێری تەلەفونی من دەکەیت؟ ئەوە پەیوەندی بە ناپاکی و بە تۆوە نییە. جارێکی کە، ئەوە دووبارە بکەیتەوە، هەموو گیانت دەشکێنم.

ئەوەندە لە گیانی خۆم بێزار بووم، لە جێگەی خۆم هەڵسام و تاوم دایە دەمانچەکەی. ویستم لەسەر سەری خۆمی دابنێم و پێی بڵێم «ئەوە لە داخی تۆ و ئەو ژیانە تاڵە.. وا خۆم دەکوژم»، بەڵام پێش ئەوەی دەستم بگاتە دەمانچەکەی، گەیشتە سەرم و بە دەمانچەکەی کەوتە وێزەی گیانم. ئەوەندە کلکە دەمانچەی کێشا بە سەرمدا، تا چەند ڕۆژێکیش بەو ئازارەوە ئەتلامەوە.

ئەو شەوە، دوای ئەوەی تا لە توانایدا بوو لێیدام، پاشان بەهەستێکی پڕ لە بکوژانەوە وتی:

– ئەگەر جارێکی تر ئەوە دووبارە بکەیتەوە، بە فیشەکێک مێشکت ئەتەقێنم.

ئەوەی وت و جلەکانی دەرەوەی لەبەر کرد و دەمانچەکەی خزاندە نێو پشتێنەکەیەوە و چووە دەرەوە و تا درەنگانێکی شەو، نەگەڕایەوە.

ئەوەم بۆ دایکم و شەوبۆی خۆشکم گێڕایەوە. چاوەڕوانی ئەوە بووم ڕێگاچارەیەکم بۆ بدۆزنەوە. بەڵام دایکم وەک هەموو ساتێکی دیکەی ژیانی، چۆن لە بێدەسەڵاتی خۆیدا دڵی خۆی ئەلاواندەوە، ئاواش دڵی دامەوە و بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە وتی:

– کچم چار چییە؟! ئیتر ئەوە ژیانە.. دەبێت خۆت لەگەڵیدا بگونجێنیت.

لەو کاتەدا هەستم بە پەشیمانی دەکرد، لەو ڕێگە هەڵەیەی کە هەڵم بژاردبوو، ئیرەیم بەو ژیانە شکۆمەندانەیەی نارین دەبرد کە توانی سنورێک بۆ ئەو ژیانە پڕ لە کۆیلایەتییەی

خۆی دابنێت و سەربەرزانە بەرگری لەو عەشقە جوانەی خۆی کرد.

- ٩ -

متمانەم پێبکە خاتوو مۆلی، ئێستاش ئەو دۆخە لە خەیاڵمدا وەک خۆی بەرجەستە بووە کە ڕۆحم ئازار دەچێژێت و دڵم قوڵپ ئەدا. هەست دەکەم فرمێسک لە چاوەکانمەوە ڕێچکەیان بەستووە. بەو یادەوە ئازارەکانم لە نێو هەموو دڵۆپێکی فرمێسکەکانمدا، ڕۆ دەکەم و دەمەوێت ناخم لە ئازاری ئەو ژیانە تاڵە، خاڵی خاڵی بکەمەوە. بەڵام چۆن دەتوانم هەموو ئەو چیرۆکانەی ژیانم، کە لەنێو ئازارێکی سەختی ژیانمدا لەدایک بوون، هەر وا بە ئاسانی بیانسڕمەوە؟

ئاخر کاتێک کە ژن دەگری، لەنێو هەناوی هەموو دڵۆپێک لە دڵۆپە فرمێسکەکانی، خەمێک یان هەستێکی تۆڵەکردنەوە بوونی هەیە و دەیەوێت بە گریانی ناخی، بیان شواتەوە. دەیەوێت ئارامی بە دڵە میهرەبانەکەی خۆی بداتەوە.

ئادەی تۆ پێم بڵێ، کاتێک مرۆڤ خەمەکانی لە ناخیدا پەنگ دەخواتەوە، ئەگەر دەرچەیەک نەدۆزێتەوە بۆ ئازادکردنیان، دەبێت بیر لە چ تۆڵەیەکی ترسناک بکاتەوە، بۆ ئەوەی ناخی خۆی ئاسوودە بکات؟ باوەڕم وایە هەموو تاوانەکان، تەنیا لەو خۆخەفاندنەوە سەرچاوەی گرتووە... ئەگەر ژن هێندە میهرەبان نەبوایە.. نەیدەتوانی خەمەکانی ناخی بە فرمێسک بسپێرێ. دڵنیام مرۆڤ ئەگەر لە بەردەم خەمێکی قووڵدا نەتوانێت بگری، ئەوا هەستێکی تۆڵەکردنەوە بۆ ژیان، لە

ناخیدا بەرپا دەکا.

من لەو دۆخەدا ئازارەکانی ناخم، بە هەموو ئەو دڵۆپە فرمێسکانە دەسپارد کە هەموو ڕۆژێک لە تەنیایمدا دەمڕشتن. بیرگەلێک مێشکی تەنیبووم. بەدووی چارەنووسی نادیاری خۆمەوە، کوێرانە ڕێم دەکرد. دەمویست لە ئەندێشەمدا دەروازەیـەک بۆ ئازارەکانم بدۆزمـەوە. تا دەهـات، ژیانم بـەرەو دۆڵێکی تاریک و پڕ مەترسی ڕۆ دەچوو. بەدوای شتێکدا دەگەڕام خۆمی پێوە بگرمەوە. بۆ ئەوەی خۆم لەو دۆخە دژوارە قوتار بکەم.

ڕۆژێـک بیرم لـەوە کـردەوە، بۆ دواجـار، کۆتایی بەو ژیـانـە بهێنم کـە لەنێو تاریکاییەکەیدا ون بـووبـووم. بۆ خۆیشم نەمزانی چۆن خۆکوشتن وەک فریادڕەسێک خۆی لە نێو بیر و ئەندێشەمدا وێنا کرد! هەستم دەکرد ڕەفتارە دڕندانەکانی سەرکەوت، کە بووبووە خوویەکی ڕۆژانەی و لە بەرامبەرم دەینواندن، هۆکاری ئەوە بێت کە بە ویستی خۆم ئەو چارەنووسە هەڵبژێرم. بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ڕێگە نادیار و تاریکە بهێنم کە هێشتا لە سەرەتای تەمەنیدا بووم، ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک، بیرم لە شێوازەکانی خۆکوشتن کـردەوە. تا شێوازێک بدۆزمەوە کە شایستەی تۆڵەی ئەو ناپاکییە بێت.

بیرگەلی خۆکوشتنم لە ناخی خۆمدا، وێنا دەکرد. لەگەڵ هـەمـوو وێناکردنێکی کوشتنی خـۆمـدا، وێـنـەی سورکێو وەک مێردەزمەیەک دەهاتە ناخمەوە و بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەوە لێی دەڕوانیم و پێی دەوتم:

– تۆ شایەنی ئەو ژیانەیت کە بە ویستی خۆت هەڵت بژاردووە. من چێژ لەو ساتانە دەبینم کە تۆ بەدەم مەرگی خۆتەوە دەتلێیتەوە.

من لەو کاتەدا لەناو خۆمدا دەدوام، سەرکەوت وەک هەموو ڕۆژان، بە سیمایەکی تاڵ و ڕقئامێزەوە، هاتەوە ماڵەوە. کەمێک لێم نزیک بووەوە. لەو ساتەدا من نیگاکانم لەسەر دەمانچەکەی کەمەری بوو، کە لەپشتێنەکەی دەری هێنا و لەسەر مێزی تەلەفزیۆنی هۆڵەکە، دای نا. بە نیگایەکی ترسناکەوە لێمی ڕوانی و بە فەرمانێکەوە پێی وتم:

– ئەوە بۆچی دۆش داماویت و لێم دەڕوانیت؟ بڕۆ خێرا چایەکەم بۆ دەم کە.

ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانانەی سەرکەوت، وای لێ کردبووم، زێدەتر قێزم لە ژیانی خۆم بێتەوە. تا دەهات، ویستی خۆکوشتن لە ناخمدا گەورەتر دەبوو. ئەو ڕۆژە تا کاتی خەوتن، بیرم لەو دەمانچەیە دەکردەوە کە وەک منداڵێکی خۆشەویستی شەوانە، لە ژێر سەرینەکەیدا، لەگەڵ خۆی دەینواند و لایەکی بە دەرەوە بوو، بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە ئاگای لێ بێت.

ئەو شەوە، بیرم ئاوێزانی مەرگی خۆم بووبوو، بێئاگا لەو ئەندێشەیەی کە مێشکمی تەنیبوو، لە جێگەکەم ڕابووم. بینیم سەرکەوت لەنێو خەوێکی قووڵدا ڕۆچووە. چاوم بەنێو هەموو ژووری نووستنەکەدا گێڕا، وەکئەوەی لە بوونی خۆم دڵنیا ببمەوە. بێدەنگی و کشوماتیی ژوورەکە، ترسێکی گەورەی لە ناخمدا خولقاندبوو. بۆنی خوێنی جەستەی خۆم

دەکرد. بەئەسپایی لە سیما قێزەونەکەیم ڕوانی. دڵنیابوومەوە لەوەی لە قوڵایی خەودا ئارامی گرتووە. لە جێگەکەی خۆم بڵند بووم و چوومە بەردەم پەنجەرەکە و کەمێک پەردەکەم لادا و سەیرێکی ئاسمانی ساماڵی ئەو شەوەم کرد، کە ئەستێرەکان، بە پڕشنگەکانیان، دیمەنێکی هەست بزوێنیان لەنێو ئەو تاریکیە ئەنگوستەچاوەدا نەخشاندبوو.

لە ناخمدا هیچ هەستێکم بۆ ژیان نەبوو، تاکو بە چێژێکەوە لەو دیمەنە ئەفسوناوییەی ئەو شەوە بڕوانم. ئاوڕێکم بۆ سیسەمەکە دایەوە. سەرکەوت لەو دۆخەی خۆیدا دەقی گرتبوو. ئیتر دڵنیا بوومەوە لەوەی بەو جووڵە هێمنەم بەئاگا نایەتەوە. ئاخر ئەو، پیاوێکی هەتابڵێی وریاو بەدەست بوو. زۆرجار گەر شەوان، دەنگێکی نامۆ هەبا، یەکڕاست لە جێگەکەی خۆی ڕادەبوو و تاوی ئەدایە دەمانچەکەی. ئەوەندە بە ئاگاییەوە خەو دەچووە چاوەکانی، وەکئەوەی لەنێو هەناوی دوژمندا خەوتبێت.

ئەو ڕەفتارانەی سەرکەوت، گومانی ئەوەی لا دروست کردبووم، کە سەرکەوت ڕۆژانە، لەگەڵ تاوان و ترسێکدا ڕەفتاری دەکات. ئەگەرنا مرۆڤ کاتێک ڕۆژەکانی بەئارامی بەسەر دەبات، لە شەوەکانیشیدا بەئارامی ڕۆژ دەکاتەوە. بەهێمنی لە سەرینەکەی نزیک بوومەوە. دەستێکم بۆ کلکی دەمانچەکەی ژێر سەرینەکەی درێژ کرد کە نیوەی بەدەر کەوتبوو. بەئەسپایی دەمانچەکەم لەژێر پێخەفەکەی دەرهێنا و کەمێک لێم ڕوانی. بیرم لەو پارچە ئاسنە ڕەش و قورس و ڕەزاگرانە دەکردەوە کە تەنیا بە پەنچەیەک دەتوانێت کۆتایی

بە ژیانی مرۆڤێک بهێنێت و بۆ کۆتاجار لە ژیاندا بیسڕێتەوە.

من دەمویست لەو ساتەدا ئەو مرۆڤە خۆم بم. خۆم لە نێو ئەو ژیانە تاڵە بسڕمەوە کە هیچ هیوایەکم تێیدا بۆ ژیان نەمابوو. بەخۆم وت: «دەبێت چۆن بتوانم بەکاری بهێنم!». بیرم لەو ڕۆژانـەی سەرەتای هاوسەرگیریمان دەکردەوە کە تەنیا هەفتەیکمان تێپەڕاندبوو، لەسەر هەمان سیسەم، لەنێو گەرمەی باسی گێڕانەوەی ژیانی خۆیدا، بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە پێی وتم:

– دەتەوێت فێری بەکارهێنانی دەمانچەت بکەم؟

من کە چەکم دەبینی، ترس هەموو گیانی دەلەرزاندم. بە خەندیەکی دەستکردەوە پێم وت:

– نا.. نەک نامەوێت فێری بم.. تەنانەت ناشمەوێت لەپێش چاوەکانم بێت.

سەرکەوت بە پێکەنێنێکەوە ڕووی تێکردم و وتی:

– دەزانم ژنان ئارەزووی چەک ناکەن، بەڵام تۆ هاوژینی منیت، لەبەرئەوە پێویستە شتێکی لەبارەوە فێر ببیت. ئەمە ڕۆژگارە.. پێدەچێت لە کاتێکدا پێویستیت بە بەکارهێنانی بێت. پێویستە ژن، بۆ بەرگریکردن لە شەرەفی خۆی، ئەزموونی لەگەڵ چەکیشدا هەبێت.

دەمانچەکەی لێ نێزیک کردمەوە. بە دوو پەنجەی، بەشی سەرەوەی دەمانچەکەی بۆ دواوە ڕاکێشا و بە نیگایەکی ترسناکەوە پێی وتم: «ئێستا فیشەک لە بەردەم لولەی دەمانچەکەدایە». پەنجەیەکی بۆ پەلەپیتکەکە درێژکرد و پاشان وتی: «ئەگەر فشارێک بخەیتەسەری، ئەو ا یەکڕاست

دەتەقێت. بۆ ئەوەی بتوانیت دوژمنەکەت بەتەواوی بپێکیت پێویستە لوولەی دەمانچەکە ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەو شوێنە بکەی کە دەتەوێت بیپێکیت. بۆ نمونە سەری مرۆڤ یەکێکە لەو شوێنانەی کە بەیەک فیشەک، دەتوانێت دوژمنەکەتی پێ بکوژیت».

لەو ساتەدا هەمان ئەو کارەم دووبارە کردەوە کە سەرکەوت لەو شەوەدا بۆ چەندین جار ناچاری کردم کە ئەو کارە بکەم. لە کاتی ڕاکێشانی بەشی سەرەوەی دەمانچەکە، ئەو فیشەکەم بینی کە بڕیاربوو بۆ کوشتنی خۆم لە مێشکی خۆمدا نقومی بکەم. لەگەڵ شلکردنی دەستمدا فیشەکەکە بەهەمان ڕیتمی لێدانی دڵم بەرەو لولەی دەمانچەکە ڕێی دەکرد. لولەی دەمانچەکەم لەسەر سەری خۆم دانا و پەنجەی دۆشاو مژەم لەسەر پەلەپیتکەکەی دانابوو.

لەو کاتەدا ئەوەم بە جوانترین هەڵبژاردەی خۆکوشتنی خۆم دەزانی. کە لە چرکەیەدا خۆم لە بوونی خۆمدا بسڕمەوە. بەڵام ترس هەموو جەستەمی هێنابووە لەرزین. دڵم هێندە خێرا لێی ئەدا، وا هەستم ئەکرد لە نێو سنگە گۆشتنەکەمەوە هاتۆتە دەرەوە. بیرم لەوە دەکردەوە لە دوای ئەو کارەساتە، دەبێت چی ڕوبدات؟ ئایا بەم کارەم دەتوانم ئەو دڵە پڕ لە قینەی سورکێو ئاسوودە بکەم، یان دەبمە ئازارێکی بێکۆتا و بۆ هەمیشە لەنێو ژیانیدا دەمێنمەوە؟!

نازانم چۆن لەو ساتەدا ئەوە بە ئەندێشەمدا هاتەوە کە من بەڵێنێکم بە خۆم دابوو تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی تر هەناسەیەک بە بەری ئەو عەشقە مردووەی ناخمدا بکەمەوە،

درێژە بەو ڕێگایە بدەم! ئاخر لەژیاندا هەمیشە دەرفەتێک هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ تێیدا هەڵسێتەوە. لەو کاتەدا من لەنێو ئەندێشەی خۆمدا گەمەم لەگەڵ مەرگی خۆمدا ئەکرد، سەرکەوت بە گۆڕرانی باری خەوەکەی، منی بۆ لای خۆی هێنایەوە.

هەستم کرد بێئاگا لە بیرکردنەوەکانم جەستەم جیاوازتر لەخۆم ڕەفتار ئەنوێنێ. بەخێرایی دەمانچەکەم لەسەر سەری خۆم گواستەوە بۆ سەر سەرکەوت. لەو خەونە قوڵەیدا دەموچاوە باریک و بچکۆلەکەی هێندە بێتاوان دەهاتە پێش چاوەکانم، ئومێدی ئەوەم دەخواست لە هەموو ساتەکانی ئاگاییدا بەو شێوەیە سروشتییەی خۆی بینیبام. بەڵام ئەفسوس لەو کاتەدا لە ترسی بەئاگاهاتنەوەی، وای لێکردم بەبێ ویستی خۆم، پەنچەم لە پەلەپیتکەی دەمانچەکە توند کرد.

بەهۆی ئەو دەنگەی کە وەک زەنگێگ لە مێشکمدا ئەزرنگایەوە و گوێکانی کپ کردم، بێئاگابووم لەوەی چی ڕووی داوە. کاتێک لە سەرکەوت م ڕوانی، خوێنێکی گەرم، لە جێگەی ئەو فیشەکەی کە سەری پێکابوو، وەک کانییەک قوڵپی ئەدا و بە لاجانگیدا هەتا پێخەفەکەی ژێر سەری جۆگەلەی بەستبوو. خوێن لەو چاڵاییەی کە بە هۆی سەریەوە لەسەر سەرینەکەی دروست بووبوو، وەک گۆمێک، مۆڵی خواردبوو هاڵاوێکی گەرمی لێ بڵنددەبوو. ئەو دیمەنە ناخمی تاساند. هاوارێکی توند لە گەروومدا پەنگی خواردبوو. هەستم دەکرد هەموو خوێنی جەستەم لە

کاسەی سەرمدا کۆبووەتەوە. تا ئەو ساتە دەمانچەکە هەر بەدەستمەوە مابوو. چاوەکانم لەسەر ئەو جەستە بێ جووڵە و ترسناکە، قەتیس مابوو.

لەو ساتەدا مێشکم بەتەواوی وەستابوو. توانای هیچ بیرکردنەوەیەکم بۆ دۆخەکە نەمابوو. من بەو شێوەیە دەقم بە خۆمەوە گرتبوو. لەو کاتەدا چاوە بچکۆلە و ترسناکەکانی کردەوە و بە نیگایەکی تۆڵەئامێزەوە لێی ڕوانیم. من هەر ئەوەندەم لە توانامدا بوو، هەتا هێزم تێدابوو، گوڕێکم بە ناخی خۆم دا و ئەو گەرووە تاساوەم، بە قریشکەیەک کە لەناو ژوورەکەدا گوێم لە دەنگدانەوەی بوو، بەردا.

کە بەخۆم هاتمەوە، هێشتا دەنگی ئەو قریشکەیە، لە گەرووما مابوو. سەرکەوت بە چاوە پڕ لە گومانەکانیەوە بە سەرمەوە بوو. دەمانچەکەی بە دەستی ڕاستیەوە گرتبوو، لێی دەڕوانیم. بە سەرنجێکی وردەوە لە ڕوخساریدا بە دوای ئاسەواری ئەو فیشەکەدا دەگەڕام کە سەری پێکابوو، وتی:

– ئەوە خەونت بینیوە؟

تا ئەوکاتەش دڵنیا نەبووم لـەوەی کە ئەو تاوانەم بە خەون بینیبێت. هەموو جەستەم نغرۆی ئارەقەی جەستەی خۆم بووبوو. هەستم دەکـرد لەرزێکی بێئەندازە گیانمی تەنیوە. ئەو شەوە تا سپێدە دیمەنی کوشتنی سەرکەوت وەک فلمێک، تاوناتاوێک، لە پێش چاوەکانمدا خۆی نمایش دەکرد. ئیتر ئەو خەونە هەموو بیر گەلێکی خۆکوشتنی لە ناخمدا وەک هەورێک ڕەواندەوە.

ئەوەی درێژەی بەو ژیانە تاڵ و ئەستەمەی من دا، تەنیا

ئەو تروسکەی هیوایە بوو کە لە چاوەکانی سورکێوە وە دەمبینی. ئەو بۆ من بووبووە هیوایەک بۆ ژیانکردن. لەم دۆخەدا هەرچەندە لێی بێئاگا بووم، بەڵام لە قووڵایی ڕۆحمدا بە دیدگا جوانەکانی بۆ ژیان، خۆی بەجێ هێشتبوو. ئەو بەمانای ژیانی ناساندم. بە گوفتارەکانی، سەرنجەکانمی بۆ قووڵایی چێژی خۆشبەختی و بوونایەتی خۆم ڕادەکێشا. لە هەموو ساتێکی بیری ئەودا، تەمەنناى ئەوەم دەکرد وەک هەموو ژنێکی تر، زۆر سادەتر لەخۆی، بۆ ژیان بڕوانم و ڕۆژەکانم بەو فەرمانانەوە بەڕێ بکەم کە بووەتە سروشتێکی ژیانکردن. بەڵام منێکی پەروەردەی دەستی مرۆڤێکی بەئاگا لەخودی خۆی، چون بتوانم خۆم لەگەڵ ئەو کۆیلاتییەدا بگونجێنم.

ئاخر خاتوو مۆڵی، تۆ دەزانیت کاتێک مرۆڤ خۆی دەناسێت، زیاتر لە هەموو کەسێک ئازار لە ژیان دەچێژێت. لە بێچارەیمدا دەمویست وەک هەموو ژنێک، دان بەو ڕەفتارە نێرینەییانەدا بنێم کە پیاوەتی تیا دەبینرا. بەڵام ئەوە بۆ من کارێکی هێندە ئەستەم بوو، کە لە ناخمدا، لە بەرامبەری، هەستم بە یاخیبوونی خۆم دەکرد بۆ ئەو ژیانەی، کە بە بیرو هەستەکانم، دژواربوو.

من بەدرێژایی ئەو ماوەیە، بە هەستێکی یاخیبوونەوە، لەژیانم دەڕوانی. لە چاوەڕوانی ڕۆژێکدا بووم ژیان بە خەونەکانم ئاشنا بکاتەوە و بگەڕێمەوە سەرەتای ئەو ڕێگەیەی کە یەکەمین هەنگاوەکانم پێی نامۆ بوون. من بەو دۆخەوە ڕۆژگارەکانم بەڕێ دەکرد. هەرگیز لە چاوەڕوانی

ئەو ڕێکەوتەدا نەبووم کە چاوەکانم بە سورکێو ئاشنا بێتەوە.

تا لە ڕۆژێکی ساردی زستاندا، بەفرێکی زۆر بە باوە باریبوو، هەموو شەقام و کۆڵانەکانی لە خۆیدا سپی کردبوو، بەهۆی ئەو بەفرەوە، کەشەکە ئەوەندە سارد بووبوو کە سەرما پەنچەی بنیادەمی هەڵدەوەراند. چەند ڕۆژێک بوو ئامێری «جلشتن»ەکەم کاری نەئەکرد. چەند جارێک داوام لە سەرکەوت کرد کە چاکی بکاتەوە، بەڵام ئەو داواکەمی فەرامۆش کردبوو. ئاخر ئامێرێکی وەها قورس و گران چۆن بە کەسێکی کەمجورم و لاوازی وەک ئەو، بتوانێت لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بنێت و بیباتە لای وەستا؟! ئەو ڕۆژە، بەهۆی ئەو سەرمایەوە، تکام لێ کرد کە هەرچۆنێکە ئەو کارە بکات. ئەگەرنا ناتوانم کارەکانم بکەم. دواتر بەناچاری وتی:

- بە (بەناز) ی خوشکم بڵێ.. ئەو وەستایەکی خومان دەناسێت و دوکانی چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی هەیە.. ژمارەی تەلەفونەکەی لایە.. با پەیوەندی پێوە بکات و بینێرێتەماڵەوە.

کەوشەکانی لەپێکردوو لەنێوەندی دەرگای هۆڵەکەدا،بەنیگایەکی ماندووەوە وتی:

- ئەمڕۆ کاری زۆرم هەیە، تۆ چاوەڕێم مەکە..

ئەوەی وت و چووە دەرەوە. ماڵی باوکی سەرکەوت خێزاندار بوون. باوکی دوو ژنی هێنابوو. لە ژنی دووەمیان سێ کوڕ و دوو کچی هەبوو. ژنی بۆ هەموو کوڕەکانی هێنابوو. کچەکانیشی بە خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی بە

شوو دابوو. لە ژنی دووەمی سەرکەوت و بەناز ی خوشکی و دووبرای بچوکی هەبوو. باوکی تا بڵێی پیاوێکی بە هەیبەت و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بوو. لە نێو بنەماڵەکەی خۆیدا، هەموو خزمە نزیکەکانی لە کاتی بۆنەکاندا دەهاتنە ماڵی و بۆ چارەسەری کێشە و ژنهێنان و شووکردن، ڕاوێژیان پێ دەکرد.

هەموویان بە سەرۆکی بنەماڵە و تیرەکەی خۆیان ئەژماریان دەکرد. زۆر لەو کاتانەی زۆرێک لە خزم و کەسە نێزیکەکانیان، کە لە ماڵی باوکی سەرکەوت کۆ دەبوونەوە، هەموو ژنەکان لەو ماڵەدا دەستیان دەکرد بە ئامادەکردنی شێوێکی زۆر بۆ میوانەکان. لە هەموو ئەو بۆنانەدا بەناز دەهات بە دوومدا و لە زمانی دایکیەوە گازی دەکردم. دەبوو ئەو ڕۆژە تا درەنگانێکی شەو، لەگەڵ هەموو ئەو عەشاماتی ژنەی کە لە چێشتخانە گەورەکەی ماڵی باوکیدا خەریک بوون، کارم بکردایە و قاپ وقاچاغی هەموو ئەو میوانانەمان شتبا و لە جێگەی خۆی ڕێکمان خستبایەتەوە. کاتێک میوانەکان دەڕۆیشتنەوە، ئەو ڕۆژە هەموومان لە ماندوویێتیدا، بەدەم دانیشتنەوە وەنەوزی خەو دەیبردینەوە. بەتایبەت من کە لەگەڵ ئەو کارە گران و زۆرانەدا ڕانەهاتبووم.

زۆرجار لەکاتی کارکردندا، هەستم بە دابەزینی فشاری خوێنم دەکرد و بەرچاوەکانم وەک شەوەزەنگ تاریک دادەهات. جارێک کە میوانێکی زۆر بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەیەکی خێزانیی خزمێکیان، کە ئاهەنگیان لە ماڵی باوکی گێڕابوو، میوانێکی زۆر لە خزم و کەسی خۆیان و ئەو ماڵەی

که لەگەڵیاندا بەشەڕ هاتبوون، ئامادە بوون. من لەو کاتەدا تاوم دایە ئەو قاپە کاشیانەی دایکی بەناز شۆردبوونی و لەلای خۆیەوە کەڵەکەی کردبوون، تاوەکو بیان بەمەوە بۆ چێشتخانەکە، کە لە جێگەی خۆمدا بڵند بووم، لەهیکڕا، هەستم کرد چاوەکانم تەواو تاریک بوون و هێز لە جەستەمدا نەما. هەموو قاپەکان لە دەستم کەوتنە خوارەوە و هەر پارچەیەی بە لایەکدا بڵاو بووەوە.

ئەوەندە هەستم بە خۆم کرد، دوو ژن، تاویان دایە بن هەنگڵم و بەرەو ژوورێکی بچوکیان بردم، کە لە تەنیشت چێشتخانەکەوە بوو. بە هێمنی لەسەر قاڵییە نەخشدارەکەی کە هەموو ژوورەکـەی پڕ کـردبـووەوە، بەپشتا درێژیان کـردم. کاتێک بە ئاستەم چاوەکانم کـردەوە، بینیم دایکی بـەنـاز، بـەسـەرمـەوەیـەو تاوناتاوێک دەستی دەخـاتـە ناو قاپێکی پچوکەوە کە ئاوی تێدابوو و دەستی پێ تەڕدەکرد و دەموچاوە زەردهەڵگەڕاوەکەمی پێ تەڕ دەکرد. هەستی کرد خەریکە بەئاگا دێمەوە، کەمێک سەرنجی لێوەکانی دام کە بەهۆی ساردی جەستەمەوە دەلەرزین،سەری هێنایە لامەوە و بە گوێمدا چپاندی:

– کچم.. ئەگەر ئەزانیت سکت هەیە، بۆچی کاری گران ئەکەیت؟!

زیاتر لە ساڵێک بەسەر هاوسەرگیریمدا تێپەڕ بووبوو. دایکی، زۆرجـار داوای ئـەوەی لێ دەکـردم کە سـەردانی پزیشکێکی ژنانە بکەم بۆئەوەی دڵنیا بێت لە هۆکاری دووگیان نەبوونم. من بۆ خۆیشم کە نەمدەزانی چ چارەنووسێک

چاوەڕێم دەکا، هەرگیز ئارەزووی ئەوەم نەدەکرد ئەو کارە ڕوو بدات. بەردەوام بە بیانوویەکەوە، خۆم لەو پرسیارە قێزەونە ئەدزیەوە کە دایکی سەرکەوت لێی دەکردم. نەمدەویست بەهۆی منداڵەوە درێژە بەو چارەنووسە بدەم کە بۆ خۆیشم نەمدەزانی بەرەو کام ئاراستەی ژیانم بەڕێ دەکا!

پەیوەندیم بە بەناز ەوە کرد و ئەوەندەی چەند خولەکێک، خۆی گەیاندە ماڵەوە. بەرەو لای جلشۆرەکە چوو. کەمێک خۆی بەو دوگمانەوە خەریک کرد کە لە ڕێگەیەوە ئامێرەکەی بەگەڕ دەخست. دوای ئەوەی دڵنیا بوو لە لەکارکەوتنی، بە تەلەفونەکەی پەیوەندی بە ناسیاوەکەیانەوە کرد. پاشان پێی وتم:

– دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.. ئەگەر وەستاکە هات، لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم. تۆ لە ماڵەوە چاوەڕێ بکە.

بەناز کچێکی ژیکەڵەی باڵا مامناوەند بوو. خاڵە ڕەشەکەی تەنیشت لێوەکانی، نەخشێکی جوانی بەپێستە سپییەکەی دەموچاوی بەخشیبوو. هەتا بڵێی کچێکی قۆشمە و قسەخۆش بوو. ماوەیەک دڵی بە لای کوڕێکی دراوسێیانەوە بوو. ئەو بەهۆی ئەوەی تەمەنی، کە تەنیا دوو ساڵێک لە من منداڵتر بوو، زۆر لەو ئێوارانەی کە سەرکەوت درەنگ دەهاتەوە، سەردانی دەکردم و دەردەدڵی خۆی بۆ دەکردم. کە کوڕێک بە هۆی عەشقی بەناز ەوە، ڕۆژانە، چەند جارێک بە بەردەم دەرگای ماڵیاندا هاموشۆی کردووە. کاتێک دایکی هەستی بەوە کردووە کە ئەو کوڕە بە مەبەستێک لە کاتی

تێپەڕبوونی بە کۆڵانەکەدا سەرێک بۆ ناو ماڵەکەیان ئەگێڕێت، باوکی لێ ئاگادار ئەکاتەوە.

باوکی بەناز چاودێری ئەو کوڕە دەکات، تا بە کۆڵانەکەدا تێپەڕ دەبێت. پاشان لە ڕێگەی دوو پیاوی شوناسی خۆیانەوە، بەدووی دەکەون و لە نزیکی ماڵی خۆیان دەیگرن. ئەوەندەی لێ ئەدەن، کوڕەی تاین، توانای ئەوەی نامێنێت لە جێگەی خۆیدا بڵند بێتەوە و هەڵبێت. دوای ئەوە، هەڕەشەی ئەوەشی لێ دەکەن کە جارێکی تر بەو کۆڵانەدا نەیەتەوە. کوڕەی تاین، بۆ تاهەتا، لەو کۆڵانەدا نەبینرایەوە. کە بەناز ئەوەی بۆ دەگێڕامەوە، بە دڵێکی گرانەوە، ئەی وت کە بەهۆی زەبرو زۆری باوکیەوە، تەنانەت نە خۆی نە خوشکەکانی، کە لە ژنی یەکەمی بوون، نەیانتوانیوە، خوێندن تەواو بکەن. باوکیان بە ویست و بە ڕەزامەندی خۆی، کچەکانی دابوو بە شوو و ئەگەر کارێک ڕەزامەندی ئەوی لەسەر نەبووبا، ئەستەم بوو. تەنانەت هیچ کام لە کوڕەکانیشی نەیاندەتوانی بەرپەرچی بدەنەوە و بێگوێی لە بەرامبەریدا بکەن.

لە ماڵەوە، لەچاوەڕوانی وەستاکەدا بووم. نەمدەزانی کە ئەو چاوەڕوانییەم، چارەنووسی ژیانم، بۆ ئاراستەیەکی دژوار و مەترسیدار دەبات. تکات لێدەکەم خاتوو مۆلی، پرسیار بکە، پرسیاری هەموو شتێکی ژیانم لێ بکە، تەنیا بۆ ئەوەی هەستەکانم بەئاگا بهێنمەوە. من چێژ لە ئازاری ئەو ڕۆژانە دەبینم کە ژیان تێیدا ماندووی کردم. دەمەوێت پرسیاری هەموو شتێکم لێ بکەیت، بۆئەوەی هەموو ئەو چرکەساتانەی ژیانم کە لە نێو کەلەبەرەکانی بیرەوەریمدا

بزر بوون، بیاندۆزمەوە و سزای ڕۆحی خۆمیان پێ بدەم.

ئای خاتوو مۆڵی، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە کە مەرگ و عەشق تێدا ئاوێزانی یەکدی بوون. کاتێک وەستاکە خۆی بەماڵەکەمدا کرد و من لە ژووری نووستنەکەی دواوە، ئەو پۆشاکانەم ڕێک دەخست کە بەهۆی لەکارکەوتنی ئامێرەکەوە، بەدەست شتبووم. بەناز وەستاکەی ڕاستەوخۆ بەرەو لای جلشۆرەرەکە برد بۆئەوەی چاکی بکاتەوە. کە دەنگی بەناز م ژنەوت :

– من سەرێک لە ماڵەوە ئەدەم و دەگەڕێمەوە بۆ لاتان، وەرە بە وەستاکە بڵێ، بزانە چییەتی.

ئەوەی وت و چووە دەرەوە. دەستم لە کارەکەم هەڵگرت و بەرەو لای گەرماوەکە چووم کە ئامێری جلشۆرەرەکەی لێ بوو. وەستاکە بە هۆی ئەوەی لە ئامێرەکەی دەڕوانی، پشتی لەمن بوو. ئاگاداری هاتنم نەبوو کە لێم ڕوانی. بە بەژن و باڵاکەیدا بەکەسێکی نامۆ نەدەچوو. چاکەتێکی خوریی لەبەردا بوو. ملپێچێکی درێژی لە ملیەوە ئاڵاندبوو. لە تەنیشت خۆیەوە جانتا کانزاکەی کە کەرەستەی چاکردنەوەکەی تێدابوو، دانابوو. سڵاوم لێ کرد. بەهێمنی ئاوڕی بۆم دایەوە. هێشتا چەند هەنگاوێک مەودای نێوانمان بوو. من لەپڕ لەجێگەی خۆمدا، هەنگاوەکانم، قەتیس بوون. هەرچی جووڵە هەبوو لە جەستەمدا نەما.

زمانم هێندە گران بووبوو، توانای دەربڕینی هیچ وشەیەکم نەمابوو کە لەو دۆخەدا دەری ببڕم. هەستێک ئاوێتەی ترس و شادمانی، هەموو جەستەمی هێنایە لەرزین.

ئەو بە نیگایەکی تاساو، لێمی دەڕوانی. تا چەند چرکەیەک، هەردووکمان لە جێگەی خۆماندا وەک دوو جەستەی مۆمیاکراو، لە بێ جووڵەییدا، ئارامیمان گرتبوو. لە چاوەکانیدا چەند دڵۆپێک فرمێسک، کە ئازاری لێ دەچۆڕا، بە کوڵمە ڕەق و وشک هەڵهاتووەکانیدا، خزانە خوارەوە. بەخۆمم وت: ئاخر جگە لە عەشق، چ ئەستەمێک هەیە کە بتوانێت پیاوێک بهێنێتە گریان!

ئەو کاتە هەستم کرد کە هێشتا عەشقی ئەو بۆ من، لە ناخیدا جۆش ئەدا. ئەو دیمەنە، ئاگرێکی بەتینی لە هەناوی من بەردا. هەستم کرد خوێنێکی گەرم هەموو جەستەمی لەو بەستەڵەکەی تێی کەوتبووم، خاو کردەوە. چاوەکانم بە وێنەی بارانێکی بەخوڕ، فرمێسکیان لێ دەچۆڕا. بە گەروویەکی تاساوەوە، لەو دۆخەی تێی ڕامابوو، ڕامچڵەکاند و وتم:

– تکا دەکەم.. بمبورە.. ئێستاش تاوانی هەڵەی خۆم، بە ئازارەوە ئەدەمەوە.

بە دەنگێک کە لەناو قوڵایی ئازاردا تاسابوو، وتی:

– بیرت ماوە کە پێم دەوتیت عەشق هیچ وەرزێکی نییە.. کە خۆی بە ڕۆحت ئاشنا دەکات، ئیتر بە ویستی خۆی، گەمەت پێدەکا. ئەزانیت لەو ڕۆژەوەی ئاگرت لە ناخم بەردا و ڕۆیشتیت، هەموو ڕۆژێک ناخم دەسووتێت و هەڵدەقرچێت؟ هەموو ئەو ڕۆژانە لە نیگای چاوەکانتەوە، ئەو ئومێدەم دەبینی، تەنیا بۆ ساتێکیش بێت، منێک کە لە نێو ئازاری ئەم ڕۆژگارەدا لەدایک بووم، بە چێژ و خۆشبەختیەکانی ژیان،

ئاشنا ببم. ئەفسوس من بە ژیانم ئاشنا کردیت، بەڵام تۆ مەرگێکی هێمن و ئازاربەخشت پێ بەخشیم. ئەوەندە ڕۆحمت لەو ئازارانەوە ئالۆسکاند، کە بەردەوام تێیدا چاوەڕوانی فریادڕەسم لێ دەکردیت. شەونم.. ئێستا پێم بڵێ، ئایا بەو کارە دڵت ئاسوودە بوو؟

هێزی ئەوەم نەمابوو کە لە بەردەم ئەو نیگایانەی کە وەک تیرێک لەڕۆحم دەچەقین و ئازاری پێ دەبەخشیم، لێی بڕوانم. هەستێکی شەرمەزاری، چاوەکانمی بۆ بەر پێکانم گواستەوە. هەناسەم لەنێو سنگمدا، قەتیس مابوو. دڵم بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نەمابوو. لەو ساتەدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد مەرگ لەو دۆخەدا قوتارم بکات. هەستم کرد ئەو فرمێسکەی کە لەبەر نیگا تیژەکانی دەچۆڕا، خەریک بوو ناخمی لە ئازاردا ئەشۆردەوە. هەناسەیەکی نائومێدی دەروونمی ژیاندەوە و بوێریی ئەوەم بە خۆم دا کە لە چاوە کانی بڕوانم. وتم:

– ئاخر تۆ وا دەزانیت بەم ژیانکردنە خۆشبەخت بووم؟!

من نەمتوانی ئەو ژیانە بۆ خۆم هەڵبژێرم کە ویستم بوو. ژیان منی هەڵبژارد و کۆیلەی خۆی کردم. مرۆڤ کە لە بەردەم کێشەکانی ژیاندا دەستەوسان بێت، تەنیا دوو هەڵبژاردەی دەبێت.. یان دەبێت خۆی بکوژێت.. یان دەبێت خۆی ڕادەستی چارەنووسێکی نادیار بکات.. دەی تۆ پێم بڵێ.. من لەو دوو ڕێگایە کامیانم هەڵبژاردبا؟! ها؟! ئاخر لەم هەرێمەدا، ژن کە خاوەنی خۆی نەبێت، خەونەکانیشی لێ زەوت دەکرێ. متمانەم پێ بکە سورکێو.. هەر ئەو ژیانە

ناچاری کردم هەموو ئەو خەونانەی کە تۆم تیا دەبینی.. بە دەستەکانی خۆم، بیانخنکێنم. بەڵام دڵنیا بە ئەوەی هیوایەکی بەم ژیانە تاڵەم بەخشییەوە، تەنیا بینینەوەی چاوەکانت بوو. تەنیا ئەو نیگایانەتە کە درێژە بە هەناسەکانم ئەدەن و لە چاوەڕوانیتدا ڕۆژە تاریکەکانم ئەژمار دەکرد. ئێستاش کە تۆ دەبینم، هەستێکم بۆ دەسپێکردنەوەی ئەو ژیانە لە ناخمدا سەوز دەبێتەوە.

هەنگاوەکانم لەگەڵ ئەو پەیڤانەدا، کە لە قووڵایی ناخمەوە دەهاتنە دەرەوە، منیان گەیاندە بەردەمی. هەستم کرد هێزێکی لەڕادەبەدەر، لە قووڵایی ناخی هەردووکماندا، بۆ یەکتریمان کێش دەکا. ئەوەندە لێک نزیک بووین هەڵمی هەناسەمان تێکەڵی یەکدی بووبوو. تەواو لە خۆمان بێئاگا بووین. سورکێو بە دەستە ماندووەکانی، شانە گۆشتنەکانی توند گرتم و بە خۆیەوە نووساندمی. بە دەنگێکی تاساوەوە پێی وتم:

– ئێستاش خۆشم دەوێی.

ئەو وشەیەی، ئاگری لە هەناوم بەردا. لە ئامێزە گەرمەکەیدا، چێژم لە لاوازی خۆم دەبینی. بە تۆنێکی وروژێنەرەوە وەڵامم دایەوە و پێم وت:

– لە تۆ زیاتر.

لەو کاتەدا کە بەردەوام لە قوڵایی چاوەکانی یەکترمان دەڕوانی، بەتاسەوە دەممان لەنێو دەمی یەکتری نابوو، سورکێو لەگەڵ مژینی لێوەکانمدا، زێدەتر جەستە نەرم شلەکەمی لە جەستە ڕەقەکەی خۆی توندتر دەکرد. لەو

کەشە ساردەدا، ناخمان بە ئاگری عەشق، جۆشدار بوو. ئاگر لە جەستەمان دەچۆڕا. ئای لەو ساتە ئەفسووناوییە خاتوو مۆڵی! ئێستاش هەست بە خرۆشی و موچورکی ئەو ماچە دەکەم کە لێوە ساردەکانم گەرم دەکاتەوە. ئاخر ماچێک ئەگەر لە ویستێکی پڕلە عەشقەوە بکرێ، زۆر بەچێژترە لەوەی لە باوەشی پیاوێکدا بیت، بە هەستەکانت نامۆ بێت.

ئێمە لەنێو ئامێزی یەکتریدا، وەک بەلەمێک لە نێو دەریایەکی مەنگدا، ئاراممان گرتبوو.بەدەم یەکتر ڕاژەنینەوە، ئازاری ناخی یەکتریمان هەڵدەلوشی. لەو دۆخە ئەفسوناوییەدا،دەنگێک وەک شمشێرێک هەردوکمانی لەت کرد و هەر یەکەمانی بە لایەکدا بڵاو کردەوە. ئاوڕم دایەوە و بینیم سەرکەوت لە نزیکمانەوە، وەستابوو. بەو چاوانەی کە لە ئاگری ناخیدا سور هەڵگەڕابوو، لێمانی دەڕوانی. کە وتەی ((ئەوە چی دەکەن))م بە دەنگی سەرکەوت ژنەوت، تێگەیشتم لەوەی هیچ پاساوێکمان نەماوە بۆئەوەی هەستەکانمانی پێ بشارینەوە. ئێمە لە جێگەی خۆماندا، بەبێ جووڵە، لە چاوەڕوانیی هەڵوێستی ئەودا بووین.

ئەوەندەی نەبرد، سەرکەوت، هەموو توڕەیی ناخی دایە پێکانی و هەڵی کوتایە سەر سورکێو. بە دەم لێدانە بە زەبرەکانیەوە کە لە سەر و گوێلاکی سورکێو ی ئەسرەواند. هاواری دەکرد و دەی وت:

– هەی خوێڕی.... تۆ چۆن لەگەڵ ژنەکەمدا بێڕەوشتی دەکەیت؟ هەی ناپیاو.. بەخوا ئەتکوژم..

من لە جێگەی خۆمدا کە زمانم لە گۆ کەوتبوو،

هەموو جەستەم دەلەرزی. سورکێو بەردەوام بەرگری لەو مستەکۆڵانەی سەرکەوت دەکرد، کە بێبەزییانە تێی دەسرەواند. من کە پێکانم بە زەوییە ساردەکەوە چەسپ بووبوون، سورکێو بە دەنگێکی بەرز گوڕێکی پێ دامەوە، وتی:

– شەونم تۆ ڕا کە، خەمی منت نەبێ.

سەرکەوت بەهۆی شەڕی لەگەڵ سورکێو، بێئاگا بوو لەوەی من لە دەستی قوتار دەبم. بەڕاکردن بەرەو دەرگاکەی دەرەوە چووم. ئەو شارە لەپێش چاومدا هێندە بچوک بووبوو بۆ خۆیشم نەمدەزانی سەر بە کوێدا بکەم. ئەوەندە نەبێت بە ڕەنگێکی هەڵبزرکاوەوە کە ترس و دڵەڕاوکێ یەکی زۆر لە سیمامدا بە ڕوونی دەبینرا، بێئاگایانە بەرەو ئەو شەقامە هەڵهاتم کە چەند خوولەکێک لەماڵمانەوە دوور بوو.

خۆم خزاندە ناو یەکێک لەو تەکسیانەی کە بەردەوام بۆ کارکردن لەو شوێنەدا مۆڵیان خواردبوو. شۆفێرەکە لە ڕەفتار و سیما هەڵبزرکاوەکەمدا، هەستی بەوە کرد کە ژیانم لە مەترسیدایە. پێم وت:

– تکا دەکەم قوتارم کە.

بە خێرایی بە و شەقامە لێژەدا شۆڕ بۆوە کە شارێگەی ئەو کۆڵانەبوو. بەردەوام ئاوڕم بۆ دوای خۆم ئەدایەوە. ترسی ئەوەم هەبوو سەرکەوت بەدووم کەوتبێت. شوفێرەکە لە ئاوێنەکەی بەردەمیەوە بەردەوام چاودێریی ڕەفتارە ترسئامێزەکانمی دەکرد. ئێستاش خۆزگەی ئەوە دەخوازم هەر لەو کاتەدا پێکانم لەکار کەوتبان و لەو ماڵە

هەڵنەهاتبام و چاوەڕوانی ئەو چارەنووسەم کردبا کە لەوێدا تێی کەوتبووم. بەڵام قسەی ئەو شۆفێرەی کە چارەنووسی منی بۆ ئەو ژیانە لیخنە گۆڕی، ئەوە بوو کە وتی:

– خۆشکم.. دەتەوێت بتگەیەنمە بنکەی پۆلیس؟! یان بۆ جێگەیەکی ترت بگەیەنم؟!

بۆ خۆیشم نەمزانی بۆچی ئەو هەستە خۆپارێزیەم لا دروست بوو. ئەو جەستەیەی خۆم کە لەو ساتەدا زۆر لام بەنرخ بوو، لە مردن پاراستم. دواجار بە ویستی خۆم، شەوانە، بەبڕێک پارە، دەمفرۆشت. بێئەوەی بەزەیم بەو ڕۆحەی خۆمدا بێتەوە، کە لە ناویدا بەدەم ئازاری هەستەکانمەوە دەیناڵاند. بیرم لەوە کردەوە پەنابردنم بۆ بنکەی پۆلیس دۆخەکە ئارام دەکاتەوە. نەمزانی لە بێئاگایمدا بوومەتە هۆکاری تاوانێک کە ئێستاش ڕۆحم بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

متمانەم پێ بکە خاتوو مۆڵی. ئێستاش کە ئەم تۆمارە بۆ تۆ پڕ دەکەمەوە، ناخم ئازار دەچێژێ. هەموو ئەو ڕۆژانەم بیر دێتەوە کە ژیان تێیدا ماندووی کردم و خەونەکانی لێ سەندمەوە. لێم گەڕێ با بە ئازاری ناخی خۆمەوە بناڵێنم. با ئەمشەو ڕۆحم بە تەنیا ئاوێزانی خەمەکانم بێت. توانای ئەوەم نەماوە چیتر ئەو دیمەنە بەئازارانە، بە ڕۆحم، ئاشنا بکەمەوە. لێگەڕێ با لە تەنیایی خۆمدا، خۆم بخۆمەوە. خەریکە متمانەم بە هەڵسانەوە لەدەست ئەدەم.

بیرگەلێک کە بە مەرگ ئاشنام دەکات، ئەو خەونەم لەپێش چاوەکانم دەکاتە سەرابێک و لە پاکبوونەوەی ناخم، بێئومێدم

دەکات. چیتر توانای ئەوەم نەماوە کە بۆ تۆش بدوێم. ئێستا ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەوەندە بگریم تا ناخم دەبێتە ئاو. بمبورە.. ئەمشەو نەمتوانی ئەو چیرۆکە ئازاربەخشەت بۆ تەواو بکەم کە تۆ چاوەڕوانی بوویت تا بیکەیتە هۆکارێک بۆ مافی پەناهەندەییم.

له خوێندنەوەی تۆمارەکان ماندووبووم. لە کاتژمێرەکەم ڕوانــی، سەعات سێ و چارەکی سپێدە بـوو. ئـەو ڕۆژە بەهۆی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ بەهرۆز، ماوەی خوێندنەوەی تۆمارەکانی لێ کورتتر کـردمـەوە. هەستم کرد چاوەکان خەوێکی قووڵیان تێ زاوە. ئەو بەشەی کە تێدا وەستابووم لە خوێندنەوە، گۆشەی لاپەڕەکەیم چەماندەوە و لەسەر مـێزەکەی لای خـۆمـەوە دامـنـایـەوە. سـەرم خستە سەر سەرینەکەو بیرم لەو ژیانە تاڵەی شەونم دەکردەوە. لەگەڵ هەستکردنم بە ئازارەکانی، ڕۆچوومە خەوێکی نائارامەوە.

# ڕۆژی چوارەم

## - ١٠ -

بە وێنەیەک ئاوێتەی تۆمارەکانی شەونم بووم، لە ناخیدا دەژیـام. لەگەڵ گێڕانەوەی هەموو ئەو کارەساتانەی کە چارەنووسی ئەویان بە گرفتەکانی ژیان دەناساند، من لە خۆمدا ئازارم دەچەشت. لە زۆری ئەو ساتانەی بۆ پشوویەک سەرم لەسەر ئەو لاپەڕانە بڵند دەکردەوە کە شەونم تێیدا وێستەی کـردبـوو. هەستم بـە تـەڕیی چاوەکـانـم دەکـرد. نەک لە ڕواڵەتدا، بەڵکو لە ناخیشەوە دەگریام. دڵم وەک گۆمێکی مەنگ، بەهێمنی، لەو پڕ دەبوو. ئەو بە هەستێکەوە چیرۆکەکانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، ڕۆحمی ئاوێزانی خۆی دەکرد و بە چرکەساتی ئازارەکانی خۆی دەناساندم.

بیرم لەوە دەکـردەوە کە مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەگەڵ کۆت و بەندی کەلتووریێکدا هـەڵ بکات کە بە سروشتی مرۆڤایەتیی خۆی، نائاشنایە! بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، بیرمەندەکان کە سەرچاوەی بیری شارستانیەتی مرۆڤایەتی بوون، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە ڕێگەی بۆچوونەکانیانەوە،

ڕێڕەوێک بۆ ژیان بدۆزنەوە. تێیدا مرۆڤایەتی لەو کۆت و بەندانەی کە بیری تاریکی سەرەتاکانی گەشەی مرۆڤایەتی، دروستی کردوون، قوتار بکەن. تەنیا بۆ ئەوەی ژیان وەک سروشتێکی سادەی خۆی، ڕێ بکات و هەستە شاراوەکان لە ناخی مرۆڤایەتیدا، پەنگ نەخواتەوە و تۆوی تاوان بۆ بەدیهێنانیان، تیا چرۆ نەکات.

هەنووکەش لەگەڵ هەموو ئەو ئازادیانەی کە مرۆڤ تێدا ڕاستگۆیانە خۆی پێ دەناسێنێت، یاساکان ڕۆژانە لە گۆڕانکاریدان بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی شایستە و ئارام بەخش، کە هەستی ڕاستەقینەی تاکەکانی تیا ڕەنگ بداتەوە. مرۆڤ کاتێک موچوڕکی خۆشبەختی ناخی دەهەژێنێت، چێژ لە بوونایەتی خۆی دەبینێت. ئیتر مرۆڤ دەیەوێت هەمیشە لەگەڵ هاوشێوەی خۆیدا بژی، کاتێک لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بەریەک دەکەوێت، کە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا وەک ئاوێنەیەک خۆی تیا ببینێت. ئەگەر نا.. تەنیایی دەبێتە حەزێکی دانەبڕاوە لە ژیانیدا. من ئەو هەستەم، لە ناخی خۆمدا دەبینی. هەربۆیە بەپارێزییەوە لە لیۆن م دەڕوانی. تا ئەو کاتەش هەستەکانم سنوربەند کردبوو، کە لەناو ئەندێشەی خۆمدا ڕامابوو.

کەسێک تەقەی لە دەرگای نووسینەگەکەم دا. بەدەنگێکی نەرم، فەرمووی هاتنە ژوورەوەم لێ کرد. بینم لیۆن خۆی بە ژوورەکەدا کرد. بەهەمان ئەو قاتەوە هاتبوو کە شەو لە چێشتخانەکە لەبەری کردبوو. چەپکێک گوڵی، بەدەستی ڕاستیەوە گرتبوو، بە ئەتەکیەتێکەوە کە خەندەی سەر لێوەکانی کەمێک سارد کردبوو، هاتە نزیکمەوە و لە بەردەم

مێزەکەمدا وەستا. چاوەکانم لە ڕاڤەی ئەو هاتنە لەناکاوەی، لەسەر ئەو، وێستەیان کردبوو. گوڵەکانی بۆ درێژکردم و بە دەنگێک کە لە ناخێکی پڕ لە عەشقەوە دەهاتە دەرەوە، وتی:

– بەیانیت باش ئەزیزم..

منی بۆ لای خۆی هێنایەوە. بەهەستێکی نامۆوە گوڵەکانم لێ وەرگرت. بۆنی خۆشی ئەو گوڵانەی کە وەک جیاوازیی ڕەنگەکانیان، دەهاتە لوتمەوە، دەروونی ئارام کردمەوە. بۆ ئەوەی ئەوەندە لە چاوەڕوانی مۆڵەتی مندا بەپێوە نەوەستێت، بە ڕێزەوە داوام لێ کرد کە دابنیشێت. قۆپچەی چاکەتەکەی ترازاند و لەسەر ئەو کورسیە دانیشت کە کەوتبووە لای ڕاستی مێزەکەمەوە. من لەو کاتەدا بیرم لە ڕاڤەی ئەو دوو ڕەنگی گوڵانە بوو کە بۆمی هەڵبژاردبوو. لە خۆمدا دەمویست وەک دەروونناسێک لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانیەوە، کەسایەتی و تێڕوانینەکانی، سەبارەت بەخۆم، هەڵبسەنگێنم.

گوڵە سوورەکانم بە هەستێکی خۆشەویستی و عەشق دەچواند. کە وەک نەریتێک عاشقەکان لە بۆنەکاندا تەنیا ئەو ڕەنگە دەکەنە سومبولی دەربڕینی هەستەکانیان. بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەو گوڵە سپیانە بوو کە لە ناوەڕاستی چەپکەکەدا بوون، لەسەر شێوەیەکی بازنەیی بە گوڵە سورەکان دەورە درابوون. ئەو گوڵە سپییانە نازناوەکەی شەونم ی بەبیر هێنامەوە، کە وەک سومبولێکی پاکیزەیی خۆی، بۆ ناونیشانی فەیسبوکەکەی، دای نابوو. هەستم کرد لیۆن دەیەوێت بە زمانێک لەگەڵم بدوێت، کە هەموو ژنەکان، لە ڕێگەی ئەو ڕەفتار و جووڵەی جەستەیانەوە، دەیانەوێت

پەیامەکانی ناخیان بگەیەنن.

ئاخر ژن، سروشتێکی جیاوازە. کاتێک هەستەکانیان لە جەستەیاندا بەرجەستە دەبێت، وێنەگەلێکی ئەفسووناوی هەستبزوێن لە نیگای پیاواندا دەخولقێنن. تەنانەت کاتێک ئاو دەخۆنەوە، دەیانەوێت وێنەیکی بەچێژ بەو ڕەفتارەیان بدەن.

ئەو ڕەفتارەی لیۆن، بۆ من نامۆ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەستەی پێ بەخشیم کە بە ئومێدێکەوە لە سەردانەکەی بڕوانم. گوڵەکانم خستە ناو ئەو ئینجانەیەوە کە لەسەر تاقی پەنجەرەکەی پشت خۆمەوە، دام نابوو. پاشان بۆئەوەی مەبەستی هاتنەکەیم لا ڕوونتر بێت، وتم:

– پێدەچێت کارێکی گرنگ تۆی بەم ناکاوە هێنابێت.

دیاربوو کە وتەکانم کاریگەریی لەناخی کردبوو، فەرمیەتێکی بە ڕەفتارەکانی خۆی دایەوە و پاڵی دا بە کورسییەکەوە و بە هەواڵێک سەرنجەکانمی لە خۆیدا کۆ کردەوە و وتی:

– وێڕای پارێزەرەکەی، بەهرۆز زانیاری نوێی درکاندووە، بەهۆی زانیارییەکانت لە بارەی تۆمارەکانی شەونمەوە کە پێت وتم، فشارێکی زۆرترم لەسەر دروستکردووە. سەرەتا دڵنیا نەبووم لەوەی دادوەرەکە مۆڵەتی بەندکردنی کاتی درێژتر بکاتەوە، کاتێک دادوەرەکەم لە بوونی زانیاریی تۆمارەکان ئاگادار کردەوە، ئیتر بڕیاری مانەوەی بەندکردنی درێژخایەنی بەسەر دا سەپاند، تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەکان دەگەنە پلەی کۆتایی. هەرچەندە پارێزەرەکەی داکۆکییەکی زۆری لێ کردبوو کە بێتاوانە و هیچ بەڵگەیەکی ڕوون نییە

بۆئەوەی بەهرۆز ئازادبوونی کاتی نەیگرێتەوە. بۆ ئەوەی بشتوانم لە ڕێگەی فشارە دەروونییەکانەوە ناچاری ئەوەی بکەم دان بە تاوانەکەدا بنێت، ڕاستەوخۆ پێم وت:

(هەموو بەڵگەکان لە دژی تۆن. بەتایبەت شەونم لە ڕێگەی تۆمارێکی بەڵگەییەوە بە دەنگی خۆی، ناوی تۆی هێناوە، کە چاودێریت کردووە بە مەبەستی کوشتنی).

هەرچەند من گوێبیستی وشەی کوشتن نەبووم لەلایەن ئێوەوە، بەڵام بیرم لەوە کردەوە ئەگەر بەو شێوەیە قسەی لەگەڵدا بکەم، پێدەچێت ئەو دەستی لە تاوانی کوشتنی شەونمدا هەبێت و ناچار ببێت کە ڕاستیەکانی ناخی بدرکێنێت. دوێنێ شەو لەدوای ئەوەی لە بەڕێزتان جیا بوومەوە، بەهرۆزم بانگهێشتی ژووری لێکۆڵینەوە کرد و بەو شێوەیە دواندم. ئەو سەرەتا دەیویست نکوولی لەوە بکات هیچ پەیوەندیەکی بە شەونم وە نەبێت، بەڵام لە چاوەکانیدا هەستم بە شتێکی شاراوە دەکرد کە لە ڕێگەی شێواندنی نیگاکانییەوە، دەیویست بیانشارێتەوە. ئیتر ئەوە بووە هۆی ئەوەی فشارە دەروونییەکانم لەسەری زیاتر بێت. دواجار بە ناچاری وتی:

(بەهۆی ئەوەی هاوسەری شەونم ئامۆزامە، براکانی سەرکەوت، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، داوای ئەوەیان لێ کردم بە وردی چاودێری شەونم بکەم.. ئاگاداری بم).

کاتێک بەهرۆز باسی تەلەفۆنی بۆ،کردم بیرم لەوە کردەوە هەموو تۆمارەکانی بەهرۆز لەو ماوەیەدا دەر بهێنم و لێیان بکۆڵمەوە. دواجار بۆ ئەم بەیانییە توانیم

ئەو تۆمارانە بدۆزمەوە کە لەگەڵ براکانی سەرکەوت ی هاوژینەکەی شەونم قسەیان کردبوو. لە تۆمارەکاندا براکانی سەرکەوت، بەهرۆز لەوە ئاگادار دەکەنەوە، کە بەردەوام بە دوایدا گەڕاون و نەیانتوانیوە شەونم بدۆزنەوە. پاش ماوەیەک زانیاری ئەوەیان پێ دەگات کە شەونم لەماڵێکدا کاری لەشفرۆشی دەکات، کاتێک ئەو ماڵە ئەدۆزنەوە و پرسیاری شەونم دەکەن، پێیان دەڵێن کە شەونم زیاتر لە دوو هەفتەیەک دەبێت بەرەو هەندەران هەڵ هاتووە. ئیتر داوا لە بەهرۆز دەکەن ئەگەر لەهەر شوێنێک دەستی پێی بگات شەونم بکوژێت و تۆڵەی برابەندکراوەکەیان بۆبکاتەوە و شەرەفیان خاوێن بکاتەوە.

ئەو بەڵگە دەنگیانەم ڕاستەوخۆ خستە بەردەم دادەوەر، دواجار بەهرۆز بەناچاری، ئەم بەیانییە دانی بەوەدا نا کە بە مەبەستی کوشتنی شەونم، چاودێریی ماڵەکەی کردووە و بەدوای کاتێکی گونجاودا گەڕاوە بۆ تۆڵەکردنەوەی ئامۆزاکەی. بەڵام بۆئەوەی خۆی لە تاوانی کوشتنەکە بدزێتەوە، دەڵێت:

( کاتێ شەونم هەستی بەوە کرد کە چاودێریی دەکەم، ئیتر نەمبینیەوە. وا پێدەچوو کە پۆلیسی لێ ئاگادار کردبێتمەوە. منیش بۆئەوەی خۆمی لێ بەدوور بگرم، ئەو ماوەیە لە دوورەوە چاودێریم دەکرد. ئیتر نازانم کێ شەونمی کوشتووە. پێدەچێت لە دوای ئەوەی ناونیشانی شەونم م بە ئامۆزاکانم دابێت، بەبێ ئاگاداری من، لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە، کوشتبێتیان. بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە کە من

هیچ دەستێکم لە کوشتنی ئەو ژنەدا نییە).

هەموو ئەو وتانەی بەهرۆز م گەیاندە دادوەر، ئەویش مافی بریگرتەی لی سەندۆتەوە تا ڕۆژی دادگا.

مۆڵی.. دەمەوێت تۆ وەک پارێزەرێکی شەونم، خۆت بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەیت و لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو ئەو زانیاریانە بیت کە بە دەستم هێناوە. تۆ دەتوانیت ئێستا سەردانی بنکە بکەیت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان.

ئەوەی وت و نیگای چاوەکانی لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو کە بڕیاری ئەوە بدەم و سەردانی بنکەی پۆلیس بکەم. بەڵام من باسەکەم گواستەوە سەر گوڵەکان و پێم وت:

– کەواتە ئەم گوڵانە پەیوەندی بەو هەواڵە گرنگەوە هەبوو.

زەردەخەنەیەکی شەرمنانە، لێوەکانی لیۆن ی بزواند. بە دەنگێکی نزمەوە کە شەرمی لێدەچۆڕا وتی:

– ئەوە تەنیا هەستێکی هاوڕێیەتیی منە بۆ تۆ. ئەگەر ڕەنگی گوڵەکانت بە لاوە جوان نییە، دەیانگۆڕم.

کە ئەوەی وت، هەستم کرد خستومەتە دۆخێکی دژوارەوە، بە خەندەیەکەوە پێم وت:

– نا.. مەیانگۆڕەوە. هەردوو ڕەنگەکان بەلامەوە زۆر جوانن. بەتایبەت گوڵە سپیەکان کە هەستی شەونم ی تیا دەبینم.

بە گومانێکەوە لێی ڕوانیم و وتی:

– دیارە شەونم ت زۆر خۆش دەوێت، هەربۆیە بەتەنیا گوڵە سپەیەکانت بە لاوە پەسەندە.

کە بەو شێوازە وەڵامی دامەوە، دڵنیابوم لەوەی لە چاوەڕوانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوەدایە، دوودڵیی ناخم، ماوەیەک بێدەنگی بە نێوانمان بەخشی. ئەو بەردەوام چاوەکانی لەسەر لێوەکانم بوو. منیش بەناخی خۆمدا ڕۆچووبووم. بیرم لەوە دەکردەوە لیۆن لە چاوەکانمدا درکی بەو هەستەی ناخم کردبێت کە خۆشەویستی ئەو، ناخی هەژاندووم. وەک چۆن سورکێو لە چاوەکانی شەونم ئەو هەستەی بەدی کردبوو کە دەیویست بیانشارێتەوە. دڵنیام هەر بەو شێوازە، دەتوانێت خۆی لە مندا بدۆزێتەوە. ئێستا بێت یان دواتر، وام لێ دەکات بە ویستی خۆم دان بەو خۆسەویستیەی ناخمدا بنێم، بۆئەوەی ئەو دۆخە بە لای خۆمدا بشکێنمەوە. بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە وتم:

- بە دڵنیاییەوە.. گوڵە سورەکان هەستێکی جیاوازم پێدەبەخشن.

هێشتا کاتژمێرێکی مابوو بۆ ئەوەی کۆتاییی بە کارەکانم بهێنم. لەتەک لیۆن بەرەو ئەو بنکەیە ڕۆیشتین کە کاری لێ دەکرد. بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە، هاوکاریی دەکردم. ئەو بەڵگەنامانەی تایبەت بوو بە دانپیادانانەکانی بەهرۆز، هەمووی بۆ کۆپی کردم و خستیە ناو فایلێکەوە و دایە دەستم. دوای تەواوبوونی کارەکان، داوای ئەوەی لێ کردم کە پێکەوە سەردانی قاوەخانەیەک بکەین، بۆئەوەی لەمەڕ کارەکانەوە گفتۆگۆی ئەوە بکەین، چۆن دۆسییەکەی شەونم بە تەواوی و بە بەڵگەکانەوە، ئامادەی دادگا بکەین.

تا ئەو کاتەی کە ماوەی نیو کاژێرێک لە قاوەخانەکە

دانیشتبووین، لیۆن فەرمیانە ڕەفتاری لەتەکدا دەکرم. هەستم کرد دەیەوێت بەهۆی کارەکانیەوە خۆی لەو هەستەی ناخی بشارێتەوە. بەڵام من گەمەکەم بەو ئاراستەیەدا برد کە ئەو چاوەڕوانی نەبوو. ئاخر چۆن دەبێت ئەو بۆ خۆی دەسپێکی ئەو گەمەیە بێت و ئێستا خۆی لێ بەدوور بگرێت! هەوڵم دا بە پرسیارێک هەڵسوکەوتە نامۆکانیم بۆ ڕوون بکاتەوە و پێم وت:

– چۆنە تا ئێستا کەسێک لە ژیانتدا نییە؟!

من چاوەڕوانی ئەوە بووم تەنیا بە وشەیەک وەڵامی ئەو پرسیارم بداتەوەە کە مەبەستم بوو بیهێنمەوە ناو ئەو گەمەیەی کە چێژێکی تایبەتی پێ دەبەخشیم. بە نیگایەکی پڕلە گومانەوە لێمی ڕوانی و پاشان بە هەستێکی ئازار بەخشەوە دوا و وتی:

– کاتێک کەوتمە ناو دنیای خۆشەویستییەوە، هێندە ساویلکانە ڕەفتارم دەکرد، وام ئەزانی ژیان تەنیا ئەو ساتەیە کە لەگەڵ عاشقەکەمدا لەسەر سیسەمی نووستنەکەم، بەسەری دەبەم. بەڵام دوای ئەو ماوەیەی کەزۆر بەخێرایی جەستەمان لە یەکتری تێر بوو، تا دەهات وەک دوو ڕێگەی جیاواز، لە یەکدی دوورتر دەکەوتینەوە. هەستم کرد ڕۆژبەڕۆژ لە ناخی یەکتریدا کاڵتر و کاڵتر دەبینەوە. بە هێندەیەک، وەک دووکەسی نامۆ، لە یەکتریمان دەڕوانی. مەودای هەستەکانمان بۆ یەکتری هێندە دوور بوو، تەنانەت لە نزیکی یەکتریشەوە بووینایە، هەستمان بە یەکتری نەئەکرد. ئیتر بڕیاری ئەوەمان دا کە هەریەکەمان بە دووی چارەنووسی

خۆمان بکەوین. دواتر یەکترمان لەو زیندانە وەهمیە قوتار کرد کە لەهەستی خۆماندا دروستمان کردبوو. دڵنیابە مۆلّی، مرۆڤ کاتێک لە سەرەتای شکستی خۆشەویستیدا بێت، تەنانەت متمانەی بە هەستەکانی خۆیشی نامێنێت. بەڵام چی دەکەیت! مرۆڤ سروشتێکی نامۆی هەیە بۆ خۆشەویستی. تا تەمەنت بەرەو هەڵکشان بڕوا، لە بەردەمیدا منداڵتر دەبیتەوە و پێویستیی بە کەسێکە کە هەستەکانی بڵاوێنێتەوە. من لەو ئەزموونەوە فێری ئەوە بووم بە ڕێزەوە لە هەستەکانم بڕوانم. لەو ساتەوە لەناو تەنیایی ناخی خۆمدا دەژیم و دڵم لەخۆم کڵۆم دابوو. هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە دڵم بە نیگای شوخێک ئاشنا بێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژەی تۆم لە ئامێزی خۆمدا بینییەوە، ناخم وەک بیابانێکی وشک، تامەزرۆی خواردنەوەی نیگاکانت بوو. هەستم کرد بە ڕۆحم ئاشنا بوویت. تا دەهات دڵم بە خۆشەویستیت پڕتر دەبوو.

لیۆن بەجۆرێک ئەدوا، هەرگیز متمانەم بەوە نەبوو ئەو وشانە لە دەمی کەسایەتییەکی سەربازیی ڕەق ڕەفتاری وەک ئەو، بێتە دەرەوە. لەناو وشەکانیدا، هەستم بە جوانیی ناخی دەکرد، کە ئاوێزانی عەشقێکی ئەفسوناوی بوو. ئەو ڕۆژە، وشەکانی وەک ئاگرێک جەستەمی گەرم کردەوە. ڕاستەوخۆ دڵی ئەدواندم و ئارامی بە ڕۆحم دەبەخشی. فشاری خوێنی جەستەم کە ئاوێتەی شەرمێکی هەرزەکارانە بوو، ڕەنگێکی سوورتری بە سیمام بەخشی. ئەو بە چاوێکی پڕ لە چێژەوە لێمی دەڕوانی. من بیرم لە ڕێگایەک دەکردەوە بۆ ئەوەی خۆم لەو ڕاڕاییەی کە تێی کەوتووم، قوتار بکەم. وتم:

– تەنیا پرسیارێک بوو کردم.. بمبوورە.. هەستدەکەم ئامادەی ئەوە نیم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەت بدەمەوە.

لە دوانیگاکانیدا خۆم بە یەکێک لەو تاوانکارانە دەبینییەوە، کە چۆن لێیان دەڕوانێت و هەموو ڕێگاکانی هەڵهاتنیان لێ دەگرێتەوە کە لە چاوەڕوانی وەڵامێکی دروستدا، ئارام دەگرێت، بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانیی ئەو دۆخەدا نەمێنێتەوە. داوام لێ کرد بەرەو ئەو پارکە ڕێ بکەین کە هێشتا بەفر پەلی درەختەکانی، لە خۆیدا شاردبووەوە. ئێمە بە هەنگاوە کورتەکانمان، بەناو ئەو بەفرەی کە هەناسەی تێدامابوو، ڕێمان دەکرد. تەنیا دەنگی خرمەی پێکانمان دەهات کە نەخشەی هەنگاوەکانمانی لەسەر بەفرەکە دەنەخشاند. وتم:

– بەفر بۆیە جوانە، چونکە بە ئارامی دەبارێت و هەموو ڕەنگەکانی سروشت لە خۆیدا سپی دەکات.

لیۆن مەبەستی قسەکانمی لە خۆیدا دۆزییەوە و بە دەنگێکی نەرمەوە وەڵامی دامەوە و وتی:

– ئەی گوڵی سپی ئەو وشەیەی شەونم ی هێنایە نێوانمانەوە.

– تۆ دەزانیت شەونم نازناوی گوڵی سپی یە؟

بە گومانێکەوە لێمی ڕوانی. وەکئەوەی بیەوێت لە دروستیی قسەکانم دڵنیا بێتەوە، پاشان وتی:

– بۆ چی ئەو نازناوەی هەڵبژرادووە؟

– ئەو پێشتر ئەو نازناوەی لە پاکیزەیی جەستەی خۆی نابوو، بەڵام دیارە بە ناچاری بووەتە سۆزانی، بۆیە دەیویست لێرە ئەو نازناوە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە.

- مۆڵی، دەزانیت هەموو ئەوانەی کە تاوانێک یان هەڵەیەک دەکەن، وا هەست دەکەن کاتێک کە دەستبەرداری بوون، ئیتر هەموو شتەکان وەک خۆی لێ دێتەوە؟

- مەبەستت چییە؟

- بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە کارم لە لێکۆڵینەوەی تاوانەکاندا کردووە، بە تاوانباری زۆر، ئاشنا بووم. ئەوانەی لە ناخەوە چێژ لە تاوانەکانیان دەبینن، هەرگیز هەست بە پەشیمانی ناکەن. تەنانەت ئەو نازناوانەیان لە خۆیان ناوە کە هاوشێوەی دڕندەکان بن. بۆ نمونە ناوەکانی وەکو: شێرە ئازاکە، ڕێوی دارستان، یان گورگی تینوو....هتد. هەموو ئەو ناوانە ڕەنگدانەوەی کەسێتییانە. ئەوانە هەرگیز هەست بە ئازاری ویژدانی خۆیان ناکەن. مرۆڤ کاتێک لە ناخەوە هەست بە پەشیمانی دەکات بەرامبەر هەڵەکانی، بەدرێژایی تەمەنی، ناخی ئازار دەچێژێت، هەرگیز ڕۆحی ئاسوودە نابێت. من بڕواناکەم شەونم بەو شێوەیە بیری لە خۆی کردبێتەوە. زۆر لەو ژنانەی کە کاری لەشفرۆشیان کردووەتە پیشە، سەرەتا بە گومانەوە دەست پێدەکەن، دواتر ئەو کارە لەگەڵ کەسێتییان ئەتوێتەوە و لە ڕەفتارەکانی جەستەیاندا، ڕەنگ ئەداتەوە و چێژی لێ دەبینن.

پێدەچوو لیۆن، لە ڕوانگەی کورتی ئەو یاسایانەوە، لە تاوان بڕوانێت کە بەندکردن وەک سزایەک تاکە هۆکار بێت بۆ ناچارکردن و تۆقاندنی ئەو تاوانبارانەی کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکردن، هەربۆیە بەرەو ڕووی بۆچوونەکانی بوومەوە و پێم وت:

– تۆ بڕوات وایە کە هۆکاری هەموو تاوانێک تەنیا لە ناخی کەسێتیی تاوانبارەکەوە سەرچاوەی گرتبێت؟

لیۆن بە متمانە بەخۆبوونێکەوە لێمی ڕوانی و وتی:

– بەدڵنیاییەوە.. سەرەتای تاوان، لەوێوە دەست پێدەکات کە تاوانەکە ئەنجام ئەدەن، ئەگەر نا تاوان ڕوونادات. مرۆڤ دەبێت لە بەردەم ئاستەنگەکانی ژیانیدا، ئارام بێت، تا نەگاتە ئاستی تاوان.

– لیۆن.. هەست دەکەم تۆ زۆر بە سادەیی لە ژیان دەڕوانیت. وەک ئەو عەشقەی کە بە سادەیی ئالوودەی بوویت. ژیانکردن بۆ خۆی هۆکاری تاوانە، ئەگەرنا ئێمە لەپێناویدا ناجەنگین.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێکی ئێوارە، هەردووکمان لە باسی هەڵە و تاوانەکان، تێوە گلابووین. من جیاوازتر لەو بیرم لێ دەکردەوە. متمانەم بەوە هەبوو کە مرۆڤ بە ویستی خۆی، ناتوانێت ئەو ژیانە هەڵبژێرێت کە بەردەوام خەونی پێوە دەبینێت. وەک شەونم کە دەیگوت: مرۆڤ لە سەرەتای یەکەمین هەنگاوی ڕێگایەکەوە، دەست پێدەکات، بۆ خۆیشی نازانێت ئەو ڕێگایەی کە وەک دارێک، چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، بە چ چارەنووسێکی نادیاری دەگەیەنێت.

کاتێک ژیان مرۆڤەکان ناچار دەکات بۆ ژیانێک کە ویستی خۆیان نییە، دەبێت بە ناچاری ئەو تاوانە بە بەرۆکی کەسێتیی خۆیاندا هەڵواسن و خۆیان بە خاوەنی بکەن. لە وڵاتێکی وەک سوید، کە ژیان تێیدا ئارامە و یاساکان بەردەوام لەگەڵ ویستی تاکەکانیدا لە گۆڕانکاریدایە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا،

تاوان لە هۆکارە دەروونییە شەڕەنگێزییەکانەوە، سەرچاوە دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا، کەسانێک تێوەی دەگلێن، کە لەپێناو ئارامیی ژیانکردندا، گۆشەگیرن. چما لەو کۆمەڵگایانەی کە برسێتی و نایەکسانی و زۆرداری، تەنگی بە ژیانی مرۆڤەکان هەڵچنیوە.

دەبێت لەو دۆخەدا مرۆڤەکان چۆن بیر لە ژیان بکەنەوە! چۆن بتوانن لە بەردەم هەموو ئەو ماندووبونەیان لەژیاندا، سنوربەندی ناخ و خەونەکانی خۆیان بکەن و درێژە بەو ژیانە مەرگئاسایە بدەن کە کەسانێک وەک خوداوەند گەمە بە چارەنووسیان دەکەن!

تۆمارەکانی شەونم، هەموو بیرکردنەوەکانمی بۆ ژیان گۆڕیبوو. وای لێ کردبووم بەناو ڕەگی تاواندا شۆڕ ببمەوە، وەک ئەو شۆڕبوونەوەیەی کە شەونم بە ناخی خۆیدا ڕۆچووە. کاتێک مرۆڤ بە چاوێکی تاوانبارەوە لە مرۆڤ دەڕوانیت، ئیتر هیچ شتێک نامێنێتەوە بۆئەوەی ئەو مرۆڤە هەست بە هۆکاری تاوانەکەی بکات. تەنیا ئەوە نەبێت کە بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت، بۆ دورخستنەوەی خۆی لەو تاوانە. من بیرم لەوە دەکردەوە کە نیگایەک، یان خەندەیەکی گاڵتەجاڕانە، بەس بێت بۆئەوەی ئارامیی ناخی مرۆڤێک، بشێوێنێت و بە ئەنجامدانی تاوانێک، ناچاری بکات.

مرۆڤ بۆ خۆی، ڕۆژانە، لەو جەنگە دەروونیانەدا ژیان دەکات، کە سروشتی مرۆڤایەتیی پێک هێناوە. خەونەکانی مرۆڤ، زۆر لەو ژیانە مەزنترە کە تێیدا دەژی. هەر ئەوەشە وا دەکات مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ ژیاندا بجەنگێت. من بەو

شێوەیە تاوان و هەڵەکانم بۆ لیۆن ڕاڤە دەکرد، بەڵام ئەو بۆچوونەکانمی بە هەستێکی میهرەبانیی ژنان دەچواند. هەربۆیە بەو شێوەیە وەڵامم دایەوە و پێم وت:

– ئێوەی پیاو.. هەرگیز ناتوانن وەک ژن میهرەبان بن. تۆ بڕوانە.. ژن کاتێک دووگیان دەبێت، ئەو منداڵە لە هەناوی خۆیدا گەورە دەکا. بە بەشێک لە جەستەو لە ڕۆحی خۆی دەزانێت، هەربۆیە بە میهرەبانییەوە بیر لە هەڵە و تاوانەکان دەکاتەوە.

بەو قسانە، شەرمێک نیگاکانی لیۆن ی داگیرکرد و کۆتایی بەو پەیڤەی نێوانمان هێنا. کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە، هێشتا بەفرەکە شوێن پێی ئەو ڕێبوارانەی سپیتر دەکردەوە کە لە دوای هەنگاوەکانیانەوە جێ دەما. تۆمارەکانی شەونم، بەتەواوی بیری داگیر کردبووم. تادەهات لەخۆیدا نوقمی دەکردم. وەک خەونێک لە ئەندێشەمدا ئاسەوارەکانی دووبارە دەهاتنەوە پێش چاوەکانم. بە تەواوی ئالوودەی ئەو ژیانەی بووم کە وەک بەلەمێک لەنێو دەریایەکی بێئاماندا، لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی شەپۆلەکانیدا، مەرگ گەمەی بە چارەنووسی دەکرد. لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووم کە بگەمە ئەوەی چۆن چارەنووس هێنایە ئەم ڕۆژگارەوە و بە مەرگێکی پڕ لە ئازاری ناساند!

وەک هەموو شەوەکانی تر، قاوەیەکم بۆ ئەو شەوە پڕ لە چاوەڕوانییەی ناخم، دەم کرد. بە دڵێکی پڕ لە پرسیارەوە، دەستم کرد بە خوێندنەوەی تۆمارەکان.

- ١١ -

ئاخ خاتوو مۆڵی چیم بەسەر هات! وام دەزانی بە گێڕانەوەی خەمەکانم بۆ تۆ، ڕۆحی خۆم ئاسودە دەکەم! بەڵام هەتا زیاتر بەناخی خۆمدا شۆڕببمەوە، زیاتر ئەو کون کەلەبەرانە دەبینم کە ئازارو خەمەکانی ژیانمی تیا حەشار دراوە. بۆ خۆیشم نازانم لە کامیانەوە دەست پێبکەم و بۆتۆیان ڕوون بکەمەوە! سەیری هەر یەکێکیان دەکەم، وێنەی خەمێکی نەبڕاوە لە ژیانمدا دەنوێنێت. تکات لێ دەکەم.. گوێبیستم بە. بە هەستێکی ژنانەوە، لە ئازارو خەمەکانم بڕوانە. بزانە من چۆن لەو ژیانەدا تا دەهات بە چارەنووسی خەمەکانم ئاشنا دەبووم!

ئاسودەیی لە ڕۆح و بیری مندا یاخی بووبوو، دڵ و هەستەکانم بێئومێد بوون. لە چاوەڕوانیدا تامەزرۆی ئەوە بووم مەرگ وەک میوانێکی لەناکاو خۆی بە نێومدا بکات و بۆ هەتاهەتایە ئارامی بەو ڕۆحە شەکەتەم بدات کە ماندووی دەستی ئەو ڕۆژانە بوو. لێم مەگرە کە وادەڵێم... تۆ بڕوانە و بزانە من چۆن کەوتمە ژیانێکەوە کە مەرگ لە ئامێزی خۆی گرتبووم! دەمەوێت ئەمشەو چیرۆکی ئەو بەندیخانەیەت بۆ بگێڕمەوە کە منی لە نێوان مەرگ و ژیاندا قەتیس کرد.

ڕاڕەوی بەندیخانەکە، مەنگ و ماتەم دیار بوو. دیوارەکانی وێنای خەمی ئەو ژنانەی دەنواند کە تەمەنی جوانیی خۆیان پێ سپاردبوو. لە هەموو گۆشە و کەنارێکیدا، چیرۆکێکی بەئازارو خەمناکم تیا بەدی دەکرد. کە بە وێنەی سیمای

خۆیان نەخشابوو.

هێشتا مەچەکم بە دەست ئەو ژنە پۆلیسەوە بوو کە کلیلی دەرگای سەرەکیی بەندیخانەکەی بەدەستەوە بوو. من لە دیمەنی ئەو ژنانەم دەڕوانی کە تەنیا وەک جەستەیەکی بێ ڕۆح، لە نزیکمەوە وەستابوون. ئەوان لە سیما و شێوەی پڕ لە ترس و گومانیان دەڕوانیـم. لەوساتەدا وا هەستم کرد کە خەونێکی ناخۆش دەبینم. هەناسەم لە نیو سینەمدا تاسابوو. دەمویست خۆم بەئاگا بێنمەوە و بگەڕێمەوە بۆ ئـەو ساتەی لە ئامێزی سورکێو دا هەستم دەکـرد ژیان تێیدا وەستابوو، بەڵام ئەفسوس، ئەوەی من تێی کەوتبووم، ڕاستیەکی تاڵی ژیانم بوو.کە بە ناچاری، هەنگاوەکانم، بەناو کۆلان و ڕێچەکەکانیدا، ڕێی دەکرد.

ئەو کاتەی من خۆم گەیاندە بنکەی پۆلیس، بێئاگا بووم لەوەی لە ماڵەوە چ کارەساتێک ڕووی داوە! من ڕوداوەکەم وەها بۆ ئەفسەرەکە گێڕایەوە، کە سورکێو لەو دۆخە ڕزگار بکەم، کە بە هۆی منەوە تێی کەوتبوو. هەستەکانم، ڕێگەی ئەوەیان پێنەدام بۆ جارێکی تر ناپاکی لە بەرامبەر سورکێو بنوێنم. کە ئەفسەرەکە پێی وتم:

– سورکێو دەناسیت؟!

بە دڵێکەوە کە هەموو خۆشەویستیی ئەوی لێ دەچۆڕا، وتم:

– بـەڵـێ.. پێشتر لـە پەیمانگا پێکـەوە بـوویـن. ئێمە خۆشەویستی یەکتری بووین.. ژیان لێکی کردین..

لە ژووری ئەفسەرەکە، هێشتا دڵم لە پەیڤەکانی ناخم

خاڵی نەبووبووەوە و جەستەم لە ترس و خورپەدا نغرۆ بووبوو کە پۆلیسێک خۆی بە ژووردا کرد و پاش سڵاوێکی سەربازی وتی:

– گەورەم.. تاوانێکی کوشتن لە نزیکماڵی ئەم خانمەی ئێرە، ڕووی داوە.

دڵم هێندە خاو بووەوە، ئەوەندەی نەمابوو بە تەواوی لە هۆش خۆم بچم. بیرم وەها ئاڵۆز بوو، بۆ خۆیشم نەمدەزانی بیر لە چی دەکەمەوە و پێویستە چ کارێک بکەم. ئەوەندە نەبێت کە دامە قریشکە و گریان لەخۆدان. هەموو ئەندێشەم لە سورکێو دا مۆڵی خواردەوە. نزای ئەوەم دەکرد کوژراوەکە ئەو نەبێت.. وای لەو ژیانە!! وای لەو خەمەی کە منی خستە ئەم ڕۆژگارەوە کە تێی کەوتووم!! وای لە مەرگی ناوەختەی ئاسۆی ژیانم!! وای لە منی بێچارە و بێدەستەوسانی ئەم ژیانە تاڵە!! من چیم بەسەر هات؟؟ چیت بۆ بگێڕمەوە؟؟ نازانم!! چۆن باسی ئەوەت بۆ بکەم کە سورکێو چۆن بە دەستی هاوژینەکەم کوژرابوو!!

ئەو کاتەی من هەڵهاتبووم. سورکێو، بۆئەوەی خۆی لە دەست هاوژینەکەم قوتار بکات و خۆی بگەیەنێتە لای من، پاڵێکی بە سەرکەوت دەوە نابوو و پاشان بەرەو دەرگاکەی دەرەوە ڕایکردبوو. بێئاگا لەوەی کە سەرکەوت دوای کەوتووە. سورکێو لە نیوەی کۆڵانەکەدا، چاوەکانی بۆ هەموو لایەک بە دووی مندا گێڕابوو. سەرکەوت کە دێتە دەرەوە، بە دەمانچەکەیەوە، بە دووی سورکێو دەکەوێت و کاتێک لێی نزیک دەبێتەوە، لە نزیکی ئەو پارکەی کە تەنیا سەد

مەترێک لە ماڵەکەمانەوە دوور بوو، دوو فیشەک لە دواوە لە سورکێو ئەدا. سورکێو تا ئەوکاتەش لە هەوڵی ئەوەدا ئەبێت کە بە من ئاشنا بێتەوە. بەڵام دوای چەند هەنگاوێک کە بە برینداری ڕێ دەکات و خوێنێکی زۆر لەجەستەیەوە دەچۆڕێت، لە جێگەی خۆی دەکەوێت و گیان لەدەست ئەدا.

ئای لە بێبەزەیی ئەو ڕۆژانــەی کە ڕۆحـی منیان لە ژیان داماڵی. ئیتر لەو ڕۆژەوە من تەنیا جەستەیەک بووم. تەنیا جەستەیەکی سارد و سڕ. خاڵی لە هەموو مانایەکی ژیان. ئەوەی لە ناخ و ڕۆحی مندا زیندوو بوو، تەنیا ئەو چرکەساتانە بوو کە وێنەی سورکێو م تیا دەبینی. من بەردەوام لەناو خۆمدا دەژیام. هەستم دەکرد لە خەونێکی درێژدام و بەدەم خەوەوە ڕێ دەکەم. وەک شێتێک ڕەفتارم دەکرد. بێئاگا بووم لەو دەروبەرەی کە یاساکانی ژیان تێیدا خۆی دەسەپاندە ناخی مرۆڤەکانیەوە.

پۆلیسەکە پەلی بـەرەو یەکێک لـەو ژوورانـە ڕاکێشام کە دەرگاکانی کەوتبوونە سەر ڕاڕەوی بەندیخانەکە. وەک منداڵێکی شـەرمن، جەستەم بەدەستیەوە شل بـوو. منی گەیاندە بـەردەم دەرگاکە و ڕووی کردە ژنێکی بەتەمەن کە لەناو دەرگای ژوورەکەدا وەستابوو و هێڵە ناڕێکەکانی دەموچاوی، ئەو چیرۆکە ئازاربەخشانەیان ئەنواند کە لە ناخیدا خەفەخانی کردبوون، وتی:

– ئەم ژنە ببەنە لای خۆتان. جێخەوەکەی نیشان بدە.

ئەوەندەی وت و دەستی لە مەچەکم بەر دا و دەرگای ڕاڕەوەکەی لە سەرمان کلۆم دا.

من كە بە ئازاری خەمی خۆمەوە ئەتلامەوە و ناخی خۆم دەخـواردەوە، زۆری ئەو ژنانەی کە لە ژوورەکانی ترەوە هاتبوون، لە دەورم گرمۆڵەیان دابووم. وەک ئەوەی شتێکی نامۆیان لە سیما ترساوەکەمدا بەدی کردبێت. هەر یەکەیان، بە نیگایەکی جیاوازەوە، لێمی دەڕوانی. پاش کەمێک، یەکێک لەو ژنانەی کە تەمەنی هێندەی خۆم دەبوو، قژە خاوەکەی بە سیما سپی و گۆشتنەکەی بڵاو کردبووەوە. بە دەنێگی نەرم و پڕ لە پرسیارەوە، بەخێرهاتنی کردم و چاوێکی بە دیمەنی ئەو ژنانەی تردا گێڕا کە لە چاوەڕوانی وەڵامی مندا چاوەکانیان لەسەر ڕوخسارم بوو. پاشان وتی:

– مادام نوتقی لێوە نایەت، ئەوە تاوانێکی کوشتنی ئەنجام داوە.

لەو کاتەدا، من وەک مەیمونێکی گەمەباز، کە لە نێویاندا بووم، چاوەڕوانی گەمەیەکی گاڵتەئامێزیان لێ دەکردم، بێ جووڵە لەسەر تەختەخەوەکەم دانیشتبووم. بەو دیمەنەیان تـەواوجـارس بـووم. ئـارەزووی ئـەوەم دەکـرد لە تەنیایی خۆمدا نغرۆ ببم. لەهیکرا دەنگی ئەو ژنە پیرەم ژنەوت کە منی هێنایە ژوورەوە،کە بەدەنگێکی بەرز وتی:

– ئادەی لێی گەڕێن.. با پشوویەک بدا داماوە. پێناچێت بەم نزیکانە بە خۆیدا بێتەوە.. با کەمێک ئارام بێتەوە.. ئەو کاتە بیدوێنن.

ئیتر هـەر یەکە و بە لایەکدا بـڵاو بـوونـەوە. منیش بە ئازاری ناخی خۆمەوە، سەرم لەسەر ئەو سەرینە نایەوە کە بۆنی ترشەڵۆک و ئارەقەی ملی ئەو ژنانەی گرتبوو کە بە

درێژایی ڕۆژ بە یادەوەری ئەو ژیانەی لە دەستیان دابوو سەریان لەسەر ئەنایەوە.

چەند ڕۆژێک بەو شێوەیە مامەوە. ورتە چییە، لە زارم نەدەهات. ئەو دیمەنەم وای لە ژنە بەندییەکانی تر کردبوو کە چیتر لێم نزیکتر نەبنەوە. بەهۆی ساردی کەشەکەشەوە، ئەو ژنانەی کە بۆ کاری نانکردن دەچوونە دەرەوە و بۆئەوەی بژێوی خۆیان پەیدا بکەن، هەموویان لە ناو هۆڵ و ژوورەکانی بەندیخانەکە خزابوون. ئەوانەی لەناو بەندیخانەکەدا چارەنووس کردبوونیە هاوڕێی یەکتری، لە گۆشەو پاساری بەندیخانەکەدا، پێکەوە کۆ دەبوونەوە و بەردەوام چیرۆکی بەدبەختیی ژیانی خۆیان، بۆ یەکتری ئەگێڕایەوە.

ئەوان هەرگیز هەستیان بە بێزاری نەئەکرد لە گێڕانەوە و دووبارەبوونەوەی چیرۆکەکانیان، کاتێک باسێکیان دووبارە و چەندبارە دەکردەوە، بەو هەستەوە دەیان گێڕایەوە وەکئەوەی تازە بە یەکتری ئاشنا بووبێتن. بە گێڕانەوەی، چێژێکی تایبەتیان بە دەروونی خۆیان دەبەخشییەوە. لە ئەندێشەیاندا خۆیان لەناو ئەو ڕۆژانەدا دەبینیەوە کە خەونیان پێوە دەبینی.

دەرگای سەرەکیی بەندیخانەکە، بە درێژایی ڕۆژ کراوە بوو. کە دەچووەوە سەر گۆڕەپانێکی گەورەی بەندیخانەکە. بە تەنیشتی دیوارەکانییەوە، چەند کەپرێک بە نایلۆن و دار دروست کرابوون بۆ ئەو ژنانەی کە ساج و پەرەمێزی نانکردنەکانیان لەژێردا دانابوو. ئەو ڕۆژانەی کەش و هەوا

ئارام و خۆش بوایە، ژنەکان سپێدە دەچوونە دەرەوە و پەرەمێزەکانیان جۆش ئەدا و هەویرێکی زۆریان ئەشێلا و پێکەوە دەستیان بە کار دەکرد. ئەو نانانەی کە ژنە بەندییەکان ئامادەیان دەکرد، لە ڕێگەی پۆلیسە پیاوەکانەوە دەبرانە دەرەوە و ڕادەستی ئەو کڕیارانە دەکران کە خواستیان لەسەر ئەو نانانە بوو. دواتر هەر پۆلیسەکان خۆیان، پارەی نانەکانیان بۆ ژنەکان دەهێنایەوە و ئاگاداریان دەکردنەوە لەسەر ژمارەی ئەو نانانەی کە کڕیارەکان دەیانخواست.

هەندێکی تری ژنەکان، لەو ژوورەی کە دەرگاکەی دەکەوتە ناو ڕاڕەوی بەندیخانەکەوە، خەریکی دوورینی جل و بەرگی ژنانە بوون. تەنانەت لەسەر خواستی بەندکراوەکانیش ئەو ماکسیانەیان ئەدووری کە ئێخەو سەر مەچەکەکانیان بە نەخشی جیاواز ئەڕازێنرانەوە. پاش ماوەیەک، لەناو ئەو بەندیخانە بچوکەدا، هەستم بە ژیانێکی سادە و ئارام ئەکرد وەک ئەو ژیانەی کە بە منداڵی لە بەردەم دەرگاکەی ماڵی خۆمان، دایکم و ژنەکانی دراوسێمان چێژیان لێ دەبینی. ژیان بۆ ئەوان ئەو کۆبوونەوانە بوو کە تێیدا باسی خەونەکانی خۆیان وەک چیرۆکێکی ڕاستی بۆ یەکتری ئەگێڕایەوە.

ژەمەکانی ناو بەندیخانەکە، لە کاتی خۆیدا، ڕۆژانە ئامادەدەبوو، لە دەرەوەی بەندیخانەکە ئامادە دەکرا و لە قازانێکی گەورەدا، چەند پۆلیسێکی پیاو، هەتا نزیکی دەرگای سەرەکی ڕاڕەوی بەندیخانەکە، دەیان هێنا. پاشان چەند ژنێک کە ئەو کارەیان کردبووە پیشەیەکی ڕۆژانە، خواردنەکانیان

بەپێی ژمارەی بەندییەکان دابەش دەکرد. بۆ وەرگرتنی بەشە ژەمێک، ڕۆژانە پێویست بوو لەدوای یەکەوە نۆرەمان بگرتایە. تا لە قازانەکە نزیک دەبووینەوە. دواتر هەر یەکە و قاپەکانی خۆی لەو چێشتخانە تایبەتە دەشووشت کە لە بۆنەکانی ساڵدا ژنە بەندکراوەکان خۆراکێکی تایبەتیان بۆ خۆیان دروست دەکرد و وەک خێزانێک لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا، سفرەیەکی درێژیان ئامادە دەکرد کە هەردوو سەری ڕاڕەوەکەی پڕ دەکردەوە. هەموو وەک خێزانێک لە دەوری کۆ دەبوونەوە.

بیرم دێت لەو ماوە کەمەی کە دەبوو سزاکەم لەوێ تەواو بکەم، ژنەکان بە خۆشحاڵیەکەوە خەریکی ئامادەکردنی خواردنێکی تایبەت بوون بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە. کاتێک چێشتلێنەرە سەرەکییەکە کە ژنێکی قەڵەوی کورتەباڵا بوو، ماوەی شەش ساڵێک لە بەندیخانەکەدا بوو، بە تۆمەتی کوشتنی هاوژینەکەی خۆی، سزای سێدارەی بۆ بڕیار درابوو، دەستی کرد بە تێکردنی خواردنەکان. کاتێک هەموو ژنەکان کە لە دەوری خوانەکە کۆبوونەوە، بە دەنگێک کە لەناو خەمێکی قووڵدا نوقم بوو، وتی:

– هەمووتان دوعا بکەن با خوا لە گوناحەکانمان خۆش بێت.

کاتێک دەستمان بە نانخواردن کرد، پرمەی گریانێکی بەکوڵم ژنەوت کە لە ڕیزی خۆمەوە بوو. ئاوڕم دایەوە ئەو ژنە لاوەم بینی کە هەموو ڕۆژێک خەریکی ڕازاندنەوە و شانەکردنی پرچە ڕەنگ خورماییەکەی بوو. بە دەنگێکی

بەرز هاواری کرد و دەینالاند:

– نەفرەتت لێ بێت، وەک چۆن منت خستە ئەم ژیانە تاڵەوە.

ئەوەندەی نەبرد تاوی دایە قاپەکەی بەردەمی و تورِی دایە ناوەڕاستی خوانەکەوە. من کە سەرنجەکانم لەسەر ئەو ژنە کۆبوو، بێئاگابووم لەوەی هەموو ژنەکانی تر بەو هۆیەوە برینەکانی ناخیان نوێ بووەتەوە و ئازار دەچێژن. هەموویان لە دوای ئەو دایانە گریان، هیچان دەمیان لەو چێشتە نەدا کە لە سپێدەوە خەریکی ئامادەکردنی بوون. من بەو دیمەنە ناخم دەسووتا و دڵم توندتر دەبوو. ئەو گریانەی لە گەروومدا گیری خواردبوو، بە تاوێک خۆی هێنایە دەرەوە. هەموو وەک منداڵا سەرمان لە کۆشی خۆمان نابوو و دەگریاین. کەس ئاگای لەوی تەنیشتی خۆی نەمابوو. ماوەیەک بەو شێوەیەماینەوە، تا ژنە چێشتلێنەرەکە بە دەنگێکی بەرز نەڕاندی و وتی:

– ئەرێ ئەوە چییە؟! ئەوە بۆچی وا دەکەن؟! خۆ ئێوە هەمووتان بە ویستی خۆتان ئەم ژیانەتان هەڵبژرادووە.. ئیتر ئەم گریان و نووزەنووزەی ناوێت. ئیتر ئەوە ژیانی ئێمەیە.. خۆ ئەگەر لە دەرەوەش بووینایە هەر وەک ئێرە بەندکراو و بێدەستەوسان دەبووین.

یەکێک لە ژنەکان کە تەمەنی نێزیکی چل وپێنج ساڵێک دەبوو، بە دەم گریانێکی بەخوڕەوە کە چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، وەڵامی دایەوە و وتی:

– تۆ دەزانیت من بۆ چی دەگریم، ها؟! من بۆ ئەوە ناگریم

کە لێرە بەند کراوم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆر خۆشحاڵم لەو ژیانە دەرباز بووم کە هەموو ڕۆژێکی مردنێک بوو. ئەو کاتەی هەواڵی کوشتنی هاوسەرەکەم لە خۆشەویستەکەمەوە بیست، ئیتر وامزانی ئەوە سەرەتای ژیانێکی نوێیە بۆ من.. بەڵام من دڵم لای منداڵەکانمە.. دەبێت ئێستا لە دووریی من لە چ ماڵ و جێگایەک جەژن بکەنەوە؟! دەبێت نانی چ ژنێک بە زۆر بە گەرووی خۆیاندا بکەن!!

ئای لە ژیانی من! وای لەو چارەنووسەی کە هەموو ڕۆژێک لە چاوەڕوانیی مەرگی خۆمدا بووم! بیرکردنەوە لە مەرگ، بۆ من بووە هاوڕێیەکی هەمیشەیی و بەردەوام لە ئامێزی خۆی دەگرتم. سەرەتا کە هاتمە ناو بەندیخانەکەوە وام زانی تەنیا منێک گیرۆدەی عەشقێکی بێ ئاکام بووم! وام دەزانی ئەو ژیانە تەنیا منی هەڵبژاردووە و گەمەم پێدەکات! نەمزانی هەموو ئەو ژنانەی کە لەوێدا بەندکرابوون، هەمان چارەنووس و هەمان ئازاری منیان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە!

کاتێک گوێبیستی خەمەکانیان دەبووم، وا هەستم دەکرد، کە چیرۆکی ژیانی من دەگێڕنەوە، بۆ ئەوەی ناچارم بکەن کە منیش ئازارەکانم ئاوێتەی خەمەکانی ئەوان بکەم و لەگەڵ خۆیاندا وەک منداڵێک ناخم بلاوێننەوە. ئەو ژنانەی لەوێ بوون، زۆربەیان ئەوانە بوون کە خەڵکی دەوروبەری شارەکەی من بوون. زۆربەیان بەهۆی خراپیی هاوسەرەکانیانەوە، کاتێک بەتەواوی لەو ژیانە کۆیلە ئاسایانەیاندا لە چێژی ژیان بێئومێد بووبوون، بە ناچاری بەدووی خەونەکانی خۆیان

کەوتبوون و بە نهێنی هاوسەرەکانیانەوە، پەیوەندیدار بوون بە کەسانێکەوە کە دڵیان خواستبووی. کاتێکیش کە هاوژینەکانیان دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو ژیانە پڕ لە نهێنییەیەدا، خۆشەویستەکانیان پەنایان بردبووە بەردەم ڕێگاچارەیەک بۆ تۆڵەکردنەوە و ئازادکردنی ئەو ژنانەی کە بە ژیانی خۆیان باجی هەڵەی خۆشەویستەکانیان ئەدایەوە.

هەندێکیان لە ڕێگەی خۆشەویستەکانیانەوە، هاوسەرەکانیان کوژرابوون. یان بێئاگابوون لەو پلانە ئەهریمەنییانەی کە خۆشەویستەکانیان دایانڕشتبوو بۆئەوەی درێژە بەو ژیانە بدەن کە حەزەکانی خۆیانیان تیا خاڵی دەکردەوە. هەموو ئەوانەی هاوبەش بوون لە کوشتنی هاوژینەکانیان، سزای سێدارەدانیان بۆ بڕیار درابوو. ئەوەی منی لەوان جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە سزاکەم تەنیا شەش مانگ بوو. بەڵام هەموو ئەو شەش مانگە، چاوەڕوانی مەرگی خۆم دەکرد ئاخۆ چۆن لە ناکاوێکدا دێتە بەردەمم!

شەوانە وێنای ئەو ساتانەم دەکرد کە چۆن کەسانێکی نزیکی هاوژینەکەم، بۆ تۆڵەکردنەوە و کڕینەوەی ئابڕووی خۆیان، بە ژیانی من، لەدوای ئازادکردنم، دێنە بەردەمم و کۆتایی بە ژیانم دەهێنن. ئەو ماوەیەی کە لە بەندیخانەکەدا بووم، شەوبۆی خۆشکم، لەتەک دایکم، چەند جارێک سەردانیان کردم. بۆ یەکەمجار شەوبۆی خۆشکم پێی وتم:

– کەس و کار و براکانی سەرکەوت، لە دوای کارەساتەکە، سەردانی ماڵی باوکمیان کردووە و داوای ئەوەیان لە باوکم کردووە کە ئەگەر ناتوانێت بمکوژێت، ئەوا ئەوان خۆیان

بۆ سپیکردنەوەی ئابرووی خۆیان، بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانم دەهێنن. ئەو ماوەیە باوکم بەو ئازارەوە، شەوانە، خەو نەچووبووە چاوەکانی. بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن منێک بوومەتە هۆی لەدەستدانی ئابرووی بنەماڵەکەم! کە ناتوانن تەنانەت لە پێش چاوی کەس و کارەکانیدا سەر بلّند بکاتەوە!

دەبوو بۆئەوەی کە ئەو شکۆمەندییە بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەکەی بگەڕێنێتەوە، بەدەستەکانی خۆی من بکوژێت. باوکم بە دایکمی وتبوو:

– من چۆن دەتوانم منداڵێک کە بە دەستەکانی خۆم پەروەردەم کردووە، ئێستا بەناچاری بە دەستەکانی خۆم بیکوژم.. نەفرەت لەوەی ژنی کردە ئابرووی من.. نەفرەت لەو ڕۆژانەی کە تێی کەوتم..

باوکم ئەو شەوانە، بەو خەمەوە ڕۆژی دەکردەوە. چۆن لە بەردەم مرۆڤگەلێکدا کە بە چاوێکی کەمەوە لێی دەڕوانن. ئەو خەمە باوکمی کوشت. دڵنیات دەکەمەوە من خۆم بوومە هۆکاری ئەوەی باوکم بەو ئازارەوە سەر بنێتەوە. کاتێک هەواڵی مردنی باوکم ژنەوت، ئیتر ژیان بۆ من بووە دۆزەخێکی تاڵ. دۆزەخێک جیاواز لە دۆزەخی هەموو ئەوانەی کە بە تاوانەکانیان ئازاریان تێدا دەچەشت.

من لەو بەندیخانەیەدا کە لەگەڵ خەم و ئازارێکی زۆری ناخم، ڕۆژەکانم بەرەو مەرگ بەڕێ دەکرد. مردنی باوکم، هەموو ماناکانی ژیانی لە دڵی مندا ون کرد. من لەو ڕۆژەوە تەنیا لە بوونەوەرێکی بێنرخ زیاتر هیچی تر نەبووم. بەردەوام

نەفرەتم لە بوونی خۆم دەکرد. تۆ پێم بڵێ خاتوو مۆڵی.. مرۆڤ لە ژیانێکی ئەستەمتر لە مەرگ، دەبێت چ هیوایەکی بۆ داهاتووی خۆی هەبێت! ئاخر ژیان چۆن بەچێژ دەبێت کاتێک بەردەوام لەگەڵ مەرگدا سەما بکەیت؟! منێک کە ناخم بە وێنەی بیابانێکی وشکهەڵاتوو بێت، چۆن تاکە هیوایەکی ژیان لە ناخمدا چرۆ دەکات؟! ئیرەییم بەو ژنانە دەبرد کە ڕۆژەکانی خۆیان بە پێکەنینەوە بەرەو چارەنووسێکی دیار و لە چاوەڕوانیی مەرگی خۆیاندا، دەستلەملانی پەتی سێدارە دەبوون، بەڕێ دەکرد.

منێک، کە لە ناخی خۆمدا خۆم ون کردبوو، دەبوو چۆن ئەو ڕۆژانەم ئەژمار کردبا کە مەرگ لە هەموو قوژبنێکی بەندیخانەکەدا، سەرەتاتکێی لەتەکدا دەکردم! کاتێک ئەو ژنانەم دەبینی کە ڕۆژانە لە بەندیخانەکەدا خەریکی جوانکردنی ڕوخساری خۆیان بوون، گومانم لە ژنبوونی خۆم دەکرد. بە خۆم دەوت: تۆ بڵێی من ژنێک بم جیاواز لەوان خولقابم! ئەوان ڕۆژانە دوودوو پێکەوە دەچوونە قوژبنێکی ژوورەکانی خۆیانەوە و ماکسیە ڕەنگ ئاڵاو واڵاکانیان تا کەمەریان هەڵدەماڵی و ئەوەی تریان بە پەتێکەوە خەریکی هەڵگرتنی ئەو مووانە بوو کە ڕانە سپی و گۆشتنەکانیانی زبر کردبوو. پاشئەوەی لە پاکردنەوە و جوانکردنی یەکتریش دەبوونەوە، خۆیان بە گەرماوەکەدا دەکرد بۆئەوەی ئاسەواری ئەو مووانە لە جەستەیان بکەنەوە. ئەوەی جێگەی گومانی من و زۆرێک لە ژنەکانی بەندیخانەکەبوو،هەموو خۆششتنێکیان زیاتر لەکاژێرێکی

پێدەچوو، کەس نەیدەزانی لەناو ئەو گەرماوەدا چی ڕوئەدا.

بیرم لەوە دەکردەوە، مرۆڤ کاتێک ڕۆژەکانی لە نزیکبوونەوەی مەرگ بەڕێ دەکا، هەموو ئومێدێکی بۆ ژیان لە ناخیدا ون دەکات. منێک کە مۆتەکەی مەرگ ئێخەی گرتبووم، هەموو ڕۆژێک پارچەیەک لە دڵم هەڵدەوەری، بەڵام ئەوان بە ژنێتی خۆیانەوە، چاوەڕوانی ئەو چارەنووسەیان دەکرد کە ژیان بۆی هەڵبژاردبوون. ئاخر سروشتی جوانی لە ناخ و ڕۆحی ژندایە، هەربۆیە دەیەویت بە مردنیشی جوانترین شێوە بە ڕوخساری خۆی بدات. ئەگەرنا ژیان لەلای پیاو تەنیا لە ڕەنگێکی سوری خوێن زیاتر، هیچ شتێکی تری تیا بەدی نەئەکرا.

ئەو قسانەی شەونم، موچوڕکێکی ترسئامێزی بە جەستەمدا هێنایەوە. ئەو دیمەنەی شەونم ی بیر هێنامەوە کە لەسەر سیسەمی ژوورەکەی خۆیدا کەوتبوو و جەستەی شێوێنراوی هەستێکی نائارامی بە دەروونم دەبەخشی. وێنەی ئەو ڕانە سپی و گۆشتنانەی کە لە نەرمیدا لەسەر جێخەوەکەی بڵاو بووبونەوە، بەو چەقۆیەی کە بەجێمابوو لە سەرەوە تا قولەپێکانی، وەک ئەو شانەیەی کە لەسەر مێزی ئارایشتەکەیدا بە تۆپەڵێک قژەوە، بەجێمابوو، ئاوا شەقار شەقار بووبوو. خوێنێکی زۆر کە لە کاتی برینداربوونیدا لێی هاتبوو، دیمەنی جەستەی وەک ئاژەڵێک چۆن لە کاتی سەربڕیندا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت، ئاوا بە ڕانەکانیەوە قەتیس مابوو، بەوەی کە دۆشەکەکەی ژێری، لە خوێنی جەستەیدا، تەواو سور هەڵگەڕابوو. وا پێدەچوو

شەونم پێشئەوەی ڕۆحـی لە جەستەی هەڵبێت، تا ئەو کاتە بەو ئازارەوە ناڵاندبێتی دیاربوو بکوژەکانی بۆئەوەی هاوار و ناڵەی شەونم لەو ئازاردانەیدا، دراوسێکانی بەئاگا نەهێنێتەوە ئەو پەڕۆ گرمۆڵە خـواردووەی کە لە تەنیشت سەریەوە بەجێمابوو خزاندبێتیانە دەمیەوە.

بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ بکوژەکانی، بۆچی شەونمیان بەو شێوەیە سزا دابێت! ئاخر ئەو شێوازە کوشتنە، تەنیا لە مێژووی سەردەمە کۆنەکانی دواکەوتوویی مرۆڤایەتیدا خـوێـنـدوومـەتـەوە. ئـەو شـێـوازە لـە سـزا نامرۆڤانانەیان بەرامبەر بـەو کەسانە ئەنجام داوە کە شایستەی مردن بوون لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کردوویانە. ئاخر دەبێت بکوژەکانی لە چ سەردەمێکی مرۆڤایەتیدا بیریان کردبێتەوە!

بۆ ئـەوەی کەمێک دەروونـم لەو دیمەنانەی جەستەی شەونم ئـارام بکەمەوە، پەرداخێک شەرابم پڕ کرد و بە جارێک نام بە سەرمەوە. کەمێک لە خۆم ڕامام و جگەرەیەکم پێکرد. لەگەڵ دیمەنی ئەو دوکەڵەی لە بۆشایی ژوورەکەمدا بـڵاو دەبــووەوە، ئەندیشەم ئاوێزانی ژیانی شەونم بوو. پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد، دەبێت شەونم لەو ساتانەدا، بەدەم ئەو سزایەوە، چۆن بیری لەخۆی کردبێتەوە؟! ئایا ئەو ئـازارەی وەک سزایەک، بەخۆی ڕەوا بینیوە؟! یان لە بێتاوانیی خۆیدا دەبێت لە ناخیدا چەند نزای لەو بکوژانە کردبێت کە بەو شێوە نامرۆڤانەیە ڕەفتاری لەتەکدا دەکەن؟! ئەوەندە هەستەکانم ئاوێتەی ژیانی بوو، تۆمارەکانی زیاتر بەرەو خوێندەوەیان پەلکێشی دەکردم لە پاش تەواو بوونی

جگەرەکەم دەستم کردەوە بە خوێندنەوەیان.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە، هێدی هێدی ڕۆحم بەو ژیانە داخـراوە ئاشنا دەبـوو. کەمێک هۆشم بە بـەری خۆمدا هێنایەوە. بە هەستێکی جیاوازەوە لە خۆم دەڕوانی، بەناو ژیانی ڕابردووی خۆمدا شۆڕتر دەبوومەوە و سەرەکۆنەی ڕەفتارەکانی خۆم دەکرد. بیرم لەو شـەوە دەکـردەوە کە شەیتان وەک فریشتەیەک خۆی خزاندە خەونەکانمەوە و بە هەستێکی مرۆڤانەی خۆمەوە بەرەنگاری بوومەوە و نەفرەتم لێ کرد. ئێستا هەست دەکەم ئەوکاتە ئەو فریادرەسی من بوو. ئەگەر ئەو شەوە ئەو خەونەم کردبایەتە ڕاستی، ئێستا چارەنووسم بەم ڕۆژانە نەئەگەیشت کە لەناو ئازاری ناخی خۆمدا، خۆم بخۆمەوە.

بریا ئەو شەوەی خەونەکەم بینی، خەون نەبا و بوێرانە هاوژینەکەم کوشتبا. بەڵام ئەفسوس ئەو هەستەی لە ناخمدا وا دەکات ژیان و جەستەی خۆم وەک منداڵێکی ساوا بپارێزم، ڕێگری لەو کارە کرد کە ئێستا بە جوانترین و شیاوترین هەڵبژرادەی خۆمی دەزانـم. ئێستا من چێم لەدەست دێت؟ خۆم وەک باڵندەیەکی بەندکراو دەبینم کە ئەگەر ئازادیش بووبام، توانای فڕینم لەدەستدابوو. هەموو جەستەم بە خەونەکانمەوە داڕمـابـوو. ئەوەندە نەبێت لە بێدەسەڵاتی خۆمدا، داوای ئەوەم لە خودا دەکرد، کە تەنیا هێزێکم پێ ببەخشێت، تاوەکو وزەیەک بە ڕۆح جەستە لاوازەکەی خۆم بدەمەوە.

مـن لـەو ئەندێشە بێئومێدییەی خـۆمـدا، بیرگەلێکی

نامۆ، کە بەڕۆحم نائاشنا بوون، ڕۆژانە خۆیان دەخزاندە هەستەکانمەوە. بیری تۆڵەکردنەوە بۆ من، هەڵبژاردنێکی شیاو بوو بۆئەوەی درێژە بەو ژیانەم بدەم کە لە لێواری مەرگدا سەمای دەکرد. من بەتۆ دەڵێم خاتوو مۆلی.. ئاخۆ منێکی بێدەستەوسان لەو دۆخەدا، چیم کردبا؟ وەک ئاژەڵێکی بریندار و بێدەسەڵات، لە دوای ئازاد بوونم خۆم ڕادەستی ئەو مرۆڤانە بکردایە کە ئابروو و پیاوەتی خۆیان بە ناوگەڵ و جەستەی مندا هەڵواسیبوو؟! تا ڕووی ڕەش و قێزەونی خۆیان بە من سپی بکەنەوە؟! بێبەزییانە بکەونە پارچەپارچە کردنی جەستەم؟! چێژ لەو دیمەنە نامرۆڤانەیە ببینن کە لە جەستەی مندا ڕەنگی ئەدایەوە؟!

نا.. من ڕێگەم بەوە نەدا. لە بیری ئەوەدا بووم، هەستی تۆڵەکردنەوە زیاتر لە ناخی خۆمدا ئەستوورتر بکەم. بەردەوام دیمەنی ئەو کوشتنەی سورکێو م دەهێنایەوە یادم کە دەروونمی وەک کوورەیەکی ئاگر، زیاتر جۆش ئەدام. مردنی باوکم بۆ من، هێندە ئازاربەخش بوو، توانای ئەوەم نەمابوو لە ئاستیدا وەک ژنێک بێدەنگ بم. من کە لە ئەندێشەی ئەوەدا بووم و بە هەستی تۆڵەکردنەوە ناخی خۆم جۆش ئەدا، لە ناکاوێکدا ئەو ژنە توێژەرەوەیەی کە بە میهرەبانی خۆی، ڕۆژانە گوێی بۆ ئازاری ژنە بەندکراوەکان دەگرت، بە هەستە ژنانەکەیەوە دڵی ئەدانەوە، خۆی بەو ژوورەی ئێمەدا کرد کە زیاتر ئەو ژنانەی تیا بوو کە سزاکانیان لە چەند ساڵێک کەمتر بوو.

لەو کاتەدا من لەسەر جێخەوەکەی خۆم، ڕاکشابووم.

ژنێکی باڵابەرزی پرچ زەرد کە جوانییەکی بێوێنە لە سیمای دەتکا، لەگەڵ توێژەرەوەکە هاتە ژوورەوە. سەرەتا بە سیما پڕ لە ئەتەکیەتەکەیدا، وامزانی بەرپرسێکی دەوڵەتە و بۆ سەردانی بەندیخانەکە هاتووە و ئەیەوێ لە نزیکەوە ئاگاداری هەندێ شتی ناو بەندیخانەکە بێت. کاتێک توێژەرەوەکە ڕووی کردە ئەو ژنە پیرەی کە وەک بەرپرسێکی ژوورەکەی ئێمە ڕەفتاری دەکرد، وتی:

- باجی ئاسکۆڵ.. جێگەی چۆڵ ماوە لێرە؟!

باجی ئاسکۆڵ کە هەمیشە سیما تاریکەکەی کە بە وێنەی سیمای دایکم مەنگ و کەمدوو بوو، دەستە باریک و چرچەکانی بۆ نهۆمی دووەمی جێخەوەکەی من درێژ کرد و وتی:

- بەڵێ.. تەنیا ئەو جێگەیە ماوە.

توێژەرەوەکە بەدەنگێکی فەرمانئامێزەوە ڕووی لە ژنە پرچ زەردەکە کرد و پێی وت:

- بڕۆرە ئەوێ.

ژنەکە بێئەوەی گوێ بداتە قسەکانی توێژەرەوەکە، بەرەو ڕووم هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت. ڕەفتاری ئەو ژنە بەو ژنانە نە ئەچوو کە وەک من بۆ یەکەمین جار چارەنووسی ڕەشیان دەیانهێنایە ناو بەندیخانەکەوە، کە وەک ئەوەی خەون ببینن، لەو دۆخەدا ڕادەمان، کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبوون. کاتێک توێژەرەوەکە ژوورەکەی ئێمەی بەجێ هێشت، هەموو ئەو ژنانەی کە وەک نەریتێک خوویان پێوە گرتبوو، لە دەوری بەندکراوە نوێیەکە کۆ بوونەوە. دەستیان

بە پرسیاری ئەو شوێنانە دەکرد کە ڕۆژانـە خەونیان بە دووبارە بینینەوەی دەبینی.

ژنەپرچ زەردەکە، چاوێکی تیژی بەناو هەموو ئەو ژنانەدا گێڕا کە لە بەردەمیدا گرمۆڵەیان کردبوو. یەکێک لەو ژنانە، هاوسەرەکەی خۆی لە خەوێکی قووڵدا بە چەقۆ کوشتبوو. ژنێکی قـەڵـەوی سووروسپی بـوو. بــەردەوام چاودێریی ڕەفتارەکانی ژنە پرچ زەردەکـەی دەکرد، کە بە سەنگینی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو. بە دەنگێکی خۆبەزلزانینەوە پرسیاری ئەوەی لێ کرد:

– لەسەر چی سزادراویت؟!

ژنــەکــە، کـەمـێـک لــە چـــاوە کـاڵـەکـانـی ڕوانـــی و بە گاڵتەجاڕیەکەوە وەڵامی دایەوە:

– هیچ.. تەنیا وەک میوانێک هاتووم.. ماوەیەک لێرە دەبم و دواتر بەجێتان دەهێڵم.

هەموو ژنەکان بەو وەڵامەی، دایانە قاقای پێکەنین. ژنە قەڵەوەکەش کە ناوی نەسرین بوو، بەو وەڵامـە، دیاربوو هەستی بە کەمیی خۆی کرد. جا بۆئەوەی خۆی لەو دۆخە دژوارە قوتار بکات کە بۆی بووە مایەی گاڵتەجاڕی ژنەکان، بە دڵێکی پڕ لە هەڵچوونەوە، وتی:

– هیوادارم میوانداریيەکەت ئەوەندە بخایەنێت کە زیاتر تۆمان پێ ئاشنا بکات.

ئـەوەنـدەی وت و بـەرەو دەرگـای ژوورەکـە ڕۆیشت. خامۆشی، ماوەیەک ئەو ژوورەی ئێمەی گرتەوە. دواتر یەکێک لەو ژنانەی کە لە سەرەتای هاتنم ئەو پرسیارەی

لێ کردم کە ژیانی شار چۆنە! هەمان پرسیاری لە ژنە پرچ زەردەکە کردەوە. ژنەکەش وەکئەوەی گاڵتەجاڕیی بە هەموومان بکات و بۆ گەشتێک هاتبێتە ناومانەوە، بە هەستێکی زاڵەوە وتی:

– دەتەوێت شار چۆن بێت؟! هەر بەو جۆرەیە کە بەجێت هێشتووە. لەم شارە دا هیچ شتێک ناگۆڕێ. مرۆڤەکان وەکو خۆیانن. وەکئەوەی تفیان لە زاری یەکتر نابێت، وەک یەک بیردەکەنەوە. هیچ شتێک ناگۆڕێ، هیچ. تەنیا ڕۆژانە لەو زەوییانەی، کە کۆمەڵێک خۆیان دەکەنە خاوەنی ئەپارتمانی گەورە و بۆ ئاسمان بڵند دەبێتەوە، تۆش وادەزانیت هەموو شارەکە بە ناخی مرۆڤەکانیەوە گۆڕاوە.

چەند ڕۆژێک بەسەر هاتنی ئەو ژنە پرچ زەردەدا تێپەڕی. ئەو لەسەر بەشی سەرەوەی جێخەوەکەی من دەنووست. ئەو ڕۆژانەی کە بەندکراوەکان، بۆیان هەبوو لە هەفتەیەکدا دوو جار لە ڕێگەی ئەو تەلەفونەی کە لە بەشی دەرەوەی دەرگای ڕاڕەوی بەندیخانەکەوە هەڵواسرابوو، پەیوەندی بە کەس و کارەکانیانەوە بکەن، ژنە پرچ زەردەکە، لەپێش هەموویانەوە ڕیزی دەگرت. پەیوەندی بە کەسانێکەوە دەکرد کە پێدەچوو دەستێکی باڵایان لەناو دەوڵەتدا هەبێت. بە شێوازێک فەرمانی پێ دەکردن، وەکئەوەی ژنی بەرپرسێکی باڵا بێت و بە هەڵە ڕاپێچی بەندیخانەیان کردبێت.

هەڵوێستی ئەو ژنە، بە لای هەموو ژنە بەندکراوەکانەوە، زۆر نامۆ بوو. کاتێک باجی ئاسکۆڵ پرسیاری ناوەکەی لێ کرد، بۆئەوەی لە کاتی بانگهێشتکردنیدا بیناسێت، کەمێک

بیری کردەوە و لە ناخی خۆی ڕاما، وەکئەوەی ناوی خۆی لەبیر کردبێت. دواتر بە خەندیەیەکی شەرمنانەوە وتی:

– ناوم نازەنین ـە. دەتوانیت بە نازە گازم بکەیت.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، زۆری ژنەکانی ناو بەندیخانەکە، بە نازەخان بانگیان دەکرد و ناویان دەهێنا. ئەو ژنە ڕەفتارە نامۆکانی ترسێکی زۆری لەدڵی هەموو ژنەکاندا دروستکردبوو. من کە زۆربەی کاتەکانم لە تەنیایی و گۆشەگیریی ژوورەکەمدا بەسەر دەبرد، جارێک بێئاگا بووم لەوەی کە لە ڕاڕەوی بەندیخانەکە چی دەگوزەرا، قریشکە و هاواری ژنەکانم ژنەوت، خێرا لە شوێنی خۆم ڕابووم و بەرەو دەرگای ژوورەکەم ڕۆیشتم. بەڵام چیم بینی خاتوو مۆڵی! ئەو نازەخان ـەی کە لە بەشی سەرەوی جێخەوەکەی من دەنووست، لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا دەستەکانی لە قژە درێژ و قاوەییەکانی ئەو ژنە قەڵەوە نابوو کە لە یەکەمین ڕۆژی هاتنیدا، پرسیاری هۆکاری سزاکەی لێ کردبوو. ژنە قەڵەوەکە، بۆئەوەی پرچە درێژ و ئاڵۆزکاوەکانی، لە دەستی نازەخان قوتاربکات، بە هەردوو دەست و مەچەکە ئەستورەکانی، دەستەکانی نازەخانی بەتوندی گرتبوو. بە دەنگێکی قریشکەئامێزەوە هاواری لێدەکرد:

– هەی قەحبە.. بەرم دە.. ئەگەر نا.. لە خەویشدا بیت هەر ئەتکوژم.

نازەخان کە گوێبیستی وشەی قەحبە دەبوو، زێدەتر شێتگیر دەبوو. پەنجەکانی، لە قژیدا جیڕتر دەکردەوە و هاواری لێ دەکرد:

– هەتا لەو قسانەت پەژیوان نەبیتەوە، بەری نادەم.. هەی بێ ئابرووی پیاوکوژ..

هەموو ژنەکان، لە دەوری ئەوان کۆ بووبوونەوە و بە ترسەوە لە دیمەنی ئەو شەڕەیان دەڕوانی، کە لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا لێک ئاڵابوون. ئەوان بەردەوام تانە و تەشەریان لە یەکدی ئەدا و یەکتریان وەک گای شێت بۆ ئەم لاو ئەو لای دیـواری ڕاڕەوەکـە کێش دەکـرد. لەپڕ ئاسکۆڵ خان، وزەیەکی بە بەری خۆیداو هێنا و چووە نێوانیانەوە و ڕووی لە نازەنین کرد و تکای ئەوەی لێ کرد کە وازی لێ بهێنێت و پرچی ژنـە قەڵەوەکە بـەر بـدات کە وەک گایەک چۆن شاخەکانی دەگرن و بۆ سەربڕین ڕاپێچی دەکەن، ئەو ژنە داماوە بەو شێوەیە بە دەستی نازەخانەوە گێرۆدە بووبوو. وەک گایەک لەژێر دەستیدا دەی بۆڕاند. بـەڵام نازەخان گوێی بە قسەکانی ئاسکۆڵ خان نەدا و هەتا توانای هەبوو وزەیەکی بە دەستەکانی داو ئەو ژنە قەڵەوەی کە کێشی لە سەروو سەد کیلۆوە دەبوو، ڕاپێچی ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەی کردەوە و بە هەموو توانایەوە، وەک پەروانە لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا بە دەوری خۆیدا دەیسوڕاندەوە.

من لە بەردەم دەرگای ژوورەکەمدا، بە ترسێکەوە، لێم دەڕوانین. کەمێک خۆم خزاندە ژوورەوە، لەترسی ئەوەی نەکا ئەو ژنە قەڵەوەی کە وەک پارچە پەڕۆیەکی تەڕ بە دەستیەوە دەیسوڕاند، بەر ببێت و خۆیم پێدا بکێشێت! ئەوەندەی نەبرد لە هات و هاوار و قریشکەی ئەو ژنانەی کە لەناو ڕاڕەوەکەدا بڵاو بووبوونەوە، پۆلیسەکانی دەرەوە،

خۆیان بە بەندیخانەکەدا کرد و کەوتنە نێوانیانەوە. بە زەحمەت، لێکیان جیا کردنەوە. کە لە سیمای سوور هەڵگەڕاوی ژنە قەڵەوەکەم ڕوانی، جێگەی ئەو تۆپەڵە قژەی کە لەناو دەستی نازەخاندا بەجێ مابوو، وەک پەڵە هەورێکی سپی بەسەر سەری ژنە قەڵەوەکەوە جێمابوو.

ئەو ڕۆژە نازەخان و ژنە قەڵەوەکەیان بردە دەرەوە. لە دوای ماوەی چەند سەعاتێک نازەخانیان هێنایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و ژنە قەڵەوەکەیان بۆ ماوەی هەفتەیەک وەک سزا لەناو ئەو ژوورە بچوکە تەنهایەدا بەند کرد کە لە نزیک دەرگای سەرەکی ڕاڕەوەکەدا بوو. ئیتر لە دوای ئەو شەڕەوە، ژنەکان بە ترسێکەوە لە نازەخان یان دەڕوانی. کەس لێی نزیک نەدەبووەوە. تەنانەت لە بێئاگایشیدا کەس ناوی نەدەهێنا.

## - ١٢ -

ئارەزوو دەکەم ئەمشەو وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە کە بۆچی من بوومە سۆزانی؟ نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم! ئاخر ئەو پرسیارەی تۆ، ناخم دەهەژێنێ. برینەکانی ڕۆحم نوێ دەکاتەوە و دڵ و دەرونە شەکەتەکەم تەنگتردەکات. نامەوێت پاکانەی ئەوە بۆ خۆم بکەم و بڵێم من تاوانێکم بەرامبەر بە ڕۆح و جەستەی خۆم نەکردووە.. نا.. بەڵام دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم: مرۆڤ کاتێک هەموو شتێکی خۆی لەدەست ئەدا، هەست بە لاوازیی خۆی دەکات.

ئیتر ژیان بە ویستی خۆی گەمەی پێ دەکاو دەیدات بە هەموو کەندەڵانێکی ژیاندا. ئەوەندە ماندووی دەکات، قیز لە مرۆڤبوونی خۆی دەکاتەوە.

هێشتا دوو هەفتەم مابوو کۆتایی بەو سزایەم بێنم، کە لە چاوەڕوانیدا، بە مەرگی خۆمی ئاشنا دەکردم. لە نائارامیدا، دڵی خۆم دەخواردەوە. بێئاگا لەو بەندیخانەیەی کە تێیدا بووم، بەردەوام خەونم بە جەستەی خۆمەوە دەبینی کە لە خوێنی خۆمدا نغرۆ بووبوو. زۆرجار لە کاتی بینینی ئەو خەونانەدا، لە نیوەی شەودا، ڕادەبووم. جارێکیان لە خەونێکی ناخۆشدا، بە دەم ئازاری ئەو چەقۆیەوە دەمناڵاند، کەپیاوێکی نەناس لە بەردەم دەرگای سەرەکیی بەندیخانەکەدا، بە ملیدا هێنابووم. خوێن بە هەموو گەردن و جەستەمدا وەک بارانێکی بەخووڕ، دەهاتە خوارەوە. لە هەموو لایەکی شان و ملمەوە خوێن وەک فوارەی ئاو، فیچقەی دەکرد. لەو کاتەدا دەمویست پڕ بە گەرووم هاوار بکەم و کەسێک بەفریام بکەوێت، ئەوەندە هەستم کرد لە چواردەورمەوە هەموو ئەو ژنانەی کە لە بەندیخانەکەدا بوون، لە دەورم بازنەیان کردبوو. وەکئەوەی سەیری سەماکەرێکی بالیە بکەن، کە چۆن بەدەم هەڵکێشانی بە ئاستەمی دوا هەناسەی مەرگی خۆمەوە سەمام بە دەوری خۆمدا دەکرد و دەستەکانم لە بینی خۆم تووند کردبوو.

پۆلیسەکانیش، بە ژن و پیاویانەوە، بە پێکەنینێکی ساردی گاڵتەئامێزەوە، لێمیان دەڕوانی. وەکئەوەی هاوکاری بکوژەکەم بن کە چۆن بەبەر چاویانەوە لێم نزیک بووەوە

و ئـەو کـێردە گـەورەیـەی کـە لـە کوشتارگاکاندا مـەڕ و ماڵاتەکانیان پێ سەردەبڕین، بە جارێک لە گەردنی نام و هەناسەمی تێکەڵ بە خوێنی خۆم کرد. کاتێک لەو خەونە ڕابـووم، بێئاگابووم لـەوەی چەندجارێک هـاوارم کردبوو. هێشتا دەستەکانم بەتوندی لە گەرووی خۆم نابوو. ئەوەندە گوێبیستی نازەخان بووم کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو و ئەو پەنجانەی کە بە وێنەی شمشاڵ دەچوو، بە ئارامی بە سەر و شانیدا دەهێنام و پێی وتم:

– گیانەکەم.. ئارام بـەرەوە.. ئەزانم خەونێکی ناخۆشت بینیوە.

نـازەخـان، بـەو قسـانـەی، کەمێک ئـارامـی بـە جەستە و ڕۆحمدا هێنایەوە. من هێشتا دڵم لە ناو سنگمدا وەک باڵندەیەکی بەندکراو لەناو قەفەزێکی تەنگەبەردا، باڵە فڕتێی ڕزگاربوونی خۆی دەکـرد. لە چـاوە ڕەش و گەورەکانی نـازەخـانـم ڕوانــی، کـە وەک چـاوی خوشکێکی میهرەبان لەسەرم بوون. لە جێگەی خۆی هەڵسا و کەمێک ئاوی بۆ هێنام و پێی وتم:

– خواردنەوەی ئاو لەو ساتانەدا، ئارامترت دەکاتەوە.. منیش زۆرجار ئەو خەونە ناخۆشانەم بینیوە.. زۆر بیری لێ مەکەرەوە.. لێگەڕێ.. ژیان چۆن دەڕوات تۆش بە ئاراستەی ئەو ڕێ بکە.. ئەگەرنا، ئازار ناخت دەسوتێنێت.. خەونەکانت، دەتخەنە دۆزەخێکی ناخۆشەوە و ئارامیی لە جەستەت دەبڕڕێ.

بە دەستەکانی، منی بەلای خۆیدا کێش کرد و سەرمی

لەناو ڕانە درێژ و گۆشتنەکانی خۆی نا. بە دەستەکانی ماوەیەک منی لاواندەوە. من لەو ساتەدا هەستم دەکرد، لە ئامێزی دایکمدا، دڵم ئارام دەگریێ. دیمەنی خەمباری و چاوە پڕ لە ئەسرینەکانی، ئازاریان ئەدام و ئۆقرەیان لەبەر بڕیبووم. هەستم دەکرد دڵم لە ئازار و خەمی خۆمدا، خەریک بوو شەقی ئەبرد. لەو ساتەدا، هیواخواز بووم کە هەموو تەمەنم لەو بەندیخانەیەدا بەسەر ببەم. تەنیا بۆئەوەی درێژە بەو ژیانەم بدەم کە تەنیا ئارامی بە دڵی دایکم و شەوبۆی خوشکم دەبەخشی.

لە کۆشی نازەخان، سەرم بڵند کردەوە کە ئارەقەی جەستەم هەموو پرچمی تەڕکردبوو. بە چاوێکی پڕ لە ئەسرینەوە لە نازەخان م ڕوانی. هەستم دەکرد لە ناخەوە ئازارم بۆ دەکێشێت. بە زەردەخەنەیەکی پڕلە میهرەبانییەوە کە بە وێنەی زەردەخەنەکانی دایکم دەچوو، لێمی ڕوانی و پێی وتم:

– چیتە خوشکم.. بۆ دەگریێیت؟! دیارە خەمێکی گەورەت لە هەناوی خۆت ناوە! لەوەتەی من هاتوومەتە ئێرە، هەستێکی نامۆم هەیە بۆ تۆ! زۆر لە شەوەکان بەدەم خەوەکانتەوە، دەبڕزکێنیت و هاوار دەکەیت.. نا.. نا.. وا مەکەن.. من دەزانم شتێک هەیە کە دڵی گرتوویت و تۆ ناتوانیت بیدرکێنیت. مرۆڤ کە خەمێکی هەبێت، تەنانەت لە خەونەکانیشیدا ئازار دەچێژێت. من هەست بە ئازارەکانت دەکەم.. خوشکم.. دڵنیا بە.. ئەگەر کەسێک دڵ و ڕۆحی بە ئازاری خەمێکەوە نەسووتابێت، هەرگیز هەست بە ئازاری

کەسانی تر ناکات. قسەم بۆ بکە.. با دڵت ئارام بێتەوە.. خۆ ناکرێ مرۆڤ هەموو خەمەکانی بە هی خۆی بزانێت! ئاوا نابێت خوشکم!! کاتێک خەمێک لە ناختدا پەنگ دەخواتەوە، ئەگەر ڕێچکەیەک نەدۆزیتەوە بۆ بەتاڵبوونەوە، ئەو ا ناخت هەرەس دێنێ. قسەم بۆ بکە نازدارە بچکۆلەکەم.. بزام چ خەمێکە وا خەریکە جوانیت ئەژاکێنێت؟!

ئەو شەوە، ژیان تەواو خامۆش و مات بوو. خەو وەک منداڵێک خەم و ئازاری هەموانی لە ئامێزی خۆی نابوو. لە ژوورەکەی ئێمەدا، کەس بەئاگا نەبوو. تەنیا دەنگی هەندێک لەو ژنانە دەهات کە هەتا بەرەبەیان بە دیار تەلەفزیۆنەکەوە دائەنیشتن و کاتەکانیان بەدەم سەیرکردنی ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانەوە بەسەر ئەبرد کە لە ئەندێشەی خۆیاندا، خۆیان دەکردە پاڵەوانەکانیان و ڕۆژانەش لەسەر جێخەوەکانیان خۆیان نوقمی خەوێکی قووڵ دەکرد.

من کە دڵ و ڕۆحم کەیلی ئازار و ترسێکی بێئامان بووبوو، نازەخان بە قسە شیرینەکانی، کەمێک دڵی لاواندمەوە. ئەو شەوە تا بەرەبەیان، چیرۆکی مەرگەساتی خۆم بۆ گێڕایەوە. لەگەڵ هەموو فرمێسکێکی چاوەکانم کە وێنەی ئازارەکانی ناخمی لە خۆیدا وێنا دەکرد، ئەو هەناسەیەکی ئازاربەخشی بۆ هەڵدەکێشام و خەمەکانی لەگەڵ دەبەخشیمەوە. کاتێک من بە گریانەوە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا، ئەو بەتوندی لە ئامێزی خۆی گرتم و نێو چەوانی ڕامووسیم. بەدەم دواهەناسەی قووڵی کە لە نزیکەوە هەستم بە گەرمیی دەکرد، وتی:

– ئارام بەرەوە ئەزیزم..

لەو شەوە مات و بێدەنگەدا، دەنگی وەک خوڕەی ئاوی ڕووبارێک کە لە دوورەوە گوێبیستی ببم، تێکەڵ بە گریانێکی هێمن، دەهاتە گوێکانمەوە. وەکئەوەی بۆ ناخی خۆی بدوێ. هەستم دەکرد قسەکانی بە ئازاری قووڵایی ناخی، ئاوێتە بووە. وتی:

– ژیان هیچ بەهایەکی نییە، گەر مرۆڤ تێیدا هەست بە ئازادیی ناخی خۆی نەکات. بەبێ ویستی خۆم، ڕۆژگار لە نێو جەنگەڵی ئەم ژیانەدا، تێوەی گلاندم. ئاخر من تاوانم چی بوو خودا منی لە نێوان هەموو ژنانی ئەو گوندەی خۆماندا بەو شێوەیە خولقاندووە؟! منیش وەک هەموو ئەو دایکانەی کە لەو کارە گران و وزە پڕووکێنانەی کە ڕۆژانە دەیانکرد، کاتێک منداڵەکانیان لەئامێز دەگرت و بۆنیان پێوە دەکردن، هەموو ماندوێتیی جەستەیان، خاڵی دەبووەوە. ئارەزووم دەکرد منیش وەک ئەوان بووبام. هەر کاتێک ژنێک لە گوندەکەدا منداڵێکی دەبوو، بە هەستێکی پڕلە ئومێدەوە، دەچوومە سەردانی و بەتاسەوە، لە سۆمای ئەو چاوانەیانم دەڕوانی کە تەواو بە ژیان ئاشنا نەبوو. نزای ئەوەم دەکرد، کە خودا منداڵێک بە منیش ببەخشێت، تا ژیانم ڕۆشن بکاتەوە. سەردانی چەندین شێخ و مەلای ئەو گوندانەی نێزیکم کرد. چەندین دوعا و نوشتەم تاقی کردەوە. تەنانەت چەندین گژو گیای تاڵ و ناخۆشم بەزۆری، قوت ئەدا کە لە لای ئەو شێخانەوە، کە دایکم متمانەی پێیان بوو، بۆی هێنابووم. هیچ ئومێدێکی بە خۆم هاوژینەکەم نەبەخشی. ڕۆژێک، ژنێکی گوندەکەمان، کە زۆرجار لە گەڵ مێرد و کوڕەکانی سەردانی

شاریان دەکرد، پێی وتم:

– دەڵێن ژنێک هەیە لە شار، ڕۆژانە، عەشاماتێکی زۆر بۆ مەبەستی نەزۆکی، هاموشۆی دەکەن.. بۆچی سەردانێکی ناکەیت؟! بەشکم خوا لە ڕێگەیەوە دەروویەکت بۆ بکاتەوە.

منیش کە ژیانم لە لێواری دارماندا بوو، خۆم بە هەموو قسەیەکدا هەڵدەواسی، کە بۆنی ئومێدێکی لێوە بێت. ئاخر مرۆڤی نقومبوو لە ئاودا، تەنانەت پەنا بۆ تەڵە پووشیش دەبات. متمانە بە درۆیەکیش ئەکات کە بۆ ساتێکیش بێت، دڵی بداتەوە. بۆ ئێوارە.. تکام لە پیاوەکەم کرد کە شەوانە لە خەیاڵی ژنێکی دیدا خەو ئەیبردەوە، وتم:

– تکات لێ دەکەم.. ڕێگەم پێ بدە با ئەمجارەش ئەم بەختەی خۆم تاقی بکەمەوە. تەنیا ئەم جارە. بۆئەوەی دڵی خۆم ئاسوودە بکەم. خۆ منیش وەک تۆ ئارەزووی ئەوە دەکەم خوا چەند منداڵێکمان پێ ببەخشێت. پیاوەکە.. هەموو کارێک لای خودا ئاسانە.. لەوانەیە دوعا و نزای ئەو ژنە، ببتە فریامان و بە منداڵی خۆمان ئاشنا بکات.

کاتێک قسەکانم تەواو بوون، بە چاوێکی بێ هیواوە، نیگایەکی کردم و وەکئەوەی بە ناچاری ئەو وتانە لە زاری بێنێتە دەرەوە، سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاندم. بۆ شەوێ، خەونم بەو ژنەوە دەبینی کە بۆ خۆیشم نەمدەزانی شێوە و کارەکەی چۆنە! لە خەیاڵی ئەوەدا بووم ئەو تاکە هێوا و ئومێدێکی من بێت. خەونم بەوەوە دەبینی کە کوڕێکی ساوام لەئامێز گرتبوو مەمکەکانم لە دەمی نابوو. بە تاسەوە لە چاوە زیتەکانیم دەڕوانی، کە بە تەواوی بە چاوی پیاوەکەم

دەچوو.

ئەو شەوە بەو خەیاڵەوە، ڕۆژم کردەوە. بۆ بەیانی چووم بۆ لای ئەو ژنەی کە لە گوندەکەماندا هەفتانە بۆ فرۆشتنی ئەو ماست و شیرەمەنیانەی کە لە تێکەڵەی شیری مانگا و شیری وشکە، دروستی دەکردن و بەناوی شیری مانگاوە لە بازاڕی شاردا ساغی دەکردنەوە. وتم:

– دەمەوێت لەتەکتا بێم بۆ شار.. تکات لێ دەکەم.. ڕادەستی ئەو ژنەم بکە کە دەیناسیت.

ژنەکە بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی دامەوە:

– ئەی بەچاوان.. بەڵام من شوێن و مەکانی ئەو ژنە پێ نازانم.. دەشێت کە چوینە شار سۆراغێکی بکەین. خوا گەورەیە کچم.. بەیانی نیازی شارم هەیە.. تۆش خۆت ئامادە بکە و دەچین.

بۆ ڕۆژی دوایی،سپێدە زوو، کە گەیشتینە شار، ژنی گوندەکەمان بە سەتڵە شیرەمەنییەکانییەوە، خۆی بەناو چایخانەیەکی گەورەدا کرد. کە لەسەر شەقامێکی سەرەکی بوو. بەو سپێدەیە چایخانەکە لە پیاو جمەی دەهات. هەموویان سەرقاڵی خواردنی نانی بەیانی بوون. کاتێک من لە دوای ژنەکەی دراوسیمانەوە چوومە ژوورەوە، هەموویان چاوە بزێوەکانیان لەو بەژن و باڵا بەرزەم بڕیبوو. کە ماکسیەکی ئاودامانی شینم لەبەردا بوو. لەچکێکی شینی کاڵی لە خوری چنراوم لە سەر و پرچمەوە ئاڵاندبوو. لەگەڵ هەنگاوەکانمدا چاوە برسییەکانیان لە هەموو جەستەو کەفەڵم گیر کردبوو.

چووینە ئەو ژوورە بچوکەی کە خاوەن چایخانەکە

شیرەمەنیەکانی لەناو بەستەرەکاندا تیادا هەڵدەگرت، ژنەکەی دراوسیمان لەگەڵ خاوەنی چایخانەکە، کە پیاوێکی پیری نێزیکی هاوتەمەنی خۆی بوو، خەریکی مامەڵە و ئەژماردنی سەتڵە شیرەمەنیەکان بوو. من لە ژێر پرچەکانمەوە کە بەسەر شان و ملمدا بڵاو بووبوونەوە، لە دیمەنی ئەو گەنجانەم دەڕوانی کە بە دەم چا خواردنەوە چاوەکانیان لە جەستەم نەبڕیبوو. هەستم دەکرد هەندێکیان بە گوێی یەکتریدا دەیانچاپاند و بەدەم یەکترییەوە دەخەنین.

من دەمزانی کە ئەوان بە بەرگ و بە شێوەیەمدا، وەک ژنێکی گوندی لێیان دەڕوانیم. هەستم بە کەمیی خۆم دەکرد. لە بەردەم ئەو کچە گەنج و جوانانەی کە بەو بەیانییە بە پۆشاکی تازەمۆدێلەوە، بە نازێکی جوانەوە، بەرەو کارەکانیان دەچوون، لە دڵی خۆمدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان، وەک ئەوان، لەو شارەدا ژیانم کردبا، وەک ئەوان، هەموو بەیانییەک بەو پۆشاک و ماکیاجە هەمەجۆرانەوە خۆم ڕازاندبایەوە.

ژنەکەی دراوسێمان کارەکانی لەگەڵ خاوەنی چایخانەکە بەکۆتا گەیشت. سواری ئەو ئۆتومبیلە شڕە بووین کە کوڕە بچوکەکەی شۆفێریی دەکرد. ژنەکەی دراوسێمان، داوای لە کوڕەکەی کرد کە بەرەو کەناری شار ڕێبکات و وتی:

– سۆراغی ئەو ژنەم لە خاوەنی چایخانەکە کرد، دەڵێت ماڵەکەیان لە نزیکی ئەو شەقامە سەرەکییەیە کە وەک بازنە تەوقی شاری داوە.

نێزیکی نیو کاتژمێرێک بەناو هەموو ئەو ماڵانەدا

سووڕاینەوە کە لە نێزیکی شەقامەکە و ناونیشانەکەوە بوو، بەڵام نەماندۆزییەوە. پرسیارمان لە هەر ماڵ و کەسێک دەکرد، دەیان وت مانگێک پێش ئێستا لێرە بووە و گواستوویانەتەوە. دواجار پرسیارمان لە ژنێک کرد کە بەو بەیانییە خەریکی شتنی بەردەم دەرگای ماڵەکەیان بوو، بە چاوێکی پڕلە گومانەوە لێمانی ڕوانی و وتی:

– ئەو ژنە.. زۆر لەو پیاوانە هەواڵی دەپرسن کە گوایا نەزۆکن و منداڵیان نابێت.

دواتر کەمێکی بیری کردەوە و وتی:

– وابزانم ئێستا گواستوویانەتەوە بۆ چوار کۆڵانی ئەولاتر. بچن و لە ماڵەکانی ئەو لایەوە سۆراغی بکەن. دڵنیام ئەیدۆزنەوە.

بەناو هەموو ئەو کۆڵانانەدا دەگەڕاین. بەردەوام لە دەرگای ماڵانمان ئەدا و سۆراغمان لە هەموو ئەو ڕێبوارانەش دەکرد کە بە پیادە و سەیارە بە لاماندا تێپەڕ دەبوون. کاتێک ماڵی ئەو ژنەمان دۆزییەوە، نزیکەی زیاتر لە کاتژمێرێک، هەموو ئەو کۆڵانانەمان بە دوودا تەی کردبوو. لەگەڵ ژنەکەی دراوسێمان چوومە ژوورەوە، هەستێکی خۆشبەختی نیگا تاریکەکەی ڕۆشن کردمەوە. سەرەتا، وێنای دایە پەروین م بە ژنێکی پیری نورانی دەکرد، کە پرچە سپییەکانی لەژێر لەچکە سپییەکەیدا، ئاوێزانی یەکتری کردبێت کە بە نیگا میهرەبانیەکانی، ناخم ئاسوودە بکات و خەونەکانم بە تەلیسمێک بکاتە ڕاستی. کچێک کە بە نزیکی تەمەنی خۆم دەچوو، تا هۆڵی پێشوازیی مێوانەکەیان، بەڕێزێکی زۆرەوە

پێشوازی لێ کردین، وتی:

– چاوەڕێ بکەن.. دایە پەروین پاش کەمێکی تر دێتە لاتان.

ئەوەندەی وت و ئێمەی بە تەنیا لەو هۆڵە فراوانەدا بەجێ هێشت. جگە لە مێزێکی ئارایشتی گەورە، کە لایەکی دیوارەکەی پڕ کردبووەوە، لەگەڵ ئەو تاقمە کورسییەی کە ئێمەی لەسەر دانیشتبووین، هیچی کەی تیا نەبوو. لەسەر مێزی ئارایشتەکە، چەندین کەرەستەی جوانکاریی وەک سوراوی لێو و قەڵەمی چاو و کۆنتور و های لایت و ماسکاراو قەڵەمی برۆ و چەندین کەرەستەی تری جوانکاریی هەمەڕەنگ، بە شێوەیەکی جوان، سەر مێزەکەی ڕازاندبووەوە.

ئەو دیمەنە، تەواو بە وێنەی دوکانێکی فرۆشیاری کەرەستەی جوانکاری دەچوو. دیمەنی ئەو ماکیاژانە، سەرنجی بە شێوەیەک ڕاکێشام، کە لێیان نزیکتر بکەومەوە و پێیان ئاشنابم. بەڵام ئەو ژنەی گوندەکەمان، کە زانی بەو مەبەستە دەمەوێت لە جێگەی خۆم بڵند بم، خێرا بە دەستە چرچ و زبرەکانی، قۆڵی گرتم و لە شوێنی خۆمدا دایناموە.

چەند خولەکێک ڕابوورد. ئێمە لە چاوەڕوانیی ئەودا بووین. کاتێکم زانی ژنێکی تەمەن نزیکی سی و پێنج ساڵێک کە دەنگی بە وێنەی دەموچاوە سپییەکەی، گەنجێتیی لێ دەچۆڕا، بازنەکانی دەستی، کە تا ئەنیشکی ڕیزی کردبوون، ئاوازێکی بەجۆشیان لەگەڵ جووڵەی دەستەکانی ئەدایە گوێکانم، خۆی بە هۆڵەکەدا کرد و بەخێرهاتنی کردین. بە

چاوە هەنگوینیەکانی، کەمێک لە هەردووکمانی ڕوانی و پاشان لای منەوە دانیشت و خۆی پێی ناساندین و وتی:

– من دایە پەروینم.. فەرموون.. چ کارێکتان هەیە کە من بتوانم بۆتان بکەم.

من کە گومانم لەوە هەبوو ئەو ژنە دایە پەروین بێت، کە ژنی گوندەکەمان باسی ناوبانگی بۆ کردبووم، متمانەم بەوە نەبوو بتوانێت ئەو کارە ئەستەمەم بۆ ئەنجام بدات، کە ڕێگەیەکی دوورم لە پێناویدا بۆ بڕیبوو. بێئومێدی ڕەنگی دەموچاومی تەنییەوە. بەڵام ژنی گوندەکەمان، بێئەوەی گوێ بداتە ئەو هەستەی کە لە لای من دروست بووبوو، بە خۆشبەختییەکەوە وتی:

– دایە پەروین گیان.. لە دەوری سەرت گەڕێم.. ئەم کچەم، ئەوەندەی لە بیرم بێت، ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵێک دەبێت کە مێردی کردووە. ئەو ڕۆژەم لەبیرە کە لە ڕۆژی زەماوەندەکەدا بە تۆبزی جلی بووکێنیان لەبەرکرد و هێنایانە ئاهەنگەکەوە. هەر ئەو ڕۆژە زانیم شتێکی خراپ ڕووئەدات. بۆ خۆت لە مەبەستەکەم حاڵی دەبیت. مەبەستم جندۆکە و شەیتان و شتی وەهایە کە دەستیان پێ گەیاندووە. ئەزانم هەر ئەوانە ڕێگرن لەوەی سک نەکات.. قوربانت بم دایە پەروین گیان.. بەشکم دوعایەک، شتێک بکەیت کە لەو شتە پیس و خراپانە بەدووری بگریت..

دایە پەروین بە خەندەیەکی پڕ لە گومانەوە لەو ژنەی گوندەکەمانی دەڕوانی کە قسەکانی بە متمانەیەکەوە دەکرد. کەمێک لە جێگەکەی خۆی ڕاما و پاشان ڕووی تێکردم و

وتی:

– لەگەڵم وەرە.

ژنەکەی دراوسێمان، ویستی بەدوومان بێت. دایە پەروین بە چاوە تەلیسماویەکانی، نیگایەکی لە ژنی گوندەکەمان گرت و وتی:

– تۆ لێرە چاوەڕوانمان بە.

ئەوەی وت و لەو دەرگایەی کە لە هۆڵە فراوانەکەوە دەچووە ناوەوە، منی بە دوای خۆیدا تا ژوورێکی بچوکی تاریک کێش کرد. تەنیا پەنجەرەیەکی بچوکی تیا بوو کە دەیڕوانییە سەر حەوشەیەکی بچوک. بە ئاستەم گزنگی خۆری ئەو بەیانییە خۆی دەخزاندە ناوی. ئەوەندە بەرچاوی ڕۆشن کردبوومەوە تەنها دایە پەروین م دەبینی ئەو مۆمەی داگیرساند کە لەناو مۆمدانێکی جوان و سەرنجڕاکێشدا دای نابوو.

پاشئەوەی ژوورەکە کەمێک ڕۆشنتر بووەوە، دایەپەروین لەسەر ئەو ڕاخەرە دانیشت کە لە نزیکی مۆمدانەکەوە بوو. داوای لێ کردم لە بەرامبەریدا دانیشم. کەشی نیوە تاریکی ئەو ژوورە و بۆنی بوخورێکی گرانبەها کە لوتەکانمی پڕ کردبوو، ترسێکی نـاوازەی لە ناخمدا بزواندبوو. بە گومانێکەوە لە بەرامبەریدا دانیشتم. ڕۆشنایی مۆمەکە سیما تەڕ و گەشەکەی دایەپەروین ی لە پێش چاوەکانم جوانتر ئەنواند. دایەپەروین کەمێک لە گڕی مۆمەکەی ڕوانی و دواتر نیگاکانی بۆ سەرم گواستەوە و وتی:

– شەرم مەکە.. هەموو شتێک بڵێ.. ئەوانەی دێنە ئەم

ژوورەوە، شەرم لە هەموو جەستەیاندا ڕۆ دەچێت. قسەم بۆ بکە نازدارەکەم.. بزانم کێشەت چییە؟! من کە ترسی ئەوەم هەبوو شتێک لە ناکاوێکدا لە دواوە ئامبازی گیانم بێت، چەند جارێک ئاوڕم بۆ دوای خۆم ئەدایەوە، بەڵام چاوە تیژەکانی دایەپەروین، نیگاکانمی بۆ لای خۆی جێگیر کرد. لەو ساتەدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد ئەوەی لە ناخمدایە هەڵی ڕێژم. بە دەنگێک کە کپی ئەو ژوورە بۆ خۆی هەڵی دەلووشی، وتم:

– تکا دەکەم دایەپەروین.. دەستم دامێنت.. شتێکم بۆ بکە.. خەریکە لەناو خەمی خۆمدا بزر دەبم.. لێت ناشارمەوە دەمەوێت ڕاشکاوانە ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە ناخمی تۆقاندبوو، دەڵێن ئەگەر شەیتان لە خەوندا ئامبازی گیانت بێت و ناوی خودا نەهێنیت و بە نەفرەتی نەکەیت ئەوە هەرگیز جەستەت خاوێن نابێتەوە، هەربۆیە کە مێرد دەکەن ئیتر وەک دارێکی زڕ ژیان بەسەر دەبەن و هیچ خێر و خۆشییەکتان بۆ پیاوەکانیان نابێ.. جا من چەندین شەو لەتەک شەیتانا گەمەم کردووە و لەگەڵی خەوتووم. ئەو ڕۆژەی منیان بە بووکی گواستەوە، ترسێک هەموو جەستەمی تەنیبوو. ویستی ئەوەم نەبوو خۆم بەدەستەوە بدەم. وا هەستم بە خۆم دەکرد کە هێشتا خاوێن نەبوومەتەوە. پیاوەکەم وەک شەیتانێک دەهاتە پێش چاوەکانم. کاتێک من بەرگریم لە کچێنی خۆم دەکرد، ئەو زێدەتر ڕەفتارەکانی لە تەکما بەزەبرتر دەبوو. تا کار گەیشتە ئەوەی کەوتە لێدان و ئازاردانم. پێی وتم:

– تۆ ئێستا هی منیت. دەبێت بەویستی من ڕەفتار بکەیت. دیارە فێری ئەوەیان نەکردوویت لە بەردەم فەرمانی

پیاوەکەتدا گوێڕایەڵ بیت. یان دەتەوێت لە ناو گوندەکەدا تووشی سەرشۆڕیم بکەیت و پێم بڵێن ئەو شەوە پیاو نەبوو و نەیتوانی بێتە زاوا؟

ئەو شەوە ئەوەندەی لێ دام، بە شەکەتی، وەک نێچیرێکی لاواز و بریندار، لە ژێریدا کەوتبووم، ئەویش بەویستی خۆی تەکانی لێئەدام، کاتێک پیاوەکەم لە کارەکەی تەواو بوو، هەناسەیەکی خۆشبەختی هەڵکێشا و بە هەستێکی تەواو نێرانەوە، لە دەرگای ژووری خەوتنەکەم چووە دەرەوە. لەو شەوەدا من تا درەنگانێک بە تەنێ لەو ژوورەدا مامەوە. چاوەکانم لە بەردەم ڕوناکیی گڵۆپی ژوورەکەدا، ڕێشکەو پێشەکی دەکرد. بەردەوام تارماییەک کە بە شێوەی سێبەری مرۆڤێکی ناشرین و ناوازە دەچوو، بەناو ژوورەکەمدا تێپەڕ دەبوو. لەو شەوەوە، هەستم کرد کە ئەو دەعبایە شتێکی بەسەر هێنابم. تکا دەکەم دایەپەروین گیان.. شتێک بکە و من لەم ژیانە دژوار و تەنگە قوتار بکە. لەو ڕۆژەوەی پیاوەکەم هەستی کردووە کە لێی دووگیان نابم، وەک درِندەیەکی بێبەزەیی دەکەوێتە وێزەی گیانم و بەبێ هۆ، ڕۆژانە لەسەر شتێکی بێ بەها، هەمیشە ئەو وشەیەم پێ دەڵێتەوە کە زۆربەی ژنەکانی ناو گوندەکەمان بە تەوسەوە پێم دەڵێن: «ژنی نەزۆک وەک داری بێبەر وایە.. خۆشبەختی بە هیچ خانەوادەیەک ناگەیەنێت». ئاخر دایە پەروین.. ئەگەر منداڵم نەبێت، پیاوەکەم بڕیاری داوە ژنێکی ترم بەسەر دێنێت. تکا دەکەم، چیت لەدەست دێت بۆم بکە. من ئێستا وەک ژنێکی بێ کەس و بێ دەرەتان، هیچ شتێکم لەدەست نایەت لە

خواردنەوەی ئەو خەمەی کە ئێخەی گرتووم. تەنانەت کەس و کارەکەشم بە چاوێکی کەمەوە لێم دەڕوانن و دەڵێن تۆ سەری ئێمەت شۆڕ کردووە، چونکە نەتتوانی نەوەیەک بۆ ئەو بنەماڵە بەرز و بەنرخە بخەیتەوە و خزمایەتیەکەمان بەهێزتر بکەین. پێم بڵێ دایە پەروین.. ئاخر تاوانی من چییە کە دووگیان نابم؟!

دایەپەروین، چاوە زیت و گەشەکانی کە لە بەردەم ڕووناکی مۆمەکەدا جوانتر ئەینواند، لێمی دەڕوانی. کاتێک من لە قسەکانم بوومەوە، دەستێکی بۆ ژێر ڕاخەرەکەی خۆی برد و قەڵەمێک و پارچە کاغەزێکی دەرهێنا و خۆی بە نووسینەوە سەرقاڵ کرد. پاش ئەوەی تەواو بوو، کاغەزەکەی بە شێوەی سێگۆشەیەکی بچوک نوشتاندەوە و بۆی درێژ کردم و وتی:

– بگرە ئەوە دوعایەکی زۆر بەهێزە. پێشەوەی ئەو شەوە لە گەڵ پیاوەکەتدا بخەویت، بیخەرە ژێر سەرینەکەیەوە. دڵنیام ئەوە ماڵەکەتان لە هەموو شتێکی پیس و خراپ خاوێن دەکاتەوە. من کە بە خۆشحاڵییەکەوە پارچە کاغەزەکەم لە دەستی وەرگرت، دایە پەروین بە نیگایەکی شیرین لە چاوەکانی ڕوانیم و پاشان خەندەیەکی خستە سەر ئەو نیگا شیرینەی کە ناخمی ئارام دەکردەوە. بە گاڵتەئامێزێکەوە پێی وتم:

– ئەگەر پیاوەکەت ژنی بەسەر هێنایت، یان ئەوەندە بێزاری کردیت کە ئارەزووی مانەوەت نەکرد، وەرە بۆ لام، خۆم لەپیاوێکی شاریت مارە دەکەم کە خۆشبەختت بکات.

کاتێک دایە پەروێن ئەو بۆچوونەی خستە ئەندێشەمەوە، هەستم کرد ڕێگایەکم بۆ ژیان دۆزیوەتەوە. پرسیم:

– من کەسێکی گوندنشینم.. شار ئەوەندە بەڵەد نیم. چۆن بتوانم ئێرە بدۆزمەوە ؟!

بەو خەندە شیرینەی کە بەردەوام لەسەر لێوەکانی قەتیس مابوو، لەسەر پارچە کاغەزێک ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی بۆ نووسیم و وتی:

– بگرە ئەوە تەلەفۆنی تایبەتیی خۆمە. هەر کاتێک مەبەستت بوو سەردانم بکەیت، بەم ژمارەیە ئەتوانیت پەیوەندیم پێوە بکەیت. دواتر من خۆم کەسێک بە دووتدا دەنێرم، بەڵام ئەوە بزانە نابێت ئەم قسانە لای هیچ کەسێک بدرکێنیت.. باشە جوانکیلەکەم؟!

دوای ئەو ڕۆژەی کە لە تەک ژنەکەی دراوسێمان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ژیان لە گوندەکەدا بەتەواوی گۆڕرابوو. پیاوەکەم کاری خۆی کردبوو. کاتێک هاتمەوە ناو گوندەکەمان هەموو ئەو ژنانەی ئیرەییان بە جوانییەکەم دەبرد، لە چاوەڕوانی هاتنەوەمدا لەسەر ڕێگەی سەرەکیی گوندەکەمان، وەستابوون. بەچاوێکی گاڵتەئامێزەوە لێیان دەڕوانیم. وەکئەوەی تاوانێکم کردبێت. بە پێکەنینێکی تەوسئامێزەوە گاڵتەجاڕییان بە هاتنەوەم دەکرد. ئەو ڕۆژە تا درەنگانێکی شەو، لە ژووره تاریکەکەمدا مامەوە. کەس بە هانامەوە نەهات تا دڵم بداتەوە. نازانم مرۆڤ بۆ ئەوەندە بێبەزییانە چێژ لە چەوسانەوەی بەرامبەرەکەی دەبینێت کاتێک کە بەئازارێکەوە دەناڵێنێت؟!

بـــەردەوام بیرم لـە خـۆم دەکـــردەوە. ئـەوەنـدە گریام، چاوەکانم وشک بوون. هیچ ئومێدێکم بۆ ئەوە نەمایەوە کە چیتر درێژە بەو ژیانە بدەم کە نرخی خۆمم تیا نەدەبینی. هەستم دەکــرد مرۆڤێکی هێندە بێنرخم کـە شایستەی ژیانکردن نیم. بەزەییم بە لاوازیی خۆمدا دەهاتەوە. خۆم وەک کاڵایەکی بێنرخ دەهاتە پێش چـاو. کە لە سووچی ژوورێکدا توڕ درابم. ئای لە ئازاری ئەو ڕۆژانەی کە ژیانم تیادا کرد. ئۆقرە لە جەستەمدا نەمابوو. مێشکم تەواو ئاڵۆز بووبوو. توانای بیرکردنەوەم لەو دۆخەدا نەمابوو کە بەو چارەنووسەمی سپاردبووم. بەردەوام قسەکانی دایەپەروین وەک ژیلەمۆیەک لە مێشکمدا ئەدرەوشایەوە.

دواجار هەر ئەو شەوە، بڕیارم دا لەو گوندەی کە هەموو ژیانم تیا بەسەر بردبوو، هەڵهاتم. هەر بەو ماکسیەوە کە پێوەی هاتبووم بۆ شـار، هەڵهاتم. کاتێک هەموویان لە خەوێکی قوڵی ئارامـدا ڕۆچـووبـوون، بە جووتێک سۆلی لاستیکەوە، بە ناو دۆڵ و ئەو ڕێچکانەی کە بەراز خۆشی کـردبـوون، ڕێـم دەکــرد. لـەگـەڵ هـەمـوو هەنگاوێکیشدا، بەترسەوە ئاوڕێم بۆ دوای خۆم ئەدایەوە، نەبادا کەسێک سۆسەی هەڵهاتنی کردبێتم و بە دووم کەوتبێت. ئەوەندە شپرزە و شێواو بووم، بە ئاستەم هەستم بە ئازاری ئەو بەرد و تاوێرانە دەکرد کە لەگەڵ هەنگاوە کوێرانەکانمدا، قولە پێم و ئەژنۆکانمی وەک بزمار ئەسمی. کاتێک نزیکی شەقامێکی سەرەکی گوندەکەمان کەوتمەوە، بـەرەو ئەو ئاراستەیە ڕێم دەکرد کە بەرە و شار دەچووەوە.

بـەدەم هەناسەبڕکێ و ئـازاری ناخمەوە، بێئاگابووم لـەوەی لـەو شـەوەزەنگـەدا کە بە ئاستەم تروسکایی ناو گوندەکەم لێوە دیـار بـوو، ماکسیەکەی بـەرم لە دامێنی خوارەوەیدا چەندین کون و کەلەبەری گەورەی تێ کەوتبوو. لە زۆر لاوە ئەوەندە شی ببووەوە لەکاتی هەنگاو نانمدا ئەژنۆکانم بە دەر دەکەوتن.سۆڵەکان لەپێمدا لەت و پەت ببوون، ئەو شەوە بەپێی خاوسی ئەوەندە ڕێم کرد، وزە لە جەستەمدا نەمابوو هەنگاو بنێم. بەناچاری لە کەناری ڕێگەکەدا وەک ئاژەڵێکی بریندار لێی کەوتم. هەناسەبڕکێی ماندوێتیی جەستەم، تۆزی لەو خۆڵە وشکەی سەر ڕێگاکە بەرز دەکـردەوە. بە جەستەیەکی شل و ماندووەوە خۆم بە زەویەکەوە نووساندبوو. گەرووم هێندە وشک بووبوو، تامەزرۆی خواردنەوەی ئاوێکی ساردی ئەو کانییەم دەکرد کە لە ژووررووی گوندەکەمانەوە سەرچاوەی دەگرت. کە لە هاوینی گـەرمـدا، نـێـوەڕوان بە خـواردنـەوەی، چێژێکی بێئەندازەی بە هەناوی مـرۆڤ دەبەخشی. ئـەو شـەوە تا سپێدە بەناو چەندین هەوراز و نشێو دا ڕێم کرد تا خۆم گەیاندە لای دایەپەروین.

گزنگی خۆر، لە پەنجەرەبڵندەکانی ژووری بەندیخانەکەوە، دیمەنی ژوورەکەمانی ڕۆشنتر کردەوە. ئەو ژنانەی کە بە دیار تەلەفزیۆنەکەوە دانیشتبوون، وتەیان لەبەر بڕابوو. پێدەچوو هـەریـەکـەیان لـەسـەر جێخەوەکانی خـۆیـان لە خەوێکی قووڵدا ڕۆچووبن. لەو ژوورەدا تەنیا ئێمە بەئاگا بووین. نازەخان باوێشکێکی قوڵی دا و منی لە ئامێزی خۆی

دوور خستەوە. بە دەنگێکی هێمنەوە کە ئاوێتەی باوێشکێکی قوڵ بوو، وتی:

– کەس نازانێت چارەنووس بە چ ئاکامێکمان ئەگەیەنێت.. ئارام بەرەوە.. هێشتا چەند ڕۆژێکت ماوە ئازاد بیت.. تا ئەو کاتە، بیر لە چارەسەرێک دەکەینەوە.

ئەوەندەی وت و چووە سەر جێخەوەکەی خۆی و چاوەکانی لێک نا. منیش ئەو پرسیارەی کە دڵی گرتبووم لە نازەخانی بکەم و پێی بڵێم کە لەسەر چی سزا دراوە! لەگەڵ باوێشک و نوزەی خەودا، لەدڵمدا ڕەوییەوە.

– ١٣ –

ئەمشەو ئارەزوو دەکەم ئەو چیرۆکانەت بۆ بگێڕمەوە کە بە وێنەی دەنکی گەردانەیەکی زێڕ، لە ڕۆژەکانی تەمەنمدا ئەدرەوشێنەوە. ئەگەر بێت و هەر یەکێکیان دەربهێنم، کەلێنێکی گەورە لە تەمەنی مندا دورست دەکات. ئێستا هەست دەکەم ئەندێشەم تەواو وروژاوە. ڕووداوەکان بە وێنەی ڕاستیی خۆیان دێنە ناخمەوە. ئەو ڕۆژانەم بەبیر دێننەوە کە تەمەنی جوانیی منیان بەهەدەر برد. دەمەوێت بەڕێزتان وەک ژنێکی هۆشیار و بەئەزموون، ڕاڤەی ئەو چیرۆکانەم بکەن. هەوڵ ئەدەم وەک ڕوودانی خۆیان، لە بیرو هەستی تۆدا، وێنایان بکەم. لەم دۆخەدا هەست دەکەم وشەکان خۆیانم لێ بزردەکەن و توانای گەیاندنی ئەو هەستەیان نییە کە لە ناخی مندا خۆی دەنوێنێت.

دەمەوێت تۆ بە هەستەکانی خۆت بەرجەستەیان بکەیت و هەمان ئازاری ناخم لە خۆتدا بخولقێنیت، بۆئەوەی ڕەوایی بەو بڕیارانەم بدەیت کە ژیان تێیدا منی کردە جوانترین کاراکتەری نواندن. نازانم چۆن ناوی ئەم چیرۆکانەت بۆ بنێم؟! زمانم لە یادکردنەوەیاندا گران دەبێ و شەرم لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە پێیاندا گوزەرم کرد. ئارەزوو دەکەم کاتێک گوێبیستیان دەبێت، بە ویستی خۆت، ناوێکی بۆ هەڵبژێریت کە شایستەی ڕەفتارەکانم بێت.

ماڵەکەی دایەپەروین زۆر سادە بوو، کاتێک ماڵەکەی گواستەوە بۆ خانوویەکی تر، تەنیا کەنتۆرێکی نوێن و دۆڵابێکی گەورەی ماکیاژ و سیسەمێکی دوونەفەری و پێنج سیسەمی یەک نەفەری و دۆڵابێکی قاپ و قاچاخی چێشتخانەکەی و تەلەفزیۆنێک و هەندێک جل و بەرگ و پێخەفی هەبوو. لەگەڵ دوو جانتای گەورە کە یەکێکیان بەردەوام لە ژوورەتایبەتەکەی خۆی دایدەنا. پڕی بوو لە وردەواڵە و شتی عەنتیکەو بۆن و بوخوری هەمەجۆر. کە بۆ نووشتە و دوعاو نووسین بەکاری دەهێنان. ئەو ڕۆژەی بڕیاری گواستەنەوەی ماڵەکەی دا، من تەنیا دوو ڕۆژێک دەبوو ئازاد کرابووم.

دایەپەروین ژنێکی زۆر وریا و گورج و گۆڵ دیار بوو. بەتەنێ سەروکاری هەموو کاری گواستنەوەی کاڵاکانی دەکرد. پیاوە سورفولە تەمبەڵەکەی، کە من بە بینینی دڵم هێڵنجی دەدا، وەک منداڵێکی بێدەستەوسان لەو کرێکارانە ڕادەما کە خەریکی داگرتن و گواستنەوەی کەل

و پەلەکان بوون. دایەپەروین وەک چاودێرێکی بێبەزەیی بەسەر کرێکارەکاندا دەیبۆڵاند و هاواری لێ دەکردن کە بە وریاییەوە ئاگاداری کەل وپەلەکانی بن. هەندێکجار بە دووی کرێکارەکاندا دەچوو بۆ ئەوەی شوێنی کەلوپەلەکانیان پێ نیشان بدات. بۆ خۆی لە نزیکیانەوە بەو ماکسییە ڕەنگ پەمەییەی کە دیمەنی وەک کچێکی نازدار و شۆخ و شەنگ بەدەر دەخست، دەوەستا و فەرمانی ئەوەی پێ دەکردن کەلوپەلەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا، دابنێن.

زۆر جار لە ژوورەکان ڕادەما و کەمێک بیری لەوە دەکردەوە چۆن دیمەنێکی ڕۆمانسی هەست بزوێنیان پێ ببەخشێت کە سیسەمەکانی تێدابوو! پاشان کرێکاری گاز دەکرد و شوێنی سیسەمەکانی پێ دەگۆڕین. من و سێ ژنی تر کە لەگەڵ دایەپەروین پێکەوە بووین، وەک کچی ئەو ماڵە ڕەفتارمان دەکرد. هاوکاریی کرێکارەکانمان دەکرد و وردەواڵە و جل و بەرگ و هەندێک کەرەستەی تری سووکەڵە کە لە کاتی کۆکردنەوەیاندا لە بوخچەمان نابوو، بۆ خۆمان لە کۆڵمان ئەناو هەر بوخچەیەک کە تایبەت بوو بەخۆمان، لەتەنیشت سیسەمەکانمانەوە، دامان دەنا. کاتێک کرێکارەکان لە کارەکەیان تەواو بوون، دایەپەروێن بە فرمانێکەوە وتی:

– ئادەی کچینە.. هەریەکەتان شوێن و جێگەی خۆی بە خێرایی ڕێک بخاتەوە.

دایەپەروین، منی لەگەڵ ژنێکی عەرەبدا دانابوو کە هاوتەمەنی خۆم بوو. ناوی ئەمەل بوو. هەتا بڵێی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. چاوە ڕەش و گەورەکانی بە

وێنەی چاوی ئاسک ئەچوون. پرچە ڕەش و خاوەکەی لەگەڵ جووڵە و هەنگاوەکانی، وەک دەریا شەپۆلی ئەدا و دەبریسکایەوە. پێستە سپی و نەرمەکەی بە خاڵی ڕەشی ورد هەموو جەستەی نەخشاندبوو. باڵا مامناوەندەکەی وای لێ کردبوو ئەگەر لە پشتەوە لێت ڕوانیبا، بە منداڵێکی تەمەن سیانزەساڵان دەچوو. هەتا بڵێی نەرم و نیان و لەسەرخۆ بوو. بە ئارامی دەستی بۆ بوخچەکەی برد و ئەو گرێ گەورەیەی کە لە کاتی کۆکردنەوەدا لێی دابوو، بە پەنجە ورد و باریکەکانی، بە ئاستەم خەریکی کردنەوەی بوو. پاشان بە چاوە گەورە و ڕەشەکانی، نیگایەکی شەرمنانەی تێگرتم و وتی:

– تگدەر تساعدنی؟!

من نەمدەتوانی لە قسەی عەرەبی تێبگەم، بەڵام بەو هەڵوێستەی، تێگەیشتم کە پێویستی بەوەیە هاوکاری بکەم. کاتێک گرێی بوخچەکەمان پێکەوە کردەوە، بە خەندەیەکی شیرینەوە وتی:

– شوکرەن حەبیبتی.

ئەوەندەی وت و پۆشاکەکانی لەسەر ئەو سیسەمەی کە لە تەنیشت دیواری دەرگای ژوورەکەوە بوو، بڵاو کردەوە و کەوتە ڕێکخستن و جیاکردنەوەیان. من کە هیچ پۆشاکێکی وەهام نەبوو، کە شایەنی ئەوە بێت لە بوخچەی بنێم. چوومە سەر سیسەمەکەی خۆم. کە بە تەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەوە چەسپ کرابوو، دایەپەروین لەسەر ویستی خۆم، ئەو جێگەیەی بۆ دیاری کردبووم. ژوورەکەی ئێمە،

کەوتبووە قووڵایی ماڵەکەوە. هەتا بڵێی ژوورێکی چەپەک و تاریک بوو.

دایەپەروین بۆ ئەوەی من لە چاوی مێوانەکانی بەدوور بگرێت، ئەوە شوێنەی بەتایبەتی بۆ من دیاری کردبوو. ئەو ڕۆژەی لە بەندیخانەوە منی هێنایەوە بۆ ماڵی خۆی، پێی وتم:

– شەونم.. نابێت بە هیچ جۆرێک خۆت نیشانی میوانەکانم بدەیت.. تۆ ژیانت لەمەترسیدایە.. دەبێت زۆر بە ئاگابیت لە ڕەفتارەکانتدا.. نەبادا کەسێک بتناسێتەوە.(پاشان کەمێک بیری کردەوە و لێمی ڕوانی دواتر وتی ) نامەوێت بەناوی خۆت گازت بکەم و بتناسێنم. دەمەوێت ناوێک بۆ خۆت هەڵبژێریت.

منیش کە ئەندێشەم بە مەترسیی ژیانمەوە ئاڵۆز بوو، تەنیا ئەو ناوەم بەبیردا هاتەوە کە لە فەیسبووکەکەمدا لە خۆم نابوو. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتم:

– دەتوانیت بە ((گوڵی سپی)) گازم بکەیت؟! ئەو ناوەت پێ چۆنە دایەپەروێن.

کەمێک لە سیما ترساوەکەمی ڕوانی و بە خەندیەکی پڕ لە گومانەوە وتی:

– ناوێکی زۆر جوانە.. دڵنیام ناوبانگێکی جوانت بۆ پەیدا ئەکات.

من لە مەبەستی بۆ چوونەکەی تێنەگەیشتم، بۆیە بە خەندەیەکی سارد وەڵامم دایەوە. پاشان پێی وتم:

– گوڵەکەم.. ئەم ماوەیە، دەبێت خەریکی ئامادەکردنی

خواردن بیت. لەوە زیاتر هیچ کارێکی تر ناکەیت. ئەگەر پێویستت بە شتێک بوو، دەتوانیت بە خۆم بڵێیت. یان گازی پیاوەکەم بکەیت، بۆئەوەی بۆت ئامادە بکات. بە هیچ جۆرێک ناچیتە دەرەوە باشە؟! من کە لە ماڵە کەیدا هەستم بە ئارامی دەکرد، سەرێکی دڵنیاییم بۆ لەقاند.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێکی عەسر، خەریکی ڕێکخستن و چاککردنی ناو ماڵە کە بووین. دواتر پیاوەکەی دایەپەروین، بۆ ئێوارە، نانی لە دەرەوە بۆ هێناینەوە. ئەو ئێوارەیە بەهۆی ماندووبوونمانەوە، کەسمان هێزی ئەوەمان نەمابوو لە شوێنی خۆماندا جووڵە بکەین. هەمووومان وەک خێزانێک لە هۆڵە گەورەکەی خانووەکەدا، کۆبووینەوە. دایەپەروین هەردوو تەلەفونەکەی کردەوە کە بە هۆی ماڵ گواستنەوەوە کلۆمی دابوون. ئەوەندەی خولەکێکی نەبرد، هەردوو تەلەفونەکە، وەک ئەوەی بنیادەم بن و لەسەر ئاگر بن، هاواری جەرەسی کڕیارەکانی لێ بڵند دەبووەوە. دایەپەروین بەردەوام هەردووکیانی نابوو بە گوێچکەکانیەوە و بە نۆرە وەڵامی ئەدانەوە. وەڵامەکانی دایەپەروین لە پێدانی ئەدرەسی ماڵە نوێکە زیاتر، هیچی تر نەبوو. ئەوەندە بە شیرینی ئەدوا، بنیادەم ئارەزووی ئەوەی دەکرد بەردەوام گوێبیستی بێت.

لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا دانیشتبووم و پاڵم بەو دیوارەوە دابوو کە گەرمیی خۆری ئەو هاوینە داخی کردبوو، لەو ڕەفتارەی دایەپەروین ڕامابووم. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت لەم شارەدا ئەو هەموو ژن و پیاوانە هەبن کە بەهۆی دەردی نەزۆکییەوە بناڵێنن؟!. ئاخۆ دایەپەروین، چۆن و

بە چ ڕێگایەک چارەسەری کێشەکانیان بۆ دەکات؟ تۆبڵێی دایەپەروین جنۆکەو شتی وای نەبێت لەڕێگایانەوە وەک چۆن دۆعای بۆ نازەخان کردبوو، هەر بەو هۆیەوە دووگیان بووبوو، پاشان بەهۆی هاوسەرەکەیەوە لەباری خۆی برد!

پێدەچێت ئەو ژنە بەو دەعبایانە ئاشنا بێت، ئەگەرنا چۆن ئەو هەموو خەڵکە بەردەوام بە دوویدا دەگەڕێن؟! لە هەواڵی دەپرسن؟! ئەو شەوە تا درەنگانێک دایەپەروین بە تەلەفونەکانیەوە خەریک بوو. من سەرم لەوە سوڕمابوو کاتێک وەڵامی ئەو ژمارانەی ئەدایەوە کە پێدەچوو لە تەلەفۆنەکەیدا تۆمار نەکرابوون و پێیان ئاشنا نەبوو، بە شێوازێک وەڵامی ئەدانەوە وەک ئەوەی دایەپەروین نەبێت. خۆی لێ دەکردن بە کەسێکی تر. یان ناوێکی تری لە خۆی دەنا. وەڵامی هەندێکیان بەوە ئەدایەوە پێی دەوتن:

– بەهەڵە پەیوەندیت پێوەکردووم.. من دایە پەروین نیم.

هەستم بەوە دەکرد هەندێک لە پەیوەندییەکان، زۆربڵێیان لەتەکدا دەکرد. دایەپەروین تەلەفونەکەی بەسەردا کڵۆم ئەدانەوە. پیاوە سورفولەکەشی کە ناوی موحەمەد بوو، ڕەفتارەکانی بە شێوەی ژنێکی بەتەمەن دەچوو. چاوە مات و سوورهەڵگەڕاوەکانی خستە سەر ڕووخسارە سپیەکەی دایەپەروین کە لەبەر پڕشنگی بەتینی گڵۆپی هۆڵەکەدا ئەدرەوشایەوە، وتی:

– پەروین بۆچی وەڵامیان نادەیتەوە؟! کێ نالێت قازانجێکی باشیان نابێت؟!

دایە پەروین برۆکانی کە بە وێنەی دوو شمشێری تیژ

ڕێک خستبوو، لێکی نان و بە نیگایەکی هەڕەشەئامێزەوە لە پیاوەکەی ڕوانی و وتی:

– تۆ کارت بەسەر منەوە نەبێت. من بۆ خۆم دەزانم چی دەکەم و چی ناکەم. تۆ بڕۆ دڵنیا بەرەوە لە دەرگا و پەنجەرەکان. فەرامۆشیان مەکە. تەنیا ئەوە کاری تۆیە، کەچی بە باشی ئەنجامی نادەیت.

موحەممەد، وەک منداڵێکی گوێڕایەڵا، بێئەوەی وەڵامی دایەپەروین بداتەوە، هۆڵەکەی بەجێ هێشت. من لە ڕەفتارەکانی ئەو پیاوە، زۆر بەگومان بووم. هەرگیز پیاوم نەبینیبوو بەو شێوەیە لەتەک ژنەکەیدا هێندە دەستەمۆ بێت. کاتێک دایەپەروین سەری بۆ لای سەعاتە گەورەکەی کە لە هۆڵەکەدا هەڵمان واسیبوو ڕوانی، سەعات دوانزەی شەو لای دابوو. چاوێکی بۆ لای ئەو ژنانە گێڕا کە لەگەڵ ئەمەل بە زمانە تێک و شکاوەکەی خۆیان بە عەرەبی قسەیان لەتەکدا دەکرد. بە دەنگێکی پڕ لە فرمانەوە وتی:

– ئادەی کچینە.. هەریەکاتان بڕۆنە ژووری خۆتانەوە. کات درەنگی کردووە. سبەینێ کاری زۆرمان دەبێت و میوانێکی زۆرمان دێت. ماڵەکە هێشتا شێواو دیارە، پێویستە سبەینێ پێش هاتنی میوانەکان، ڕێکیان بخەین.

ئەوەی وت و تەلە فونەکانی لە گەڵ خۆی بردە ژوورەکەی خۆیەوە.

کاتژمێر دەی بەیانی تێپەڕی کردبوو. دایەپەروین پێدەچوو شەو تادەرنگانێک بەهۆی وەڵامی تەلەفۆنەکانەوە بەئاگا بووبێت. چاوە هەنگوینیەکانی کەمخەویی پێوە دیار

بوو. لە دەرگای ژوورەکەمانی دا و هاواری لێ کردین:
– کچینە.. هەڵسن.. کاتی زۆر مان نەماوە.

پڕشنگی گەرمی خۆری مانگی تەمموز، لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە، گەرمییەکی بێئەندازەی بە جەستەمان دەبەخشی. لە دوای نانی بەیانی، کەوتینە پاککردنەوەی ئەو قاڵییەی کە هۆڵەکەی بە تەواوی پڕ کردبووەوە. دواجار سەرینەکانمان بە دیــواری هـۆڵـەکـەدا ڕیـزکـرد و لـە نـاوەڕاسـتـیـدا ئەو بخوردانەمان پێ کرد کە دایە پەروین لە کاتی پێشوازیی میوانەکاندا، لە بەردەمیدا، دادەنیشت و بەرماڵێکی لەژێر خـۆی دادەنـــا، کـە وێـنـەی مزگەوتێکی قەشەنگی لەسەر نەخشێنرابوو. تاوناتاوێک، بە پەنجە باریک و ناسکەکانی، تـوزێـک لـەو بـخـورەی دەپـڕژانـدە نـاو بـخـوردانـەکـەوە کە ئاگرێکی سەوزی لێ بڵند دەبووەوە. پاشان چاوەکانی لێک دەنا و لەبەر خۆیەوە دەکەوتە ورتەورت، وەکئەوەی زیکر یان نزا بکات، یان ئایەتێکی قورعان بڵێتەوە. بەردەوام لێوە گۆشتنەکانی لە جووڵەدا بوون.

هێشتا من بەو میوانانە ئاشنا نەبووم کە دایەپەروین لە چاوەڕوانییاندا خۆی بۆ ئامادەکردبوو. داوای لێ کردم ئاوێکی زۆر بخەمە ناو ئەو سەتڵە سەهۆڵەوە کە پیاوەکەی ئامادەی کردبوو. دەبوو بۆ ژەمی نیوەڕۆ، خوانێکی باش بۆ خۆمان ئامادە بکەم. پیاوەکەی، بەیانی زوو لە بازاڕ هەموو پێداویستیەکانی ئەو ڕۆژەی لە چێشتخانەکە ئامادە کردبوو.

لە بەرامبەر فەرمانەکانی دایەپەروین دا هەستم بە کەمیی خۆم دەکرد.لەوماڵەدا، خۆم بە خزمەتکارێک دەهاتە پێش

چاو. ئیرەییم بەو ژنانەی تر دەهات کە کاتەکانی خۆیان بە جوانکردنی خۆیان و لێکردنەوەی مووی جەستەیانەوە بەسەر دەبرد. لەگەڵ ئەوەشدا دایەپەروین وەک ژنێکی نوورانی و بەهرەدار، دەهاتە پێش چاوەکانم. ئەفسوونێکی تەلیسمئامێزم لە نیگاکانیا دەبینی. بە زار و گفتە شیرینەکانی، وای لێ کردبووم کە فەرمانەکانی، بە خۆشحاڵییەوە جێبەجێ بکەم. بەتەنێ من نا، بەڵکو فەرمانی بەسەر موحەممەد و ئەو ژنانەشدا ئەدا کە لە ماڵەکەیدا ئەمانەوە.

پێدەچوو بەهۆی کارە پیرۆزەکانیەوە، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیی بۆ خۆی بەدەست هێنابێت. بیرم لەو ڕۆژە دەکردەوە کە لە بەندیخانەکە ئازاد کرام. لەسەر داوای دایەپەروین ئۆتۆمبیلێکی گرانبەها لە بەردەم دەرگای سەرەکیی بەندیخانەکە، لە چاوەڕوانیمدا بوو. کاتێک ماڵئاواییم لە کارمەند و پۆلیسە ژنەکان و توێژەرەوە تایبەتەکەی بەندیخانەکە کرد، نازەخان ئەم لا و ئەو لای ڕاموسیم و پێی وتم کە سڵاوی ئەو بە دایەپەروین بگەیەنم. شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە، لاوێکی باڵامناوەندی بوو. بەرگێکی ڕەنگ خاکی پۆشیبوو. ڕیشی پاک تەراش کردبوو. دەمانچەیەکی لە نێوقەدی نابوو. کاتێک منی بینی، وتی:

– بەڕێزت شەونم خانیت؟

بە دەنگێک کە لە شەرمدا تاسابوو، وتم بەڵێ، ئەویش بە ڕێزێکەوە، وەکئەوەی پێشوازی لە کەسایەتییەکەی پلەبڵند بکا، دەرگای دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کردمەوە. تا ئەو ماوەیەی کە لە ڕێدا بووین بەرەو ماڵی دایەپەروین،

ئەو گەنجە، هیچ نوتقێک لە دەمی نەهاتە دەرەوە. ئەوەندە نەبێت تاوناتاوێک لە ئاوێنەکەی بەردەمی خۆیەوە، لە سیما ترسئامێزەکەمی دەڕوانی. کاتێک گەیشتمە ماڵی دایەپەروین، دایەپەروین کەمێک لە ڕوخسارو جەستەم ڕاما. پاشان بە خەندەیەکەوە وتی:

– وەرە ژوورەوە کچم.. شەرم مەکە.. ئێرە ماڵی خۆتە.. دوای لێبوردن دەکـەم کە ماڵەکەمان شێواو دیـارە، بەم نزیکانە ئەگوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر.

بەهۆی ئەوەی دایەپەروین بەتەمای ماڵگواستەوە بوو، لەو کۆلانە هەموو میوانەکانی بە تەلەفون لـەوە ئاگادار کـردبـووەوە، مـن تـا ئـەو کاتـەش نـەمـدەزانـی میوانەکانی دایەپەروین کێن و چین. لە دوای نانی نیوەڕۆ، کە من خەریکی کۆکردنەوەی خوانەکە بووم، ئەمەل چووە ژوورەکەی خۆی. من کە دەبوو لەسەر فەرمانی دایەپەروین لە کاتی هاتنی میوانەکاندا، لە ژوورەکـەی خۆم بووبام، کارەکانم بەپەلە تەواو کرد.

کاتێک چوومە ژوورەکـەمـەوە، ئەمەل لە بـەردەم ئەو ئاوێنە گـەورەیـەی کـە لـە هـەمـوو ژوورێـکـی ئـەو ماڵەدا هەڵواسرابوو، خەریکی ماکیاژکردنی دەموچـاوە پـان و نەرمۆڵەکەی بوو. بەو قەڵەمەی کە ڕەنگێکی مۆری هەبوو، بەهێمنی، بە کەناری لێوە ئەستورەکانیدا دەهێنا. من لەسەر سیسەمەکەی خۆم دانیشتبووم. سەرنجم لەسەر ئەمەل بوو کە دەستە باریک و سافەکانی بەناو جانتا ڕەشەکەیدا دەکرد و بە دووی قەڵەمێکی ڕەنگی چاودا دەگەڕا تاوەکو چاوەکانی

لە ڕێگەیەوە گەورەتر بنوێنن.

ئەو ڕەفتارەی ئەمەل، پرسیارێکی لە دڵمدا دروستکردبوو، کە نەمدەتوانی بە زمانی عەرەبی ئاراستەی بکەم. ئەوەندە نەبێت بە جوڵەی دەستەکانم، پرسیارەکەم بۆنمایش کرد و پێم وت:

– بۆ کوێ ئەچیت؟!

دیاربوو کە ئەو لە مەبەستی پرسیارەکەم تەواو حاڵی بووبوو، هەربۆیە پێی وتم:

– اروح لشغل يعني ماتعرفين؟!

من کە لە بیری کارەکەی ئەودا نغرۆی ناخی خۆم بووم، ئەمەل ڕووی تێ کردم و وەک نمایشکارەکان، خۆی لە بەردەممدا نواند. دەستی ڕاستی لە کەمەرە باریکەکەی گیر کرد و بە خەندەیەکی شیرینەوە کە لێوەکانی زیاتر لە تۆخی ڕەنگە مۆرەکەیدا دەبریسکانەوە، پێی وتم:

– ها حلوه..

منیش بە خەندەیەکی پڕ گومانەوە، سەرێکم بۆ لەقاند. ئیتر ئەمەل ڕووی لە ئاوێنەکە کردەوە و بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە لە هەموو شوێنێکی سیمای خۆی دەڕوانی. دڵنیا بوو لەوەی کە بەدڵی خۆی، خۆی ڕازاندۆتەوە. تاوی دایە جانتاکەی و چووە دەرەوە.

بە تەنێ، لە ژوورە بچوکەکەی خۆم مابوومەوە. هەستێکی نامۆ، هەموو ئەندێشەمی تەنییەوە. لە پەنجەرە بچوکەکەی کە لای سیسەمەکەمەوە بوو، لەو حەوشە بچوکەم دەڕوانی کە تەنیا لە سەقفەکەیەوە ئاسمانم لێوە دیار بوو. بیرم لە

چارەنووسی خۆم دەکـردەوە. پرسیاری ئـەوەم لە خۆم دەکـرد، ئاخۆ چارەنـووس بە کام تەنگەژەیەکی تری ئەم ژیانەم بسپێرێت!

بـەنـاخـی خـۆمـدا ڕۆچـووبـووم و خـەمـەکـانـم گـەرم دەکـردەوە، غەڵبە غەڵبی میوانەکان، بە هۆشی هێنامەوە. لەسەر سیسەمەکەم بڵند بووم و چوومە نێزیکی دەرگاکەوە. کەمێک دەرگاکەم لێک ترزاند. لەو درزەی کە بە هیندەی دوو پەنجەیەک دەبوو، لە دەرگای پشتەوەی هۆڵەکەم دەڕوانی، کە کڵۆم درابوو، ئارەزووی ئەوەم دەکرد، ئاخۆ لەو هۆڵە گەورەیەدا، کە دەنگی ژنێکی زۆر تێکەڵ بە یەکدی بووبوو، چی دەگوزەرێت؟!

لەو ماوەیەی کە من گوێکانم بۆ ئەوە هەڵخستبوو تاوەکو شتێک لەو دەنگە تێکەڵە حاڵی ببم، یەکێک لەو ژنانەی کە ناوی بەدری بوو، دەرگـای هۆڵەکەی کـردەوە و زەرفێکی نایلۆنی ڕەشی بە دەستەوە بوو، خۆی بە ژوورەکەی دایە پەرویندا کـرد. بـەدری، ژنێکی گەنمڕەنگی باریکەلە بوو، پرچە لـوول و ڕەنگ زەردەکـەی، بە شان ملیدا هێنابووە خوارەوە. هەتا بڵێی ژنێکی خوێن شیرین و ڕووخۆش بوو. ئەو شەوانەی هەمووممان لە هۆڵەکە دەماینەوە، چیرۆکە پێکەنینئامێزەکانی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە. شەوێکیان باسی تەمەنی هەرزەکاریی خۆی بۆ کردین، کە ئەو ساڵە لە قوتابخانە دەکەوێت. کاتێک باوکی دێتەوە و بەو هەواڵە دەزانێت، دەکەوێتەی وێزەی گیانی. دایکی لەو کاتەدا کە دەیەوێت بەدری لەژێر چەپۆکە بەهێزەکانی باوکی قوتار

بکا، کە بە زەبرێکی زۆر شەقەی لە ڕومەتە بەرزەکەی هەڵدەستاند و پێی دەوت:

– تۆ هەر بۆ ئەوە باشیت کە مێرد بکەیت.

لەو کاتەشدا، بەدری لەترسی باوکی، سەری لە باوەشی خۆی ناوە و لە ژێرەوە نوزاوەتەوە. دایکیشی سەری بڵند دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیلاوێنێتەوە، کاتێک دەزانێت، بەدری لە ژێرەوە دەخەنێتەوە. ڕوو لە باوکی دەنێت و دەڵێت:

– پیاوەکە.. بەخوا تۆ ڕاست دەبێژی.. ئەم کچە تەنیا بۆ ئەوە باشە مێرد بکات.. تۆ بڕوانە.. لەبری ئەوەی بگریێ، دەخەنێتەوە.

لەو کاتەدا هەموو دامانە قاقای پێکەنین.

من بە قسەکانی بەدری، کەیفێکی خۆش بە دەروونە ئاڵۆزەکەمدا دەهاتەوە. کاتێک ئەو دەدوا، هەموو هەستەکانم لەو جووڵانەیدا کۆدەکردەوە کە بە جەستە لاوازەکەی، وەک ئەکتەرێکی لێزان، نمایشی چیرۆکەکانی بۆ دەکردین. من تەنیا لەو ساتانەدا بە قسە خۆشەکانی بەدری، خۆم لە خەمەکانم بزر دەکرد.

لە دەرگای هۆڵەکەوە کە بەدری لە دوای خۆی بە کراوەیی بەجێی هێشتبوو، ژنێکی زۆرم بینی. ئەو هۆڵە گەورەیەیان پڕ کردبووەوە. دوو دوو و سێ سێ، سەریان پێکەوە نابوو. دایەپەروین لە ناوەڕاستیاندا، لە بەردەم بخوردانەکەدا، دانیشتبوو. تەلەفونەکەی نابوو بە گوێکانیەوە و قسەی دەکرد. بازنە ئاڵتوونەکانی، مەچەکەکانی هەتا ئانیشکی داپۆشیبوو.

کاڵێ، ئەو ژنەی وەک ئێمە لەماڵەکەی دایەپەروین دەژیا، دەفرێک ئاوی ساردی بەدەستەوە بوو. ئاوی بەسەرئەو ژنانەدا ئەگێڕا کە زۆربڵێییان دەمیانی وشککردبوو. هەرچەندە تەمەنی تەنیا لە بیست و پێنج ساڵێک دەچوو، بەڵام بەهۆی قەڵەوییەکەیەوە، بەتەمەنتر دیار دەکەوت. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا کە بە ناو تێکچڕانی ژنەکاندا دەینا، کەفەڵە بەرزەکەی لە دواوە سەمای دەکرد. من کە لەو درزە بچووکەی دەرگاکەوە، لە دوورەوە چاوێریم دەکردن، بەهۆی سەرقاڵییان بە قسەکردنەوە، بێئاگابوون لێم.

لەو ماوەیەدا کە من چێژم لە دیمەنی ئەو ژنانە دەبینی کە غەڵبەغەڵبێکی ناوازەیان لە گوێکانمدا دروست کردبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە شتێک لە دۆخەکە حاڵی ببم. لەو کاتەدا پیاوێکی قەڵەوی ئەسمەری ڕەزاگران، کە قاتێک جلی کوردیی ڕەنگ قاوەیی لەبەر کردبوو. خۆی بە هۆڵەکەدا کرد و ڕاستەوخۆ چووە لای دایەپەروینەوە دانیشت. نیگاکانی لە ئەندێشەمدا ئاشنا بوو. کاتێک یادەکانی خۆم دۆزی، ناسیمەوە. ئاراس ی برای نارین بوو. بەهۆی هەڵکشانی تەمەنییەوە، شێوەی کەمێک گۆڕرابوو. لەجاران قەبەتر دەهاتە پێش چاوم. لەو کاتەدا دایەپەروین، تەلەفۆنەکەی لە گوێچکەی دوور خستەوە و بە گوێی ئاراسدا چپەیەکی کرد.

ئاراس خەندەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوە ئەستوورەکانی و کەمێک چاوە پڕ لە ئارەزووەکانی بەناو ژنەکاندا گێڕا. سەرنجەکانی، لەسەر ژنێک چڕ کردەوە. سمێڵە گەورەکانی، کە لە دوورەوە لە ڕەشیدا دەبریسکایەوە، بەهۆی غەڵبەغەڵبی

ژنەکانەوە، لە گوێکانی دایەپەروێنی نێزیکتر کردەوە و بەدەم قسەکردنەوە چاوەکانی لەسەر ئەو ژنە بوو کە لە مەودای بینیی مندا نەبوو.

کە بەدری، لە ژوورەکەی دایەپەروین هاتە دەرەوە، بۆئەوەی هەست بە دزە نیگاکانم نەکات، دەرگاکەم جووت کرد و لە پشتەوەی دەرگاکەدا، خۆم مەڵاس دا. دوای کەمێک، دەنگی ئاراس م ژنەوت کە بە بەردەم دەرگای ژوورەکەمدا تێپەڕی و وتی:

– بچینە کام ژوورەوە؟!

دەنگی ژنێک وەڵامی دایەوە و وتی:

– ئەچینە ئەو ژوورەوە.

من کە گوێکانم لەو دۆخەدا هەستەوەرتر دەبوون، بە دەنگی جیڕەی دەرگاکەدا، زانیم کە چوونە ژوورەکەی دایەپەروینەوە. ئەو دیمەنە ئەندێشەی بە تەواوی ئاڵۆز کردبووم. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت هەموو ئەو ژنانە کە بە پۆشاکە پۆشتەو مۆدێلەکانیانیانەوە، کە زۆربەیان ئاڵتوونی گرانبەهایان بە خۆیانەوە کردبوو، چ کارێکیان هەبێت لێرە؟! هەموو ئەو ژنانەی کە سەردانی دایەپەروین یان دەکرد، تەمەنیان لە سەروو سی ساڵانەوە بوو. زۆربەیان هێندە جوان و نازدار بوون، متمانەم نەدەکرد کە بۆ کارێکی نەشیاو هاتبێتن.

ترسێک مێشکی داگیر کردبووم. دەمویست لەو دۆخە بکۆڵمەوە کەتێی کەوتبووم. پاش کەمێک، جیڕەجیڕ و تەپەتەپی سیسەمەکەی دایەپەروین هاتە گوێکانماوە. بەپێی

ڕیتمە یەک لە دوا یەکەکانی، دڵنیا بوومەوە لەوەی کە ئەو دەنگە، تەکانەکانی ئاراس بوو کە بە هەموو توانای جەستە قەبەکەیەوە، لەو ژنەی ئەدا کە چاوەکانی لەسەر نابوو.

چەند خولەکێک لەدوای نەمانی جیڕە و تەپەی سیسەمەکە، دەنگی ئەو ژنەم ژنەوت، کەهاتنە دەرەوە بە ئاراس ی وت:

- هەر کاتێک هاتیت، بە تەلەفونێک دایەپەروین ئاگادرار بکەرەوە. من خۆم ئامادە دەکەم. باشە دڵەکەم؟!

ئاراس کە دەنگێکی وەک خۆی قەڵەوی هەبوو، وتی:

- زۆر باشە، وا دەکەم.

دوای ئەوەی لەدودۆخەکە تێگەیشتم، ڕەنگ بە ڕوومەوە نەما، بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن خۆم لەو زەلکاوە لیخنە قوتار بکەم. هەرچەند بیرم لەو دۆخە ئاڵۆزەی خۆم دەکردەوە، کە مەرگ وەک مۆتەکەیەک هەموو ساتێک خۆی نیشان ئەدام، هێز لە هەموو جەستەمدا نەدەما. هەستم کرد دڵم خەریکە لە شوێنی خۆی دەوەستێت. بە ئاستەم خۆم گەیاندە سەر سیسەمەکەم و بە پشتدا پاڵم دایەوە. چاوەکانم لە ئاسمان بڕی. قوڵپی گریان گەرووی تاساند. بەتەنێ لەو ژوورەدا بەکوڵ بۆ بێچارەیی خۆم گریام. بیرم هێندە ئاڵۆز بوو، بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو دۆخەم بدۆزمەوە!

هەستێکی پەژیوانی، هەموو ناخی گرتبوومەوە. ئەو ڕۆژانەی بە بیردا هێنامەوە کە بە سادەیی خۆم،بە دڵێکی ئارام و هەستێکی سادەوە، لەگەڵ دایکم و باوکم و شەوبۆ ی خۆشکم، ژیانم دەکرد. ئای لەو ڕۆژانە چەند بەخێرایی بە

تەمەنی مندا گوزەریان کرد! تامەزرۆی ئەو تەمەنەم دەکرد کە لە هەستی منداڵیی خۆمەوە، لە ژیانم دەڕوانی و ڕۆژەکانم بە خەندەیەکی سادەوە، بەڕێ دەکرد و شەوانە، بە ئارامی چاوەکانم لێک دەنا و سپێدە، بە خەونە سەوەزەکانمەوە، ڕادەبووم.

ئای لەو ڕۆژانە! چەندە جوان و بەچێژ بوون! من تەنیا بەو ڕۆژانە دڵنەوایی ئەو دڵە بەئازارەم ئەدایەوە. بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی دەبێت مرۆڤەکان خاوەنی دڵێکی هێندە ڕەق بن! لەتەک هەڵەکاندا توانای ئەوەیان نییە تەنیا بە وشەیەک کە لە ناخی دڵیانەوە بێت، لە بەرامبەرەکانیان ببوورن. ئاخر مرۆڤ بۆ خۆی لە هەڵەوە دروست بووە. ئەو هەڵەیەی بە خۆشەویستییەکی ئەفسوناوی، ئارایشتی خۆی کردووە و دواجار لێی پەشیمانە. باشە بۆچی دەبێت منێکی مرۆڤ، لە بەردەم دەربڕینی هەستەکانمدا، ئازار بچێژم و بە هەموو ژیانم باجیان بدەمەوە؟!

ئاخر خواوەند بە عەشق و خۆشەویستییەوە خولقاندوومی و بۆ خۆی هەموو هەستەکانی پێ بەخشیوم، کەچی مرۆڤگەلێک شکۆی خۆیان بە مندا هەڵدەواسن و کۆیلەی ئەندێشەی تاریکی خۆیانم دەکەن. تۆ پێم بڵێ خاتوو مۆڵی.. ئاخر من چیم کردووە تا شایەنی ئەو هەموو ئازارانە بم کە بە ناچاری ئەیانچێژم؟! من تەنیا عاشق بووم بە کەسێک کە دڵم خواستی بوو. ئیتر بۆچی دەبێت ژیانم بەو جۆرە بێت کە خاوەنی جەستەی خۆم نەبم.

بیری دایکم و شەوبۆ ی خۆشکم دەکرد دڵم بۆ مەرگی

ناوەختەی باوکم، ئازاری دەچەشت. لە خۆمدا سەرزەنشتی خۆم دەکرد کە بوومە هۆی ئەوەی باوکم بە خەمی منەوە گیانی سپارد. ئاخۆ ئێستا وێنام لە ئەندێشەیاندا چۆن بێت و لە خەمی مندا چۆن ڕۆژە درێژەکانیان بەڕێ بکەن؟! لەو ساتەدا بیرم لەوە کردەوە پەیوەندی بە شەوبۆی خوشکمەوە بکەم بۆئەوەی هەرچۆنێک بووە لەم دۆخەی بە ژیان و هەستەکانم نامۆ بوو، قوتارم بکات.

ئەو ڕۆژە بە هۆی قەرەباڵخی میوانەکانی دایەپەروینەوە، بۆم نەکرا لە ڕێگەی تەلەفۆنەکەیەوە، پەیوەندییان پێوە بکەم. تا درەنگانێکی ئێوارە، بەتەنێ، لە ژوورەکەمدا ناخی خۆم دەخواردەوە. ئەوەندە گریام، چاوەکانم ئاوسابوون و نیگاکانم تەڵخ بووبوون. من کە خەمێکی گەورە هۆشی لەدەستدا بووم، لەسەر سیسەمەکەم بە ئازاری ناخمەوە دەستەکانم لەسەر چاوەکانم نابوو. بێئاگابووم لەوەی چەندێک لەناو خەمی خۆمدا ڕۆچووبووم، لەپڕ دەنگی دەرگاکە ڕایچڵەکاندم. بینیم ئەمەل بە خۆبادانێکەوە خۆی بەژوورەکەدا کرد. خۆشبەختیم لە سیما گەشەکەیدا بەدی کرد. بەو چاوانەی کە ماکیاژێکی ناوازەیان پێوە بوو، لێمی ڕوانی. پاشان چووە نزیکی سیسەمەکەی خۆیەوە هەموو جلەکانی داکەند و دەسڕێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و ناولینگی خۆی پێ خاوێن کردەوە. کەمێک لە دەسڕەکە ورد بووەوە و دواتر تورِی دایە ئەو زبڵدانە بچکۆلەیەی لە قوژبنی دەرگاکەوە دانرابوو.

کاتێک ماکسیەکەی لەبەر دەکرد، من چاوەکانم لەسەر

ئەو شوێنانەی ڕانی بوو کە لە هەموو لایەکەوە ئاسەواری جێگازی پیاوانی پێوە دیار بوو، کە سوور و شینیان کردبووەوە. ئەمەل جەستەیەکی ئەوەندە ناسک و نەرم و نۆڵ و سپیی هەبوو، ئەستەم بوو پیاو لە بەردەمیدا خۆی گرتبا. کاتێک ماکسییەکەی لەبەر کرد، دەستی بەناو جانتکەیدا کرد و زەرفێکی کاغەزی دەرهێنا و کردییەوە. لە ناویدا بە پەنجە باریکەکانی بڕێک پارەی سەد دۆلاریی ئەمەریکی دەرهێنا و کەوتە ئەژمارکردنی. ئەوەندەی من بەوردی لە ڕەفتارەکانیم ڕوانی، پارەکە نزیکی هەزار دۆلاری ئەمەریکی دەبوو. پێنج پارچەی لەو پارەیە جیا کردەوە و کردیەوە ناو جانتاکەیەوە و ئەوەی کە مایەوە، لەناو زەرفەکەی نایەوە.

ئێواریٚ کە هەموومان بۆ شێوکردن لە هۆڵەکە کۆ بووینەوە، چووە نزیکی دایەپەروین و کەمێک لەژێر لێوە ئەستورەکانیەوە، بە گوێی دایەپەروین دا چپاندی و زەرفە کاغەزەکەی ڕادەست کرد. دایەپەروین زەرفەکەی نایە نێو مەمکدانەکەیەوە و دواتر پێکەوە کەوتنە قسەکردن. ئەوەندە بە نزمی قسەیان دەکرد، ئەگەر زمانی عەرەبیشم زانیبا، لێیان حاڵی نەدەبووم. دایەپەروین تاوناتاوێک لەنێوان قسەکانی ئەمەل دا، دەیدایە قاقای پێکەنین و پاشان هێور دەبووەوە و گوێکانی بۆ شل دەکردەوە. دیمەنی دایەپەروین، لەپێش چاوەکانمدا، تەواو گۆڕرابوو. وەک شەیتانێکی ترسناک دەهاتە پێش چاوەکانم. ئەو ڕەفتارانەی دایەپەروین، تەواو منیان خستە ناو دۆخێکەوە کە هەموو جەستەمی لە دڵەڕاوکێدا نغرۆ کردبوو.

لەدوای نانی ئێوارە، دایەپەروین پاڵی بە سەرینەکەیەوە دایەوە کە بە دیواری هۆڵەکەوە بوو، بەپەنجە باریکەکانی جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی بەردەمی دەرهێناو خستییە نێو دەمی،پاشان دای گیرساندوو بەمژێکی قوڵ سیماسپی و تەڕەکەی لەنێو دوکەڵەکەیدا نقوم کرد. پێش ئەوەی تەلەفۆنەکانی بکاتەوە و خۆی بە وەڵامی کڕیارەکانیەوە خەریک بکات، چوومە نێزیکیەوە و بە دڵێکی لەرزۆکەوە داوای ئەوەم لێ کرد پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەم. دایەپەروین بە نیگایەکی پڕلە گومانەوە لێمی دەڕوانی، وتی:

– ئەتەوێت لەگەڵ کێ قسە بکەیت؟

–لەگەڵ خوشکێکم.. زۆری بیر دەکەم.

کەمێک لە خۆی ڕاما ومژێکی تری لەجگەرەکەی دایەوە، پاشان ڕووی کردە بەدری، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی ئەو دوکەڵە خەستەی جگەرەکە لە لێوەکانی.وتی:

– ئادەی کچم.. ئەو تەلەفۆنەم بۆ بهێنە کە لەناو چەکمەجەی نووستنەکەمدا دام ناوە. ئەوەندەی خولەکێکی پێنەچوو، بەدری تەلەفونێکی بچوکی هێنا و دایە دەستی. دایەپەروین، تەلەفۆنەکەی لێ وەرگرت و ڕادەستی کردم و وتی:

– ها کچم.. بە ئارەزووی خۆت قسە بکە. بەڵام بە مەرجێک نابێت هیچ زانیاری و شوێنی ئێمە بدرکێنیت. باشە؟!

من تامەزرۆی ئەوە بووم گەر بۆ ساتێکیش بووە، گوێبیستی شەوبۆی خۆشکم بم و دڵ و دەروونم ئارام بکاتەوە. بە نیگایەکی متمانەئامێزەوە وتم:

- دڵنیا بە.. کاری واناکەم.

ئەوەم وت و چوومە ژوورەکـەی خۆمەوە. ژمارەکەی شەوبۆم تۆمارکردوو زەنگێکم بۆ لێ دا. چاوەڕوانی وەڵامم دەکرد. کە گوێبیستی دەنگی بووم. وا هەستم دەکرد مردووم و جارێکی تر ڕۆح بە جەستەمدا گەڕاوەتەوە. ئەو کە زانی من پەیوەندی پێوە دەکەم، بە دەنگێکی شپرزەوە وتی:

- ئۆخەی.. ئەوە ماویت؟! شەونم گیان؟! ئەی ئەزانیت کە ئێمە چەند لە خەمی تۆدا بووین؟!

زانیم ئـەوان لە چاوەڕوانیی ئازادبوونمدا، چاوەڕوانی کارەساتێکی مەترسیداریان لێ دەکردم. وتم:

- تکات لێ دەکەم شەوبۆ.. دەمەوێت بتبینم و چارەسەرێکم بۆ بدۆزیتەوە.

کاتێک ئەوەم وت شەوبۆ بە دەنگێکی بڵند هـاواری لێ کردم و وتی:

- نەکەی خوشکم.. کـاری وا نەکەی ئامان.. ئاگات لە خۆت بێت.. لەوەتەی هەواڵی ئازادکردنی تۆیان زانیوە، برا و کەس و کاری سەرکەوت، وەکو گورگ بەردەوام چاودێری ئێمە دەکـەن. دەیانەوێت بە هەر کلوجێک بـووە، دەستیان بگاتە خوێنی تۆ. ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو تۆ ئازاد ببیت، دوو پیاو هاتنە ماڵی ئێمە. سیما و نیگایان، زۆر مەترسیدار بوو. هەواڵی تۆیان دەپرسی. چاوەکانیان بە ڕوونـی خوێنیان لێ دەچـۆڕا. وتمـان کە ئێمە ئـاگـاداری ئـازادبوونـی ئەو نین. ئـەوان کە بـەردەوام دەستێکیان بە دەمانچەکەی بەر کەمەریانەوە بوو، وتیان خوێنی شەونم بۆ ئێمە حەڵاڵە. ئەو

شکۆی بنەماڵەکەی ئێمەی لەکەدار کردووە. تا بە خوێنی ئەو شەرەفی خۆمان پاک نەکەینەوە، دڵمان ئاسوودە نابێت. ئێمە خەو بەئارامی ناچێتە چاوەکانمانەوە. ڕۆژەکانمان بە ئاسوودەیی تێناپەڕێت. بۆئەوەی بە سەربڵندی لەناو خەڵکیدا گوزەر بکەین، دەبێت ئەو خوێنە بڕژین کە قەدەر بۆمانی حەڵاڵ کردووە.

کاتێک شەوبۆ ئاوا لە تەلەفۆنەکەوە ئەدوا، هەستم بە هەنسکی گریانی دەکرد. کە تێکەڵ بەو وشانەی بوو. بەتاسەوە لە گەرووی دەهاتنە دەرەوە. ئەو قسانەی شەوبۆ، منیان گەڕاندەوە بۆ ئەو دۆخە نائومێدییەی کە زۆری ڕۆژەکانی تەمەنمی داگیر کردبوو. وتم:

– شەوبۆ گیان.. من ئێستا لە سەرەتای جەنگەڵێکی تاریکدام.. دەمەوێت شتێکم بۆ بکەیت. لەم دۆخە دژوارەی ژیانم قوتارمکە، ڕێگایەکەم بۆ بدۆزەرەوە.. لەم شارەدا هەموو شتێک بە من نامۆیە. بۆ خۆیشم نازانم بە کام ئاراستەیدا ڕێ بکەم؟!

ماوەیەک چاوەڕوانی ئەوە بووم کە وەڵامم بداتەوە. بەڵام هەنسکی گریانی، ئەوەندەی تر ئازاری ڕۆحی منی ئەدا. ئای چۆن مرۆڤێک بووم! چۆن توانیم لەو ساتەدا بەرگەی هەموو ئەو ئازارانە بگرم کە وەک چەقۆیەکی کول بە ناخمدا ڕۆدەچوون! پاش کەمێک کە هێشتا کەفی ناخی دانەمرکابووەوە، وتی:

– بمبوورە خوشکەکەم.. تەنانەت ناتوانم بێمە سەردانت و لە نزیکەوە لە ئامێزت بگرم.. تکات لێدەکەم بمبورە..

من لە بێدەسەوسانی خۆمدا، بەرامبەر بەتۆ، ناخی خۆم دەکرۆژم. ئارام بگرە شەونم.. ئارام بە تا خودا دەرفەتێکت بۆ دەڕەخسێنێت. هیچ مرۆڤێک لە بەردەم دەرگای خودای مەزندا، نائومێد نابێت.. مەهێڵە تامەزرۆیت بۆ ئێمە بە مەرگت ئاشنا بکات.. ئاخر ئێمە بەرگەی مەرگی تۆش ناگرین.. مەهێڵە بە چاوەکانی خۆمان، ئەو کارەساتە ببینین، کە ئەو دڕندانە بیری لێ دەکەنەوە.. ئەوان تینووی خوێنی جەستەی تۆن.. وەک گورگی برسی بۆنی خوێنی تۆیان کردووە.. لەهەر شوێنێک بیت، دڵنیام بە لووتە درێژ و هەستەوەرەکانیان، دەتدۆزنەوە.. مەهێڵە ئاسەواری بۆنی جەستەت بە هیچ شوێنێکەوە بمێنێت.. تکا دەکەم خوشکەکەم.. ئەگەر نەمبینیتەوە، لێم ببوورە کە نەمتوانی لە مەرگ قوتارت بکەم.

ئەو شەوە، تا درەنگانێکی شەو، بەدەم ئازاری ناخمەوە گینگڵم ئەدا. لە خودا دەپاڕامەوە کە فریادڕەسێکم بۆ بنێرێت. ئای لەو شەوە بەئازارانەی کە من چۆن لەتەکیا تا سپێدە ڕۆژم کردەوە! ئای لە بێکەسیی خۆم، نەمدەزانی هانا بۆ کێ ببەم و متمانە بە کێ بکەم! مرۆڤ تا نەکەوێتە تەنگانەوە، هەست بەوە ناکات چەندە تەنیا و بێکەسە. بەزەیم بە خۆمدا دەهاتەوە. خۆم وەک کەسێکی بوودەڵە و کەم، دەهاتە پێش چاوەکانم. بەو خەمەوە کە ئەندێشەی تاریک کردبووم، تا بەرەبەیان بە بێداری لەسەر سیسەمەکەی خۆم ئەتلامەوە.

# ڕۆژی پێنجەم

## - ١٤ -

کلوە گەورەکانی بەفر، بەئارامی دەهاتنە خوارەوە. زێدەتر شاری ستکهۆڵمی لە خۆیدا سپی دەکرد. ئەو دیمەنە هەستێکی جیاوازی لە ناخمدا دروست کردبوو. بیرم لە جوانی ئەو سروشتە دەکردەوە، کە بەردەوام لە پاککردنەوەی ئەو کەشە نالەبارەدا بوو، کە مرۆڤەکان بە جووڵە و هەستە جیاوازەکانییەوە، دیمەنی جوانی ئەو بەفرەیان ئەشێواند. بە هەناگاوە بەپەلەکانیان بۆ ژیان، بێباک بوون لە جوانیی ئەو سروشتە سادەیەی کە ژیان تێیدا ئارامی بە خۆوە دەبینێت. بیرم لەوە دەکردەوە، سروشت بە ڕەنگە جیاوازەکانییەوە، دەیەوێت ژیانێکی جیاواز و هەمە چێژ بە دەروونە ئاڵۆزەکانمان ببەخشێتەوە. هەموو ئەو ڕەنگانەی کە سروشت لە ئامێزی گرتوون، وێنای ئەو ڕەنگە جیاوازانەیە کە لەپشت دەمامکەکانی نیگاکانمانەوە، خۆیان مەڵاس داوە.

کاتێک لە دیمەنی سپی و جوانی ئەو بەفرەم دەڕوانی،

کە هەموو شارەکەی لەخۆیدا سپیپۆش کردبوو، هەستم بە سادەیی و ئارامیی دەروونی خۆم دەکرد. بەو هەستەوە لە ژیانم دەڕوانی و بیرم دەکردەوە دەبێت ئەفسوونی بەفر لەوەدا بێت کە گەردوون بیەوێت، لە ڕێگەیەوە، ناخمان لە بیری ئاڵۆز و شەڕەنگێزی، بشواتەوە. هەربۆیە ڕەنگی سپی بووەتە سومبولی سادەیی و پاکی بۆ ژیان.

ئەو دیمەنە، منی لە ئامێزی خۆی گرتبوو. هەستە هەڵچوونەکانمی لەمەڕ لیۆن ڕەواندەوە. جارێکی تر ئەوی لە ئەندێشە عەشقبازییەکەمدا ئالاندەوە: هەستێک کە ئاوێتەی لێبوردەیی بوو، هەموو ناخمی تەنییەوە. سەرکۆنەی ئارەزووەکانی خۆم کرد، کە بۆچی دەبێت لە ئاست مرۆڤێکدا کە ناخی بە نیگاکانم ئاسوودە بێت، من بە هەڵچوونێکەوە بریندار بکەم! کێ ناڵێت ئەو ئێستا بە ئازاری هەستەکانیەوە ئازار ناچێژێ؟! من لە ئەندێشەی خۆیدا وەک تاوانکارێک وێنا ناکات؟!

دەبێت ئەو ئێستا چۆن بیرم لێ بکاتەوە؟! ئایا ڕەفتارە هەرزەکارانەکەم، وەک خەمێک، دڵی گران نەکردووە! دڵنیام ئێستا لە چاوەڕوانی ئەوەدایە پەیوەندی پێوە بکەم و پۆزش بۆ ئەو ڕەفتارانەم بهێنمەوە کە بووە کۆتاییهێنانی ئەو پەیڤەی کە هەستی هەردووکمانی ئاوێزان کردبوو.

کاتێک یەکێک لە فەرمانبەرەکانی هۆبەکەم، دۆسییەی پەناهەندەیەکی بیانی خستە سەر مێزەکەم، ئەو هەستەی کە دیمەنێکی ناوازەی بە ڕووخسارم بەخشیبوو، بە ڕوونی، لە نیگا تاریکەکەمدا بینی. جا بۆئەوەی مۆڵەتی ئەوەی پێ

نەدەم پرسیاری ئەو دۆخە شێواوەم لێ بکات، سەرنجیم بۆ لای ئەو دۆسیەیە کێش کرد کە چەند وەڵامێکی جیاوازی پەناهەندەکەی تیا تۆمار کرابوو. لەگەڵ خوێندنەوەی دۆسیەکەدا، داوای ئەوەم لێ کرد پەیوەندی بە پەناهەندەکەوە بکات و وەڵامێکی دروستم بداتەوە. فەرمانبەرەکە تا لە دەرگای ژوورەکەم تێپەڕی، چەندجارێک ئاوڕی بۆ دامەوە. وەکئەوەی بیەوێت خۆی لەو گومانە یەکلا بکاتەوە کە بووە خەمی پرسیارەکانی.

نزیکەی کاژێرێک بەسەر دەوامی فەرمیی هۆبەکەمدا، تێپەڕی کردبوو. ددانم بە هەستەکانی خۆمدا گرتبوو. بەردەوام چاوەکانم لەسەر تەلەفۆنەکەم بوو، کە زەنگێک لە لیۆن ەوە بێت. کات لە چاوەڕوانیمدا تێپەڕی کردبوو. گوێبیستی ئەو زەنگە نەبووم کە ئەو گومانەی ئازاری بە ناخم دەبەخشی، بیرەوێنێتەوە. ئەو چاوەڕوانییە لەوە دڵنیای کردمەوە کە کارێکی نەشیاوم کردووە. بۆ سزادانی خۆم، چێژم لەو ئازارە دەبینی کە ناخمی هەڵگوشیبوو. بیرگەڵێکی زۆر بە ئەندێشەمدا دەهاتن و دەچوون. بەدوای شێوازێکدا دەگەڕام کە گونجاو بێت بۆئەوەی دڵی لیۆن لەمەڕ ڕەفتارەکانم سپی بکەمەوە.

لە ڕاڕایی خۆمدا، چەندجارێک لەسەر کورسیەکەم هەڵدەستام و لەپەنجەرەکەوە لە دیمەنی بارینی بەفرەکەم دەڕوانی، کە تا دەهات زێدەتر شارەکەی سپیپۆش دەکرد. دواجار گەڕامەوە سەر کورسیەکەم و دەستم دایە تەلەفۆنەکەم و پەیوەندیم پێوە کرد. کەچی کۆتایی بە

زەنگلێدانەکە هات و ئەو وەڵامی نەدامەوە. بۆ چەند جارێک پەیوەندییەکەم دووبارە و سێبارە کردەوە، بەڵام وەڵامی هیچ پەیوەندییەکم نەدرایەوە.

ئەوە، تەواو ئارامی لە جەستەم بڕی. هێزی ئەوەم نەبوو لەسەر کورسیەکەم خۆم بڵند بکەمەوە. خۆم لە کەناری فەرامۆشیی هەستەکانی ئەودا بینیەوە. لەو دۆخە دژوارەدا، کە مێشکمی ماندوو کردبوو، چەند جارێک بیرم لەوە کردەوە کە مۆڵەتێکی کاتی، وەربگرم و ڕاستەوخۆ بچمە ئەو بنکەیەی کە ئەو کاری تێدا دەکرد. تەنیا بۆ ئەوەی خۆم لەو سزایە قوتار بکەم کە هەستەکانم پێی دەبەخشیم.

بیرم لەوە دەکردەوە کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی هەست و بیرێکی تایبەت بە خۆیەتی. ئەگەر هەر یەکێکمان، لە بۆچوونەکانی خۆیەوە، بیەوێت کەسی بەرامبەری خۆی دەستەمۆ بکات، ئەستەمە کە مرۆڤایەتی بەو جەنجاڵییە ئاڵۆزەی کەسایەتییەوە، بتوانێت پێکەوە هەڵبکات. ئاخر بۆ ئەوەی مرۆڤەکان درێژە بە پەیوەندی و پێکەوەژیان بدەن، دەبێت ڕێگەش بە جیاوازی و پێچەوانەیی ئارەزووەکانی خۆشیان بدەن. تاوەکو مرۆڤ لە پێکەوەبوونیان، بەئاسوودەیی بژین و درێژە بە خۆشەویستیی نێوانیان بدەن. پێویستە لەمەڕ ناکۆکییەکانیاندا، لێبوردە بن و جیاوازییەکان بە مافێکی بەرامبەر پەسەند بکەن.

خۆشەویستی، هەستێکی جودا بەناخی مرۆڤ دەبەخشێت. وا دەکات ژیان لە دیوە جوانەکانەوە ببینیت و بە چاوێکی ڕێزپەسەندەوە لە کەسی بەرامبەرت بڕوانیت.

ئاخر ئەگەر هەستی خۆشەویستی لە ناخی مرۆڤدا بوونی نەبووبا، ئەستەم بوو درێژەی بە مانەوەی خۆی دابا. مرۆڤ بە خۆشەویستییەوە جوانە. ئەو هەستە وا دەکات کەسەکان لە ناخی خۆماندا، جێ بکەینەوە و ڕێگەی پێ بدەین تێکەڵ بە ناخ و جەستەمان بێت.

ئەگەر بچمە لای و داوای لێبوردنی ئەوەی لێ بکەم کە هەستەکانیم بریندار کردووە، چۆن لێم دەڕوانێت؟! ئایا ئەوە بە دۆڕاندنم لەو گەمەیە ئەژمار دەکات؟ یان وەک مرۆڤێکی بەهەست و دڵ کەیلی خۆشەویستیم بۆ خۆی، لێم دەڕوانێت و زێدەتر لە جارن گرنگیم پێ دەداو وام لێ دەکا زیاتر ڕۆبچمە قوڵایی ناخییەوە؟!

کە لە ئەندێشەی ئەو بیرگەلەدا نغرۆی ناخم بووبووم، زەنگی تەلەفونەکەم، هۆشمی بۆ ناو ژوورەکەم هێنایەوە. کاتێک ڕوانیم لیۆن پەیوەندی دەکات. هەستێکی خۆشبەختی هەموو جەستە و ناخمی لەو بارگرژیە ڕەواندەوە. بەپەلە وەڵامم دایەوە و بە دەنگێکی پڕ لە هەستی خۆشەویستییەوە وتم:

– بەڵێ.. لیۆن.. چۆنیت؟!

– تۆ باشیت مۆڵی؟؟ بمبوورە کە وەڵامی پەیوەندیەکانتم نەدایەوە.. بەهۆی کارێکی لێکۆڵینەوەوە تەلەفونەکەم لە ژوورەکەی خۆم، بەجێ هێشتبوو. ئێستاکە گوێبیستی تۆم، قسەم بۆ بکە.

– بۆ ئەوە پەیوەندیم پێوە کردیت، کە گومانی ئەوەم کرد.. کە.. تۆ.. دوێنێ.. من.. بە.. قسەکانم، زویرم کردبیت.

– بۆچی وا بیر دەکەیتەوە؟!

– کە لە تۆ جیا بوومەوە.. ئەو کات، وا هەستم کرد کە هەڵچوونێکی هەرزەکارانەم بەرامبەر تۆ نواندبێت.. یانی تۆ.. لێم زویر نەبوویتە؟

– بەپێچەوانەوە ئەزیزم.. دوێنێ جوانترین ڕۆژی من بوو.

– سوپاسی ئەو هەستە جوانەت دەکەم.

– جوانیی تۆ، ئەو هەستەی لام دروست کردووە.

– وتەکانت ئەوەندە ڕۆمانسییە، هەست دەکەم لەگەڵ شاعیرێکدا ئەدوێم.

– هەموو کات نا.. هەندێک جاریش ئەگەر وەک لێکۆڵەرەوەیەک لێم بڕوانیت، خراپ نییە.

ئەوەندە بە شیرینی لەگەڵم ئەدوا، تامەزۆری ئەوە بووم کە لە نزیکەوە لە ئامێزی بگرم. من لە بیری ئەوەدا بووم کە پێشنیاری یەکتر بینین بکەین، بەڵام ئەو بە دەنگێکی نەرمەوە، کە لە مایکرۆفۆنی تەلەفونەکەمەوە، وەک ئاوازێکی بەسۆز، گوێکانمی ئەزرنگاندەوە، وتی:

– شیرینەکەم.. دەکرێت لە هەمان شوێن، یەکتری بینینەوە؟!

هەستم کرد کە وشەگەلێک، دڵی هەرووکمانی پڕ کرووە. بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە وتم: بێگومان.

ئەو ڕۆژە بە دڵێکی ئاسوودەوە، لە دوای کۆتایی کارەکەم، بەرەو ئەو ژوانە ڕێم کرد، کە تەمی تەنیاییی دڵمی ئەڕەواندەوە. کاتێک گەیشتمە ئەو قاوەخانەیەی کە بەفر سەوزایی دار سنەوبەرەکانی پارکەکەی تەنیشتی سپیپۆش

کردبوو، ئەو لەپێش منەوە لە نزیکی ئەو پەنجەرەیەوە دانیشتبوو کە دەیڕوانییە دیمەنی ئەفسووناوی پارکەکە. لێی نزیک بوومەوە. وەک دوێنێ. تاوی دایە کورسیەکەم و بە هێمنی لێی نزیک کردمەوە. پاشان گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و بە نیگایەک کە خۆشەویستییەکی بێدەنگانەی لێ دەچۆڕا، بەخێرهاتنی کردم و وتی:

– لەگەڵ ئەم کەشە ساردەدا شەرابێکی سوور گونجاوە؟! یان سپی؟!

من ئەندێشەم مژوولی جیاوازیی ڕەنگ و تامی شەرابەکە بوو، ئەویش بە چاوە بزێوەکانی، لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکەمدا بوو. وتم:

– بە بڕوای تۆ.. کامیان بۆ ئەم کەشە، بەچێژە؟!

ئەو کە بەردەوام خەندە ئەفسووناویەکەی لەسەر لێوەکانی بوو، وتی:

– پێم خۆشە تۆ هەڵی بژێریت.

سەرێکی ڕەزامەندیم بۆ لەقاند و وتم:

– با ئەمڕۆ.. شەرابێکی سپی بخۆینەوە.

ڕووی بۆ لای ئەو گارسۆنە وەرگێڕا کە لە نزیکمانەوە چاوەڕوانی دوا بڕیاری ئێمەی دەکرد. وتی:

– شوشەیەک شەرابی سپی و چەند قاپێک میوەی تێکەڵەمان بۆ بهێنە.

تا ئەو کاتەی گارسۆنەکە شەرابەکەی هێنا و پەرداخەکانی نیوە کرد، چاودێریی ڕەفتارە چێژبەخشەکانی لیۆن م دەکرد. خۆی بە ڕێکخستن و دانانی کەرەستەکانەوە خەریک

کردبوو. کاتێک گارسۆنەکە بە ڕێزێکەوە، خۆی لێمان بەدوور گرت. لیۆن دەستی بۆ پەرداخەکەی برد و بەرەو ڕووم بلندی کردەوە. منیش هەمان ڕەفتاری ئەوم دوبارە کردەوە و زرنگەمان لەو پەرداخە تەنکە هەڵساند کە لەگەڵ ڕەنگی ئاوی شەرابەکەدا، ئاوێتە بووبوو. لیۆن قومێکی پڕی لە پەرداخەکەی دا و کەمێک بەتاسەوە، لێمی ڕوانی. پاشان برۆ زەردەکانی لێک ناو وتی:

– بۆچی وا هەست دەکەیت کە لێت زویر بووبێتم؟

هەستم کرد کە ئەو پرسیارە، بەرەو بزواندنی هەستەکانی ناخم، پەلکێشم دەکات. لەو ساتەدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد ڕاشکاوانە پێی بڵێم: خۆشەویستیت،ئەو گومانەی لا دروست کردووم.. بەڵام ئارەزووی ئەو گەمەیەی کە ناخمی گیرۆدەی خۆی کردبوو، وای لێ کردم وەڵامی پرسیارەکەی بە شێوازێکی تر بدەمەوە. پەرداخەکەم لە بەردەم خۆمدا دانا. ئەو هێشتا دەقی بەو شێوەیەی خۆیەوە گرتبوو کە پەرداخەکەی لەنێو پەنجە ئەستورەکانیدا، لەنگەری گرتبوو. هەستم دەکرد کە چاوەکانی لەسەر لێوەکانم بوو، کە تەڕی شەرابەکەی پێوە قەتیس مابوو. وتم:

– لەوەتەی تۆمارەکانی شەونم دەخوێنمەوە.. هەستێکی جیاوازم بۆ ژیان لا دروست بووە. هەر ئەوەش وای لێ کردم لە بەرامبەر تاوانبارکردنی شەونم دا، هەست بە هەڵچوونی خۆم بکەم.

لیۆن بە نیگایەکی خەندەئامێزەوە، کە پرسیارگەلێکی لە خۆیدا حەشار دابوو، لێمی دەڕوانی. پاشان وتی:

– مـۆڵـی.. وا مـەزانـە ڕووکـەشـانـە تـاوانـکـارەکـان دەخـوێـنـمـەوە. بـە درێـژایـی ئـەو مـاوەیـەی کـە لـە بەشی تاوانەکان کارم کردووە.. ئەزموونێکی زۆرم لە بارەی تاوان و هۆکارەکانیەوە بەدەست هێناوە.. تۆ بڕوانە.. کاتێک مرۆڤ تاوانێک دەکات، تا ئەو ساتەی ئەنجامی ئـەدات، متمانەی بە ڕەوایی بۆچوونەکانی خۆی هەیە. لەو ساتەدا هەموو هەستەکان لەوەدا کۆ دەکاتەوە کە چۆن کارەکەی بەئەنجام بگەیەنێت. جگە لـەوە، بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکاتەوە.. کاتێکیش بە هۆیەوە تاوانبار دەکرێت و پاشان سزا دەدرێت، ئەوکات هۆشی بە خۆیدا دێتەوە و هەست بە پەشیمانی دەکات. مرۆڤ تا بۆ خۆی ئازار نەچێژێت، هەرگیز هەست بە ئازاری کەسانی تر ناکات. ئەوەی وامان لێ دەکات بەردەوام بیر لە تاوان و تۆڵە و هەڵەکان بکەینەوە، خەفەکردنی ئەو ئازارانەیە کە کەسانێک پێمان دەبەخشن. ئەوەندە بیری لێ دەکەینەوە تا لە ناخماندا مۆڵ دەخوات و وەک گڕکانێکی ئاگرین، لە ناخماندا دەتەقێتەوە. پاشان ڕەنگدانەوەی بە تاوان دەکەوێتەوە. جا بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەنگخواردنەوەی ئەو هەستە بگرین، پێویستە سەرنجی کەسەکان بە لای دەرەوەی خۆیاندا کێش بکەین.. بۆ نموونە.. ڕەنگەکانی سروشت، یان جوانیی ئەو دیمەنانەی کە مانای جوانیی ژیان بە دەروونمان دەبەخشن، خاڵی کردنـەوەی هەستەشاراوەکانی ناخمان بۆکەسێک.. هەموو ئەمانەو زۆر شتگەلێکی تر.. هۆکارێکن بۆ ڕەواندنەوەی هەستی تاوان و هەڵە لەناخماندا..

کاتێک لیۆن بۆ م دەدوا، من ئەندێشـەم لای یادەوەریەکانی

شەونم بوو، بەدووی ئەوەدا دەگەڕام، دەبێت چۆن شەونم، لەنێو بۆچوونە پڕئەزموونەکانی لیۆن دا، جێ بکەمەوە و ڕەوایی بەو هەڵانەی بدەم، کە ئازاری ناخی ئەدا؟! هەربۆیە پرسیاری ئەوەم لە لیۆن کرد وتم:

– ئەی سەبارەت بەو تاوانبارانەی کە لە گۆشەی زیندانەکاندا ژیان دەگوزەرێنن! ئایا سزای یاسایی دەتوانێت وایان لێ بکات هەستی تاوان لە دەروونیاندا کاڵتر بکاتەوە؟!

لیۆن بە هەستێکی متمانە بەخۆبوونەوە، سەرێکی لەقاند و وتی:

– بەدڵنیاییەوە.. هەموو تاوانبارێک، شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش بەپێی ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی داون. بۆ نموونە، چیرۆکی پیاوێکی تەمەن سی و پێنج ساڵەت بۆ دەگێڕمەوە کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دەستگیرمان کرد. من ئەو کاتە خوێندکار بووم لە بەشی ئەفسەری تاوان. ئەو پیاوە نیوەی تەمەنی لەگەڵ تاوانی دزیکردن و شەڕ دا بەسەر بردبوو. تاوان بە تەواوی ئاوێتەی کەسایەتیی ئەو بووبوو. لە هەر شوێنێکدا بتبینیبا، بە ڕوونی هەستی تاوانت لە سیما ترسناکەکەیدا دەبینی. دواتاوانی ئەوە بوو بۆ دزیکردن هەڵی کوتابووە سەر ماڵێک، کاتێک لە ماڵەکەدا کچێکی تەمەن چواردەساڵان دەیبینێت و لە ترسی ئەو دیمەنە ترسناکە، هاوار دەکات، تاوانبارەکە، بۆئەوەی سیما ناسراوەکی خۆی بسڕێتەوە، فیشەکێک ئەنێت بە سنگییەوە و دەیکوژێت.

کاتێک لە تاوانی کوشتنەکە ئاگادار کراینەوە، لە ڕێگەی

دراوسێکانی ماڵەکەوە، توانیمان وێنەی ڕاستەقینەی تاوانبارەکە بدۆزینەوە و دەستگیری بکەین. دواتر کە تاوانبارەکە سزای زیندانیی هەتاهەتایی بەسەر دا سەپێنرا، من بۆ خۆم سەردانێکی ئەو بەندیخانەیەم کرد کە ئەوی تیا بەند کرابوو. ئەو تاوانە وای لێ کردم وەک خوێندکارێک زێدەتر ڕۆ بچمە ناو ئەو هۆکارانەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ وا لە تاوانکارەکان بکەیت، کە هەستی تاوان لە ناخیاندا بسڕینەوە و بیکەینەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی و تێکەڵ بە کۆمەڵی بکەینەوە.

جا بۆئەوەی ڕاپۆرتێکی زانستیی شیاو ئامادە بکەم، داوام لە بەڕێوەبەری بەندیخانەکە کرد، کە تاقیکرنەوەیەک لەسەری ئەنجام بدەم. بە دوای شێوازێکدا دەگەڕام، کە چۆن بتوانم ئەو هەستەی لا دروست بکەم لە ناخی خۆیدا، هەست بەپەشیمانی بکات، نەک سزایەکی توند کە ڕک و کینەی تۆڵەکردنەوەی لەسەر تاوان ئەستوورتر بکات. دواتر شتێک بە بیرمدا هات. لە ڕێگەی لێکۆڵنەوەیەکی وردەوە، توانیم ئەو کچەی خۆی بدۆزمەوە کە لەگەڵ دایکی، خۆیان لێ بەدوور گرتبوو.

لەسەر ئەو سیناریۆیە ڕێک کەوتبووین کە پێویست بوو ئەنجامی بدەین. کاتێک چوومە بەندیخانەکەوە، تاوانبارەکەمان هێنایە ژوورێکی تایبەتەوە و ڤیدیۆی ئەو سیناریۆیەمان نیشان دا کە کەسانێکی نزیکی ئەو کچەی کە ئەم خۆی کوشتبووی، بۆ تۆڵەکردنەوە، چەقۆیەکیان لەسەر ملی کچەکەی ئەم نابوو و سەریان دەبڕی. کاتێک

تاوانبارەکە کچەکەی خۆی بینی کە لە تاوی گیانی خۆی هاوار بۆ باوکی دەکات و دەڵێت:

– تکایە ڕزگارم بکە.. باوکە.. تۆ بویتە هۆکاری ئەوەی ژیانم بکەویتە مەترسییەوە.

تاوانبارەکە وەک گایەکی شێت، لەسەر ئەو کورسییەی کە دەست و قاچەکانی بە زنجیر بەسترابووەوە، هاواری دەکرد و دەیبۆڕاند. چاوە سوور و پڕ لە فرمێسکەکانی، وەک دوو هێلکە دەرپەڕیبوونە دەرەوە. دەمارەکانی ملی، لەژێر ئەو پێستە تەنکەیدا، وەک سۆندەیەکی ئاو دەرپەڕیبوون. لە تاوی کچەکەی، بێئاگا بوو لەوەی ئەو دیمەنە ڤیدیۆیەکی تۆمار کراوە و تازە کار لەکار ترازاوە. دەیگوت:

– تکا دەکەم.. وامەکەن. من پەشیمانم لەوەی کە کردوومە.. من هەڵە بووم.. ئێوە کاری وا مەکەن.. ویژدانتان هەبێت. ئەو بێتاوانە.. وەرن لە بری ئەو، من بکوژن.

ئەو تاقیکردنەوەیە، وەک خۆی مایەوە. ڕۆژانە بەردەوام چاودێری ئەو پیاوەمان دەکرد کە جیاواز لە ڕۆژانی تر، بە هەستێکی خۆشبەختییەوە لەنێو بەندیخانەکەدا ڕەفتاری دەکرد. هەموو ڕۆژێک لە گۆشەی ژوورەکەی خۆی، وەک مارێک، کلکی لە جەستەی خۆی دەئاڵاند و خۆی دەخواردەوە. ئەوەندە گریابوو، سۆمای چاوەکانی وشکیان کردبوو. دوای چەند ڕۆژێک لەو دۆخەدا مایەوە، شەوێک لە ڕێگەی ئەو کامێرا چاودێریانەی کە بەردەوام لەسەر ڕەفتارەکانی بوون، بینیمان خەریکی پلانێکە بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. کاتێک هەستمان بەوە کرد کە خۆکوشتن

به جوانترین سزای تاوانەکانی خۆی دەبینێت، لەو پلانەی کە بۆمان داڕشتبوو ئاگادارمان کردەوە. ئەو مرۆڤەی کە تەنانەت نیگاکانی بۆنی تاوانی لێدەهات، بووە مرۆڤێکی تەواو سادە و ساکار. ڕەفتارەکانی بە شێوازێک گۆڕرابوو، هەتا هەنوکە وەک کەسێکی جیاواز ڕەفتار دەکات. خۆشحاڵە بەو سزایەی کە بۆ هەتا هەتایە تەمەنی لە پەشیمانیی تاوانەکانیدا بەسەر ببات.

مۆلّی.. کاتێک مرۆڤ دێتە ژیانەوە، دڵی وەک ئەو بەفرە سپییەکە، بە ئارامی دێتە خوارەوە. بەڵام چۆن هەنگاوەکانی ژیان سپێتی و جوانی دیمەنی ئەو بەفرە ئەشێوێنن، ئاواش مرۆڤ لەگەڵ بەرکەوتنی ژیاندا، بەبێ ویستی خۆی، ناخی ڕەش و لیخن دەبێت.

کاتێک لیۆن بۆ م دەپەیڤی، بێئاگابووم لەوەی چەند جارێک پەرداخەکەی دەستم لە شەراب خاڵی کردبووەوە و ئەو گارسۆنەی کە تاوناتاوێک بەسەری دەکردینەوە، بەردەوام پەرداخەکەی بۆ پڕ کردبوومەوە. هەستم بە ئاگرێکی بەتین دەکرد لە جەستەمدا. بۆ خۆیشم نەمدەزانی هۆکاری ئەوە، ئایا شەرابەکە بوو، یان ئەو چیرۆکەی لیۆن بۆی گێڕامەوە! کاری لە هەستەکانم کردبوو، لیۆن تاوی دایە پەرداخەکەی دەستی، کە بەردەوام لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا، بە پەنجە ئەستوورەکانی، گەمەی پێ دەکرد. بە قومێکی درێژ، دوا دڵۆپی لە پەرداخەکە بڕی و بە نیگایەک گارسۆنەکەی ئاگادار کردەوە کە بۆی پڕ بکاتەوە. نیگاکانی بۆ سەر من گواستەوە. بە هەستێکی پڕ لە متمانەوە وتی:

– هەستی هەڵە و تــاوان، لـە تاریکیی ناخی هەموو یەکێکماندا، بوونی هەیە. دەکرێ لە ساتێکدا ئەو هەستە بە تەنیا وشەیەک یان ڕەفتارێکی دژوار بەئاگا بێتەوە و بە تاوانێک ناچارمان بکات. هەربۆیە دەبێت لە ئاست هەموو هەڵەی بەرامبەرەکانماندا بە ئاگایانەوە ڕەفتار بکەین و بە هەستێکی لێبوردەییەوە لە ڕەفتارەکانی یەکدی بڕوانین. بە بڕوای من، خۆشەویستی بەهێزترین هۆکارە بۆ کاڵبوونەوەی ئەو هەستە قێزەونەی کە هەموو ناخمان تاریک دەکات و بە تاوانەکانمان ئاشنا دەکات.

وتەکانی لیۆن، ئەو قسانەی شەونم یان بەبیر هێنامەوە، کە لە سەرەتای تۆمارەکاندا، وتبووی:

– دەمەوێت بۆ جارێکی تر، هەستەکانم خاوێن بکەمەوە. وەک نازناوی ئەو گوڵە سپییەی کە لە پاکیزەیی خۆمدا لە خۆم نابوو.

دڵم ئـازاری ئەچەشت بەهۆی ئـەو چارەنووسـەی کە شەونم ی بە مەرگ سپارد. بریا ژیان ئەوەندە مۆڵەتی بەو بدایە بۆ ئەوەی هەستەکانی بە پاکبوونەوەی ناخی ئاشنا بکردایەتەوە. ئەفسووس بۆ ئەو مرۆڤەی کە ژیان ناچاری هەموو ئەو ڕەفتارانەی کرد، کە لێیان پەشیمان بوو، ئێستا ئەو لە نێو ئەو بەستەرە تەزیوەدایە کە جەستەی کردۆتە شەختە.

من کە لە ناخی خۆمدا لەگەڵ شەونم ئـەدوام، لیۆن بە زرنگەی پەرداخەکەی بەردەمم، منی دەهێنایەوە بۆ لای خۆی. وتی:

– بە خۆشی تۆوە ئەم پەرداخە ئەخۆمەوە. بەهیوای ئەوەی دڵ و دەروونت لەگەڵمدا ئارام بێت.

من کە چاوەکانم لە ئاست نیگا پڕ لە عەشقەکەی لیۆندا مەستیی ئەنواند، پەرداخەکەم بڵند کرد و لە مەستیدا دوا دڵۆپم لە شەرابەکەی ناوی بڕی. ئەو ڕۆژە لە تەکیدا هەستم بە ئاسودەییەکی بێئەندازە کرد. خۆم لە سەرەتای دەستپێکی ژیانێکی نوێوە دەبینیەوە. جیاواز لەو ژیانە ڕابردووەی کە بۆ بەسەربردنی کاتێکی بەچێژ و سێکسی ئامێز، لەگەڵ پیاوێکدا هەستە دروستکراوەکانی ناخم ئەدرکاند. ئەم جارەیان، هەست بە کەشێکی عەشقئامێزی ئەفسووناوی دەکەم.

پێدەچو بە وێنەی شەونم، لە بێئاگایمدا، ئەو هەستە، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ناسینی لیۆن دا، دزەی کردبێتە ناخمەوە. لەو ساتە مەستیئامێزەی ئەندێشەمدا، تامەزرۆی ئەوەم دەکرد بە ویستی خۆم، ڕۆح و جەستەم بە متمانەوە، بەو بسپێرم و لێ گەڕێم بەو هەستەی کە تینووی خواردنەوەی جەستەمە، گەمەم لەتەکدا بکات. لەناو باسکە ئەستوورو بەهێزەکانی خۆیدا، هەستێکی ماسۆشیەتم ببزوێنێت. جەستەم پڕ لەو ماچانەی بکا، کە خرۆش و چێژێکی ئەفسووناوی بە ناخم دەبەخشێت.

من لەناو ئەو ئەندێشەیەی خۆمدا، ئەو م ئاوێتەی خەونەکانم کردبوو. لەگەڵ ئەودا ماچمان بە تامی شەراب ئەگۆڕییەوە، بێئاگابووم لەوەی کاتێک ئەو منی لە ئامێزی خۆی گرتبوو، بە هێمنی بەرەو ماڵەوەی بردبوومەوە و بە هێمنی منی لەسەر سیسەمەکەم درێژ کردبوو. من کە لە

ناو ئەندێشەی خۆمدا وێنای ئەوەم دەکرد، هەموو ئەوانەی ڕوو دەدەن لە نێوان ڕاستی و خەیاڵمدا، تێڕامابووم،لەناخی دڵەئارامەکەمدا دەمویست پێی بڵێم بەتەنێ جێم مەهێڵە،نەبا تەنهایی لەو دۆخەدا ئازارم بدا.

هەستم دەکرد، بەهێمنی، دەستە گەورەکانی بە هەموو جەستەمدا دەهێنێ و لێوەکانم دەمژێ. پاشان ماچەکانی دەگوازێتەوە بۆ ناو سینەم و بە دەستە بەهێزەکانی مەمکەکانم هەڵدەگلۆفێ و گەمەیان پێدەکا. لەگەڵ ئەو گەمە ئەفسووناوییەی کە هەموو جەستەمی تینووی خۆی کردبوو، تاو ئەداتە پۆشاکەکەم و تەواو ڕووتم دەکاتەوە. من کە ئەندێشەم ئاوێتەی چێژی سێکس بووە و هەستی ماسۆشیەتم تەواو وروژاوە، بۆ خۆیشم نازانم ئەو قسانەی بە هەستێکی نغرۆی عەشقەوە پێی دەڵێم و داوای ئەوەی لێ دەکەم کە ئازارم بدات و هەستی سادیەتی خۆیم تێدا خاڵی بکاتەوە. ئایا ئەوە لە ناخی خۆمدایە دەنگ ئەداتەوە، یان لە زارم دەخزێتە خوارەوە.

ئەو بە خواستی من ڕەفتار دەکات. لەگەڵ پیاکێشانی دەستە قورس و ئەستورەکەی بە کەفەڵمدا، موچوڕکی پڕ لە چێژێکی ئەفسوناوی، بە جەستەم دەبەخشێ لەگەڵ بەردەوامی ئەو گەمەیەدا،دەکەوێتە لێسانەوە و ماچکردنی هەموو جەستەم و پاشان بەدەم ماچکردنەوە بەرەو لێوەکانم بەجەستەمدا هەڵدەکشێت، ئەو ڕەفتارەی تەواو شێتگیری ئەوەم دەکات بەدەستەکانم چۆکە ڕەق وهەڵئاوساوەکەی لەو ناو لەشی خۆم دەنێم،ئەویش سەرشێتانە هەموو هێزی

جەستەی لەو تەکانانەدا کۆ دەکاتەوە کە شەپۆلێکی پڕتینی بەجەستەی پڕئالۆشم ئەدا. ئەوەندە هەست دەکەم هەردوکمان پێکەوە لەگەڵ گەمەی سێکسێکی ئەفسوناوی، بەرەو لوتکەی ئۆرگازم هەڵدەکشێین و موچورکێکی ئەفسوناوی، مەستی خۆیمان دەکات.

بەو هەستەوە، ڕۆچووبوومە خەونێکی قووڵی ئارامەوە. کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە و لە کاتژمێرەکەم ڕوانی، شەش و نیوی ئێوارەی نیشان دا. ژوورەکەم بۆنی چۆڵیی ئەوی لێ دەهات. هەستم بە ئارامیی ناخم دەکرد. هێشتا ئاسەواری چێژی ماچەکانی لیۆن هەموو جەستەمیان دەخرۆشاند. کاتێک لە جەستەی خۆم ڕوانی، تەواو ڕووت بووبوومەوە. ئاوڕێکم بۆ لای چەپی خۆم دایەوە، لیۆن بە ڕووتی لە تەنیشتمەوە نووستبوو. پشتە پان و پڕ لە ماسولکەکانی، لە من بوو.

ئەو دیمەنە، منی تووشی شوک کرد. هەستم بە پەشیمانیی ئەوە دەکرد کە هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی ئەو کارە ڕووی دابا. من کە دەمویست ئەو ساتانە بە بیری خۆم بهێنمەوە کە چۆن ئەوانە ڕوویان داوە! ئایا ئەندێشەکانی خۆم بوون لە خەوندا ڕەنگی داوەتەوە، یان لەوپەڕی ئاگایی خۆمدا ئەو ڕەفتارانەم نواندووە. کاتێک لیۆن لەخەو ڕابوو، هاتە تەنیشتمەوە و لە ئامێزی گرتمەوە و بە هەستێکی پڕ لە عەشقەوە، ڕومەتی ڕاموسیم و وتی:

– شیرینەکەم.. تێرخەو بوویت؟

من کە گومانی ئەو کارە، هێشتا دڵی گران کردبووم، بە

نیگایەکی گرژەوە لێم ڕوانی و وتم:

– ئەوە چۆن ڕووی دا؟!

لیۆن بە گومانێکەوە وتی:

– کە تۆم هێنایەوە بۆماڵەوە، ویستم بەجێت بهێڵم. بەڵام تۆ مکوڕ بووی لەسەر مانەوەم. بەتوندی لە ئامێزی خۆتت گرتم و داوای ئەوەت لێ کردم کە ڕوتت بکەمەوە. دواتر بۆ خۆت دەستەکانت لە ئێخەی کراسەکەم گیرکرد و بە دەم ماچکردنی سنگمەوە یەک بەیەک قۆپچەکانت بە دەستەکانی خۆت ترازاند و بە ویستی هەردووکمان ئەو کارەمان کرد.

لەگەڵ قسەکانی لیۆن دا وەک خەونێک، بەئاستەم هەموو ئەو ساتانەم بیر دەهاتەوە کە چۆن بەتوندی ئەو م لە ئامێزی خۆم گرتبوو. بیرمە کەوتەوە کە وشە کەلێکی ترم پێ وتبوو:

– تەنیایی هەموو ناخمی سوتاندووە.. تکا دەکەم خۆشم دەوێی.. جێم مەهێڵە.. پێم خۆشە ئەمڕۆم بکەیتە جوانترین ڕۆژەکانی ژیانم.. لەگەڵ تۆدا هەست بە ئارامی و بەختەوەری دەکەم.

لیۆن بەو گومانەی من، لە نیگا شێواوەکەم ڕامابوو. بە خەندەیەک ئارامیم بۆ ڕووخساری گەڕاندەوە. دواتر تاوی دایە پۆشاکەکانی و بەپەلە لەبەری کردنەوە و وتی:

– بمبوورە.. ئێستا بەجێت دەهێڵم.. پێویستە بگەڕێمەوە بۆ کارەکەم. بە ماچێکی کوڵمە سوور هەڵگەڕاوەکانم، ماڵئاوایی لێ کردم و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە بە هێمنی کڵۆم دایەوە.

بە هەستێکی ئەفسووناوی کە هەموو گومانەکانی ناخمی

ڕەوانـدەوە، خۆم بە گەرماوەکەدا کرد و بە ئاوێکی گەرم، بۆن و بەرامەی لیۆن م لەجەستەی خۆمدا شوشتەوە. پاشان چوومە چێشتخانەکە، وەک هەموو شەوەکانی تر، قاوەیەکم دەم کرد و گەڕامەوە سەر سیسەمەکەم وبەدڵێکی ئارامەوە، دەستم بە خوێندنەوەی تۆمارەکانی شەونم کردەوە.

## - ١٥ -

کاتەکان زۆر بەهێمنی تێدەپەڕین، هەستم دەکرد هەموو شتێک لە جێگەی خۆیدا وەستاوە. تەنانەت میلی کاتژمێری دیوارەکەشم بە ئاستەم دەبزوا. بیرم لە مەودای نێوان خۆم و ئەو چارەنووسە نادیارە دەکردەوە کە لە چاوەڕوانیمدا بـوو. ئاخۆ کەی پێی ئاشنا دەبـم. پێشبینی ئـەوەم دەکرد خۆم لە سەرەتای ڕێگایەکی تاریکی تردا دەبینمەوە، کە بە هەستەکانم نامۆ بێت.

مانەوەم لە ماڵی دایەپەروین، هەفتەیەکی تێپەڕاندبوو. لەگەڵ ئەو دۆخـەدا ڕاهاتبووم کە ڕۆژانـەوە وەک فلیمێک دووبـارە دەبـووەوە. هەموو سپێدەیەک نێزێکی سەعات دەی بەیانی، لە خەو ڕادەبووین. زۆرجار بەهۆی تەلەفۆنی کڕیارەکانەوە، دایەپەروین زووتر لە خەو ڕادەبوو. کاتێک ئێمە دەکەوتینە خۆ ئامادەکردن بۆ پێشوازیی میوانەکان، پیاوەکەی دایـەپـەرویـن، لەماڵەوە دەچـووە دەرەوە. هـەتا ئێوارەیەکی درەنـگ، نـەدەهـاتـەوە. کەمجار لـە نـیـوەڕۆدا سەردانی ماڵەوەی دەکردەوە. ئەویش کە دایەپەروین بەهۆی

کارێکەوە یان پێداویستیەکی ماڵەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرد. کاتێک موحەممەد ئێواران دەهاتەوە، لەگەڵ خۆیدا هەموو ڕۆژێک، گۆشت و مریشکی ئامادەکراو و سەوزەو میوەی هەمەجۆری لەتەک خۆیدا دەهێنایەوە. من ئەو ماوەیە کاری سەرەکیم ئامادەکردنی خواردنی ژەمەکان و ڕێکخستن و خاوێنکردنەوەی ماڵەکە بوو.

ئەو ژنانەی کە سەردانی ماڵی دایەپەروین یان دەکرد بۆ کاری لەشفرۆشی، هەموویان هەر ئەو دەموچاوانە بوون کە من لە درزی دەرگای ژوورەکەی خۆمەوە چاودێریم دەکردن. زۆربەیان کە دەهاتن، وەک ئەوەی خۆیان بۆ ئاهەنگ ئامادە کردبێت، ماکیاژێکی تۆخ و پۆشاکێکی پۆشتەیان دەپۆشی. هەندێکیان زێڕێکی زۆریان بە خۆیانەوە دەکرد، بۆئەوەی دراوسێکانی دایەپەروین گومانی ئەوە نەکەن کە بۆ کاری لەشفرۆشی دێنە ماڵەکەیەوە، دیمەنی ئەو ژنانەی کە بە ڕواڵەت بەوە نەدەچوون سۆزانی بن، گومانێکی بێئەندازەیان لە ئەندێشەمدا دروست کردبوو.

شەوێک ئەو پرسیارەی کە ناخمی تەنیبوو، لە کالێ م کرد. ئەو زیاتر لە بەدری لە ماڵەوە دەمایەوە و ئاوی بە ناو ژنەکاندا دەگێڕا و ئامادەکاری بۆ ئەو ژن و پیاوانە دەکرد کە بۆ ماوەی نیو کاژێرێک لە ژوورەکەی دایەپەروین دەمانەوە. وتم:

– ئەو ژنانە بۆچی جەستەی خۆیان دەفرۆشن؟!

کەمێک لە نیگا پڕگومانەکەی منی ڕوانی و هەناسەیەکی پڕ بە ئازاری هەڵکێشا. وتی:

– کچێ بە خوا تۆ زۆر داماویت.. ئەڵێی لەم شارەدا نەژیاویت! خۆ ئەوەی کاری لەشفرۆشی دەکات، لە خۆشیدا ئەو کارەی هەڵ نەبژاردووە. بۆنموونە من ئەگەر پیاوەکەم لەتەکم باش با، ئازاری جەستەیی و دەروونی نەدابام، بۆچی لە زێدی خۆم هەڵدەهاتم و ئەم کارەم دەکرد؟! هەموو ئەوانەی کە تۆ ڕۆژانە دەیانبینیت، هەریەکەیان چیرۆک و هۆکارێکی تایبەت بە خۆی هەیە. هەیانە بۆ تۆڵەکردنەوە لە هاوسەرەکانیان کە بە نهێنی ناپاکییان لە تەکدا دەکەن ئەو کارە دەکەن. یان هەیانە لەبەر هەژاری و نەداری، پەنای بۆ ئەم کارە بردووە. ئیتر ژیان ئاوایە ئەزیزم.. تۆش ئەگەر ناتوانیت ئەو کارە بکەیت، ئەوا دەبێت بەدەستی خۆت گۆڕێک بۆ خۆت هەڵبکەنیت و بچیتە ناوی. ئیتر ئەوە ژیانی ئێمەیە.

کە باسی منی هێنایە ناو وەڵامەکانی خۆیەوە، وەک ئەوەی چنگی بە ناو دڵمدا بکات، ئاوا ژان پەڕییە هەناومەوە. دەموچاوم لێک نا و خۆم بە ژوورەکەی خۆمدا کرد و کەوتمە خواردنەوەی ئازارەکانی ناخم.

ئەو ژنانەی کە لە ماڵەکەی دایەپەروین بوون، بە ئەمەل یشەوە، ڕۆژانە لەسەر داوای پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانی دایەپەروین، خۆیان دەڕازاندەوە و دەچوونە دەرەوە. زۆرجار وا ڕێدەکەوت کە شەوانەش نەدەهاتنەوە. ئەوەی زیاتر لەو ماڵەدا دەمایەوە، جگە لە من و دایەپەروین، کاڵێ بوو. کە بە هۆی قەڵەوییەکەیەوە، خواستی کەمی لەسەر بوو. تا ئەو چەند ڕۆژەی من لەوێ بووم، لە ماڵ دەرنەچوو. ڕۆژێک کە هەموو ژنەکان بۆ کاری خۆیان لە سپێدەوە لەماڵ

دەرچووبوون، کات نێزیکی یانزەی بەیانی بوو، دایەپەروین بە دەنگێکی هێمن، لەتەک کەسێکدا ئەدوا. بە دەستە پڕ لە بازنەکانی، کە زرینگەزرینگی ئاوازێکی دڵبەریان لە گوێی هەموو ژنێکدا ئەبزواند. ئیشارەتێکی بۆ کاڵێ کرد. ئەویش بەو ڕەفتارەی دایە پەروین، لە مەبەستەکەی تەواو حاڵی بوو. خۆی بە ژوورەکەیدا کرد. پاش چەند خولەکێک، کە هاتە دەرەوە، بە شێوەیەک خۆی ڕازندبووەوە، بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەکرد ئەو ژنە کاڵێ بێت. لە تەک دایە پەروین چوونە گۆشەیەکی هۆڵەکەوە، چپەیان بە گوێی یەکتریدا ئەدا. پاشان کاڵێ تەلەفۆنەکەی دەرهێنا و ئەو ژمارەیەی کە پەیوەندی بە دایەپەروینەوە کردبوو، لای خۆی تۆماری کرد و بە چەند هەنگاوێک خۆی گەیاندە دەرگاکەی دەرەوە. ئەو ڕۆژە، تەنیا من و دایەپەروین لەو ماڵە گەورە و چۆڵەدا مابووینەوە. دایەپەروین کە لە بەردەم بوخوردانەکە دانیشتبوو، خۆی بە تەلەفۆنەکانیەوە خەریک کردبوو. دواتر بە دەنگێکی هێمنی تێکەڵ بە نازێکی دایکانە، وتی:

– شەونم کچەکەم.. تا ئێرە وەرە..

کاتێک چوومە بەردەمی، بەدەستێکی ئیشارەتی ئەوەی بۆ کردم کە بچمە تەنیشتیەوە. سەرەتا وامئەزانی کارێکی گرنگی پێم هەیە و نایەوێت ژنەکانی تر لێی ئاگادار بن و ئەمڕۆی بە هەلێک زانیوە تاوەکو بە ویستی خۆمان قسە بکەین. خورپەیەکی ترسناک دڵمی هێنایە لەرزین. گومانی ئەوەم دەکرد بکوژەکانم سوسەی شوێن و جێگەی منیان کردبێت. چوومە تەنیشتیەوە. ئەو بۆنە گران بەهایەی کە

کڕیارە تایبەتیەکانی بەدیاری بۆیان هێنابوو، لووتەکانی پڕ کردم. لەگەڵ ئەو بۆنەدا، نیگا تەڕو شیرینەکەی دایەپەروین، ئارامییەکی بە ناخە ئاڵۆز و پەشێوەکەم بەخشی. دایەپەروین، بە دەستە نەرم و نیانەکەی، مەچەکی گرتم و بە دەنێگێکی هێمن کە تێکەڵ بە ئاوازێکی دایکایەتی بوو، پێی وتم:

– کچم.. ئەمڕۆ کچەکان کەسیان لێرە نین.. دەبێت تۆ لەبری ئەوان چاودێری ژوورەکەی من بکەیت. پێشئەوەی هەر کڕیارێک بێت، پێویستە سەردانی بکەیت و چاو بەناو ژوورەکەدا بگێڕیت و دڵنیا بیتەوە لە پێداویستیەکانیان. بزانە هیچ شتێک کەموکورتی نییە. دەسڕی سەر کۆمەدییەکان.. پاکو خاوێنی ژوورەکـە.. سەر جێگەکەش لـەدوای هەموو کارێک بە جوانی ڕێک بخەرەوە.

کەمێک وەستا. پاش کەمێک وتی:

– ئـەهـا.. بیرم هـاتـەوە. هـەمـوو جـارێـک چەکمەجەی کۆمەدییەکان بکەرەوە.. بزانە کریمی لێیە؟! ئەگەر لێی نەبوو، لە جەکمەجەی ئارایشتەکەم، زۆری لێیە. دانەیەک بخەرە نێو جەکمەجەی کۆمەدییەکانەوە.. بیرت نەچێت کە لە دوای هەموو کارێک، ژوورەکەم بۆن پرژێن بکەیت. باشە کچم؟!

من کە ئارەزووی ئەو کارەم نەدەکرد، بەدوای شتێکدا دەگەڕام خۆمی لێ بزر بکەم. وتم:

– ئاخر دایەپەروین گیان.. تۆ بۆ خۆت دەزانیت.. نابێت من خۆم بخەمە بەرچاوی کڕیارەکان. نەبا کەسێک بمناسێت و تووشی کێشەم بکات.

دایەپەروین، بە خەندەیەکی گاڵتەئامێزەوە وتی:

– کچم.. بێخەم بە. ئەو ژنانەی دێنە ئێرە، هەموویان ناسیاوی خۆمانن. خۆئەگەر ترسێکت لە پیاوەکان هەبوو، ئاگادارم بکەرەوە. خۆم کارەکان مەیسەر دەکەم.

ئەو کارە نوێیەی کە دایەپەروین پێی سپاردم، وەکئەوەی بە زەبری قامچی پێم بکەن، وا بوو. بەڵام بە هۆی ئەوەی دایەپەروین ئەوەندە لە تەک مندا نەرم ونیان ڕەفتاری دەکرد و داڵدەی دابووم. هێزی ئەوەم نەبوو بەرپەرچی فەرمانەکانی بدەمەوە. کاژێرێک بەسەر قسەکانماندا تێنەپەڕیبوو، ماڵەکە وەک تەکییەی شێخ و پیاوچاکەکان قەرەباڵخ بوو. هەر ژن بوو، خۆی بەجوانی ڕازاندبووەوە و بە خەندەو پێکەنینەوە کە بێشەرمییەکی بێئەندازەم لە ڕووخساریاندا دەبینی، وەک خانەخوێ، خۆیان بەناو هۆڵەکەدا دەکرد. هەندێکیان.. وا پێدەچوو لە دەریشەوە هاوڕێی یەکتری بن. پێکەوە دەهاتن و لە دوای تەواوبوونی کارەکەیان، پێکەوە دەچوونە دەرەوە. من بەو دیمەنانەیان دڵم هێڵنجی ئەدا.

هەندێکیان بەهۆی ئەو ڕەفتارە بێڕەوشتیانەیانەوە، ئەو جوانییەی کە دڵی هەموو پیاوێکی لەخشتە ئەبرد، وەک شەیتانێکی ناشرین دەهاتە پێش چاوەکانم. قێزم لەو سڵاوانەیان دەکردەوە کە لە کاتی هاتنە ژوورەوەیاندا لە منیان دەکرد. وام دەزانی کە وشەیەکی ناشرین بە وێنەی ڕەفتارەکانی خۆیان، لە دەمیان دێتە دەرەوە. هەستم بە سووکێتیی خۆم دەکرد، کە بە ناچاری، شایانی ئەو ڕێزە نەبوون، کەلێم دەنان. بە نواندنێکەوە پێشوازیم لێ دەکرن و لە ناخەوە دڵی خۆم دەکرۆشت.

تۆ پێمبڵێ خاتوو مۆڵی.. دەبێت من لەو دۆخـەدا چیم بکردایە؟! ئاخر لەوە ناخۆشتر نییە بە کارێکت ناچار بکەن کە لەگەڵ ویست و کەسایەتی خۆتدا دژوار بێت. من بەو ڕۆژانـەدا تێپەڕیم کە تێیدا نەفرەتم لە بوونی خۆم دەکرد. نازانم ژیـان بۆچی ئـەوەنـدە بێبەزەییانە، منی بـەو ژیانە قێزەونە ناساند، کە بە تاونێک ئاشنای کردم، بەردەوام خۆم بە نەفرەت بکەم. بە بڕوای تۆ.. ئایا دەبێت مرۆڤ لە پێناو ئازادیی ناخی خۆیدا، شایانی ئەو هەموو ئـازارە بێت کە نەریتێکی نەشیاو بە مرۆڤایەتی، پێی دەبەخشێت؟!

لە بێبەختیی من، ئەو ڕۆژە ئەوەندە کڕیار هاتبوونەماڵەکەی دایەپەروین، ئەو سیسەمەی بە هۆی سەرجێیی کڕیـارەکـانـەوە، پارچەکانی لێک تـرازابـوون، بـەردەوام جیکەجێکی لێوە دەهات، دەرگای ژوورەکـەی دایەپەروین، وەک کاروانسەرایەک، کڕیارەکان هاموشۆیان پیا دەکرد. زۆرجار لە هۆڵەکەدا ئەو پیاوانەی کە مامەڵەکانیان لەتەک دایەپەرویندا بڕاندبووەوە، دانیشتبوون لە چاوەڕوانی ئەوەدا بـوون ئەو کڕیارەی کە پێش ئـەوان خۆی بە ژوورەکـەدا کردبوو، تەواو ببێت و بێتە دەرەوە. بەردەوام چاویان لەسەر دەرگای ئەو ژوورە بوو کە لە بەشی دواوەی هۆڵەکەدا بوو. دەچـووەوە سـەر ئەو ڕاڕەوە تەنگەبەرەی بەشی دواوەی ماڵەکە.

کـاتێـک کـڕیـارێـک لـەگـەڵ ژنێـکدا خـۆیـان دەکـرد بە ژوورەکەی دایەپەروین، من لە نزیکی دەرگاکەوە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد تەواو ببن و بە دوای ئەواندا، بچمە ژوورەوە

و چەرچەف و دۆشەکی سیسەمەکەم بۆ کڕیارێکی تر ڕێک خستبایەوە و ژوورەکەم لە بۆنی جەستەی ئارەقاوی ئەو پیاوانە، بۆنپرژێن کردبایەوە کە بەهۆی گەرمای جەستە ماندووەکەیانەوە، بۆنی ژووورەکەیان ناخۆش دەکرد.

لەو بازاڕە گەرمەی کە لەماڵەکەی دایەپەروین دا دەگوزەرا، تێبینی ژنێکی شەلم کرد، تەمەنی نێزیکی چل و پێنج ساڵێک دەبوو، جەستەیەکی گۆشتن و دەموچاوێکی پانی پێوە بوو. چاوەکانی بە کل ڕەش کردبوو. کاتێک لەگەڵ پیاوێکی باڵابەرزی ڕەشتاڵەی باریک چوونە ژوورەوە، من لە نێزیکی دەرگاکەوە وەک کاری خۆم لە چاوەڕوانی تەواوبوونیاندا بووم. ئەوەندەی چەند خولەکێکی نەخایاند هاوار و ناڵەی ئەو ژنە شەلە، سەرنجی ڕاکێشام کەبەردەوام لەگەڵ تەکانی پیاوەکەدا دەی گوت (کوڕە زیاتر چەوری بکە،بەوشکی ناڕوات ). من کە هەرگیز ئارەزووی ئەوەم نەبوو دیمەنی ئەو کارە قێزەونانە ببینم، بەڵام ئاخ و ئۆفی ئەو ژنەی کە لە پشت دەرگاکەوە، دەمژنەوت، وای لێ کردم بچمە دیوی ئەو پەنجەرەیەی کە کەوتبووە سەر حەوشە بچکۆلەکەی دواوە. بە هێمنی چوومە نزیکەوە، لە بۆ شایی نێوان ئەو پەردە ئەستورەی ژورەکەوە، لێم دەڕوانین. بە هۆی ئەو ڕوناکییە کزەی کە دیمەنێکی ڕۆمانسی بە ژوورەکە بەخشیبوو، بە ئاستەم دیار بوون. بەڵام دڵنیابوومەوە لەوەی پیاوەکە لە دواوە سێکسی لەگەڵ ژنەکەدا دەکرد. من سەرم لە هاوار و ناڵەی ئەو ژنە سوڕمابوو. نەمدەزانی لەتاو ئازاری کۆمی هاوار دەکات، یان نمایشێکە بۆ بەخشینی چێژێکی

ئەفسووناوی بە کرپارەکانی. کاتێک ئەو دیمەنەم بینی، ئیتر لەو گومانە دڵنیا بوومەوە کە بۆچی دایەپەروین داوای ئەوەی لێ کردم کرێم بخەمە ناو جەکمەجەی کۆمەدییەکەوە.

ئەو ڕۆژەم بە ئازار و خەمی دڵی خۆمەوە بەڕێ کرد. هەتا نیوەی شەویش جیکە و تەپەی سیسەمەکەی ژووری دایەپەروین، لە گوێکانما ئەزرینگایەوە. تا دەرنگانێکی شەو، ئەندێشەم بەو ژنانەوە خەریک بوو کە ڕۆژانە بۆ کاری لەشفرۆشی دەهاتنە ماڵەکەی دایەپەروین. بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ ئەو ژنانە لە شوێن و جێگەی خۆیاندا بە چ دەمامکێکی جوانەوە، وێنای کەسایەتیی خۆیان دەکەن؟! ئەوەی ئازاری ناخی ئەدام، ئەوە بوو: منێک کە لەسەر ماچێک بەرگریم لە هەستی ڕاست وپاکی خۆم کرد و ڕاشکاوانە ئەوەم بەو دادوەرە وت، لەسەر ئەو ڕەفتارەم بە ناپاکی بەرامبەر بە هاوژینەکەم ئەژماری کرد و شەش مانگ سزای دام و کەس و کاری هاوژینەکەشم، بە خوێنی جەستەم تینوو بوون، کەچی ئەوانەی بە نهێنی جەستەی خۆیان دەفرۆشن و قێزەونترین ڕەفتار لەتەک کڕیارەکانیاندا دەکەن، لە پێناوی پێدانی بەچێژترین سێکس، بە هۆی نهێنی کارەکانیانەوە، دەشێت لە لای کەسە نزیکەکانی خۆیان، جوانترین وێنای کەسیتیی خۆیان بکەن. ئاخر بۆچی دەبێت مرۆڤ لەسەر دەربڕینی هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی بۆ کەسێک، شیاوی کوشتن بێت؟! یان ئەوندە سەرەکۆنە بکرێ، کە قێز لە بوونی خۆی بکاتەوە و مەرگ بە ئاوات بخوازێت، تەنیا بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆخە دژوار و ناجێگیرەمدا قوتار بکات؟!

ئەو ماوەیە دەقم بە دۆخەکەی ماڵی دایەپەروین هوە گرتبوو. لەگەڵ هەموو ئەو ڕەفتار و پێکەنینە ئابروبەرانەدا، ئاشنا بووبووم کە دڵمیان گران دەکرد. چیتر بیرم لەوە نەدەکردەوە. ناوی خوازراوی هەموو ئەو ژنانەم ئەزبەر کردبوو کە لە خۆیان نابوو، بۆئەوەی لە کاتی باسکردنیان لەنێو پیاوەکاندا، نەبێتە هۆی ناسینەوە و گومانی کەسە نزیکەکانیان. ئەو ڕۆژانـەی ژنەکانی ماڵی دایەپەروین بۆ کاری لەشفرۆشی دەچوونە دەرەوە، من لەبری ئەوان، کاری هەموو ئەو بازاڕە گەورەیەم ڕائەپەڕاند کە لەناو ئەو ماڵە بچوکەدا مامەڵەی تیادا ئەکرا.

دایەپەروین ڕۆژانە لە ژێر چاوە گەش و مەکراوییەکانیەوە، چاودێری ڕەفتارەکانمی دەکرد. بەتایبەت لەو ساتانەی کە کڕیارەکان لەگەڵ ژنەکاندا دەچوونە ژوورە تایبەتەکەی خۆیەوە. هێشتا مانگێکمان لەو خانووەدا تەواو نەکردبوو کە دایەپەروین پەیوەندی بە نووسینگەکانەوە دەکرد کە دەیناسین و بەردەوام ئەو خانووانەیان بۆ ئەدۆزییەوە کە دەکەوتنە کۆڵانێکی چۆڵ و چەپەکەوە.

ڕۆژێـک دوای ئـەوەی دایـەپـەرویـن مـامـەڵـەی لەگەڵ نووسینگەیەکی ناسیاوی خۆی بڕاندەوە و بڕیاری دا بەیانی ماڵەکەمان بۆ ئەو خانووە نوێیە بگوێزینەوە، بۆ شەوەکەی، لەناو هۆڵە گەورەکەدا دانیشتبووین و بەدری و کاڵێ باسی ژنێکیان دەکرد کە ڕۆژانە هاموشۆی ماڵی ئێمەی کردووە، کاتێک لـەگـەڵ کڕیارێکدا دەچێتە دەرەوە، کڕیارەکە بە ئۆتۆمبێلەکەی، دەیباتە دەرەوەی شار و دەیەوێت لە کەشێکی

تایبەتدا، کاتێکی خۆشگوزەرانی لەتەکدا بەسەر بەرێت. لەو کاتەدا ئەو کەسانەی بەوێدا تێپەڕ دەبن، هەست دەکەن خەریکی کاری نەشیاون، پۆلیسیان لێ ئاگادار دەکەنەوە و ڕاپێچی دادگایان دەکەن. منیش نازەخان م بە بیردا هاتەوە و تێگەیشتم کە لەسەر چی شەش مانگ سزا دراوە!

گوێم لە بەدری بوو، بە دڵێکی نائارامەوە، باسی ئەو ژنەی دەکرد، کە بە هۆی ئەو پیاوە نەزانەوە، تووشی بەندیخانە هاتووە، کەچی دادگا بڕیاری ئازادکردنی ئەو پیاوەی داوە کە بووەتە هۆکاری بەندکردنی. بەدری لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی خەمناکەوە دەیگوت:

– ئاخر ئەوە کەی ڕەوایە کە پیاوان بە ویست و ئارەزووی خۆیان بەدوومان بکەون، کەچی ئەو یاسا نامرۆڤانەیە، ژنەکان سزا ئەدەن و پیاوەکانیش کە هۆکاری ئەو کارەن، ئازاد دەکرێن. ئاخر ڕاستە ئەوەی کە ئێمە بە ناچاری دەیکەین، کارێکی نەشیاوە، بەڵام خۆ پیاوەکانیش وەک ئێمە لەو کارەدا تاوانبارن.

لەو کاتەدا دایەپەروین بە فرمانێک قسەکانی بە بەدری بڕی و وتی:

– ئادەی کچینە.. بکەونە خۆتان.. شڕو شیتاڵەکانتان کۆبکەنەوە. سپێدە دەبێت خەریکی گواستنەوەی ماڵ بین. چوومە ژوورەکەی خۆم و ئەو قاتە جلەی کە دایەپەروین لەسەر داوای خۆی بە بەدری وتبوو بۆم بکرێت، لەگەڵ دوو ماکسیی زیاتر، هیچی ترم نەبوو. ئەو ماکسیەی کە لە بەندیخانەوە بەردەوام لەبەرمدا بوو، هەر ئەو ڕۆژە

دایەپەروین تورِی دایە تەنەکەی خۆڵەکەوە. هەمویانم لە نێو بوخچەیەکی بچوکدا ئاژوو. لەگەڵ کۆمەڵێک کەرەستەی جوانکاری کە هەموویانم لە قوتویەکی بچوک نابوو، خستمە ناو بوخچەکەوە و لە تەنیشتی سیسەمەکەی خۆمەوە دام نا.

بەیانی وەک ئەو ڕۆژەی کە هاتینە ئەم خانووەوە، ماڵەکەمان گواستەوە و کەوتینە ڕێکخستن و دانانی کەرەستە و ڕاخەرەکان. دایەپەروین، ئەمجارەیان لەگەڵ ماڵگواستنەوەکەدا، سیسەمەکانی نەهێنا. دەیزانی کەڵکی ئەوەیان پێوە نەماوە. ئەویش لەسەر داوای کرِیارەکان، کە هەمووجار لە ژوورەکەی دەهاتنە دەرەوە و بۆڵەیان دەکرد و بە دەنگێکی نارِازی پێیان دەوت:

– پەروین.. تاکەی ئەو سیسەمانە ناگۆڕێت؟! بەخوا ئەو ماڵەی دیواری بە تەنیشت ژوورەکەتەوەیە، ڕێک دەزانێت چەند تەکانمان داوە! لەبەر جیکە و تەقەی سیسەمەکە، چێژێکی ئەوتۆم نەبینی.

ئەو ماڵە نوێیەی کە هاتبوینە ناوی، لەوی دی فراوانتر بوو. لە نهۆمی خوارەوە، دوو ژووری نووستنی تێدابوو. لەگەڵ هۆڵێکی گەورە و چێشتخانەیەکی فراوان. کەوانتەرێکی تازە مۆدێل دوبەشی دیوارەکەی ڕازاندبۆوە. لە نهۆمی سەرەوە بە هەمان شێوە بوو. تەوالێت و گەرماوی تایبەت بەخۆی هەبوو. تەواو لە ڕووی پێداویستییەوە لە نهۆمی خوارەوە جیا کرابووەوە. کە چووینە ماڵەکەوە، دایەپەروین یەکێک لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەی بۆ من و ئەمەل دیاری کرد. ژوورەکەی تەنیشتیشی دا بە بەدری و کاڵێ.

بازاڕەکەی دایەپەروین، ڕۆژبەڕۆژ، لە گەرمبووندا بوو. داوای لە موحەممەد کرد بۆ نهۆمی خوارەوە، دوو ژووری نووستنی نوێ بکڕێت. پاشان بۆ هەر یەکەمان، پێداویستیی ژوورێکی نووستنی تایبەتی بۆ کڕین. کە پێکهاتبوو لە سیسەمێک و کەنتۆرێکی دوو دەرگا و مێزێکی ماکیاژ و کۆمەدییەکی بچوک کە لە تەنیشت سیسەمەکەمانەوە دامان نابوو. ئەو ڕۆژە بەهۆی بەستن و دانانی سیسەمەکانەوە، کرێکارەکان تا درەنگانێکی ئێوارە مانەوە. کاتێک کارەکان تەواو بوون، دایەپەروین هەموومانی لە هۆڵە ڕازاوەکەدا کۆکردەوە کە دیوارەکانی بە کاغەزی نەخشدار داپۆشرابوو، وتی:

– کچینە.. دەبێت لەمڕۆ بەدواوە، زۆر بە ورياييەوە ڕەفتار بکەن.. ڕێگە مەدەن بۆ پارەیەکی زیاتر، کڕیارەکانتان، بتانخەنە داوی پۆلیس و دادگاوە.. ناکرێت بەردەوام تکا لەم کاربەدەست و ئەو بەرپرس بکەم بۆ ئازادکردنتان. ئەمڕۆ بۆئەوەی ئەو ژنەی بە دووی کڕیارێکی سەرەڕۆ کەوتبوو، ڕزگاری بکەم، تکام لە زۆر کەس کرد. بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و پۆلیس ژنەکەی گەیاندبووە دادگا. من ئەوەی پێم کرا، کردم. بەڵام من خەمی ئەو ژنە داماوە دەخۆم کە دوای ئەوەی هاوسەرەکەی پێی دەزانێت کە کاری وا دەکات، دەبێت چی بەسەر بێنن؟! خوا بکات بە دووی ئێمەشەوە نەبن. هەر بۆیە کاتێک بەوەم زانی، خێرا کەوتمە گواستنەوەی ماڵەکەم.

دایەپەروین بێئاگا بوو لەوەی موحەممەد خۆی بە هۆڵەکەدا کرد و کۆمەڵێک زەرفی نایلۆنی بەدەستەوە

بوو کە خواردنی ئامادەکراوی تێدا بوو. دایەپەروین بە نیگایەکی هەڵچوونەوە لە دیمەنی موحەممەد ی ڕوانی کە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەک تاوانبارێک بەو چاوانەی کە ترسی لێ دەباری لە دایەپەروین ی دەڕوانی، وتی:

– تۆ کەی ئەبیت بە پیاو، ها.. ئێستا وەختی هاتنەوەیە؟! هەمووومان لە برسا قۆڕەی سکمان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات.

ئینجا بە سیمایەکی گرژەوە ڕووی تێکردم و وتی:

– ئادەی کچێ ئەو شتانەی لێ وەربگرە و بیکەرەوە.

منیش لە دیمەنی ئەو پیاوەم دەڕوانی، کە لە ژێر خۆیەوە بە پرتە و بۆڵەوە وەڵامی دایەپەروین ی ئەدایەوە دەی وت:

– چی بکەم ژنەکە؟! ئەوەندە قەرەباڵخ بوو، ئێستا نۆرەم هات.

بە فرمانەکەی دایەپەروین، لە شوێنی خۆم ڕابووم و ئەو زەرفانەی کە بۆنی کەبابی گەرمیان لێوە دەهات، لە بەردەمی دایەپەروین دا بڵاوم کردەوە. ئەوەندە برسی بووین، هیچ شتێکمان لەسەر سفرەکە نەهێشتەوە. من هێشتا ترسی ئەو ژنەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرابوو، سەر و دڵی وەها گران کردبووم، ئارەزووی ئەوەم نەبوو لە نێو ئەواندا بمێنمەوە. کە قسەکانیان بۆنی کارەساتێکی ئابڕووبەریان لێ دەهات. بێئەوەی مۆڵەت لە دایەپەروین وەرگرم، بە خەمێکەوە بەرەو ژوورەکەی خۆم چووم و بە جەستەیەکی گران و قورسەوە، لەسەر سیسەمەکەم درێژ بووم. ئەوەندەی چەند خولەکێکی نەخایاند، دایەپەروین خۆی بە ژوورەکەم دا کرد و لە تەنیشتمەوە لەسەر سیسەمەکە دانیشت. بە چاوەکانی

کە ترس ماندووی کردبوون، کەمێک لە نیگا هەڵبزرکاوەکانم ڕاما. پاشان دەستە نەرم و گۆشتنەکەی خستە سەر ڕانم و بە دەنیگێکی لەرزۆکەوە دەپەیڤی:

– کچم.. بۆ خۆت دەزانیت.. ئێمە کارێک دەکەین هەموو کەسێک نەفرەتمان لێ دەکات.

کەمێک وەستا و هەناسەیەکی پڕ لە ئازاری هەڵکێشا و پاشان دەستی بەقسان کردەوە:

– بەڵام چی بکەین؟ ئیتر ئەوە ژیانە.. ئێمە جگە لە فرۆشتنی جەستەمان، هیچ شتێکی تر شک نابەین کە پێی بژین. بژیویی ژیانمان ئەوەندە گرانە، بەم کارە نەبێت، ناتوانم کرێی ئەم خانووە بدەم کە ئێستا تێیدا دەمێنینەوە. هاتووم پێت بڵێم کە تۆش وەک ئەم ژنانەی کە لانەی خۆیان لە ترسی مەرگ بەجێ هێشتووە، کار بکەیت و یارمەتیمان بدەیت.

کە ئەو وشانەم لە دایەپەروین ژنەوت، لەرزێک هەموو جەستەمی هەژاند. من نیگاکانم لەسەر ئەو سێبەرەی جەستەمان بوو، کە مانگەشەو لەسەر فەرشەکەی بەرپێمان دروستی کربوو، هەستم کرد فرمێسک بە هێمنی لە چاوەکانمەوە ئەتکایە سەر ئەو ماکسییە ڕەنگ پرتەقاڵییەی کە دایەپەروین بۆی کڕیبووم. گەرووم وشک و دەنگم لە ناخمدا تاسابوو. بە نیگایەکی خەمگینەوە لێم ڕوانی. بە دەنگێک کە ئاوێتەی گریانی ناخم بوو، بە ئاستەم دەگەیشتە گوێکانی ئەو، وتم:

– ناتوانم ئەو کارەبکەم.. ناخم ڕێگەم پێنادات جەستەم بدەمە دەست پیاوێک، کە ویستم بۆ ی نییە.

دایەپەروین دەستێکی میهرەبانی بەسەر شانمدا هێنا و وتی:

– ئەزانم کچم.. چاک ئەزانم. منیش سەرەتا، کاتێک کە زوڵم و داوێنپیسیی پیاوەکەم بەم کارە ئاشنای کردم، ئەو هەستەی تۆم هەبوو. بەڵام ئیتر ئەوە ژیانە. ئێمەی ژن، ناتوانین بە ویستی خۆمان دروستی بکەین.. یان دەبێت بە ویستی ئەو بکەین و لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیەکانیدا وەک خۆی ڕێ بکەین، یان دەبێت لە لاوازیی خۆماندا، بەردەوام ناخی خۆمان بخۆینەوە.. تا بە هێمنی دەمانکوژێت. دوای ئەوەی لە دەستی هەڵهاتم و لە گەڵ موحەممەد ڕەدوو کەوتم، بێکاری و هەژاری لەم شارەدا، تەنگی بە ژیانمان هەڵچنی، دواتر لەسەر ڕەزامەندی موحەممەد، ماوەیەک بە ناچاری دەستم بە کاری لەشفرۆشی کرد. لەگەڵ هەر پیاوێکدا کە سێکسم دەکرد، ناخم لە ئازاردا دەبرژا. بە هۆی کاری لەشفرۆشیمەوە زۆر لەو ژنانەم ناسی کە هەریەکەیان بەهۆی ژیانیانەوە کاری لەشفرۆشیان دەکرد. ئەو کاتە من وەک ئێستا نەبووم، جوان و جەحێلتر بووم. بە هۆی کارەکەمەوە زۆر پیاوی بەرپرس و بەدەسەڵات و بازرگان و ناسراوم ناسی. کە داوای ئەوەیان لێ دەکردم ئەو ژنانەیان پێ بناسێنم کە جوان و کەم تەمەنن. لەبری ئەو کارە پارەیەکی زۆرتریان پێ ئەدام لەو پارەیەی کە لە فرۆشتنی جەستەی خۆمدا دەستم دەکەوت.

کەمێک وەستا و پاشان وەک ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی من بێت، چاوەکانی لەسەر جووڵەی دەستەکانم بوو کە

ڕەنگدانەوەی دەروونە دژوارەکەمیان ئەنواند. ویستم بە وەڵامێک بەوە قایلی بکەم کە بە دووی دەرفەتێکدا دەگەڕێم تا لەم شارە هەڵبێم و لە شوێنێکی تر ژیانێکی ئارامبەخش بەسەر ببەم. دایەپەروین یش، وەکئەوەی دزەی بە ناخم کردبێت و بزانێت بیر لە چی دەکەمەوە، کەمێک بە خۆیدا هاتەوە و جەستە گۆشتنەکەی کە لە ژێر ماکسییە تەنگەبەرەکەیدا دیمەنێکی هەستبزوێنی دەبەخشی، بە لای مندا وەرگێڕا و بە دەستەکانی هەردوو مەچەکە لاوازەکەی منی گرت و نایە سەر ڕانە نەرمەکانی. پاشان بە نیگایەکی گەشەوە، کە لەبەر ڕوناکی مانگەشەوەکە لایەکی سیمای وەک ئەڵماس ئەدرەوشایەوە، وتی:

– بەڵێنت پێ دەدەم یارمەتیت بدەم و هەموو شتێکت بۆ دەکەم، بەڵام بۆ خۆت ئەزانیت سەفەرکردن پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە. ماوەیەک کار بکە، بەڵێن بێت بۆ خۆم ڕەوانەت ئەکەم و لە مەرگ قوتارت دەکەم. تۆ ئەمشەو بەباشی بیری لێ بکەرەوە و بڕیاری کۆتایم بدەرێ. بمبوورە.. یان دەبێت کار بکەیت، یان دەبێت بۆ خۆت شونێکی تر بدۆزیتەوە.. مانەوەت لەم ماڵەدا بۆ تۆ، زۆر ئەستەم دەبێت.

ئەوەی وت و لە ژوورەکەم چووە دەرەوە و دەرگاکەی بە هێمنی لە دوای خۆیەوە، پێوەدا.

گومانی هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی دایەپەروین، لەگەڵ داواکەی ئەودا، ئەندێشەمی ئاڵۆز کردبوو. بیرگەلێکی ترسناک و مەرگئامێز، ژانێکی زۆریان بە مێشکە ماندووەکەم بەخشیبوو. وێنای ئەوەم دەکرد هەر ڕۆژێک دێت بەهۆی

ئەم کارە نەشیاوانەی لەم ماڵە پڕ لە ئاڵۆشەدا دەرکرێین و لەبەندیخانەمان بنێن، دواتر بوونم بۆ ئەو بکوژانەم ئاشکرا دەبێت کە بە ناو هەموو کوچە و کۆڵانێکی ئەم شارەدا چاوەکانیان کردۆتەوە و گوێچکەکانیان بۆ هێنانی ناوم هەڵخستووە، تا سووسەی بوونم بکەن.

لەو ساتەدا وێنای کوژرانی خۆم دەکرد کە ڕۆشنایی مانگ لە پەنجەرە بچکۆلەکەوە ژوورەکەمی ڕۆشن کربووەوە. ئەمەل لە خەوێکی قوڵی ئارامدا ڕۆچووبوو. کات نێزیکی بەرەبەیان بووبووەوە. وێنام دەکرد کە من هێشتا لەنێو پێخەفەکەی خۆمدا کینگڵم ئەدا و لە تریفەی ئەو مانگەم دەڕوانی کە بە پڕشنگەکانی، دەروونمی ئارام دەکردەوە. جیڕەی دەرگای ژوورەکەم سەرنجی بۆ خۆی گواستمەوە. چاوەکانم بە ترسێکەوە لەسەر دەرگاکە بوو، بە هێمنی لێک دەترازا و ڕۆشنایی گڵۆپی داڵانەکەی بەناو ژوورەکەدا پەخش دەکرد. تارمایی دوو پیاوی دەمامکدار کە لەبەر ئەو ڕۆشناییەی لە پشتیانەوە دەهات، سیمایانی لە پێش چاومدا تاریک کردبوو، بەهێمنی هاتنە ژوورەوە.

جووڵەی جەستەیان بە بکوژێکی کارامە دەچوو، کە چۆن پێشوەخت هەموو پلانێکی کوشتنەکەیان پڕۆڤە کردبێت، ئاوا ڕەفتاریان دەکرد. لەو ساتەدا ترپەی پەلەقاژێی دڵی خۆم دەژنەوت، کە بۆ ئەوەی خۆی لە مەرگ قوتار بکات، لەناو جەستەمدا، پەنگی خواردبووەوە. هەوڵی ئەوەم دەدا سیمای ئەو بکوژانەم بناسمەوە کە بە هێمنی هەنگاوە بوێرەکانیان، جەستە قەبە و تاریکەکەیانی بۆ لای من کێش دەکرد. بەڵام

ڕۆشنایی گڵۆپی داڵانەکە، کە لە تەواو واڵابوونی دەرگای ژوورەکەمدا، لە ڕوومی دەدا، بینایی منی تەڵخ کردبوو ناسینیان بۆم ئەستەم بوو.

لەگەڵ نزیکبونەوەیان، زێدەتر لەسەر سیسەمەکەم بە دەستە لەرزۆکەکانم خۆم بۆ لای دیواری پشتەوەم کێش دەکرد. ئەوان بێئەوەی ترس لە ناخیاندا بوونی هەبێت، ئەوەندە لێم نزیک بوونەوە تا چاوە تیژەکانیان لەبەردەم ڕۆشنایی مانگەشەوەکەدا دەبریسکانەوە. لە نیگای ئەو پیاوەی کە بە دەستە زلەکانی تاوی دایە قۆڵی چەپم، ناسیمەوە کە ئەکرەمی زڕبرای سەرکەوت بوو، هەوڵم دا بە قیژەیەک دایەپەروین بەئاگا بێنمەوە و بە فریام کەوێت، بەڵام ئەو، دەستە زلەکانی هێندە بەتوندی لەسەر دەم و لووتم دانا، بە ئاستەم هەناسەم ئەدا.

بەو نیوە شەوە کەهەموو ئەوانی تر لەقوڵایی خەوی خۆیاندا ڕۆ چووبوون، هەردووکیان وەک منداڵێکی تازە لەدایک بوو، بە گوریسێکی ئەستوور، هەموو جەستەیان قومات کردم. ئەکرەم منی وەک فەردە پەموو بە کۆڵی خۆیدا دا و بەرەو دەرەوەی ماڵەکەی دایەپەروین بردیانم و توڕیان دامە سندوقی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لە بەردەم دەرگای ماڵەکەدا بۆ من ئامادەیان کردبوو. من کە دەمم و پەلەکانم بەسترابوون، تەنیا چاوە تۆقیوەکانم دیمەنی ئەوانی تۆمار دەکرد. ماوەی چەند خولەکێک، ئۆتۆمبێلەکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو، تا لە شوێنێکدا وەستانی لە ناکاوی ئوتومبێلەکە شەپۆلێکی بە جەستە سووکەڵەکەم دا.

پاش خولەکێک، دەنگی ئەکرەم م ئەژنەوت کە بڵمە بڵمی دەهات و بە دووی شوێنێکی گونجاودا دەگەڕا بۆ ئەوەی جەستەمی تیا حەشار بدەن. بە خرمەی ئەو خۆڵەی کە لەژێر پێکانیانەوە دەهات، زانیم کەوتوومەتە شوێنێکەوە، کە ئاوەدانیی تیادا نییە.

لەگەڵ کردنەوەی سندوقی ئۆتۆمبێلەکە، بە هەردووکیان، تاویان دایە هەنگڵم و تا کەندەکێکی تاریک و ئەنگوستەچاو، بڵندیان کردم، کە ڕۆشنایی مانگەشەو کەمێک دەوروبەرەکەی ڕۆشن کردبووەوە. ئەو پیاوەی لە تەک ئەکرەمدا بوو، بە گوریسێکی ئەستوور، منی بەو دارە لاوازەوە بەستەوە کە پەلەکانی بەسەر سەرمدا شۆڕ بووبوونەوە. ئەکرەم کە بەرامبەرم وەستابوو، بەردەوام بە چاوە تۆقێنەرەکانی، لە سیمای مەرگئامێزی منی دەڕوانی. دەستی بۆ کەمەری خۆی درێژ کرد و کێردێکی گەورەی دەرهێنا، کە لە بەردەم ڕۆشنای مانگەشەوەکەدا دەبریسکایەوە. پاشان ئەو جامانەیەی لە سەر و ملی خۆی کردەوە کە دەمامکی پێ کردبوو و بە دەنگێک کە ئاوازی مەرگی بە گوێکانم ئەچپاند، وتی:

– ئیتر لەوە زیاتر ڕێگە نادەین ئابڕومان ببەیت. لەوەتەی چاودێریت دەکەم، بەدوای ئەم شەوەدا دەگەڕێم کە بەئارامی چاوەکانم لێک بنێم و هەناسەیەکی مەردانە هەڵکێشم. بۆئەوەی زیاتر دڵم بە مەرگی تۆ ئاسوودە ببێت، بڕیارم دا بەم شێوەیە بتکوژم، تا لەگەڵ دوا هەناسەی تێکەڵ بە خوێنی جەستەی تۆدا، هەناسەی سەربەرزی شکۆمەندانە هەڵکێشم.

کاتێک کێردەکەی لە گەردنم نێزیک کردەوە، من چاوەکانم لەسەر وێنەی ئەو ئاژەڵە بوو کە لەسەر کێردەکە نەخشێنرابوو. ئەو قسانەی باوکمی بەبیر هێنامەوە کە باسی حەزرەتی ئیبراهیمی بۆ دەگێڕامەوە، چۆن لە بری ئیسماعیلی کوڕی خودا بەرانێکی لە ئاسمان بۆ هێنایە خوارەوە تا سەری ببڕێت و بیکاتە قوربانی.

لەگەڵ ئەو ئەندێشەیەدا، ئەو کێردە تێژە، کە لەناو پەنجە ئەستورەکانیدا بوو، بە هێمنی لە گۆشتی ملمدا نقوم دەبوو،لرخە لرخی خۆم دەژنەوت کەلەگەڵ قوڵپی خوێنی گەردنمدا تێکەڵ بەهەناسەی گەروم دەبوو. وەکئەوەی هانای ناخی کپکراوم بۆ ئاسمان گەیشتبێت، دەنگێک وەک بۆمبێکی گەورە لەناو کەندەکەکەدا دەنگی دایەوە و چاوەکانی ڕۆشن کردمەوە. کاتێک بەخۆم ڕابوومەوە، خۆم لەنێو ئەو چەرچەفەدا بینیەوە کە هەموو جەستەمی لە خۆی ئاڵاندبوو. بینیم ئەمەل لە کاتی چوونەدەرەوەیدا، دەرگاکەی لە دوای خۆی بە کراوەیی بەجێ هێشتبوو. ڕۆشنایی گڵۆپی ڕاڕەوەکە ئەوەندە بەهێز بوو، کە ئازاری چاوە خەواڵووەکانمی دەدا.

هەناسەیەکی قووڵم بۆ ئەو خەونە هەڵکێشا کە وێنەی مەرگی خۆمی پێ نیشان دام. دەستێکم خستە سەر ئاسەواری ئەو چەقۆیەی کە سەرکەوت لە کاتی مەستیدا بە هەڵچوونەوە لەسەر گەردنی نابووم. وا هەستم دەکرد هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێت.

ئەو شەوە تا بەرەبەیان، لە ئەندێشەی ئەوەدا بووم چۆن خۆم لە نێوان دووڕیانی مەرگ و ژیندا یەکلا بکەمەوە.

## - ١٦ -

تا ئێستا کە ئەم چیرۆکەت بۆ دەگێڕمەوە، نەفرەت لە بوونی خۆم دەکەم. ئەو ڕۆژانـەم دێنێتەوە یاد کە ناپاکیم بەرامبەر جەستە و هەستەکانی خۆم کرد. ژن، کاتێک جەستەی دەفرۆشێت، بە کەم لە خۆی دەڕوانێت. ئیتر هیچ ڕێزێکی بۆ ئەو پیاوە نییە کە جەستەی ئەم، بۆ کاتێکی خۆشیی خۆی دەکڕێت. دەمەوێت ئەمشەو چیرۆکی لەشفرۆشتنی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، کە بووەتە ئازارێکی بەردەوام لە یادەوەریمدا. ئێستاش کە ئەو دیمەنانە بە ئەندێشەمدا ڕادەبوورن، وەک ژیلەمۆیەک بە ڕۆح و جەستەمدا دەچزێت. دەمویست ئەو ڕۆژانـە لەیادی خۆم بەرمەوە کە ئـازار بوو بە بەشێکی جەستەم. بـەڵام تۆمارەکان هەموو ئەوانەیان لە ناخمدا زیندوو کردەوە و منیان گەڕاندەوە بۆ ئەو ڕۆژە تاریکانەی چاوەکانم لە دیمەنی ڕاستییەکان نابینا بوون و هەستەکانم لە تەکیاندا وەک مارێکی سڕبوو، لە هەناومدا پێچی خواردبوو.

سپێدە پڕشنگەکانی وەک پرچەکانی ئێمە ئاڵۆزکاو، وەک نیگاکانمان خەمناک، خۆی هاویشتبووە هۆڵەکەوە. نیگاکانمان بە وێنەی ناخمان خەمناک بوو، هەناسەمان وەک ژەهرێکی تاڵ، بەناو گەروومانـدا ڕۆ دەچوو. ترپەی دڵمان ئاوێزانی خورپەی تـرس و ناکاوێکی دەنگی دەرگایەکی مەترسیدار بوو. نیگاکانمان ترسێکی تۆقێنەری لێ دەچۆڕا. بەو هەستەوە، لەخەو ڕابووین.

ئەو ڕۆژەی ئەو ژنە سۆزانییە بەند کرابوو، دایەپەروین

هەموو تەلەفۆنەکانی کلۆم دابوو. تەنیا ئەو تەلەفونە تایبەتە نەبێت کە ژمارەکەی تەنیا لە لای ئەو ژن و کڕیارە تایبەتیانە هەبوو، کە بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکردن. من کە لە چێشتخانەکە بە جەستەیەکی گران و دڵێکی خەمناک و ترسەوە خەریکی ئامادەکردنی نانی بەیانی بووم، ژنەکان لە هۆڵەکەدا، بە هەستێکی پڕ لە ترس و خەمناکەوە، لە دەوری دایەپەروین گرمۆڵەیان بەستبوو. کەس ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە. موحەممەد بە لەشێکی گرانەوە، وەکئەوەی خۆی لەو دۆخە دژوارە بدزێتەوە، ملە ئەستوورەکەی کوڕ کردبوو. بە بیانووی کڕینی پێداویستیی ماڵەکە، دەرپەڕییە دەرەوە.

لەو ساتەدا، من هەموو هەستەکانم لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوو کە کۆمەڵێک پۆلیس، شوێنی ئێمەیان دیاری کردبێت و لە ناکاوێکدا، خۆیان بەناو ماڵەکەدا بکەن و ڕاپێچی بەندیخانەمان بکەن. زەنگێکی تەلەفون، هەموومانی لەو ئەندێشە ئاڵۆزە بەخۆ هێنایەوە. من خەریکی تێکردنی چایی بووم. دەستم بە قۆرییەکەوە قەتیس مابوو. چاوەکانم لەسەر دیمەنی دایەپەروین بوو. بە چاوە خەواڵووەکانی کە شەو ئێشکی پێوە گرتبوون، کەمێک لە ژمارەکە ڕاما. وەکئەوەی توانای ناسینەوە و خوێندنەوەی نەمابێت. پاشان نای بە گوێیەکانیەوە و بە دەنێگێکی خەمناکەوە، وەڵامی دایەوە. هەموومان لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووین کە هەواڵێکی مەترسیدار، بێدەنگییەکەمان بشڵەقێنێ. بەردەوام چاومان لەسەر نیگاکانی دایەپەروین بوو، کە لەتەک ئەو کەسەی

پەیوەندی دەکرد و دەپەیڤی.

دایەپەروین سەرەتا، برۆکانی وەک دووشمشێر کە لە جەنگدا بن، لێک نابوو. چاوە گەشەکانی لەسەر ئەو پیالانە بوو کە نیوەم کردبوون. پاش کەمێک ئاوەدانیی بۆ ئەو سیما وشک هەڵهاتووەی گەڕایەوە، کە نیگا شیرینەکانی، تاڵ کردبوو. بە دەنگێکی خۆشبەختیەوە وتی:

– ئەی شوکور بۆ خوا.... ئەمجارەش لەو دۆخە قوتارت بوو.... باشە.... خەمت نەبێت.... من خۆم ئەوەی ترت بۆ چارەسەر دەکەم.

ئەوەی وت و بە نیگایەکی تەڕ و گەشەوە، ڕووی تێ کردین و وتی:

– کچینە.. هەواڵێکی خۆش.. ئەو ژنە ئازاد کراوە.

بەدری کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، بە نیگایەکی پڕ لە گومانەوە وتی:

– چۆن ئازادیان کردووە؟!

دایەپەروین ئاوڕێکی بۆ بەدری دایەوە و بە خەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وتی:

– ئەو ژنە زۆر زرنگە.. پێشئەوەی لەگەڵ ئەو پیاوە بڕوات، بە هاوسەرەکی وتووە کە سەردانی هاوڕێیەکی خۆی دەکات لە دەرەوەی شار. کاتێک پەیوەندی بە هاوسەرەکەیەوە دەکەن، ئەو قسانە پشتڕاست دەکەنەوە. بەوەش گومانی ئەو کارەی لە لای دادوەرەکە ڕەواندووەتەوە و ئەویش ئازادی کردووە.

لەدوای ئەو هەواڵە، خەندەیەکی ژیان گەڕایەوە بۆ سەر

لێوەکانمان. دایەپەروین تەلەفۆنەکانی کردەوە و وەڵامی ئەو پەیوەندیانەی ئەدایەوە کە زۆریان زیاتر لە چەند جارێک تەلەفونیان بۆ کردبوو.

ئەو ڕۆژە، دایەپەروین ئەوەندە سەری قاڵ بوو، نەیپەرژایە سەر ئەوەی دوا وەڵامی من وەربگرێتەوە. بۆ شەوەکەی کە سفرەی ئێوارەمان کۆ کردەوە، من بە دڵێکی گرانەوە، کە ڕەفتارەکانی سست کردبووم، خۆم هاویشتە ژوورەکەمەوە. بۆئەوەی لە چاوە بزێوەکانی دایەپەروین خۆم بەدوور بگرم. بەڵام ئەوە، تەنیا بۆ من، هەستێکی منداڵانە بوو کە دڵی خۆم پێ ئەدایەوە.

من کە لە ئەندێشەی خۆمدا بە دووی بیانوویەکەوە ڕۆچووبووم تا هەستەکانی خۆمی پێ چەواشە بکەم، بەدری بە هێمنی دەرگای ژوورەکەمی کردەوە. وەکئەوەی گەمەیەکی منداڵانەم لەتەکدا بکا، بە دەنگێی نەرم وتی:

– ئەوە خەریکی چیت ناشرین؟! لەو کاتەوەی لەوماڵەدا بووم زێدەتر لە ژنەکانی تر، هۆگری ئەو بووم و بە قسە پێکەنینئامێزەکانی دڵی خۆم ئەدایەوە. بە خەندەیەک وەڵامم دایەوە. بەدری بە هێمنی خۆی بە ژوورەکەمدا کرد و هاتە تەنیشتمەوە دانیشت. کەمێک لە سیما هەڵبزرکاوەکەمی ڕوانی و پاشان وتی:

– ئەوە چییە؟! بۆچی ئەوەندە خەمباریت؟!

من کە هێزی ئەوەم نەبوو ئەو هەستەی دڵی گوشیبووم پێی ڕابگەیەنم، سەرم دانەواند و لەژێر لێوە قورسەکانمەوە وتم:

– هیچ نییه..

ئەو کە ئاگای لە هەموو ئەو شتانە بوو کە لەو ماڵەدا ڕوویان دەدا، بە خەندەیەکەوە وتی:

– ئـەزانـم بیر لـە چـی دەکـەیـتـەوە. گـوێـی پـێ مـەدە. دایەپەروین ڕاست دەبێژێ. نەوەک من و تۆ، هەموو ژنێک، کاتێک بیر لە فرۆشتنی جەستەی خۆی دەکاتەوە، هەمان هەستی هەیە، بەڵام چار نییە، پێویستە بەناچاری خۆمان لەگەڵ ئەو دۆخەدا ڕا بهێنین، کە تەنیا لەوە زیاتر، هیچی ترمان لە دەستدا نییە تا ژیانی پێ بەڕێ بکەین.

من کە پەیڤەکانی ئەوم دەژنەوت، لەو ساتەدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد پڕ بە دڵم بگریم. ئەو هەستە پەنگخواردووەی ناخم بە فرمێسکی چاوەکانم خاڵی بکەمەوە. بەدری هەستی بە تەڕبوونی چاوەکانم کرد. بە خەمێکەوە لە ئامێزی خۆی گرتم و وتی:

– کچێ ئەوە ناهێنێت خۆتی بۆ خەمبار بکەیت. من زۆر لەگەڵ ئەو پیاوانەدا خەوتووم کە خاوەنی ژنی جوان و نازدار بوون.. بەڵام کاتێک لەتەک مندا بوون، تەنیا بۆ ساتێکیش هەستیان بەو تاوانە نەکردووە کە بەرامبەر بە ژنەکانیان دەیکەن. چاک بزانە، ئەوەی وا لەو پیاوانە دەکات کە بیر لە داوێنپیسی بکەنەوە، مردنی هەستی ژنەکانیانە. ئەو شەرمەی کە هەموو ناخی ژنێکی ئێمەی تەنیوە و کۆیلەی داب و نەریتەکانی کردووە، وای کردووە پیاو لە تەکیا هەست بە بێزاری و ساردیی خۆی بکات بەرامبەری. هەربۆیە ئەوانەی پەنا بۆ ئێمە دەبـەن، چێژ لەو بێشەرمیانەمان دەبینن کە

لەکاتی نمایشی سێکسدا هەستەکانیان هەڵدەخەڵەتێنین و سەرنجیان بۆ لای خۆمان کێش دەکەین. چێژێکی وەهایان پێ دەبەخشین کاتێک لەگەڵ ژنەکانی خۆیان سەرجێیی دەکەن، هەمیشە خەیاڵیان بە لای ئێمەوە بێت.

بەردەوام گوێکانم بۆ ئەو پەیڤانە شل کردبوو کە وەک وانەیەکی سێکسی بە گوێکانمدا ئەی چپاند. بەدری دەستێکی بۆ پرچە درێژەکانم برد و لە پەنجە باریکەکانی خۆی دەئالاند و گەمەی پێدەکرد. پاشان کەوتە درێژەدانی قسەکانی:

– ئێمە لەم ژیانەدا، هیچ شکۆیەکمان نییە، تا سزای خۆمانی پێ بدەین. هەر لە منداڵییەوە وەک بووکەڵەیەک لێمان دەڕوانن و بە ویستی خۆیان بڕیار لەسەر ژیانمان ئەدەن. ئەزانم بە کوژرانی خۆشەویستەکەت نیگەرانیت، بەڵام پێم بڵێ تۆ چیت لە دەست دێت بۆ تۆڵەکردنەوە؟! ها؟!

ئەو لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوو کە وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بدەمەوە. بە لەشێکی قورسەوە شانەکانم بۆ هەڵتەکاند و لەژێر لێوەکانمەوە وتم:

– هیچ.

دەستێکی بۆ چەناگەم برد و سیما گرژەکەمی بۆ لای خۆی وەرگێڕا و بە نیگایەکی تیژەوە لێمی ڕوانی و پاشان وتی:

– ئەگەر ئەوان دەستیان بگاتە تۆ و بتکوژن، خۆشحاڵ دەبن. ئەو شکۆیەی بە ناوگەڵی تۆوە هەڵیان واسیوە، بۆ خۆیانی دەگەڕێننەوە. بۆ ئەوەی زێدەتر ئازاری ناخیان بدەیت، هەوڵ بدە ئەو برینە گەورەتر بکەلەناخیاندا کە

ئازاری پێوە دەچێژن. تۆ دەزانیت ئازاری دەروون چەند بەسوێترە لەو ئازارەی کە مرۆڤ بە دەم برینداربوونی بەشێکی جەستەیەوە دەناڵێنیت. من زۆر لەو ئازارانەم چەشتووە کاتێک هەستەکانم بریندار دەبوون، تەمەننای ئەوەم دەکرد کە پارچەیەک لە جەستەم لێ کرابایەوە و ئەو ئازارەم نەچەشتبا کە خەریک بوو بە هێمنی دەیکوشتم. تۆ ئەو کارە بکە.. لەوە زیاتر، هیچی ترت لەدەست نایەت بیکەیت. یان دەبێت لێرە بڕۆیت و وەک مەڕێکی بێدەسەڵات لە بەردەم چەقۆی ئەواندا بکەویت، یان بڕیاری تۆڵەکردنەوە بدە و چیتر ناخی خۆت مەخۆرەوە. هەوڵ بدە درۆ لەگەڵ هەستەکانی خۆتدا بکەیت. تەنیا بۆئەوەی درێژە بە ژیانێکی ئارام بدەیت.

قسەکانی بەدری وەک تەلیسمێک کاری تێ کردم. هەستم کرد گرانیی جەستە و ناخم دەڕەوێتەوە. بە دەستەکانم دوا فرمێسکی چاوەکانم سڕی و بڕیاری ئەوەم دا کە دەستبەکار بم.

کاتێک دایەپەروین ئەو هەواڵەی ژنەوت، من لە هۆڵەکەدا دانیشتبووم. دەمزانی مامەڵە بە جەستەمەوە دەکات. بە تەلەفونەکەی لەگەڵ کەسێکدا دەپەیڤی. پێدەچوو کەسێکی مەزن و باڵادەست بێت. بەناو هۆڵە گەورەکەدا تەلەفونەکەی بە گوێکانیەوە نابوو و هاموشۆی دەکرد. لەگەڵ قسەکانیدا سەرنجی منی ئەدا و بە تۆنێکی نزم و نەرم ئەی گوت:

– گەورەم.. شتێکی زۆر ناسک و خاوێنە.. یەکەم جاریەتی.. بەڵێ بەڵێ.. تا ئێستا کەس نەیبینیوە........ ناوی؟!...

ناوی گوڵی سپی یـە..... زۆر نـازدارە.... دەبێت زۆر دڵی ڕاگریت، هـااا... چونکە هەتا بڵێی شـەرمنە....... زۆرباشە.. سبەی ئێوارە بۆتی ئامادە دەکەم.... بەڵام دەبێت ئاگات لێم بێت...... باشە.... خوات لەگەڵ گەرورەم.

کاتێک کۆتایی بە قسەکانی هێنا، هاتە نێزیکمەوە و دەستێکی بە پرچە ئاڵۆزکاوەکانمدا هێنا و وەک دایکێکی میهرەبان، لاواندمیەوە. بەدەنگێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە وتی:

– کچم.. من بۆ لای کەسانێکت ئەنێرم کە پارەیەکی زۆرت ئەدەنێ. بۆ ئەوەی دڵیان ڕابگریت و لێت ڕازی بن، هەوڵ بدە کە ئەو ترس و شەرمە لە خۆتدا مەهێڵە. ژیان ئەوە ناهێنێ خۆتی پێوە گیرۆدە بکەیت. من بەڵێنم پێ دایت لێرە قوتارت دەکەم. بەڵام بە مەرجێک گوێڕایەڵی قسەکانم بێت. هەوڵ بدە وەک شەیتانێک ڕەفتار بکەیت.. با زێدەتر هەستبزوێن و سەرنجڕاکێش دەر بکەویت. ئەگەر وا بکەیت، بەزوترین کات بە خەونەکانت دەگەیت.

ئەو ڕۆژەم بەو ئەندێشەیەوە بەسەر برد، کە چۆن بتوانم خۆم لەگەڵ ئەو دۆخەدا ئاشنا بکەم! پێم لە هەستەکانی خۆم نا. بیرم لـەوە دەکـردەوە بە چ شێوازێک ڕەفتار بکەم کە جێگەی ڕەزامەندی کڕیارەکانم بم؟!

بۆ ڕۆژی دوایی، دایەپەروین هەر لە بەیانییەوە خۆی بە ڕازاندنەوەی منەوە سەرقاڵ کردبوو. داوای لە کاڵێ کرد ئەو ڕەنگانە بهێنێت کە ژنەکان هەفتانە پرچەکانی خۆیان پێ ڕەنگ دەکرد. منی لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانا. جگەرەیەکی

پێ کرد و مژێکی قووڵی لێ داو کەمێک لە سیماو جەستەم ورد بووەوە. پاشان وەکئەوەی ڕاوێژ بە کەسێکمان بکات لەژێر لێوەکانیەوە، دەپەیڤی و وتی:

– ئەگەر پرچەکانی سوور بکەین، دڵنیام لەگەڵ پێستە سپی و ناسکەکەیدا سەرنجڕاکێشتر دەنوێنێ...

مژێکی لە جگەرەکەی دایەوە و پاشان وتی:

– من ئەمەوێت سیمات وەک نازناوەکەت بێت.

دواتر بڕیاری ئەوەی دا پرچە ڕەشەکانم بە ڕەنگی سپی و خۆڵە مێشی ڕەنگ بکات. ئەو عەزییە سپی و گوڵدارە وردەی بۆ هەڵبژاردم کە بە تایبەت بۆ ی کڕیبووم. داوای لە ئەمەل کرد ماکیاژێکی تایبەتیم بۆ بکات کە لەتەک ئەو بەرگ و ڕەنگی پرچەمدا بگونجێت. چوومە بەردەم ئەو مێزی ئارایشە گەورەیەی کە چەندین ماڵی بینیوو. ئەو ژنانەی ڕۆژانە سەردانی ماڵی دایەپەروین یان دەکرد و لەدوای بەڕێکردنی کڕیارەکانیان، خۆیان لە بەردەمیدا ڕێک دەخستەوە ئارایشەکانیان نوێ دەکردەوە. لەو ساتەدا ئەو ڕۆژەم بەبیر هاتەوە کە بۆ گواستەنەوەم، شەوبۆی خۆشکم لە ئارایشگاکە لێمی دەڕوانی. لە سیمامدا، بەدووی شتێکی نامۆدا دەگەڕا کە ناتەبا بێت بەلایەوە. هەمان ئەو هەستەم بۆ گەڕایەوە کە بەدڵێکی تەنگ و نائارامەوە لە ئاوێنەکەی بەردەممدا لە نیگا گرژەکەی خۆمم دەڕوانی.

کاتێک لە ڕازاندنەوەی من تەواو بوون، دایەپەروین سەیرێکی کاتژمێرە گەورەکەی دیواری هۆڵەکەی کرد، بۆئەوەی دڵنیا بێتەوە لەوەی چەند کاتی ماوە بۆ بەڕێکردنم.

پاشـان داوای لـێ کـردم لـە نـاوەڕاسـتـی هـۆڵـەکـەدا وەک بووکەڵەیەک بسوڕێمەوە. ئەویش بە چاوە تیژەکانی، لە هەموو جەستەو سیمام ورد دەبووەوە. دواتر بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە وتی:

– عەیبت نییە.. تەواو بە کچی ناو دراماکان دەچیت.

ئای خاتوو مۆڵی چیم بەخۆم کرد؟! تۆ پێم بڵێ چۆن بتوانم وەک ژنێکی هۆشیار و خـاوەن هەستی مرۆڤانە، ڕێگە بە خۆم بدەم لەو جەستەیەی خۆم ببورم کە ڕۆح و هەستەکانمی لە ئازاری خۆیدا نغرۆ کرد! منێک کە ئێستا لە نێوان خۆم و جەستەمدا ناتەباو دژوارم، چۆن بتوانم هەستەکانم بە خۆم ئاشنا بکەمەوە و دەروونی خۆم وەک تەمەنی هەرزەکاریم ئاسوودە بکەم؟! تەمەننای ئەوەم دەکرد وەک هەموو ژنێکی سادە و نـەزان، بە گێلێتیی خۆمەوە، چێژم لەو ساتانە ببینیایە کە پیاوەکان گەمەیان بە جەستەم دەکرد و هەستی پڕ لە ئارەزووبازیی خۆیان، تێمدا خاڵی دەکردەوە.

من نەفرەت لە سورکێو دەکەم کە منی بە ژیان ناساند. منی کردە مرۆڤێک کە خۆم بناسم و شکۆیەک بۆ هەستی ژنێتیی خـۆم وێنا بکەم. ئاخر ژن چـۆن دەتوانێت لەنێو مرۆڤگەلێکدا ژیان بکات کە ئەندێشەیان بە هەستەکانی نامۆ بێت؟! بەو ئـازارەوە ئەو پلانەم بەڕێ کرد کە دایەپەروین بۆی کێشابووم.

کاتێک کە گەیشتمە شەقامە سەرەکیەکەی نێزیک ماڵی خۆمان، ئەو ئۆتۆمبێلە گرانبەهایەی کە پێویست بوو لە تەکیا

بڕۆم، لە چاوەڕێمدا بوو. بەدڵێکی لەرزۆک و نائارامەوە سوار بووم. شۆفێرەکەی، تاوناتاوێک لە ئاوێنەکەی بەردەمیەوە لە نیگا ترساوەکانمی دەڕوانی. بەهێمنی ڕێی دەکرد. ماوەی چەند خولەکێک لە شار دوور کەوتینەوە. گەیشتینە بازگەیەک. کاتێک ئەو سەربازانەم بینی لە شوشەی ڕەشی ئۆتۆمبێلەکەوە بە ڕێزێکەوە ڕێگەیان بۆ تێپەڕبوونمان کردەوە، ئیتر هەستم کرد ئەو شەوە دەبمە میوانی کەسێکی باڵادەست.

دوای چەند خولەکێک، ئۆتۆمبێلەکە لە بەردەم باخێکی مەزن و ڕازاوەدا، وێستەی کرد. شۆفێرەکە بە ئەتەکییەتێکەوە دەرگاکەی بۆ کردمەوە و بۆ ئەو خانووە گەورە و ڕازاوەیەی کە ڕووکاری بە بەردێکی قەشەنگی ڕەنگ قاوەیی نەخشێنرابوو، لەگەڵم ڕێی دەکرد. لەناو باخچەکەدا، چەند گەنجێک کە بە پاسەوان دەچوون بەرگی ئاساییان لەبەردا بوو بە چاوێکی پڕ لە گومان و کەمەوە لە منیان دەڕوانی. بۆئەوەی نیگاکانم پێیان ئاشنا نەبێت، ئەو دەستەی کە جانتا ڕەنگ سوورەکەم پێ هەڵگرتبوو، لە نێو چەوانی خۆم نا. هەرچەندە خۆر لە ئاوابووندا بوو، بەڵام من دەمویست بەو ڕەفتارەم ئەو هەستە لای ئەوان دروست کەم.

هێشتا چەند هەنگاوێکمان مابوو لەتەک شۆفێرەکە بگەینە نێزیکی دەرگای خانووەکە، شۆفێرەکە بەو ئامێرە بێ تەلەی کە بە دەستیەوە بوو، دوا و وتی:

– گەورەم.. ئێمە هاتووین.. دەتوانم بێمە ژوورەوە؟!

لە ئامێرەکەوە دەنگێکی گڕ و خاوم ژنەوت، کە وەڵامی

شۆفێرەکەی دایەوە وتی:

– وەرە کوڕم.

ئیتر شۆفێرەکە لە پێشمەوە ڕێنمایی دەکردم، تا گەیشتمە ناو هۆڵێکی ڕازاوەی گەورە، کە پەنجەرەکانی بە پەردەی ئەستوری ڕەنگ ئاڵتوونی داپۆشرابوون. لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا، تاقمێکی دانیشتنی گرانبەها، دەوری مێزێکی ڕازاوەیان بە میوەی هەمەجۆر و خواردنەوە دابوو. شۆفێرەکە داوای لێ کردم لە نێزێکی مێزەکەوە دانیشم و چاوەڕێ بکەم. لەو کاتەدا من داواکەی ئەوم جێبەجێ دەکرد، شۆفێرەکە چووە دەرەوە و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخستەوە.

چەند خولەکێک، لەچاوەڕوانیدا مامەوە.. لە ناکاوێکدا خشپەی ئەو سۆڵانەم ژنەوت کە لە پشتمەوە دەهات. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی ئەودا دڵم لە تەکیا پێشبڕکێی دەکرد. کاتێک هاتە تەنیشنمەوە، بە هەمان ئەو تۆن و دەنگەی کە لە ئامێری بێتەلەکەوە دەهاتە دەرەوە، وتی:

– بەخێر بێیت گوڵە سپیەکەم.

من کە شەرم و ترسێکی بێئەندازە سیمای تاریک کردبووم، وەڵامم دایەوە. دیمەنی نامۆی ئەو پیاوەی کە چرچ و لۆچی ملی، تا نێوچەوانی هەڵکشابوو، منی خستە گومانەوە. دەمویست بە پێگە و دەسڵاتی ئاشنا بم. لە دڵی خۆمدا مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە بەرپرسێکی گەورە، یان بازرگان و پارەدارێکی مەزن بێت. ئەگەرنا چۆن ئەو هەموو گەنجانە بە گەورەم بانگهێشتی دەکەن و لە بەردەم

فەرمانەکانیدا ترس لە ڕەفتارەکانیان دەبینریٚ؟!

بەهێمنی هاتە تەنیشتمەوە. بەو ڕۆبە ڕەنگ شین و بریسکەدارەی کە لە پشتیەوە وێنەی ئەژدیهایەکی تۆقێنەری کلکداری تێدابوو، پێدەچوو تازە لە گەرماو هاتبێتە دەرەوە، پرچە ماش و برنجییەکەی بە هۆی تەڕییانەوە، بە کەللەسەرە گەورەکەیەوە نووسابوون. لە چاوە بچکۆلە و ترسئامێزەکانی، کە لەسەر ڕانە سپییەکانی نابووم و بە هۆی کورتیی عەزیەکەمەوە بەدەر کەوتبوون، هەستم بە مەزنێتی خۆم دەکرد. ئەو قسانەی بەدری م بیرکەوتەوە کە دەیگوت:

– پیاو چەندێ مەزن و خۆبەگەورەزان و دڕندە بێت، لەئاست جەستەی ژنێکی دڵبەردا، هێندە بچوک دەبێتەوە، کە دەتوانیت بە ویستی خۆت گەمە بە هەموو هەستەکانی بکەیت.

تاوی دایە ئەو بوتڵە کهولەی کە بە شێوەی بوتڵە کهولەکانی سەرکەوت دەچوو، ئەو دوو پەرداخەی لیٚ پڕ کرد کە لە بەردەم خۆی، داینابوون. دانەیەکیانی لێم نێزیک کردەوە، فەرمانی پیٚ کردم لە گەڵیدا بخۆمەوە. من کە بە بۆنی ئەو کهولە هێڵنجم ئەدا، ئەو بە نیگا فەرمانئامێزەکانی، ناچاری کردم کە بیخۆمەوە. ئەو لەپێش منەوە هەموو کهولەکەی نۆش کرد. منیش بە قێز و بێزێکەوە بە ناچاری سەرم پێوەنا و پەرداخەکەم نیوەکرد.

بۆئەوەی بەو دۆخەی خۆیم ئاشنا بکا، پرسیاری ئەوەی لێکردم کە خەڵکی کوێم! منیش وتم:

– دەرەوەی شار.

به خەندەیەکی ساردەوە لێمی ڕوانی. به دەنگێک که ئاوێتەی ناخه گەورەکەی بوو، وتی:

– به سیماتدا پێدەچێت لەم شارەدا گەوره بووبیت.

من وەڵامم نەدایەوە. ئەویش دەستی بۆ ئەو گیرفانه گەورانەی ڕۆبەکەی برد و دەنکێک حەبی ڕەنگ شینی دەرهێنا و نایه سەر زاری. لەگەڵ پەرداخێک خواردنەوەدا قوتی دا. پاشان دەستی بۆ بوتڵه کهولەکه برد و پەرداخەکەی منی لێوانلێو کرد و داوای لێکردم که منیش بیخۆمەوە.

تا ئەو چەند خولەکەی ئێمه لەو هۆڵه گەورەیەدا دانیشتبووین، ناچاری کردم سێ پەرداخ لەو کهوله بخۆمەوه که تامی تاڵێتی موچورکەی به جەسته نێوه ڕوتەکەم ئەدا. دواتر تاوی دایه مەچەکم و بەدوای خۆیدا بەرەو ژوورێکی تر پەلکێشی کردم. که سیسەمێکی قەشەنگ و ڕازاوەی لێ بوو. گڵۆپەکانی سەر کۆمەدی ئەم لا و ئەو لای سیسەمەکه، دیمەنێکی هەست بزوێنی بەو ژووره بەخشیبوو که تێیدا هەستم به ئارامیی خۆم دەکرد. نەمزانی چۆن له دوای ئەو کهولەوه بۆچوونەکانی ناخم شارایەوه و ئارەزووی ئەوەم دەکرد لەسەر ئەو سیسەمه بنووم، که به هێندەی ئەژنۆکانم بڵند بوو.

داوای لێکردم که خۆم ئاماده بکەم. منیش دەستم دایه ئەو جانتا سوورەی که له ناویدا ژێرکراسێکی سپیی بریسکەدارم تێ کردبوو. دەرم هێنا. چوومه بەردەم ئەو ئاوێنەیەی که به هێندەی باڵای خۆم هەڵکشابوو، کاتێک خۆم ڕووت کردەوه ئەو له ئاوێنەکەوه دیار بوو لەسەر سیسەمەکه دانیشتبوو

و چـاوە بچکۆلەکانی زێدەتر کـرابـوونـەوە. بە نیگایەکی تـامـەزرۆوە، چێژی لـەو دیمـەنـەی مـن دەبینی کـە چۆن پۆشاکەکانم پارچەپارچە لەسەر ئەو ڕیتەمەی دایەپەروین پڕۆڤەی پێ کردبووم، لە جەستەم دەکردەوە.

ژێرکراسەکەم پۆشی و ڕوم تێ کرد. لەسەر سیسەمەکە خۆی درێژ کرد و بە پەنجەیەکی ئاماژەی ئەوەی بۆ کردم کە بچمە تەنیشتیەوە. ئەو شەوە، ئەو فەرمانی پێ دەکردم و منیش بە ویستی ئـەو ڕەفتـارم دەکـرد. کاتێک چوومە تەنیشتیەوە، تاوی دایە پرچە درێژەکانم و بە تۆبزی دەممی لە نێو دەمی خۆی نا و هەتا هێزی تیا بوو ئەیمژی. پاشان کەوتە ماچکردنم. وەک سەگێک چۆن چێژ لە لیسانەوەی ئێسقانێک دەبینێت، ئاوا هەموو جەستەمی ئەلێسایەوە. من کە بە ویستی ئەو هامڕای گەمەسێکسیەکانی بووم، ناخم لەئازاردا ئاگری گرتبوو.کەمێک دەستی بە پرچە درێژەکانمدا هێناوی گـەمـەی پێدەکردن،پاشـان وەکئـەوەی پەتێک لە دەستی خۆیەوە بئاڵێنێت،ئاوادەستی لەپرچم ئاڵاندوو هەتا بێخی سـەرم لەپشەوە نزیکی کـردەوە.پـاشـان بەفشاری دەستی سەرمی بۆلای ناوگەڵی خۆی نزیککردەوە و فرمانی ئەوەی پێکردم کە چۆکی بۆ بمژم.من کە ئەلکهولەکە تەواو مەستی کردبوو،تواناى ئەوەی لێبڕیبووم کە ئەو فەرمانەی ڕەت بکەمەوە،لەگەڵ مژینی چۆکیدا تاوناتاوێک بەودەستەی کەلە پشتەسەرمی توندکردبوو فشاری لێدەکردم و زێدەتر چۆکی لەناو دەمم دەئاژوو.زۆرجار بەهۆی ئەو کارەیەوە هێڵنجم ئـەداو هەناسەم تـەواو تەنگ دەبــوو.دوای چەند

خوله کێک بەهەمان دەستی کەلەپرچمی ئاڵاندبوو، بەرەو بەشی سەرەوەی سیسەمەکە ڕای کێشام، بەفشاری دەستە لاوازو باریکەکانی سەرمی بە سیسەمەکەوە چەسپ کردوو بەدەستێکی تاوی دایە کەمەرە باریکەکەم و کەمێک بڵندی کردوو چۆکی لەناو لەشم ناو دەستی کرد بەتەکان لێدانم. قێزم لەو دیمەنە دەهاتەوە کە وەک بەرازێکی پیر بە سەرمەوە لرخەلرخی لێوە دەهات. ئەوەندە ئازارم دەچەشت وا هەستم دەکرد خەنجەرێکی لە ناو جەستەم ناوە و دەیەوێت ناخمی پێ هەڵ بکۆڵێت،ئەویش چێژی لەو دیمەنەم دەبینی، کەلەژێریدا لەبەرخۆمەوە بەدەم ئازارەوە دەمنرکاندوو دەمناڵاند. من ئەو شەوەم بەو ئازارەوە بەڕێ کرد، ئەویش تا سپێدە، هەموو خەون و خەیاڵی لاوێتی خۆی لەمندا خاڵی کردەوە.

چەند مانگێک لای دایە پەروین مامەوە. من و ئەمەل ڕۆژبەڕۆژ، بازاڕەکەی دایەپەروین مان گەرمتر دەکرد. ئەمەل فێری هەموو ئەو گەمانەی کردبووم کە چۆن بە دەربڕینی هەستە دەستکردەکانم، گەمە بەو پیاوانە بکەم کە بە توانای نێرینەیی خۆیانەوە دەنازین. کاتێک بە نمایشێکی هەستبزوێنی لە ڕادەبەدەرە خۆم نمایش دەکرد، چێژیکی ئەفسووناویم پێ دەبەخشین. لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا، تەواو دەبوون و وەک گایەکی شێتی ماندوو دەکەوتن. منیش بە پێکەنینێکی بێشەرمانەوە، گاڵتەجاڕیم بەو دیمەنانەیان دەهات کە توانای ئەوەیان نەبوو بۆ جارێکی تر لە تەکمدا تێ هەڵ بچنەوە.

من تاوانێکی زۆرم کرد خاتوو مۆڵی. بەهۆی ئەو ڕەفتارە

ئابرووبەرانەمەوە، کە هەموو ژنێک قێزی لێم دەهاتەوە، چەندین پیاوم لە ژنەکانیان کرد. هەستەکانیانم زەوت کردن. وام لێ کردن شەوانە خەوم پێوە ببینن و دووبارە و سێبارە داوام بکەنەوە و پارەی زیاتر بە جەستە نەرم و نیان و سەرنجڕاکێشەکەم بدەن. نازناوەکەم گوڵی سپی بوو، ئەو ناوەی کە ناپاکیم لەتەکیا کرد. بەردەوام لەسەر زاری هەموو ئەو پیاوانە بوو کە بە تاسەوە بوون بۆ بینینم.

ئەوەندە لەتەک پیاودا خەوتبووم، پیاوم وەک بوونەوەرێکی بێنرخ و گاڵتەجار دەهاتە پێش چاو. کاتێک بەو ئەزموونەدا گوزەرم کرد، سەرەکۆنەی خۆم دەکرد کە بە هۆی بێ هەستیمەوە، نەمتوانی دڵی سەرکەوت بۆ لای خۆم کێش بکەم، بەجۆرێک کە ژیانێکی بەختەوەری پێ ببەخشێت و ئەویش عەشقی سورکێو لە دڵمدا کاڵ بکاتەوە.

بە بڕوای تۆ.. من چەند لەو بۆ چونەمدا تاوانم هەیە؟! تۆ بۆ خۆت بڕیار بدە. ئەوەی بەردەوام ئازاری ئەدام، ئەو هەستەم بوو کە لە دوای جیابوونەوەم لەتەک کڕیارەکانمدا، خۆم بەبیردا دەهاتەوە و قێزم لە جەستەی خۆم دەکردەوە. ئارەزووی ئەوەم دەکرد ئەو ڕۆحەم کە لەناو ئەو جەستە پڕ چێژەمدا بەند بووە، ڕۆژێک هێزی ئەوەم هەبێت قوتاری بکەم.

کاتێک پارەیەکی زۆرم لای دایە پەروین مۆڵ کرد، بڕیاری ئەوەم دا بۆ دواجار ئەو شارە بەجێ بهێڵم کە تەمەنم تێیدا بە وێنەی گەڵای داری پایز هەڵوەری. ئومێدی ئەوەم دەکرد خودا ئەوەندە تەمەنم پێ ببەخشێت کە خۆم بە جەستەم ئاشنا

بکەمەوە. جەستەم لەو تاوانانە خاوێن بکەمەوە کە وەک لیکی دەمی کڕیارەکانم، بە جەستەمدا دەچۆڕایە خوارەوە. کاتێک بڕیاری ئەوەم دا خۆم لەو شارەدا بسڕمەوە، دایەپەروین لەسەر بەڵێنەکەی خۆی، هەموو پێداویستیەکی لە ڕێگەی کڕیارە باڵادەستەکانیەوە بۆ ئامادە کردم.

کۆچم کرد و خۆمدایە دەست ئەو چارەنووسەی منی بە تۆ ناساند. ڕۆژگارێکی هێندە سەختم بەڕێ کرد کە تا ئێستاش لە ئەندێشەمدا وەک وێنەی دایکم، خۆی ئەنوێنێ و ئازاری ڕۆحم ئەدا. من لە هەرێمێکەوە هەڵهاتووم کە ژنەکانی، بەدەست بیرگەلێکی تاریکەوە باجی مێیینەیی خۆیان ئەدەن. ژنەکانی لە جەنگەکاندا دەبنە قوربانی دەستی ئەو داب و نەریتە کۆنەپەرستەی کە وەک سەردەمی تاریکیی ئەنفال، زیندەبەچاڵ دەکرێن. ئاخر چۆن بوێری ئەوەم هەبێت لەو ژیانەدا کە بیری مرۆڤگەلێکی تاریک کردووە، بیر لە هەڵسانەوە بکەم؟!

چەندجار تاوم دایە ئەژنۆکانم و پێکانم لە زەوی گیر کرد تا جارێکی تر هەڵسمەوە، وەک منداڵێک کە چۆن پێ دەگرێت، پەراوە بە هەنگاوەکانم بکەم، بەڵام ئەفسووس، هەموو ئەوانەی نێزیکم بوون، ئەو برینانەیان نوێ دەکردمەوە کە هێزی ئەوەی لێ بڕیبووم خۆم بەپێوە بگرم. من بێئومێد بووم لەوەی مرۆڤ بتوانیت لەو هەرێمەدا خۆی لە تاوانەکانی بشواتەوە و دەست بە ژیان بکاتەوە.

تکات لێ دەکەم خاتوو مۆڵی.. منێکی پەناهەندەی نامۆ بە ژیانی ئێوە، خۆم داوەتە دەست چارەنووسێک بۆ ئەوەی

ڕۆشنایی مرۆڤایەتی بە تاریکی ناخم ئاشنا بکەمەوە. تکات لێ دەکەم فێری ئەوەم بکەوە چۆن ژیان دەست پێ بکەمەوە و ئومێدێک بە خەونەکانم ببەخشمەوە. فێرم بکە چۆن بتوانم هەموو ئەو تاوانانە لە بیری خۆم بەرمەوە، کە ئاوێتەی هەستەکانم بوونە و بەردەوام ئازاری ڕۆحم ئەدەن! فێری ئەوەم کە وەک باڵندەیەکی تازەهەڵهاتوو لە هێلکە، چۆن پەراوە بە باڵەکانم بکەم و بە ئاسمانی ژیاندا گوزرە بکەم، تا بۆ ساتێک دەروونم ئارام بێت و چێژی ژیان بکەم.

من ئەو داوایە بە تۆ دەسپێرم، بە ئومێدەوەم هەموو ئەم تۆمارانەم متمانەی ئەوەتان بدەنێ، ئەو مافەم پێ ببەخشن، وەک مرۆڤێک دەست لە ملی ژیان بکەم و بە هەستەکانم ئاشنا ببمەوە.

# ڕۆژی شەشەم

## - ١٧ -

پرشنکی خۆری سپێدە بە وێنەی پارچە ئەڵماسی ورد ورد بەفری سەر شەقامەکانی دەبریسکاندەوە. لەگەڵ ئەو کزەبا ساردەی کە ڕوخساری مرۆڤی سڕ دەکرد، لە ناخمدا هەستێکی خۆشبەختی و وزەیەکی گەرمی بێئەندازی بە شادەمارەکانم دەبەخشی. لەو دۆخە تەزیوەدا ناخم بە گەرمی عەشقی لیۆن جۆشدار بوو. بە ئومێدێکی گەشەوە بۆ ژیانم دەڕوانی. ئەو هەستەی دوێنێ ئێوارە، سەرەتایەکی گەش بوو بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ لەتەک ئەو دا.

ئەو توانی بەستەڵەکی ناخم بشکێنێ و هاژە بگەڕێنێتەوە نێو دەمارە سڕەکانم. وزەیەکی وای پێبەخشیم، بەو هەستەوە سپێدە زوو لە خەو ڕابووم. بە جەستەیەکی سووک و پڕ وزەوە، بەرەو هۆبەی فەرمانگەکەم بەڕێکەوتم. لەگەڵ چونەژوورەوەمدا، هەموو ئەوانەی بە نیگا خەمناکەکەم بێزار دەبوون، هەستیان بەو پڕشنگە دەکرد کە لە قووڵایی ناخمەوە سەرچاوەی گرتبوو و خۆی لە ڕەفتار و نیگاکانمدا

دەنواند. تۆمارەکانی شەونم گورێکی پڕ لە مرۆڤ دۆستی بە ئەندێشەم بەخشیبوو، تەمەننای ئەوەم دەکرد، ژیان بۆ تەنیا ساتێک مۆڵەتی بە شەونم بدایە، تەنیا بۆ جارێکی تر بە ژیان ئاشنا بوووبا و تێیدا خەونەکانی بەرجەستە کردبا. بەڵام ئەفسوس، بیرگەلێک کە هەموو ژیانی تاریک کردبوو، ڕێگەی ئەوەی پێ نەدایەوە لەو کەوتنەدا، هەڵسێتەوە کە ئەژنۆکانی سڕکردبوون.

وەک هەموو ڕۆژێکی کارەکەم، دەستم دایە ئەو دۆسییانەی کە پێویست بوو بۆ دادگا ئامادەیان بکەم. لەگەڵ ئەوانەدا، بیرم لەوە کردەوە، دۆسیەی بکوژەکەی شەونم، بەئەنجامی کۆتایی بگەیەنم و دوابڕیاری دادوەر لەمەڕ بکوژەکەی بەدەست بێنم. کە من بە ڕێکخستن و جیاکردنەوەی دۆسییەکانەوە خەریک بووم، دەنگی هاتنی نامەیەکی ئەلەکترۆنیم ژنەوت، کە لە وەرگێڕەکەمەوە هاتبوو. ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لیۆن، کە ئەندێشەمی لە عەشقی خۆیەوە گلاندبوو، بێئاگا بووم لەوەی وەرگێڕانی دواتۆماری شەونم بەچی گەیشتبوو. کاتێک نامەکەم کردەوە نووسرابوو..

سڵاو مۆڵی خان.. داوای لێبوردنت لێدەکەم. ئەو ماوەیە بەهۆی گەشتەکەمەوە نەمتوانی لە کەمترین ماوەدا تۆمارەکەت بۆ وەر بگێڕم.. دڵنیابە لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵیەم بە میوانەکانمەوە، شەوانە کاتێکی تایبەتم بۆ تۆمارەکە تەرخان دەکرد. هەرچۆنێک بێت، توانیم لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا، تەواوی بکەم. من نامەوێت هیچ شتێک دەرباری تۆمارەکەت

بۆ بدرکێنم. پێم خۆشە خۆت بیخوێنیتەوە و بڕیاری خۆتی لەبارەوە بدەیت.... لەگەڵ ڕێزی وەرگێڕ...

له خوار نامەی وەرگێڕەکەوە، کرتەم لەو فایلە کرد کە لەسەری نووسرابوو ((گەمە لەگەڵ مەرگ))، کە ئەوەم بینی ئەندێشەم بۆ ئەوە چوو، شەونم وەک هەموو تۆمارەکانی تری، ناوێکی بۆ ئەم تۆمارەش دانابێت، کەیەکەمین دێڕم خوێندەوە،زانیم وەرگێڕەکەم بۆخۆی ئەو ناونیشانەی بۆ دواتۆماری شەونم بەشایستە زانیوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ناونیشانە، تەواو سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشام، کە ناچار بم بە زووترین کات بیخوێنمەوە. بۆ ئەوەی کەس سەرقاڵم نەکات، کاغەزێکم لە چەکمەجەی،مێزەکەم دەرهێنا و بە خەتێکی گەورە لە سەریم نووسی:

کاری گرنگم هەیە.. بە داوای لێبووردنەوە..

کاغەزەکەم بە شێوەیەک لەسەر مێزەکەم دانا کە هەموو کارمەندێک بە ڕوونی بیخوێنێتەوە، فایلەکەم کردەوە و دەستم بە خوێندنەوەی تۆمارەکە کرد.

سڵاو خاتوو مۆڵی.. بمبەخشە کە بەم تۆمارە نیگەرانت دەکەم. نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم. بڕیار نەبوو چیتر تۆمارت بۆ پڕبکەمەوە. بەڵام ژیان ناچارم دەکات ئەو ڕێگایە هەڵبژێرم کە بۆی دیاری کردووم. بۆ خۆیشم نازانم چەندە ئاسوودەم دەکات یان وەک هەموو ژیانی ڕابردووم بە ئازارێکی نەبڕاوەوە هەنگاوەکانم بۆی هەڵدەنێم. هەرچۆنێک بێت، من لە منداڵیمەوە لەگەڵ ئازاردا ئاشنا بووم، هەربۆیە بە هەستێکی بەهێزەوە، هەنگاوی بۆ دەنێم. مرۆڤ کاتێک ئازار

دەچێژێت، وا هەستدەکات کە ناخی، لە تاوان و هەڵەکانی خۆی، خاوێن دەکاتەوە.

دەمەوێت ئەو هەستە لە ناخی خۆمدا وێنا بکەم و چێژ لەو ئازارانە وەربگرم، بۆئەوەی ئاسودەیی بۆ ناخم بگەڕێنمەوە. لەیادتە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بانگهێشتی قاوەخواردنەوەت کردم؟! لەو قاوەخانەیەی کە نێزیکی ئەو شەقامە سەرەکییەی لای ماڵەوە بوو، پێت وتم:

تەنیایی ناخی مرۆڤ دەگوشێت. وەک دەردێکی کوشندە وایە. کاتێک دەزانیت، بە هێمنی بەناو ناختدا بڵاو دەبێتەوە و هەناسەت لێ دەبڕێت، بۆئەوەی لە هەموو کەوتنێکدا، توانای هەڵسانەوەت هەبێت. لە دیمەنەی ئەو کەسانە بڕوانە کە بە ئومێدەوە بۆ ژیان دەڕوانن.

من لەسەر داواکەی بەڕێزتان، هەموو ئێوارانێک، لەسەر ئەو کورسیە تەختانەی کە بە درێژایی شەقامەکە، تاک و تەرا بۆ ئەو ڕێبوارانەی ماندوو دەبوون، جێگیر کرابوون، دائەنیشتم. چاکەتە خورییەکەم لە خۆمەوە دەئاڵاند و لە دیمەنی ئەو کچ و کوڕانە ڕادەمام، کە دەستی یەکترییان گرتبوو. بەدەم خەندە و پێکەنینێکی پڕلە عەشقەوە، هەنگاوە هێواشەکانیان لەسەر ڕیتمی ئەو پەیڤانە دەنا، کە بە گوێی یەکتریدا دەیان چپاند. کاتێک بە بەردەممدا ڕادەبوون، لە نیگا گەشەکانیاندا، هەستم بەو چێژە دەکرد کە لە نیگای یەکتریدا دەیانخوێندەوە. ئیرەییم بەو ڕەفتارانەیان دەبرد. کەسنووری ئازادیی ناخی منیان تێپەڕاندبوو. لەگەڵ چەند هەنگاوێکدا بەرەو ڕووی یەکدی دەبوونەوە و دەمیان لێک دەناو

ماچێکی درێژ خایەنیان بە بێدەنگی ئەو شەقامە دەبەخشی، کە لە چاوەڕوانیی هەنگاوەکیانیاندا بوون.

لەو ساتەدا بە هەستێکی ساردەوە، نیگاکانم بۆ ئەو ئەپارتمانە بڵندانە ئەگواستەوە، کە لوتکەکانیان لە ئامێزی هەوردا بوون. ماوەی چەند ڕۆژێک بەو شێوەیە، لەسەر هەمان ئەو کورسیە دائەنیشتم کە زۆری ئەو ڕێبوارانەی ڕۆژانە پێیدا تێ دەپەڕین، بەو دیمەنە نامۆیەم ئاشنا بوون.

دوو ڕۆژ بەر ئێستا، کە ئەم تۆمارەت بۆ پڕ دەکەمەوە، لە هەمان شوێن، دانیشتبووم. وەک هەموو ڕۆژانی تر، جگەرەیەکم پێ کرد و مژێکی توندم لێ دا. دووکەڵەکەیم تێکەڵ بەو تەمە کرد کە شەقامەکەی تا ئاستی بینینی چەند مەترێک تەڵخ کردبوو. من لە ئەندێشەی ئەوە دابووم ئەو ڕێبوارانە ببینمەوە کە دڵم پێیان ئاشنا بوو، کاتێک نیگاکانم بۆ نێو چڕیی ئەو تەمە گواستەوە کە ڕێبوارەکان وەک ئەوەی بەنێو پەردەیەکی تەنکی سپیدا، لێی بێنە دەرەوە، تێبینیی شتێکم کرد، کە هەموو ناخمی بزواند. ژن و پیاوێک،کە بە منداڵێکی ساواوە لەناو عەرەبانەیەکی بچوکیان نابوو، لەنێو ئەو تەمەدا بەدەر کەوتن. لەگەڵ ئەو هەنگاوە نەرمانەی، کە ئارامی بە دڵم دەبەخشی، زێدەتر دیمەنی پڕلە خۆشەویستیان، بۆ ئەو منداڵەی نێو عەرەبانەکە، ڕوونتر دەبووەوە. هەردووکیان دەستەکانیان لەسەر دەسکی ئەو عەرەبانەیەی کە منداڵەکەیانی تێدابوو، لێک ئاڵاندبوو. وەکئەوەی بیانەوێت، پێکەوە بەو ڕەفتارەیان، جوانترین خۆشەویستیی خۆیان، تێکەڵ هەستی ئەو منداڵەیان بکەن.

کە لەگەڵ ڕیتمی هەنگاوەکانیاندا دەبزوا.

ئەو دیمەنەی ئەوان، کە جوانترین وێنەی ژیانێکی پڕ لە چێژی بە دڵە بەستووەکەم بەخشی، هەستێکی پڕ لە ئومێدی لا دروستکردم. کاتێک گەڕامەوە بۆماڵەوە، هێشتا ئەندێشەم پێیانەوە خەریک بوو، نازانم چ پەرجوویەک بوو کە مەیلی ئەوەی پێ دامەوە، بەو چێژەوە لە ژیان بڕوانم. هەستم کرد، خەونەکانم لە ناخمدا وەک نەمامێکی تازە پێگەیشتوو، لەناو گێڵگەی وشکی دڵمدا، سەوز دەبن و هیوای ژیانێکی نوێم، پێ دەبەخشن. بەو ئومێدەوە، بۆڕۆژی دوایی، چوومە ئەو مارکێتە مەزنەی کە پێکەوە چەند جارێک سەردانمان کردبوو. بۆ خۆیشم نەمدەزانی بەدووی چیدا دەگەڕام! وەک منداڵێک، چاوەکانم بەناو هەموو ئەو کەرەستەی جوانکارییانەدا ئەگێڕا کە خانمەکان خۆیان بە تاقیکردنەوەیانەوە سەرقاڵ کردبوو. لەناو ئەو بەشەدا کە جگە لە کەرەستەی جوانکاری ژنان هیچ شتێکی تری لێ نەبوو، خۆم لە بەر دەم ئاوێنەیەکی بچوکدا بینییەوە، ئاوێنەکە، هێندەی قەبارەی ئەو ئاوێنەیە دەبوو، کە لە کاتی خوێندنی پەیمانگادا، ڕۆژانە لە بەردەمیدا خۆم دەڕازاندەوە. بەو یادەوە ئاوێنەکە و کۆمەڵێک کەرەستەی تری جوانکاریی وەک قەڵەم و سووراوی لێو، کە لە ماڵەکەی دایەپەروین دا هەبوون، لەتەک خۆمدا هێنامەوە بۆ ماڵەوە.

بۆ سپێدە، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو کورسیەی کە وەک هاوڕێیەکی بێگیان ڕۆژانە لە تەکیا ئەدوام، بە یادی ئەو ڕۆژانەی دڵم پڕی لە هەستی خۆشەویستی بوو بۆ سورکێو،لەسەر سیسەمەکەم ماکیاژێکم کرد و پرچە

درێژەکانم بەسەر شان و ملمدا بڵاو کردەوە،کەلەئاوێنەی بچوکەکەی دەستمدا لەخۆم دەڕوانی،یادی ئەو ڕۆژانەم دەکردەوە کەتا دەرنگانێک بەماکیاژکردنی خۆمەوە مژوڵ دەبووم. هەموو بەیانییەک لە چاوەڕوانی بینینی ئەودا لەسەر کورسی کافتریاکە خۆم بە جانتاکەمەوە خەریک دەکرد. بەو هەستەوە لەسەر کورسییە دارەکانی سەر شۆستەکە دانیشتم. بە دڵێکی گەش و ئارامەوە، چێژم لە جووڵەی ئەو حەشاماتە دەبینی کە بە پانتایی ئەو شۆستەی شەقامە گەورەیە، دەهاتن و دەچوون.

بێئاگابووم لەوەی کەسێک لەوبەری شەقامەکەوە چاودێریم دەکات. کاتێک سەرنجەکانم لەسەری چڕ کردەوە، ڕوخساری لە ئەندێشەمدا نامۆ نەبوو. ترسێک هەموو جەستەمی تەنییەوە، وەکئەوەی کەسێک پێم بڵێ هەتا زووە خۆت قوتار بکە. بە هێمنی لە جێگەی خۆم بڵند بووم و خۆم کرد بەو کۆڵانە فراوانانەی کە بەرزایی ئەپارتمانەکان، ڕۆشنایی خۆری لێ گرتبوو. نەبادا بە ماڵەکەم ئاشنا بێت. لە دیوی پشتەوە، گەڕامەوە بۆ بەردەم دەرگای سەرەکی ئەپارتمانەکەم. کاتێک نێزیکی دەرگاکە بوومەوە، بینیم ئەو پیاوەی چاودێری دەکردم، لە دووری چەند مەترێکەوە لای ئەپارتمانەکەمەوە وەستابوو. لە نێوان ئەو دوورییەماندا، بریسکەی ئەو چەقۆیەی کە لە نێو دەستیدا حەشاری دابوو، سەرنجی چاوەکانمی بۆ لای خۆی کێش کرد.

بەو هەڵوێستەی، تێگەیشتم لەوەی من بێئاگا بووم کە چەند ڕۆژێک پێشتر چاودێری کردووم. هەربۆیە دەیزانی

هەنگاوە بەپەلە و هەڵبزرکاوەکانم بۆ ئـەو ئەپارتمانەی ئەبردمەوە. بەپەلە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، دەرگاکەم لەسەر خۆم کلۆم دا. جەستەم وەکئـەوەی لـە ئاوێکی سـارد و بەستەڵەک هەڵکێشرابێت، ئاوا دەلەرزی. بیرم تەواو شێواو و ئاڵۆز بوو، بۆ خۆیشم نەمدەزانی بیر لە چی دەکەمەوە. هەوڵم دا شێوەی دەموچاوی بە یادەوەریم ئاشنا کەمەوە. ماوەیەک لە ناوەڕاستی ژوورەکـەمدا وەستام و لە خۆم ڕامابووم. بە سیماو ڕەفتارەکانی، تەواو بە کەسێکی نێزیکی سەرکەوت دەچوو. ئیتر ترس وەک تەنی جاڵجاڵۆکە هەموو ناخمی تەنییەوە. بێگومان بووم لەوەی چیتر ناتوانم درێژە بە ژیانێک بـدەم کە مـەرگ هاوشێوەی شـارەکـەی خۆم، وەک سێبەر بە شوێنمەوە بێت. دڵنیا بووم لە ناکاوێکدا ئەو چەقۆیەی کە سەرکەوت نەیتوانی بگەیەنێتە قوڵایی گەردنم، ئەوان، کارەکەی بۆ تەواو دەکەن.

کەمێک بە خۆمدا هاتمەوە و لە پەنجەرەی هۆڵەکەمەوە، لەو کۆڵانەم دەڕوانی کە ئەو پارکەبچوکەی لێوە دیار بووکە دوکاندارەکان،بۆ جوانکردنی دیمەنی شۆستەکەی بەردەمیان دروستیان کردبوو. بینم ئەو پیاوەی کە چاودێری دەکردم، لەگەڵ کەسێکی تردا، بەو ناوەدا دێن و دەچن. ئتر دڵنیابووم لە چاوەڕوانی ئەوە دا بوون مەرگ بەوانم پسپێرێت.

تۆ پێم بڵێ خاتوو مۆڵی.. مرۆڤ چون دەتوانیت چێژ لە ژیانێک ببینێ کە مەرگ ببێتە سێبەری جەستەی و لە هەموو شوێنێک خۆیت نیشان بدات؟! نەمدەزانی ئەوانەی شوێنم کەوتوون، چەند کەسن! خەڵکی کوێن! لە کوێوە هاتوون!

من چۆن بتوانم خۆم لە دەستی کەسانێک قوتار بکەم کە لە ناکاوێکدا وەک جنۆکە لە بەرامبەرمدا قوت ببنەوە و کۆتایی بە ژیانم بهێنن؟!

دوێنێ شەو، تا ئەم ساتەی کە ئەم تۆمارەت بۆ ئامادە دەکـەم، بیرم لە هەموو شێوازێک دەکـردەوە بۆ ئـەوەی سنوورێک بۆ ئەو مەرگە ناوەختە دابنێم کە لە ناوەختی تەمەنمدا بەدووم کەوتووە، بەڵام ئەفسوس خاتوو مۆڵی.. مرۆڤ ئەگەر خوێنێک بە ڕەوا بزانێت، هەرگیز دەروونی ئارام نابێت تا نەیرێژێت.

چیتر بە هەڵهاتن لە دەست مەرگی خۆم ماندوو بووم. هەست دەکەم هێزی ئەوەم نەماوە درێژە بە ژیانیک بدەم کە لە نێوان مـەرگ و ژیاندا، گەمەم پێ دەکـا.، ئێستا کە تـۆ گوێبیستی مـن دەبیـت، بۆنی مـەرگ هـەمـوو ناخم و ژورەکەمی تەنیوە. وام لێ دەکات بە دووی مردنێکدا بگەڕێم کە شایستەی هەڵە و تاوانەکانم بێت. بۆ خۆیشم نازانم چ شێوازێک هەڵبژێرم کە دڵ و دەروونم ئاسودە بکات؟!

دەزانیت ئێستا بیر لە چی دەکـەمـەوە؟! ئەو دیمەنەی کوشتنی نارین دێتە ئەندێشەمەوە، کاتێک لە پەنجەرەکەوە لێم دەڕوانی. دڵم بەوە ئازاری دەچەشت کە وەک مەڕێکی قوربانی، لە ژێر دەستە ئەستورەکانی ئـاراس ی برایدا، پەلەقاژێی ژیـانـی دەکـرد. بیر لـەو ژنـانـە دەکـەمـەوە، کە بکوژەکانیان لە ناکاوێکدا، سـەری پڕ لە ئومێدیان بۆ ژیان، پڕ لە فیشـەک دەکـەن. بیر لەو ژنانە دەکەمـەوە، کە چۆن بە هەموو متمانەیەکی خۆیانەوە، ئامێز بەو ئاگرەدا دەکەن،

کە لە نێو دەقە ئاسمانییەکاندا، باسی دەکەن. بۆ سزادانی ئەوانەی سەرپێچیی یاساکانی خوا دەکەن. بیر لە زۆر شتی تر دەکەمەوە کە چۆن ژیان بە ناڕەوا ئەیسەپێنێت بەسەر مرۆڤەکاندا. من نامەوێت بەو شێوەیە بمرم کە شکۆی بیری تاریکی بۆ ناخی ئەوان بگەڕێنێتەوە.

ئێستا هەست دەکەم جەستەم بۆ مەرگێک دەخرۆشێت، کە خودی جەستەم خۆی، ئارەزووی دەکات. بۆ خۆیشم نازانم خۆم بە چییەوە خەریک کردووە؟ بەناو ژووری نووستنەکەمدا دێم و دەچم. هەست دەکەم بە دووی شتێکەوەم کە بە مەرگم ئاشنا دەکات. بەڵام من نایبینم و ئەو لە چاوەڕوانیی ئەوەدایە بیدۆزمەوە و کۆتایی بەو گەمەیە بهێنم کە تەمەنێک لە نێوانماندا هەیە. هەستەکانم، بەرەو چێشتخانەکە پەلکێشم دەکەن. دەست ئەدەمە ئەو چەقۆیەی کە جارێک تامی خوێنی پەنجەمی کردووە و بە بڕینی جەستەم ئاشنایە. پێدەچێت ئەو بتوانێت جوانترین تۆڵە بە جەستەم ببەخشێت.

لە بەردەم مێزی ماکیاژەکەمدا دادەنیشم و لە ئاوێنەکەوە لە خۆم ڕادەمێنم. نازانم لە چ شوێنێکی جەستەمەوە دەست بە تۆڵەکردنەوە لەخۆم بکەم؟! وا هەست دەکەم پرچە درێژەکانم کە جوانترین شێوەی بە ڕوخسارم بەخشیوە، سەرەتای دەسپێکی ئەو تاوانە بێت، کە سەرنجی پیاوەکانی لە دواوە بۆ نیگاکانم کێش دەکرد. من دەمەوێت بە شێوازێک بیشێوێنم، کە تەواو جوانیی خۆی لەدەست بدا. بەو چەقۆیەی کە بە دەستمەوەیە، بە دەستێکم، دەسکەنەی دەکەم و

دەیبڕم. هەست بەئازار ناکەم، بەڵام خرمەی ئەو چەقۆیەی بە ئاستەم پڕزۆڵ پرزۆڵی دەکات، ئازارێکی بێ ئەندازە بە دەروونم دەبەخشێت.

ئێستا، من بەردەوامم لە بڕینی پرچەکانم. هەست دەکەم چەقۆکە زیاتر لە یەکەمجار پێم ئاشنا بووە و لە ئاوێنەکەوە چێژ لە دیمەنی ئەو تاڵە مووانەی خۆم دەبینم کە وەک کلوە بەفرێکی ڕەش دەکەونە سەر عەردەکە.

هەست دەکەم چاوەکانم فرمێسکی لێدەچۆڕێت، بۆخۆیشم نازانم بۆمەرگی خۆم دەگریم یان بۆ ئەو پرچانەم کەهەر لەمنداڵیمەوە لەگەڵ هەڵکشانی باڵامدا چاوەڕوانی درێژبوونیانم دەکرد. بیرم مژووڵی شتێکە،وابزانم بەدووی شتێکەوەم کە چەقۆکەی دەستمی لەو تاڵە پرچانە پێ خاوێن بکەمەوە کە لێوەی ئاڵاون،دەست بۆ چەمەجەی مێزی ئارایشتەکەم دەبەم و پارچەیەک پەڕۆ دەردەهێنم، لەگەڵ خاوێن کردنەوەی ئەو چەقۆیەی کە مەرگ بەژیانم دەبەخشێت بەردەوام لێی دەڕوانم و دەی چوێنم بەیەک بەیەکی ئەو پیاوانەی لەشەوە کورتەکانی هەستی خۆیانەوە زۆرترین گەمەیان لەگەڵدا دەکردم.وێنای هەموو ئەو پیاوانە لەنێو ئەو چەقۆیەی نێو دەستمدا کۆدەکەمەوە کە ژنەکانیان وەک من لەچاوەڕوانی هاوسەرەکانیاندا تاسپێدە بەدەم وەنەوزەوە ڕۆژیان دەکردەوە.

ئێستا لەناو ئەو پۆشاکە تەنگەبەرەمدا، وەک چۆن سەرنجی کرپارەکانی جەستەمی کێش دەکرد، لە جێگەی خۆیانەوە کە چاوە پڕ لە ئارەزووەکانیان لەسەر ڕەفتارە

هەست بزوێنەکانم بوون و پێی شێتگیر دەبوون، هەست بە نائارامیی جەستەم دەکەم. ئاوا دەچمە سەر سیسەمەکەم و بە نمایشێکی هەست بزوێنەوە تا دواپارچە پۆشاکەکانم لەبەر خۆم دادەماڵم. خۆم تەواو ڕووت کردووەتەوە. دەمەوێت ئەو چەقۆیەی دەستم، بەوێنەی هەستی ئەو پیاوانە بچوێنم کە پەییان بە هەموو شوێنێکی جەستەم دەبرد.

لەو ئاوێنە بچوکەوە لە سیمای خۆم دەڕوانم، کە چۆن بە خەندە هەست بزوێنەکانم، خۆم بۆ ماچی ئەوان شل دەکرد. ئاوا نووکی تیژی ئەو چەقۆیە لەسەر ڕومەتم ئەچەقێنم،بەوێنەی ئەو پیاوانەی ڕایاندەمووسی و لیکی دەمیان پێمدا دەهاتە خوارەوە، ئێستا هەست بە هەمان ئەو ئازارە دەکەم کە چەقۆکە پێم ئەدات. وا هەست دەکەم لەگەڵ کرپارێکی تامەزرۆی جەستەم، سێکس دەکەم. خوێن وەک لیکی دەمیان بە ڕومەتە پان و تورتەکەمدا دەچۆڕێتە خوارەوە منیش لەژێری ویستی ئەودا لەسەر سیسەمەکەم درێژ بووم و چاوەڕوانی شێوازی ئەو گەمە نوێ یەدەکەم کە حەزی هەموویانی تیا کۆبۆتەوە.

من بەردەوامم لەگەڵ شەقارشەقارکردنی ئەو سیمایەی کە لە بری وێنەی شەیتان، لە خەونی پیاوەکاندا، خۆی دەنواند. دڵنیا بە خاتوو مۆڵی.. لەم ئاهەنگی کوشتنەی خۆمدا، هەست بە چێژێکی ئەفسووناوی دەکەم. هەست دەکەم لەگەڵ بڕینی هەموو شوێنێکی جەستەم، بۆن و بەرامەی هەموو ئەو پیاوانەم دێتە دەرەوە کە بەناو قوڵایی جەستەمدا ڕۆچووبوون.

ئێستا لەگەڵ بریندارکردن و شەقار شەقارکردنی خۆمدا، هەست دەکەم، ناخم بەرەو ئاسوودەیی ڕۆ دەچێت. دڵنیا بە ئەم شێوازە دڕندانەیەی کە بەرامبەر بە خۆمی دەکەم، وەک ئەو شێوازە وایە کە کڕیارەکانم بە جەستەیان دەکردم. لە ناخەوە تەواو هاوشێوەی ئەم ئازارە، ناخم دەسووتا و ئازاری ئەچەشت. چاوێک بە جەستەی خۆمدا دەگێڕم، نەوەکا شوێنێکم لەیاد کردبێت کە کڕیارەکانم چێژیان لێ بینیبێت. لەئاوێنەبچوکەکەی دەستمەوە ئەو خوێنە دەبینم کە بە هەموو جەستەمدا دەچۆڕێتە سەر پێخەفەکەم. بە وێنەی ئارەقەی جەستەی ئەوان، لە خۆیدا تەڕ و سوور بووە.

ئێستاش هەست دەکەم دڵم لە بۆنی کڕیارەکان خاوێن نەبووەتەوە. نازانم ئەوان چۆن توانیویانە بۆنی جەستەیان تێکەڵ بە خوێنم بکەن. هێشتا دڵم بەو کارە تەواو ئاسوودە نابێت. هەست دەکەم زۆر شوێنی تری جەستەم ماوە تۆڵەی لێ بکەمەوە. چەقۆکە دەهێنم بەسەر ئەو شادەمارانەی دەستمدا کە لە کاتی نمایشە هەست بزوێنەکانمدا، بە توندی لە ئامێزم دەگرتن و چێژێکی ئەوتۆیان بە جەستەی ئەوان دەبەخشی و بەرەو لوتکەی ئۆرگازم شاگەشکەی دەکردن.

لە دیمەنی ئەو خوێنە دەڕوانم کە بە فیشقە دێتە دەرەوە و ژوورەکەمی لە بۆنی جەستەی ئەوان پڕ کردووە. لەگەڵ خاڵیبوونەوەی خوێنی جەستەم، لە دیمەنی سیسەمەکەم دەڕوانم کە لە خوێنی خۆمدا، ڕەنگی سوور بووە. هەست بە مەستبوونی خۆم دەکەم. دڵنیام تاوێکی تر وزە لە هەموو جەستەم دەبڕێت و توانای ئەوەم نامێنێت چیتر بۆت بپەیڤم.

هەر بۆیە دەمەوێت بۆ دواجار ماڵئاواییت لێ بکەم. پێت بڵێم:

تۆ تەنیا ئەو مرۆڤە بویت کە لە ژیانمدا ئومێدێکت پێ بەخشیمەوە بۆ ژیان.

تۆ توانیت هەست بە ئازارەکانی ناخم بکەیت و خەمەکانم لەتەکدا بەش بکەیت.

من بەوە تەواو ئاسودە دەبم کە توانیبێتم جەستەم بە وێنەی نازناوەکەم، خاوێن و سپی کردبێتەوە. دڵنیام تۆ لێم تێدەگەیت و ئەو مافەم دەدەیتێ کە خەونم پێوە دەبینی و لە پێناویدا چارەنووسی منی بەم مەرگە سپارد..

هەستدەکەم جەستەم ساردو تەزیوە و هێڵنج ئەدەم....

لێدانی دڵم... بە وێنەی جووڵەی پەلەکانم.. تا دێت، خاو دەبێتەوە...

بیناییم تەواو تەڵخ بووە...

توانای جیاکردنەوەی ڕەنگەکانم نەماوە...

ئارەزووی خەونێک دەکەم، کە پێڵوی چاوەکانمی گران کردووە.......

******

کاتێک بەخۆم هاتمەوە، هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە هۆبەکەمدا بوون، چاویان لەسەر ئەو فرمێسکانەم بوو، کە لە بێئاگایی خۆمدا، ڕومەتەکانمی تـەواو تەڕکردبوو. هەموویان بە تاسەوە لەو دیمەنە نامۆیەم ورد دەبوونەوە. بە نیگایەکی خەمئامێزەوە کە پرسیاری ئەوەم تیا دەبینین ئاخۆ چ هەواڵێکی دڵتەزێنم بیستبێت، کە ئـاوا بەهێنمی دەگریم، کۆمپوتەرەکەم کوژاندەوە و خۆم گەیاندە لای لیۆن.

ڕووداوی تۆمارەکەم بۆ گێڕایەوە.. نیگەرانی، سیمای لیۆنی گرتەوە. وەک ئەوەی تاوانێکی کردبێت لەخۆی ڕامابوو. خەمێکی قووڵم لە چاوەکانیدا دەبینی. پێم وت:

- بۆچی هێندە خەمباریت؟!

وەکئەوەی ئەندێشەی لە شوێنێکی تر بێت، کەمێک ڕاچەنی و بە دەنگێکی خەمئامێزەوە وتی:

- بۆ ئەوەی ناچار بم بە زووترین کات بکوژەکانی شەونم بدۆزمەوە، بەبێ هۆ، بەهرۆزمان تاوانبارکرد. ئەگەر ئەو تۆمارە نەبوایە سزایەکی توند چاوەڕوانی بەهرۆزی دەکرد.

ئەو قسانەی لیۆن، هەموو دەمارەکانی جەستەمی گرژ کرد. هەموو خوێنی جەستەم، لە نێو سەرمدا کۆ بووەوە و بە هەڵچوونێکی نەستیانەوە، وەڵامم دایەوە:

- ئێستاش وا بیر دەکەیتەوە تاوان تەنیا لە ئەستۆی بکەرەکەیدایە؟!

لیۆن چاوەکانی کە لە نێو چاوەکانم نابوو، کە هەستی تۆڵەی شەونم ی تیا دەبینی، بە دەنگێکی هێمن کە پێدەچوو لە شەرمی ناخیەوە بەرامبەرم سەرچاوەی گرتبێت، وتی:

- ئەزیزەکەم.. من بەو یاسایانە ڕەفتار دەکەم کە خوێندوومە. بۆ خۆت دەزانیت لە یاسادا هەست وسۆزی مرۆڤەکان، ڕۆڵی نامێنێت، بەهێندەی ئەوەی بەڵگەکان زمانحاڵی تاوانێک دەسەپێنن.

ناخم بەرامبەر بۆچوونەکانی لیۆن، ئاگری دەگرت. توانای ئەوەم نەمابوو درێژە بەو پەیڤە وشکانە بدەم

که بیرکردنەوەی ئـەوی کۆنترۆڵ کـردووە. بە دەنگێکی هەڕەشەئامێزەوە وتم:

– بۆئەوەی کوشتنی شەونم بخەمە ئەستۆی بەهرۆز، کە هۆکار بووە بۆ خۆکوشتنی، ئێستا هەموو ڕاستیەکان بە ڕۆژنامەکان دەگەیەنم و داوا لە هەموو ڕێکخراوەکان دەکەم بەهرۆز وەک هۆکاری خۆکوشتنی شەونم بناسێنن.

چـاوەکـانـم، فرمێسکیان لـێ دەچــۆڕا. بـە هەنگاوێک ویستم خۆم لە نیگا تیژەکانی قوتار بکەم. لیۆن لەوساتەدا تاوی دایە قۆڵە گۆشتنەکەم و بە هەستێکی پڕ لە سۆزی خۆشەویستییەوە، وتی:

– بۆ کێ دەڕۆیت؟!

ئاوڕێکی پڕلە نیگەرانیم بـۆ دایــەوە و بـە هەستێکی خەمناکەوە وتم:

– دەڕۆم مۆڵەتی ناشتنی شەونم وەردەگرم.. بۆئەوەی.. ئەوەندەی تر جەستەی بێتاوانی.. لەو بەستەرەدا چاوەڕوان نەبێت..

بە نیگایەکی خەمئامێزەوە وتی:

– منیش دێم.

–بۆ کوێ؟!

– بۆ هەر شوێنێک کە تۆ بۆی بچیت.

ئـەو ڕۆژە تـا درەنگانێکی ئـێـوارە، سەرقاڵی ناشتنی جەستەی شەونم بووین. هەموو ڕێکخراوەکانی ژنـان و هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە بە تاسەوە بوون بۆ هەواڵی دۆزینەوەی بکوژەکانی شەونم، لە مەراسیمی ناشتنەکەدا،

ئامادە بوون. کاتێک ئەو پارچە بەردەم دایە دەست ئەو کرێکارانەی کە بە خاکەناز خەریکی داپۆشینی تەرمەکەی شەونم بوون و ئەو خۆڵە ساردەی کە بەفر سپیی کردبوو، وەک بارانێکی هێمن، بەسەر تابووتەکەیدا دەیانباراند، هەموان سەرنجیان لەسەر ئەو نووسینە بوو کە لەسەر کێلی بەردەکەی نووسیبووم:

((ئارامگای

گوڵی سپی

١٩٩١ -٢٠١٤

لە دوای مەرگیی ناوەختەی،

مافی پەنابەریی پێ بەخشرا))

بە دەستێکم مشتێک خۆڵم پرژاندە سەری و لە دڵمەوە نزانم بۆکردو وتم:

– بەئارامی بنوو.. هاوڕرێی ئازیزم.

ئەژنۆکانم هێزی ئەوەیان نەبوو لەو گۆڕەدا، بەتەنێ بەجێی بهێڵم. لیۆن هاتە تەنیشتمەوە و بە دەستە بەهێزەکانی، لە دوامەوە تاوی دایە باسکەکانم و بڵندی کردم. لەو ساتەدا دەنگی هەموو ئەو عەشاماتەم ژنەوت کە لە دەوری ئێمەدا، مۆڵیان خواردبوو. هەموویان بە دەنگێکی بڵند کە ناخمی ئاسودە دەکرد، هاواریان دەکرد:

– پێویستە بەهرۆز سزای ئەو تاوانە وەربگرێت.

ئەو دەنگە کە بە یەک ڕیتم چەندین جار لەگەڵ بەرزکردنەوەی وێنەکەی شەونم دا دەوترایەوە، تا درەنگانێکی شەو، کە لە تەک لیۆن بە خەمی ئەو مرۆڤە دێوەرەیە وە

شەرابمان دەخواردەوە، لە ناخمدا وەک ئومێدی گەیشتن بە خەونەکانی شەونم، دەنگی دەدایەوە.

کۆتایی

٢٠١٧-٢-٢٢